سەرنووسەر
عثمان محمد فائق

هاوکاری

١٢ لاپەڕە — ٢٥ فلس

کانونی دووەمی ١٩٧٠ دامەزراوە

● چوارشەممە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٧٦ ژمارە ٣٣٦ ●
● الاربعاء ٢٢ ايلول ١٩٧٦ العدد ٣٣٦ ●

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتی یە لە دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ

ئەو بەرنامە شۆڕشگێڕیە تێکڕاییەی کونگرەی قطری هەشتەمی حزبی بەعسی سۆشیالستی عەرەب ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا دانیاوەو لە راپورتی سیاسی کونگرەکەدایە ، بەپێی ئەو قوناغەی سەرکردایەتی دیاری کردون لە پلەیەکی باش و بەچالاکی جێبەجێ کراوە .

سەرۆك احمد حسن البكر

سەرنەکەوتنی شتورا شەڕی لوبنانی توندوتیژکردەوە

هاوڕێ عەیسەی سەبارەت بەدیاردەکانی کاری سیاسی عەرەبی ئەدوێ

هاوڕی شبلی العیسمی یاریدەدەری ئەمینداری کشتی‌ی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەبارەت نمایشی کاری سیاسی لە مەیدانی عەرەبیدا ، لەو دەورەیەدا لە سکرتاریەتی مەشق و پەرە پیدان لە یەکێتی‌ی ئافرەتانی عراق بۆ لێپرسراوە رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی یەکێتی ئەیکاتەوە وتاریک ئەخوێنێتەوە

هەر وەها لەو دەورەیەدا کە٩ی مانگی داهاتو دەست پێ ئەکات هاوڕیان علی غنام و زیدحیدر ئەندامانی سەر کردایەتی ئەتەوەیی وعدنان حسین ئەندامی سەر کردایەتی نوری و کریم محمودو عبدالغنی عبدالغفور ئەندامانی سەر کردایەتی لقی بەغدا وتار ئەخوێنێتەوە .

وتارەکانی ئەو هاوڕیانە باسی دۆخی ئێستای خلیجی عەرەبی و جێگای ئیستای عیراقی شۆڕش لە ناو وڵاتاندا .. لە گەل دەوری ئافرەتان لەمەسەلەی بەرەپیداندا .. لە گەل مەرکەزیەتی دیموکراتی لەئیشی جەماوەریدا . لە گەل رنگاکانی راگەیاندن و کرنگی ئەوددەزگایە لە پەیوندی کردنی بە جەماوەرەوە ئەکات .

بەرێز سەرکۆماری پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسە دیموکراتیەکانی جیهان دەکا

سەرۆکی تێکوشەر احمدحسن البکر پیرۆزبایی لە رۆژنامەنووسە دیموکراتیەکانی دنیا کردوە ، بەبۆنەی جەژنی سی‌هەم ساڵەی دامەزراندنی رنکخراوی رۆژنامەنووسەکانی دنیاوە .

ئەمەش لەو نامەیەدا بوە کەسەرۆك ئاراستەی کونگرەی هەشتەمی رنکخراوی ناوبراوی کردوە کە دوێنی لە شاری « هلسنکی » دا دەستی بەکاروبار کردوە ، سەرۆك رۆژنامەنووسەکانی پانگ کردوە بۆ ئەوەی توانای خویان و پیوسەکانیان بکەنە جەك بۆ بەربەرەکانێ دانەوەی هیرشی ئیمپریالیزم و پیلان گیران کە ئەیکەنە سەر دەسەڵاتی گەلان و سەربەستیان .

ئەمەش دەقی نامەکەی سەرۆکە :

بەرێزان سەرۆك و ئەندامانی کونگرەی هەشتەمی رنکخراوی رۆژنامەنووسەکانی جیهان - هلسنکی .

بەبۆنەی بەستنی کونگرەی نوێیەکەتانەوە جوانترین سلاوتان لێ ئەکەم ، شادمانم جەژنە پیرۆزەی بیرەوەری سی‌هەم ساڵەی دامەزراندنی رنکخراوە تێکوشەرەکەتان لێ بکەم ، کە دامەزراندنی سەماندنی دەسەڵاتی پیشەوەتن خوازەکانە لە هەموو لایەکی جیهاندا بۆ بێکوشان لە پیناوی روخاندنی ئیمپریالیزم و

بروانە ل ١١

تووند بوونی شەڕو هێنانی چەکی تر بۆگۆشەگیرەکان

رێژیمی لەبێ لادەرچەند پێشنیارێکی کۆبونەوەی سێ قۆلی رەفز ئەکات وئەڵێ شەپە بەچارەسەری عەسکەری ئەکات

گۆڕانە سیاسیە پەی‌دەرپەیەکانی لوبنان ، لە گەل گەرمەی جەنگا بەدرێژایی سەنگەرەکان ئەگۆڕێت ، لە کاتێکا کە دورەپەرێزەکان چەکێکی زۆرو ژمارەیەکی بێ شوماری بەکرێ گیراوانی پی گەییوە ، بۆ بەجێ گەیاندنی قۆناغی پیلانی ئیمپریالیزمو ئامانجەکانی . مەبەستی پیلانەکەی رژێمی سوریاو دورەپەرێزەکان بە پێی دەورە دیارکراوەکانیان بۆ پاکژدانی بەرگری و جۆلانەوەی نیشتمانی لوبنانو پەیوەندی بەستنی راستەو خۆیە لەگەل زایۆنیزم .

بێداچونەوەیەکی خێرای هەلوێستەکانی رژێمی سوریالەم گرفتەدا ، گرینگی ئەوربڕەوە (سێ قۆلی) یەی کە لە شتۆرادا گیرا بەدەر ئەخات و مەبەستی ئاشکرای ئەم رژێمەو هاریکاری کردنی لە گەل باری سەرنجی دورەپەرێزەکان دوبات ئەکاتەوە ، لە کشانەوەی هێزەکانی ناو ئۆیان لە شاخەکانو رەفزکردنی کشانەوەی هێزەکانی خۆی لە لوبنان .. هەر وا هەوڵی پیداندانی ململانێیەکە کە "لوایە لە نێوان لوبنانی و فەلەستینیە .. سەرەڕای بەردەوام بونی بۆ دابڕکردنی چارەنوسانەی نێوان لایەنە نیشتمانیەکانی لوبنانو بەرگری فەلەستین .

شارەزایانی سیاسەت ئەڵێن : سەرنەکەوتنی کۆبونەوەی سێ قۆلی شتۆرا ، بوچەندێکی کەی هەوڵی چارەسەری خۆیە دەستەوەدانی رژێمی لوبنانە .. لەو باوەڕەشدان کە : رژێمی سوریا تەنیا خۆی مەسولیەتی تێك شکاندنی ئەم ریەك کەوتنەو کۆسپ دانانی لە بەردەم کۆتایی پێهێنانی گرفتەکە ئەگرێتە ئەستۆ .. هەروا وتویانە : لایەنی فەلەستینی لە کۆبونەوەکەدا پێشنیاری جێبەجێ کردنی رێککەوتنی دیمەشقی کردوە ، کە لە نێوان بەرگری و رژێمی سوریاو لە (٢٩)ی تەموزا پێك هات ، کە جی رژێمی هەلکەڕاوە ئەم پێشنیازەی خستۆتە لاوە ... هەر وا پێشنیاری وەستانێکی وەختەکی دوو حەفتانەی کردوە بۆ کۆبونەوەی لێژنە هاوکۆیەکان تاکو بەپرەندیەکانی فەلەستینو لوبنان ورد وردە بخرێتەکار ، کەچی ئەم پێشنیازەیش لە لایەن لیوا ناجی جمیلەوە رەفز کراوە .. هەروا رەفزی پێشنیازێکی کەی نوێنەی جامیعەی عەرەبی کردوە بۆ وەستانێکی وەختەکی شەڕو دەس پێکردن بەکتمانەوەی گونجاوو هاوسەنگ ، سەرباری پێشنیازێکی کەی سەرکیس لەبارەی وەستانی شەڕی نێوان سوریاو فەلەستین .. هەر دوای ئەمە بەرێز عرفات وتویەتی : حەقی فەلەستینیەکانە ئەر بترسن ، مادامەکی رنککەوتنی دیمەشق جێبەجێ ناکرێت بەتایبەتی راگرتنی شەڕو رواڵەتەکانی چەکدارانەیش مەسەلەیەکی رەفز کراوە .

هەروا زانراوە کە سەرکردایەتی بەرگری و ئەنجومەنی سیاسی مەرکەزی جۆلانەوەی نیشتمانی ، خەریکی هەلسەنگاندنێکی تێکرای وتووێژەکانی شتۆرا ئەبن .

بروانە لاپەرە ٢

ڤیستیڤاڵی هاوکاری لەگەڵ هەردوو بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین و نیشتمانی لوبنان دا

هاوڕێ عبدالغنی عبدالغفور ئەندامی سەر کردایەتی لقی بەغدای حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو ئەندامی سکرتارتی گشتی بەرەی نیشتمانی و ئەنەوایەتی بیشکەو تنخواز ئەوەی سەماندوە کە ئەو کارەساتە سامناکەی بەسەر بارو زروفی وڵاتی لوبناندا هات وەئەبێ تەنیادەست درێژی بۆ سەر لوبنان بێ بەکو بۆسەر هەموو نیشتمانی عەرەبە .

ناوبراو ئەمەی لەوتارێکدا وتوە کە لە ڤستیڤاڵی هاریکاری لەگەڵ بەرگریکارانی فەلەستینو جولانەوەی نیشتمانی لوبناندا خوێندیەوە کە بۆی نیوارە لە لایەن بەکێتی ئەدیبانی عیراقەوە سازکرابو .

وە وتی : ئیمە دەنگمان وەو وتی : ئیمە دەنگمان بەرز ئەکەینەوە بۆ ئەوەی رژێمی سوریا دەست لە دەستوەردانی وڵاتی لوبنان هەگری کە ئەیەوێ قازانجی هێزە گوشە گیرەکان بپارێزێ .. وە هەوڵ ئەدەین کە ئەو خەلکو ئەدیبو روشنبیرانەی گیراون لە سوریاو دژی ئەم دەستوەردانەی سوریان بەرەڵلا بکرێن .

هەروەها دکتور مەهدی حافظ بیزاری خۆی بەرامبەر وەکو شورشی ١٧ی تەموزی مەزن و حزبە سەر کردەکەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو بەرەی نیشتمانی پیشکەوتنخواز داوای لێ کردوە .

بەو دەستبوەردانە ئەسکەریە کەوجانەی رژێمی سوریا دەربڕی کە دەسکاری کاروباری ناو خۆی لوبنان ئەکات ، ئەمەش لە وتارێکدا بو کە لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئاسایش و هاریکاری لە وڵاتدا خوێندیەوە .. وە بیزاری خۆی بەرانبەر بەوە دەربڕی کە رژێمی سوریا پشتگیری ئیمپریالیزم و زایونیستەکانو هێزە کۆنەپەرستەکانی لوبنان ئەکات و خزمەتی نەخشە کۆنەپەرستەکانی ئیمپریالیزم ئەکات .

دوای ئەوە بەرێز علی حسین نوێنەری دەزگای بەرێوە بردنی یەکێتی ئەدیبانی عیراق وتارێکی خوێندەوە تیایا باسی ئەو رودداوانەی کرد کە لە قوتری لوبنانی براماندا رویداوە ، وەباسی خەباتی جولانەوەی نیشتمانی لوبنانو بەرگریکارانی فەلەستینی کرد کە چۆن بەرەنگاری نەخشە کانی ئیمپریالیزم و زایونیستەکانو کۆنەپەرستان بون لە ناوچەی عەرەبیدا کە ئەیەوی چارە سەرکردنی خۆی بەدەستەوە دەرانە بەسەر مەسەلەی فەلەستینیدا کە گەورە ترین مەسەلەی عەرەبە بسەپێنێ .

دوای ئەوە دکتور عصام نعمان نوێنەری جولانەوەی نیشتمانی لوبنانو سەرۆکی مەکتەبی یەکگرتوی راگەیاندن وتارێکی خوێندەوە وبایەخی بە هەلوێستی خەباتکارانەی قوتری عیراقدا کە پشتگیری مەسەلە بارەز سەکان ئەکات و بە کردەوە بارمەتی حەلاەوەی

بروانە لاپەرە ٢

سەر وتار :

ترقاندنەوەی توانای کۆمەڵانی خەڵك سەرراستیکی بەردەوامی شۆڕشگێڕانەیە

ئەو کۆڕەی کە لە بارەی هۆیە کارتێکەرەکانی رادەی بەرهەمهێنان ئەگیرێت ، بە یەکێ لە شتە هەرە دیارەکانی رێرەوی شۆڕشی ١٧ تەموز - کە خەریکی خولقاندنی عیراقێکی نوێیە - ئەژمێردرێت بۆ پێداچوونەوەی لایەنێکی هەرە بنەڕەتی لە ئەرکەکانی خۆی کە ئەمیش : زیاترکردنی رادەی بەرهەمهێنانی کارکەران و بەرهەمی ئەتەوەییە .

گرینگی ئەم کۆڕە تەنیا هەر بەردە هەلمالین نیە لەسەر ڕوی ئەو بەردە نوتەکانەی کە بەسەر سلبیانی مەیدانی بەرهەما دادراوەو بەس ، کە گەلێ دامودەزگای هەلسوڕاندنی بەرهەم سازاندنیان و لە ئەنجاما بوە هۆی زیانێکی مەزنی ئابوری نیشتمانی .. تا بەلکو گرینگیەکەی بەندە بە خولقاندنی سەرەتای سەرشارێکی بەرگوشاد لە دەرفەتی رادەی بەرهەمهێنان و بەرهەما .

هەروا رێبازی کۆڕە کە لە پەرەپێدانی کارنامە تایبەتیەکەی سەر بەهۆیەکانی رادەی نزم بوونی بەرهەمهێنان و تۆژینەوەیەکی زانستانەی فراوانی گشت کەرتەکانی بەرهەمهێنانی نێو وڵاتەکەمان بەشداریەکی باش لە توانزتنەوەیەکی مەزن ئەکات لە رادەکانی بەرهەمو قوول کردنی هەستی شۆڕشگێڕانەی لای زۆربەی زۆری کارکەرانی وڵاتەکەمان .

لە یەکێ لە کۆڕەکاناچنگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش صدام حسێنی بەرێز ووتی :

« ناکرێ سۆشیالیزم بەبێ تەقاندنەوەی توانای رۆڵەکانی نەتەوە کەشە بسەنێت .. لایەنێکی ئەمەیش ئەیشتنە بە رادەیەکی بەرزی بەرهەمدانی تاکە کەس و ئینجا بەرادەیەکی بەرزتری سەر جەمعی دەرەنجامە تێکراکانی بەرهەمدانی چەندەکی و چەشنەکی کۆمەل . تەقاندنەوەی توانا کانی کۆمەلانی خەلك ، سەرڕاستیەکی بەردەوامی شۆڕشگێڕانە .. چونکیم حیزبی شۆڕشگێڕ لە بنجاو لە هەمو قۆناغەکانی خەباتیا خۆی بە گەل ئەبەستێت ، لە روبەڕوبونی ئیمپریالیزم و دارماندنی رژێمە کۆنەپەرستەکان و لە بنیادنانی شۆڕشگێڕانەدا .

هەندێ هۆی وا هەیە کە لە دۆخی بنیادنانی شۆڕشگێڕیا ئەبێتە مایەی وریاکردنەوەی کۆمەلانی خەلك وەکو :

١ - کاتێ کە حیزبێکی شۆڕشگێڕ رابەری دەسەلات ئەکات گشت کوسپو دیوارێ لەنێوان حیزبو رنکخستنی ئەلا دائەرێژێت .. چونکە حیزبی شۆڕشگێڕ خۆی لەخۆیدا ناوەژوکەرەوەی بەرژەوەندیی چینە زەحمەتکێشەکانی کۆمەلە .

٢ - بێداویستیەکانی سازاندنی وەرچەرخاندنی بنەڕەتی نێو کۆمەڵو بەرەو پێشەوە چوون ، پیویستیەکی

بروانە ل : ٩

پاش نیوەروی رۆژی شەممەی رابوردو بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بەبۆنەی کۆچی دوایی ماوس تونگ پێشەوای گەلی چینەوە بۆ سەرە خۆشی ودلنەوایی چۆتە بالۆیز خانەی کۆماری گەلی چین لە بەغدا ، لە دەفتەری پرسەناماەدا ڕنەیەکی نۆمار کردوە .. « جیهان یەکێك لە سەرکردە سۆشیالیستی یە گەورەکانی لە کیس چو ، یەکێك لەوانەی لە جنگی خۆیەوەو بە پێی پیروباوەری خۆی دەورتکی بالای هەبو لە بارزکاری راستی‌دا .. چین سەرکردە یەکی مەزنی لە دەست چو ، کە بە هۆی ئەوەوە سۆشیالیستی‌ی تیا بنیات نرا ..

دڵنەوایی و سەرە خۆشیمان پێشکەش حکومەت و گەلی چینی دۆست و خێزانی کۆچ کردو ئەکەین . لەو سەردانەی بەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ بالۆیز خانەکە بەرێز دکتۆر عزەمصطفی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی و بەرێز نعیم حداد وەزیری لاوان و بەرێز عبدالحسین مهدی جێگری وەزارەتی دەرەوەی لە گەل بوە .

ئا٠د٠ع

Institut Kurde de Paris

• راپۆرتی سیاسی •

مێژووش وتەیەکی هەیە

● نوسەری سیاسی هاوکاری نوسینویە ئەڤن :

لە خاکی داگیر کراو دا ئیستا دامو دەزگاکانی پروپاگەندە کە ئاراستەی دەولەتانی جیهان دەکرێن سەر لە نوێ رێك دەخرێنەوە ، بە نیازی وەرگرتنەوەی ئەو شوێن پێ یانەی زایۆنیزمی دوژمن دوای شەڕی تشرینی ١٩٧٣و بە تایبەتی دوای بڕیاری نەتەوە بەکگرتوەکان بە دانانی زایۆنیزم بە شێوەیەك لە شێوەکانی رەگەز بەرستی ، لە کیسی چوو •

ئەوەی زایۆنیزمی دوژمن هانده دا بۆ ئەم کارەو هیوای بە سەرکەوتن بەهێز دەکا ، ئەو کێشە خرابەیە کە بەسەرهاتەکەی لبنان لەویژدانی رای گشتی جیهانیدا دروستی دەکا ئەنجامی ئەوەی تەرەفە بە گژیەکدا چوەکان کە دەرپایەکی بەرینی خوێن دەخولقێنن لە لبناندا هەموو عەرەبێو لە پێشمیانەوە رژێمی تومەراو نۆکەری دیمشقو رژیمە بەزیوو سەر شۆڕەکان •

دوژمنی رەگەز بەرست لە پەیدا بوونی یەوە ـ ئەگەر هێشتا لە بیرمان بێ ـ لەریزی چەکەکانیدا لە زۆرانبازیدا لەگەل عەرەب ، چەکیدا کۆکیو پروپاگەندەی دەخستە ریزی سێهەمەوە بە هیزی تۆقاندنی عەسکەریو کۆلەکەی یارمەتی ئابووری • لێرە دا دەبێ ئیشارەت بەوە بدەین کە کەمتەرخەمیی سیاسیو ئیعلامی تا

حوزەیرانی ١٩٦٧ یاریدەی زایۆنیزمی دوژمنی دا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەم جەکە بە سەرکەوتوویی بەکاربێنێ بۆ بلاوبوونەوە بەناو رای گشتی جیهانداو راکێشانی بەلای خۆیداو ئامادەکردنی وەزعێکی لە بار بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی کە ئەم ئامانجانە لە سەر هەقیش نینو لە جێبەجێ کردنیشیماندا بەنا دەبەنە بەر زۆر شێوەی کوشتنو بڕینو تۆقاندن •

کاریگەری پروپاگەندەی زایۆنیزم پێش تشرینی ١٩٧٣ گەیشتبوە رادەیەك کە ئاسایی کاری خۆی دەکردو لە ئەنجامدا مەبەستەکانی بە دوو بار دا:سلبیو ئیجابی پێکەوە بەدی دەهێنا .. بەوەی کە ئامەقیی زایۆنیزمی دەکردە هەق ولە هەمان کاتدا هەقی عەرەبی بە شێواندنو دور خستنەوەی لە رای گشتی جیهانی دەکرد بە ژێرەوە•

هەر چەندە زایۆنیزمی جیهانی لە سایەی ئەو مەلبەندە کاریگەرانەوە کە لە ئەمەریکاو ئەوروبا دا هەیەتی دەتوانێ کار بکاتە سەر دامو دەزگای بلاوکردنەوەو راگەیاندن ، بەلام زایۆنیزمی دوژمن بەبێ حساب لەم کۆڕە دا سەرف دەکا ، چونکە بایەخی ئەم چەکەو دەوری لە ژەهراوی کردنی بیروباوەڕو راکێشانی لایەنگران بەلای خۆیدا چاك نێدەکا ، بە تایبەتی کە هەڵوێستی دروستی عەرەبی لە لێدانی بەرژەوەندی ئیمپریالیزمدا لە کایەداوانە • زایۆنیزمی دوژمن بە درێژایی ساڵانی دوای شەڕی تشرین بارە سەرف کردنی لەم کۆڕە دا بێ شومار زیاد کردوە • لە گەل ئەوەشدا ئووشی گەلێ شکستی یەك لە دوای یەك بوو کە بە تاوانبار کردنی زایۆنیزم بە بزووتنەوە یەکی رەگەز بەرستی گەیشتە بۆیەی •

زایۆنیزمی دوژمن کە ئیستا لە سەرەتای ستراتیژی یەتی راگەیاندنی نوێ بدایە ، هەر چەندە لە ٧٠٪ رۆژنامە نووسەکانی لە مەڕ ئەوەو یەکگرتوەکان جوولەکەنو هەر چەندە ئەورە ترینی رۆژنامەکانی رۆژ ئاوا عێزە زایۆنیستەکان کاریان تێدەکەنو سەرە ڕای چالاکیی فراوانی ریکخراوە زایۆنیستەکان ، هەست بە

« سۆزو ئولفەت »ەکەی جارانی دەولەتان ناکات ، بۆیە تاقە هیوای لە سەرکەوتنی ستراتیژی یەتی راگەیاندنی نوێیدا لە بنەڕەتدا بەندە بە شێکەوە کە مومکنە عەرەبەکان لە شێوەی جۆرە کشاندنەوەو خۆبە دەستە وەدانو جێبەجێ کردنی نەخشەی گومان لێکراوەوە وەك ئەو وێنە نە گریسەی لە لبناندا دەنوێنرێ ورقو کیشەی رژێمی گومڕای سوریا ، لە سەر قاپێکی زێرین پێشکەشمیان بکرێت •

زایۆنیزمی دوژمن لە نەخشەی راگەیاندنی نوێیدا پشت بە بلاوکردنەوەی ئەو باوەڕە دە بەستێ کە پێکەوە ژیان بە ئاشتی لە نێوان چەند رەگەزێکی جیا جیادا ناومکنەو بەلگەش لەسەر ئیستای لبنان دێنێتەوە کە ئەوە دەسەلمێنێ پێك هێنانی دەولەتێکی عیلمانی لە فەلەستینی داگیر کراودا لە بری ئیسرائیلی رەگەز بەرست قەت مومکین نییە •

ئیستا زایۆنیزمی دوژمن ئەوەش بلاودەکاتەوە کە تاقە چارەسەر لەوەدایە ئیسرائیل هەر بەو شێوە رەگەز بەرستییە تیرەگەریی بەهێز تر بکرێت ، لەگەل زامن کردنی هەقی ژیانی کەمایەتی یەکی فەلەستینی (؟!) لە سنوورو وەزعێکی دەسنیشان کراودا کە دیارە یەکێکە لەو هەرجانەی هەقی ئەلەستین ژێر پێدەنێو ئیستیعماری نیشتە جێ کردنی زایۆنیستەکان جێگیردەکا •

نەخشەی نوێی راگەیاندنی زایۆنیزمی دوژمن تەنها پشتی بەو عەقلیە پرو چڕی رۆژنامەو دامو دەزگاکانی راگەیاندنی زایۆنیزمو جیهانیی لایەنگری نەبەستوە بەلکوو بەرادەی یەکەم ئەمجارەیان پشتی بەوە بەستوە کە پێی دەووتری « لێ تریك بوونەوەی تاراستەو خۆ » بە خستنەکاری رێکخراوە زایۆنیستەکان لە دەرەوەی خاکی داگیر کراودا بۆ راکێشانی لاوان لە هەموو رەگەزە جیا جیاکانو بانگ کردنیان بۆ سەردان لە خاکی داگیر کراو بۆ ماوەیەك کە لەو ماوەیەدا دەیان ئەڕێنو وایان لێدەکەن هۆگری بین تا بتوانرێ لە دواییدا بۆبەدی هێنانی ئامانجەکانی نەخشەی نوێی راگەیاندنیان کە ئەڕانەوە ولاتەکانیان سوودیان لێ ببینرێ •

بۆ بەدی هێنانی ئەم مەبەستە زایۆنیزمی دوژمن زنجیرەیەك میوانداریو پرۆگرامی رێك وپێکی بۆ ئەو لاوانە سازداو محازەرەی وەهایان بۆ دەدان کە دەیانخستنە ژێر کاری پروپاگەندەیەکی خەستی ئەو تۆوە کە چەندی نەخشەی زایۆنیزمو ئامانجەکەنی بکات ، جگە لە بەشداری کردنیان لە کۆڕی ئاوەدان کردنەوەو دروست کردنی خانوو بەرەو بە تایبەتی لەو ئاو چانە دا کە دوای شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧ داگیری کرد •• ئەمانەش هەموو لە لەشکر گای تایبەتیدا جێبەجێ دەکرێن •

لەم لەشکرگایانە دا خراپترین کردەوەی « شتنەوەی مێشك » دەکرێ بۆ ئەولاوانەی لە دەرەوەی خاکی داگیرکراوەوە هاتوون بە خەلەتاندنیان بە درۆو دەلەسە سەبارەت پێکەوە ژیانی درووستکراو لە نێوان زایۆنیستە داگیرکەرەکەنو فەلەستینییەکان کە خەلکی ئەسلی خاکەکەنو بەراوورد کردنی ئەوە لەگەل نەوقەسابخانەیەی لە (١٦) مانگ لەمەوبەرەوە لە لبناندا روو دەداتو تواندنی ئەم قەسابخانەیە کە گوایە بەیەکا دا نە لە نێوان عەرەبەکانو فەلەستینی یەکاندا (؟!) •

بەراستی ئەمە لە هەموو رووەکەوە بەسەرهاتە •• بە تایبەتی کە شۆڕە سواری یەکەمی رژێمێك بێ کە بازرگانی بەپێشکەتنخوازی وعەرەبایەتییەو بکاتو ئیمپریالیزم هانی دابێتو لە لایەن هاو سوێندانی ئیمپریالیزمەوە پشتی گیرا بێت کە کۆنەپەرستانی ناوچەکەن بەتایبەتی رژێمە بەزیوو خۆ بەدەستەوە دەرەکان ••

ئەمە بەسەرهاتێکە کە لە « عەیبو عاری نەهامەتی یەکە »و فەزیحەتی شەڕی ١٩٤٨ خراپترەو ئۆباڵیشی دەکەوێتە ئەستۆی رژێمی گومڕا بەکرێ گیراوو قەسابەکانی ئەیلوولی رەش لە ئەردەنو هەموو کۆنەپەرستانی ناوچەکە لەوانەی پشتی رژێمی دیمشقو عەمان دەگرنو یاریدەی دەدەن ••

مێژووش وتەیەکی هەیەو •• دوایی هەڵوێستە •

رۆدیسیا

سەرەتای رووداوی ئەوەاوی خۆتن لە رۆدیسیادا دەستی پێ کردوەژێر بەی راپۆرتەکانی لەم دوایی یە ئەوەیانە خستۆتە پێش چاو کە لەوانەیە قەلە باچە کردنێکی ئەواوی رەگەزپەرستانە لە ئارادا بێت ،قەلە باچە کردنێك هەزاران (بڕەسەدان هەزار) گیان بە هۆیەوە لە ناو ببێت ، ئەوەش لە ئەنجامی قایل نەبوونی رژێمی کەمایەتی سپی پێستی مل هوڕبۆ دان نان بە مافی سیاسیی ی زۆربەی دانیشتوانی وولاتەداکە هەموویان ڕەش پێستی چەوسێنراون •

لە بەردەم هەڵبژاردنێکی سەختدا

جەنگی ناو خۆی ئەنگولاو سەر نەکەوتنی گفتو گۆکانی ەستووری لە رۆدیسیاو هەر وەها تیژبوونی جەنگی بارتیزانیی ئەوێ هەمەروی بوو بە هۆی ئەوەی جارێکی تر سەرنج بخرێتە سەر ئەو وولاتەی کە لە یەك لاوە سەر بە خۆیی خۆی لە ساڵی ١٩٦٥ دا ڕاگەیاند بە بێ ئەوەی پرسی بریتانیا بکات ،تا فەرمانڕەوایی کەمایەتیە سپییەکە بپارێزێت

رۆژنامە نووسە بێگانەکان دەچنە رۆدیسیا چەندەها راپورت دەهێننەوە ، ئەو راپۆرتانە وێنەی ئەو گۆماوە خوێناوەی کە لەوانەیە لە داها تودا رووبدەن ، دەخەنە پێش چاو • لە گەل ئەوەشدا رۆژنامە نووسەکان ئەوە دەکێڕنەوە کە زۆربەی سپی پێستەکانی رۆدیسیایی لە دۆخی (دەست بە سەری) دان • چونکە ئەوانەی هەولیان داوەو بارەیان کۆ کردووەتەوەو خانووو بەرەیان سەندووە ، بە پێی یاسای قورسی دارایی کە دەولەت بە سەریانیدا سەپاندوویە . لە کاتێکدا بیانەوێت بچنە دەرەوەی وولات قەدەغەیە بارەیەکی زۆر لە گەل خۆیاندا ببەن بەلکوو مافی هەڵگرتنی چەند دۆلارێکی کەمیان هەیە • بۆیە ناتوانن لە جێگایەکی تردا جارێکی تر سەر لە نوێ دەستی بێ بکەنەوە مەگەر کاریان دەست بکەوێت •

ئەوەی واق وورِ دەکات ئەوەیە کە سپی پێستە رۆدیسیاییەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە ،دەست بێدەکەنو دەربارەی (جەنگ کردن تا کۆتایی هێنان) دەدوێن بەلام دوای گفتو گۆیەکی درێژە خایەن ، دان بەوەدا دەنێن کە بەڕاستی مەترسییان هەیە • بۆیە کاتێك بێهنسیار کرا کە پێویستە خۆیانو خێزانەکانیان پەساڕێتی چوونە دەرەوەیان پێ بدرێت بۆ جێگەی تر لە گەل یارمەتی گوزەران یان بۆ جارێکی تر لە وولاتانی تردا جێگیریان بکەنەوە بەلام بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ، زۆربەی زۆری سپی پێستە رودیسیاییەکان بە خێرایی بە بێری ئەم بێشنیارەوە هاتن •

هەتا ئەو پیرە مێردانەی کە هەموو شتێك دەدۆڕین ئەگەر لە دۆخی ئێستادا وولات بەجێ بهێڵن ، ئامادە بوون وولات بەجێ بهێڵن ئەگەر بیان توانیایەت ئەوە زامن بکەن لە باش گۆڕانی دەستەلاتدا هیچ نەبێت ئەو شتانەی هەیانە یان هەندێکی بۆیان بگێڕنەوە •

هەر وەکوو ئەوان ئەوە سپێ پێشتانەی کە چالاکیی هونەری دەنوێنن کە زۆر پێویستە بۆ گەشە پێدان و زۆر بەرۆشن سەبارەت بەومان گرتنە ڕەگەز بەرستانەی داهاتوو ، ئارەزووی مانەوەیان دەکرد بە مەرجێك دەستە بەری پوون هەبێت بۆ ئەوەی هەر

چوارەم :

ئەوانەی کە ئەم مەسەلەیە سەرنجیان راناکێشێت •

پێنجەم :

ئەوانەی کە بەیوەندییەکی توندیان بە نیشتمانەوە هەیەو دیانەوێت بمێننەوەو تێبکۆشن بۆ بنیادنانی کۆمەڵ،یەکی نوێ هەڵی ئیش کردنی تێدا لە سەر ڕەنگی پێستی مرۆڤ بەبڕەو نەکرێت • ئەم چوار کۆمەڵەی دوایی یە گرنگی یەکی ئەو تۆیان هەیە ، ئەگەر بڕیار لە سەر هەر شتێك بدەن ، ئەوا پشت گیری کردنی داهاتووی دەستەلاتی سمیت ڕوون دەبێتەوە • بە واتایەکی تر ، زۆربەی سپی پێستەکانی رۆدیسیایی لە دۆخی (دەست بە سەری) دان • چونکە ئەوانەی هەولیان داوەو بارەیان کۆ کردووەتەوەو خانووو بەرەیان سەندووە ، بە پێی یاسای قورسی دارایی کە دەولەت بە سەریانیدا سەپاندوویە . لە کاتێکدا بیانەوێت بچنە دەرەوەی وولات قەدەغەیە بارەیەکی زۆر لە گەل خۆیاندا ببەن بەلکوو مافی هەڵگرتنی چەند دۆلارێکی کەمیان هەیە • بۆیە ناتوانن لە جێگایەکی تردا جارێکی تر سەر لە نوێ دەستی بێ بکەنەوە مەگەر کاریان دەست بکەوێت •

ئەوەی واق وورِ دەکات ئەوەیە کە سپی پێستە رۆدیسیاییەکان ئارەزووی ئەوە دەکەن چارەسەرێکیان بۆ بدۆزرێتەوە ،دەست بێدەکەنو دەربارەی (جەنگ کردن تا کۆتایی هێنان) دەدوێن بەلام دوای گفتو گۆیەکی درێژە خایەن ، دان بەوەدا دەنێن کە بەڕاستی مەترسییان هەیە • بۆیە کاتێك بێهنسیار کرا کە پێویستە خۆیانو خێزانەکانیان پەساڕێتی چوونە دەرەوەیان پێ بدرێت بۆ جێگەی تر لە گەل یارمەتی گوزەران یان بۆ جارێکی تر لە وولاتانی تردا جێگیریان بکەنەوە بەلام بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ، زۆربەی زۆری سپی پێستە رودیسیاییەکان بە خێرایی بە بێری ئەم بێشنیارەوە هاتن •

دووهەم :

ئەوانەی نایانەوێت لە ژێر هەر جۆرە دەستەلاتێکی ڕەش پێستەکانیدا ژین بە سەر بەرن ئەگەر هاتوو ئەمە ڕێك بکەوێت خۆ ئەوان وولات بەجێ دەهێڵن

سێهەم :

ئەوانەی بە توندو تیژی دەربارەی فەرمانڕەوایەتیی ڕەش پێستەکان ئاگاداری بلاو دەکەنەوە ، لەوانەیە وولات بە جێ بهێڵن ، بەلام لە گەل دەستە بەری بوونو پارە پێدانیدا لەوانەیە قایل ببن بمێننەوەو یارمەتی ڕەش پێستەکان بدەن لە لایەن مەشق پێ کردنو ڕۆشنبیرییەوە لە ژێر سێبەری دەستەلاتی نوێدا •

زیانێکیان لێ بکەوێت بژیان ببژێردرێتەوە ئەگەر هاتوو لە دوا ڕۆژدا بە زۆر کۆچیان پێ کردن •

تێچوونی بەرنامەیەکی وەها لە سەرەتادا زۆرو فرە دەبێت ، بەلام گرنگیی زۆرکەم دەبێتەوە ئەگەر بە پێی ئەم سێ ئیحتیمالەی دوایی یە ببێورێت : یەکەم تێچوونی گیانی ، لە سپی پێستو ڕەش پێست ، ئەگەر ناکۆکی یەکی سەرەکی ڕوو بدات • هەر وەها تێچوونەکە لە نێوان ڕەش پێستەکان لە لایەن چەکەوە دەستیان زۆر دەڕوات دووهەم : ویران کاری یەکی ئەو تۆی فراوان لە لایەن ئابوورییەوە لە جەنگێکی خوێناوی وا داو تێچوونێکی خەیاڵی بۆ سەر لە نوێ بنیاد نانەوەو ئاوەدان کردنەوەی ڕۆدیسیا •

توندبوونی شەڕ « باشماوە »

لە لایەنێکی ترەوە ، شەڕ لە لوبنانا بەرفراوانتر بوە ، بەجۆرێ دوبارە باری سوریایی لە بەیروتو دەورو بەرو چیاکاندا تەقیەوە و لەگشت لایەکەوە شەڕ دەستی پێ کرد ، بەتایبەتی دوای ماوەیەکی کەم لە چاڕدانی سەرنەکەوتنی کۆبونەوەی شنۆرای سێ‌ـ قولیدا .

لە راپۆرتی بەیەنێتری ئاژانسی عیراقی هاتوە کە نوخشەی بە یەك گەیشتنی بەیروت گەلێ شەڕی قورس قورسی دیوە و بوەتە مایەی بەربابونی ئاگری گڕ لە بازاڕەکان ، بەشێوەیی لە هەموو ئەمنو ئاسایشی گشتی لە نێوان ڕۆژەلات‌و ڕۆژاوای بەیروت داخرا .. ل. چیاکانی ڕۆژەلاتی بەیروتیسشا ، هەموو لایەکانی شەڕ بەردەوام بوونو تولەباران‌و ساروخ بارانی گوندو شارە نزیکەکان‌کراوە•• ڕۆژنامەی (الیرك)ی سەر بەفرنجیە وتویەتی : ڕژێمی هەڵگەڕاوەی سوریا ، لە کاتی سەرنەکەوتنی فەرزکردنی مەرجەکانی خۆی لە کۆبونەوەی سێ قۆلیەکەدا کە ڕۆژی ئەم هەینییە ئەگێری ، ئەوا ئەم دەها بنر شەڕەنە گەرم ئەکات .

لە باکوری ئوبنانیشا شەڕی کوتڕانەی بەرەی کلاسیکی نیوان تەرابلس‌و زەعەرتا داگیرسایەوە ، کەچی هێزەکانی ڕژێمی هەڵگەڕاوەی سوریا ئابلۆقەی تەرابلس‌و دەوارنشینە نزیکەکانی فەلەستینی داوە •• لە باشوریشا ڕژێمی هەڵگەڕاوە دوبارە شارۆچکەی (جزین)ی کرتەوەو شوێنی هێزە بەشدارەکانی داوەتە بەر گوللەتۆپ‌و بنر خۆی بتەوتر‌کردەوو ژمارەیەکی زۆر تانك‌و تۆپی لە سەر کردۆلکە نزیکەکانی شاری (صیدا) حەشار داوە .

ئینزگەی (صوت فلسطین) پێش وتویەتی : یاسر عرفات نامەیەکی گرینگی لە سەرکردە سۆڤێتیەکان پێ گەیوە و ئەمیش وەلامی داونەتەوە .. ئاژانسەکان وتویانە . کە دورەپەرێزەکان لەم دوایی یە ، لە ڕێگای بەندەری جۆنی‌ی باکوری بایتەخت ، ژمارەیەکی یەجگار زۆر چەکی بەدەس گەیشتوە .. وەئو زانراوە : نزیکەی (٤٠٠) بەلۆی گیراو گەیشتونەتە سەم بەندەرە ..

(ابو ایاد)ی ئەندامی ئەنجومەنی مەرکەزی جولانەوەی (فتح) وتویەتی : بەرگری فەلەستین روبەڕوی بیلانێکی گەورە بۆتەوە .

(کمیل شمعون)ی سەرۆك حزبی نیشتمانیەروەرانی لە ئازادی دوردەبەرێزەکان وتویەتی : کە (١٤) کەس لە باکوری لوبنان‌و لە ئەنجامی بەربەرەکانی نێوان دورەبەرێزەکانی گوندی زەغەرتاو لبشری کوژراوە .

ئاژانسی عیراقی لە بەیروت وتویەتی : سەر لەنوێ شەڕ لە بەیروت لە نێوان دورەبەرێزەکان داگیرسایەوە ، لە ئەنجامی ژمارەیێ کوژراو کە لە نێوان پیاوانی فرنجیەو هەندێ لایەنی حزبی کتائیب‌و نزیك شاری عمشیت هاتە کایەوە .. لە حەفتەکانی رابردویشدا گەلی شەڕی خوێناوی لەنێوان دورەبەرێزەکان‌دا بەر یا بوو کە چی دەرگای راگەیاندنی دورەبەرێزەکان هەولی داوشمینیان‌دا لە لایەکی کەوە . دوکتۆر عبدالمجید الرافعی رازگری سەرکردایەتی فوتری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە لوبنان وتویەتی : شەڕی لوبنان ـ بەئیجابی‌ر سلبی ـ کار ئەکاتە سەر ئەلێ مەسەلەی ناوچەی عەرەبی •• هەروا دوکتور الرافعی ووتی: میللەتی لوبنان رێگای راستی خۆی دۆزیوەتەوە .. رێگای بەرگەگرتن .. ئەبێ شۆڕشی فەلەستینو جولانەوەی نیشتمانی لوبنانی لە ئاستی روبەڕو بوونی جارەنوسانە بنەوەو دەها بنر یەك گرنو، خۆیان بۆ ئەو شەڕە درێژخایەنەی کە فەرزکراوەتە سەری ئورجنر کات ..

بێرێ شەو (حافظ اسد) سەرۆکی رژێمی هەڵگەڕاوە لە دیمەشقا لە گەل سەروەزیرانی لوبنان (رەشید کرامی) کۆ بوتەوە .. (کمال ادهم)ی راوێژکەری شا خالید بن عبدالعزیز نامەیەکی نهێنی بە سەرۆکی رژێمی هەڵگەڕاوە گەیاندوە .

قیستیفالی (باشماوە)

نیشتمانی‌لوبنان‌و بەرگریکارانی فەلەستین ئەکات .

دوای‌ئەوە هاوڕێ‌عبدالرحمن العیسی نوێنەری بەرگریکارانی فەلەستین وتارێکی خوێندەوە باسی ئەو دەورە خیانەتکارانەی کرد کە ریژیمی سوریا لە بیناوی بەرژەوەندی گوشە گیرەکان‌و ئیمپریالیزم‌و زایونیستەکانا بەجێی‌ئەگەیەنێ وتی کرداره کانی ریژیمی‌سوریا لەو خیانەتە کەمتر نیە کە ریژیمی ئەردەن بو درێژ کردنەوەی چارە سەری خۆبەدەستەوە دەرانەی مەسەلەی فەلەستین ئەیکات . هەروەها بایەخی بەو پشتگیری کردنەدا کە سەر‌کردایەتی حزب‌و شورش لە ولاتدا یارمەتی بەرگریکارانی فەلەستین ئەدات‌و بە هەمو توانایەوە بەرەنگاری نەخشە لە ناوبەریەکان ئەوەستێ .. وە وتی هەڵوێستی شۆڕشگیرانەی عیراق بەلگەیەکی میژوییی دەسەلاتداری عیراقی پرامانە •

ئەم قیستیفالە کە چوار ڕۆژی ئەخایەنێ هاوڕێ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حزبی بەعسی سوشیا‌لیستی عەرەب‌و بەریز شفیق عبدالجبار جێگری سەرۆکی یەکیتی ئەدیبانی عیراق‌و هاوری ناصیف عواد بەرئوە‌بەری مەکتەبی بلاو کردنەوەو راگەیاندنی نەتەوایەتی‌وئەندامی سکرتاریتی گشتی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازو نوێنەرانی ریکخراوە بیشەیی‌و گەلی‌یەکانی ولات‌و چەند هاوولاتیەکی دەرکەوتو بەشدار بون .

هەروەها یەکێتی‌بانگەوازێکی بۆ ئەدیبان‌و هونەرمەندان‌و ریکخراوەئەدەبی‌و روشنبیری‌و هونەریەکان لە نیشتمانی عەرەب‌و جیهان دەرکردوە کە هاریکاری لەگەل خەباتی جولانەوەی نیشتمانی لوبنان‌و بەرگریکارانی فەلەستین‌دا بکەن لەدژی نەخشەکانی ئیمپریالیزم وزایونیزم‌و کۆنەپەرستان لە ناوچەی عەرەبدا .

بانگەوازەکە داوای کردوە کە هێزەکانی ریژیمی لادەری دیمەشق لە ولاتی لوبنان بکشێتەوە و ماوە بە هاوولاتیە لوبنانیەکان بدرێ کە خۆیان گیرو گرفتەکانی خۆیان چارەسەر بکەن کە سەر بەخۆیی‌و یەکێتی خاك‌و گەلی لوبنان بپارێزن .

هەروەها بەشدارانی قیستیفالەکە بروسکەیەکیان بۆ سەرۆکی خەباتگیر احمد حسن البکر ناردوە زۆر ستایشی هەڵوێستی شورشی ١٧ی تەموزیان کردوە کە یارمەتی خەباتی جولانەوەی نیشتمانی لوبنان‌و بەرگریکارانی فەلەستین ئەدات لە دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم کە گوشەگیرەکان‌و ریژیمی لادەری فەرمانڕەوای دیمەشق جێبەجێی ئەکەن .

Institut kurde de Paris

بشووەکی شۆڕش

لە خواروی ئەفریقادا

• ئەگەر بیستت شۆڕش لەخواروی ئەفریقادا هەڵگیرساوەزۆر باش بزانە لە شاری (سویتو)را دەستی پێ کردوە کە کەوتۆتە خواروی جوهانسبورگ » •

ئەمە قسەی (معلق)ێکی بەریتانیایە لە ڕۆژنامەی گاردیاندا کە لە بارەی شۆڕشی گەلی ئەفریقاوە نوسیویەتی ، شورشێك کە لە هەمو گوندوشارەکانی خواروی ئەفریقادادەستی پێ کردوە •

بەڵام بۆچی ڕاست سویتو سەرچاوەی شۆڕشە ؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەباسی ئەم ڕوداوانەدادەردەکەوێ •• یەکەمین بڵێسەی شۆڕشی گەلی خواروی ئەفریقا لەم دواییانەدا ئەوکاتەدەستی پێ کرد کە زیاتر لەدە هەزار ئەفریقایی کەزوربەیان منداڵی قوتابخانەکان بون ، خۆپێشاندانێکیان ڕێك خست دژی ئەو قانونە کەحکومەتی پریتوریا دەری کردبوبۆ ئەوەی لە قوتابخانەکانی ئەفریقاییەکاندا تەنیا زمانەناوچەییەکان بخوێندرێن وزمانی ئینگلیزی نەدرێ •

وێنەیەك لەتاوانی بێ‌ڕەووشتانەو نامرۆڤایەتی ڕەتەزەرستە درندەکانی حکومەتی خواروی ئەفریقا کە بەدانیشتوو ڕەشەکانی ئەفریقانەیکەن ••

خۆپێشاندانی ئەفریقاییەکان کە ئالاو دروشمی ئەوتۆی هەڵگرتبو کە داوای بەرامبەری لە گەل سپی بێستەکانو هەڵگرتنی جیاوازی ڕەگەزیەتی دەکرد ، بەشەقامەکانی شاری سویتودا گەڕا •

کاتێك پۆلیسی حکومەتی خواروی ئەفریقا بە خۆپیشاندانەکەی زانی دەورەی داو تەقەی لێ کردو نازەترین چەکو

نارنجۆکی دروستکراوی وڵاتەکانی ڕۆژئاوای بەکار هێنا کە بو بە هۆی کوژرانی ١٠٠ کەس‌و بریندار بونی هەزار کەس تر •

ئەم ڕوداوە بوە هۆی ئەقینەوەی شۆڕش لە هەمو شارو گوندێکی خواروی ئەفریقادا ، هەزاران ئەفریقایی بۆ بیزاری دەربڕین لە کوشتنی هاوڕێکانیان خۆیان پێشاندا و دروشمی « ئەفریقا بۆ ئەفریقاییەکان »یان هەڵدرتبو •

ئەم ڕوداوانە کوشتارەکەی ساڵی ١٩٦٠ی «شارب فیل»مان بیر دەخەنەوە کە لەوتیدا ٦٩ ئەفریقایی بە گوللەی هێزەکانی پۆلیس کوژران •

ئەم دووپێشهاتە نیشان‌دەدەن کە حکومەتی پریتوریا تا ئێستا بیری لە کوتایی هێنان بە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی خۆی نەکردۆتەوە کەبێ‌گومان سەری ئەویش‌و هەمو ڕێژیمێکی ڕەگەز پەرستی تریش لە قارەی ئەفریقادا دەخوا •

شاری سویتو کە بڵێسەی ڕابەرینی ئێستای خەڵکی ئەفریقا، لەوتوە هەڵکیرساوە ١٢ میل لە جوهانسبۆرتەوە دورەو نیزیکەی میلیونێك ئەفریقایی لێ‌دەژین • زۆن لە سویتودا زیاتر وەك زیانی شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێ •

بەلکەش بۆ ئەم مەبەستەقسەی کروفۆرد لێپرسراوی ئەمریکاییە کە گەشتێکی بەچەند شارێکی ئەفریقادا کرد کە حکومەتی فورستر بۆی‌دەست نیشان کردبون تا سەریان لێ‌بداو شارەزای ژیانی خەڵکی ئەفریقا بێ •

کروفۆرد ئەو ڕاپۆرتەی‌داکە دوای گەڕانەوە بۆ واشنتۆن نوسیویە دەڵێ :

« ••• ئەم دەوڵەتە کەداوای پێشکەوتویی دەکا تاوانێکی گەورە بەرامبەر ئەم گەلە دەکا کە ژیانێکی شایانی خۆی نیە » •

لێرەوە دەزانین کە شۆڕشی گەلی ئەفریقا هەر دژی تەنیا قانونێك نیە بەلکە دژی ئەوجیاوازی دانانەیە کە لە دێر زەمانەوە تا ئێستا لە دەستی‌دەنالێنێ •

ڕۆژنامەی « دیلی میل »یش کە لە جوهانسبۆرگ دەردەچێ ئەمەی سەلماندوە کەدەنوسی :

« کۆبونەوەی ئەفریقاییەکان بۆ بێزاری دەربڕینە دژی ئەو دوژمنانەیان کە حکومەت بەسەرولاتدا دەکەنو بۆ ئۆرینی هەمو ئەو ڕیژیمانەیە کە لەکۆنەوە حکومەت بەسەر ئەو ناوچەیەدا دەکەن •

هەموی ئەمانە نیشانەی‌ئەوەی کە پشووەبای شۆڕش بە توندی لە خواروی قارەی ئەفریقادا هەڵی‌کردوە • بۆکومان کەلانی ئەفریقا کە توانیویانە خۆیان لە دەست ئیستیعماری ئینگلیزو فرانسەو پورتوگال ڕزگار بکەن ، دەشتوانن پشتی هەردو کەلی‌رودیسیاو خواروی ئەفریقا بگەرن هەتا سەربەخۆیی‌وەردەگرنو دەچنە سەر حوکم •

قسەی کاربەدەستێکی گەورە لە دەوڵەتێکی دراوسێی خواروی ئەفریقادا ئەوراستیەدەسەلمێنێ کە کوتی دەوڵەتە ئەفریقاییەکان لە توانایان‌داهەیە ٣٥٠ هەزار سەربازی مەشق پێکراوو ٢٠٠ فرۆکە بۆشەڕ دژی حکومەتی خواروی ئەفەریقا ئامادە بکەنو یارمەتی ئەفریقاییەکان بدەن بۆ ئەوەی مافی ژەونکراویان بستێننەوە •

شۆڕش دەڵانی ناشتی‌دەردەخا

بەڵام جون فورستر سەرۆکی‌حکومەتی ڕەگەزپەرستی خواروی ئەفریقا بەکێك لەوانەیە کە مسۆگەریان کردوە ژیان بچێتە مێژووەوە • بێجگەلەوە کە سەرکردایەتی ئیستریش ڕژیمی ڕەگەزپەرستی‌مێژوی مرۆڤایەتی دەکا ، هێندێك ناوو ناتۆرەی تریشی‌هەن کە دۆستو دوژمنەکان لە دەرەوە ژورەوە بۆیان داناون • خوێنڕژی ڕەشەکان ، دوژمنی نیشتمانپەروەران ، بارێزەری‌سپی بێستان ، بنەمەبەری شاستانیەت کۆڵەکەی‌کەمایەتی ، بالشتی ئیمپریالیزم و شەیتانی ڕەگەز پەرستی‌و دەرکراوی ناوکۆمەڵی دەوڵەتان بەشێك لەو ناوو ناتۆرانەن •

فورستر وپستی بچێتە ناوئەو لیستەوە کە هێندێك کەسی تر کردویانەتە لەقەبی خۆیان« دەڵالی‌ئاشتی » • ئەو بیری وتوویژ لەگەل دەوڵەتە ئەفریقاییەکانی داهێناو پەرەی پێدا تا ڕادەی ڕێك‌کەوتن بۆ ئەوەی ڕەشەکان بە چەشنێك ڕازی بکرێن هەموی بەرهەمی ئەوەیە کە ئەمریکا وا بیردەکاتەوە ئەنگولا لە ئەنجامی جموجوڵێکی ناوخوو دەرەوەدا کە تا ڕادەیەك لە پڕو لە ناکاو بو کەوتە دەست سۆڤیەت • دیارە بونی‌سەربازانی کوبا لە ئەنگۆلاش دەوری لەوەدا هەبوە • ئەمەش شتێکە کە کاربەدەستانی ئەمریکا تا ئێستاش لە قسەکانیاندا بە هەڕەشەوە باسی دەکەن مەبادا لە شوێنێکی تریش دوبات بێتەوە •

کوا وێژدانی خەڵکی دنیا ؟

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش • داخوا دنیا بۆ بەرەو ڕوبونەوەی ڕابەرینی‌نیشتمانی خواروی ئەفریقا چی کردوە ، ئەو ڕابەرینە کەدەستەیەك لاو بەرپایان کردوە کە تەمەنەکەیان دەردەخا ڕاستدەکەنو هەقیان هەیە لە قسە لە قازانجی وڵاتەکەیان بکەنو مافەزەوت‌کراوەکانیان وەربگرنەوە؟! ڕاستە وتوویژ باشەو لە دەنگ لێك دابڕین چاکترە ، بەڵام قسە لەوەیە وتوویژلەگەل کێو بۆ قازانجی کێ ؟! ئایا ئەوەندە بەسە کە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ڕەخنە لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستی فورستر بگرێو لە بون بە ساردی بێشوازی لێبکا ، بەڵام‌هەر لەو کاتەدا هیلموت شمیث بڵێ وڵاتەکەی گەمارۆی ئابوری‌ناخاتە سەر حکومەتی فورستر!

ئەمە چ قازانجێکی بۆمەسەلەی خواروی ئەفریقا هەیە ؟•• و ئەو بەیانانە کەبۆ گوناهبارکردن دەردەچن سودیان چیە ، لە کاتێك‌داحکومەتە ڕەگەزپەرستەکان کاروباریان هەر لەلایەن ئەودەوڵەتانەوە ڕادەبەڕێ کە سیاسەتەکەیان تاوانبارداەکەن • چ بەڵگەیەك باشتر لەو دەرکا ئەتومی‌یانە کە ئەڵمانیای ڕۆژئاواو فرنسا داویانە بە حکومەتی فورستر • هەتاکەی بەشی مافە فەوتاوەکان لە کۆمەڵی دەوڵەتاندا هەرقسەو بەیان دەرکردن بێ‌و بەشی حکومەتە زۆرداڕەکانیش‌یارمەتی کاریگەر •

گەلانی زۆرلێکراو لەو بەیان‌و قسە ڕەنگینانە تێریان خواردوە و هیچ شتێك بێجگەلە جموجوڵێکی کاریگەر سودی بۆیان نیە • بێویستی بەڕیگایەکی تازە هەیە بۆ ئەوەی کۆمەڵی دەوڵەتان دەستی ئەوگەلانە بگرێو بە شێوەیەکی لەبار مەسەلەکەیان وەربگرێ • بەڕاستی هەر بیانویەك کە دەوڵەتە گەورەکان بۆ هاوکاری‌حکومەتە ڕەگەزپەرستەکانی دێنەوە بێ‌هێزو لاوازن ، بەتایبەتی کاتێك‌لەگەل ڕابەرینێکی زۆر نیشتمانی بەڕەو ڕودەبنەوە کە ڕۆلەکانی گەل بەرپایان کردوە ، ئەویش ئەوانەی لە تەمەنیان ڕادیارە کە فێری قازانجپەرستی سیاسی‌نەبڕن‌و تەنیا دڵسوزی بۆ نیشتمان‌و خاکی داگیرکراوی‌ڕاندون •

٥ کارەساتی "لوکهید" !

گەلێك تاوانی بەم جۆرە لەناو دەوڵەتانا ڕویداوە ، تاوانەکانی لوکهید لەلایەن کومپانیایەکی گەورەی فرۆکە دروست کردنەوە بو لە ئەمەریکا ، بە شێوەیەکی هێمنانە بو بێ ئەوەی کەس‌پێی بزانی لە دواجاردا بو بە هۆی تێکدانی کاروباری سیاسی‌و مقومقوی نێو دەوڵەتەکان •

لە مانگی حزیرانی ساڵی ١٩٦٥ دا لیژنەی لقی سەر بە ئەنجومەنی پیران لە بارەی کاروباری کومپانیا جۆر بە جۆرەکانەوە سەرنجی کرداری کومپانیایەکی ئری فرۆکە دروست کردنی‌دا کە کومپانیای (نور ثوب)ی پێ ئەڵێن •

(نورثوب)بەوە تاوانبار کرا کە بەرتیلی بە لێ پرسراوانی حکومەتە بێگانەکان داوەو پەیوەندی دەزگای موخابەراتی ئەوەندی‌بەکارهێناوە بۆمەبەستی فرۆشتنی کەلوپەلی سەربازی بەدەرەوە •

لیژنەی ناو پراو لە مەسەلەی نور ثوب گەلێك تاوانی لە سەر ڕوی دەفتەرەکانی دۆزیەوە •

لەمانگی ئاب‌دا لوکهید بە ڕاستی دانی بەوەدانا کە لەساڵی ١٩٧٠وە زیاتر لە ١٠ ملیۆن دۆلاری داوە بە لێ پرسراوانی حکومەتە بێگانەکان‌و لایەنەسیاسیەکانی نێودەوڵەتان لە پێناوی ڕەواجی کەلوپەلەکانیانا •

بەڵام کومپانیای لوکهید سورە لەسەرئەوەی کە ئەم بەرتیل دانە شتێکی سروشتی‌یە لەمەیانی بازرگانی‌و مامەلەو مامەلە کاری نێو دەوڵەتانداو لە زورپەی‌وڵاتاندا ئەمکارە شێوەیەکی سروشتی وەرگرتوەو بۆتە عادەتێکی بازرگانی •

ڕای گشتی ئەمەریکا کە لە کارەساتەکەی ووترگێتەوە خەریکی باکردنەوەی ڕوی مەسەلەکەیەو ئەیەوێ خۆی لەحاستی‌دا گێل بکات ، بەڵام لیژنەی ئەنجومەنی پیران بە هەمو توانایەوە داوای لە لوکهید کردوە کە ناوی ئەو کەسانە بڵاو بکاتەوە بەرتیلەکەیان وەرگرتوە •

لە مانگی ئەیلول ڕابوردوا ئەم کارە دەستی کرد بە ناشکرابون ، لوکهید فرۆکەو چەکی بە (٣٠) وڵات فرۆشتوە، وە بەهای ئەوکەلوپەلانەی بەدەرەوەی فرۆشتوە لە ساڵەکانی ١٩٧٠و ١٩٧٤ لە ٨٠٠ ملیون جنیهی ئەسترلینی زیاترە •

ئەو لیژنەی کە خەریکی لێکۆڵینەوەیە ڕای‌گەیاندوە کە لێ پرسراوێکی کاروباری سعود چەند ملیونێك دۆلاری لە ئەم کردارانە مشتێکن لە نمونەی خەروارتك •• هەروەها ئالاکی لوکهید لە مانگی شوباتی ئەمساڵەوە دەستی پێ کردوە وەرگرتوە • هەروەها کومپانیای ناوبراو کەلێك پارەی داوە بە حەلك لە ئیرانو هندی چینو فلیپین بۆ ئەوەی کاروباری خۆی تیایانا بگونجێنێ •

کرد • وە دەستی لەگەل حکومەتەکانا تێکەل کرد • وە لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا بڵاو کرایەوە کە (لێ پرسراوێکی گەورەی هولەندە) لە سەرەتای شەستەکانا (٥٥٠٠٠) جنیهی وەرگرتوە بۆ ئەوەی یارمەتی کومپانیاکە بدات لە مەیدانی فرۆشتنی فرۆکەی (ستار فیتر)دا • وە لە دوای ئەوە ئەوەندەی تر بارەی وەرگرتوە لە بارەی فرۆشتنی فرۆکەی (تریستار)وە کە لوکهید ئەیدات بە کومپانیا فرۆکەییەکانی ئەوروپا •

هەروەها کومپانیای ناوبراو (٢٥٠٠٠٠٠) جنیهی ئەسترلینی بارەی داوە بە کابرایەکی سیاسی دەرکەوتوی ژاپۆنی لە بارەی کۆمەڵێك فرۆکەوە لەگەل ڕێکای ئاسمانی ژاپون (ئول نیبون)دا •

وە لە هونگ کونگ کومپانیای فرۆکەی (کانای باسیفیك) وتویە بەڕێوەبەری هاتو چۆ کردن دەستی خۆی لە ئیش کێشاوەتەوە دوای ئەوە کە لە لێکۆڵینەوەدا دەرکەوت کە ٤٠ هەزار جنیهی ئەسترلینی وەرگرتوە •

لوکهید بەدەرچونی دوکار بەدەستی گەورەی بەچێ هێنەری ئیش‌و کاری‌کومپانیاکە هیچ گیروگرفتێکی نەهاتە ڕێگا کە لە هیچ کومپانیایەکی جنیهی ئەسترلینی بە شێوەیەکی ڕێکو پێك لە لێ‌پرسراوی ئیش‌و کاری لوکهید لە ژاپون‌دا وەرگرتوە لە بەر ئەوەی کە کومپانیای فرۆکەوانی (ئول ینبون) فرۆکەی (تریستار)یان لێ بکڕێ •

لەسەرەتاوە تاکۆتایی

وە هەروەها جگە لە (تاناکا) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە لە بارەی ئەم تاوانەی لوکهیدەوە (١٨) کەسی تر گیراون ، وە لەوانە دوانیان ئەندامی بەرزی حزبی دیموکراتی شورشگیرن• ئەمەریکایی جۆر بە جۆردا بەو جۆرە ڕوی نەداوە •

لوکهید ئەو دا خوازیەی ژاپۆنی دۆڕاند لە بارەی کڕینی ١٠٠ فرۆکەی جەنگیەوە بە٦٤٣ ملیون جنیە ، وە حکومەتی کەنەدا لە ناکاو ئەو ڕیکەوتنا مەیەتێك‌دا کە ئەبوا کومپانیاکە ١٨ فرۆکەی دژی بن دەریا (غواصة)ی بە ٤٠٠ ملیون جنیە بۆ دروست بکات •• وە لوکهید خۆی لە بەر ئەم نوشوستیە دا داگرت و بەردەوام شتومەکەکانی بە جیهان ئەفرۆشت ، لە کاتێکدا کە ئەو گیرو گرفتە سیاسیە لە ژاپوندا تەقیەوە •

وە لە مانگی تەموزی ڕابوردوا (تا ناکا)ی کۆنە سەرەك وەزیرانی ژاپۆن کە لە (١٩٧٢ ـ ١٩٧٤) دا سەرەك وەزیران بوو •• لە سەر ئەوە گیراوە کە بەرتیلی لە لوکهید وەرگرتوە • وەدوایی بە بارمتە (کفالة) بەرەڵاکراوە ، بەوە

ئەمیر برناردی میردی شاژنی هولەندە دوای دەست گیشانەوەی لە دو کاروباری بەهۆی دەست تێکەلاوی‌یەوە لەروداوی لوکهیدا ••

Institut Kurde de Paris

لە ئەدەبی جیهانی

رۆمان

- صلاح احمد -

● ئەدەبی کوردیمان تا ئەم دواییانەش ئەکەر بایەتە میللییەکانی ئەدەبیکەین هەر ئەنیا بریتی بوو لە « شیعر »و هیچی تر، کەزۆربەی ئەوانەش دیسانەوە هەر بەشیعر بوون ... باشان « چیرۆك » ، یان وەك هەندیك بێی ئەلێن « کورتە چیرۆك » ، وردە وردە داکشایە ناو ئەدەبەکەمانەوە . لە سەرەتایەکی ئێجکار ساکارەوە ... واشوکر ئێستا کەشتوتە رادی ئەوەی وردترین لایەنەکانی ئارەزوی بزوێنی بخوێنرێتەوە ، کە سەرەکی ترین و گەورەترین ئەرکیشی ... بەلام هێشتاش شیعر هەر زۆر بەو زاڵترەو ... هێشتاش ئەو وتەیە لەجێی خۆیایەتی کە کورد بەسروشت شاعیرن و ، لێی جیاناینەوە .

● بەلام جۆ ئەکەو ئەو وتەیە راست بێت ، ئەوا ئەبێ لە تێکڕای ئەدەبدا ئێجکار پایە بەرزبین ، چونکە « شیعر » بتاغەو کیسانی زیندووی هەموو بەشەکانی ئەدەبە .

● بەلام لەواقیعدا ـ هەر هیچ نەبێت تائێستا ـ وا دەرئاکەوێت ، ئەکەرچیش هەرگیز نابێت چەندین لایەنی ترییش لەم رووە لە بیر بکەین .. باشترین نموونەش بۆ ئەمە ئەوەیە تا ئێستا بەشێکی هەرە کەورەی ئەدەبی نوێ لەناو ئەدەبەکەماندا بلاو نەبۆتەوە .. کە ئەویش « رۆمان » نووسینە .

● جۆ ئەکەرچیش لە بەیتو ئەفسانەی میللیی درێژدا ، هەر لە دێر زەمانەوە سەرەتاکانی رۆمانمان هەبووە ، بەلام لەکەل ئەو هەموو بەرەسەندنە ئەدەبییەشماندا .. هێشتا لەلای ئێمە ئاوڕ لەم هونەرە کاریکەرە نەدراوەتەوەو ، ئەو هەولانەی تائێستا دراون هەر سەرەتایین و نەیانتوانیوە وەك شیعرو ، تاراده‌یەکیش چیرۆك ، شان لەشانی بەرهەمی جیهانی بدەن .

● بۆ ؟!.. وە ئەبێت مەسەلەکە ئەوەندەش ئاسان نبێت و بتوانین بەچەند وشەیەك هۆو گیروگرفتەکانی شی بکەینەوەو بیانخەینە روو .. بەلام جۆ هەر هیچ ئەبێت پێویست بەوە ئەکات سەرنجی برا نووسەرو ئەدیبەکانمانی بۆ رابکێشمین و ، بیکەین بە پرۆژەیەك بۆ باس کردن و گفتوگۆ لە سەر کردن و ورووژاندنی بیر کردنەوە لێی ، بۆ ئەوەی بتوانین لە ماوەیەکی کورتی داهاتوودا پێی رابێین و ، لەکەل لایەنەکانی تری ئەدەبەکەماندا بەردو پێش بیخەینە گەڕ .

● وەکو ئاگادار بم چەند هەولێکی نوێ هەیە بۆ نووسینی رۆمانی نوێی کوردی لە لایەن چەند چیرۆك نووسێکمانەوە .. بەلام ئەمانە تاوەکو بلاو نەکرێنەوەو نەئەنە دەستی خوێنەران بە بوون دانانرێن و ... ئەم بلاوکردنەوەیەش دیسانەوە کۆمەلێك شتی تر لەکەل خۆیدا بە کێش ئەکات کە لە رۆماندا ، زیاتر لە بابەتەکانی تر ، کرنگ و کاریکەرە .. لەوانەش بابلێین گیرو کرفتی چاپ ، چونکە ناتوانرایت رۆمان وەك بابەتەکانی تر لە کۆفارو رۆژنامەکاندا بخرێتە بەرچاو .

ئەی منالی دانا

خۆشە ئەوەی

ئەمە ئەنیا دۆستایەتی نەبوو بەلکو خۆشەویستی یەکی کۆن بوو ... ئەو منداڵی یەوە بەرامبەر بەو کەسە خەمڕەوینەی (مەرج) ... کە چارلی بچوکی جەبەساندبوو ... منداڵە بۆی یەکی ... کە لەدایك و باوك و ئاو بێبەش ببوو ، وەکە هەرئەنەش ئەتری یەکەم زەردەخەنەیان کردبوو .

کاتێك « چارلی » ئەوەی بوو « منداڵە بلیمەتەکە » جیهانی گەورەو ساوایانی عیتابە پێکەنین ... لەناخیدا هەر دەستبەرداری پارچەیەکی بەنرخی رابوردوو نەئەبوو ئەو پارچەیەی لە زەردەخەنە رەنگ‌ئەدراوەکەی دەمووچاوی خەمڕەوێندا ئەلەرزیەوە . زۆریش بەئەنەوە بوو هەمیشە « راوێژکارانی » لەئەمەنی سەوزیدا بهێلێتەوە .. ئەوەی لەراستیی بەولاوە شتێکی تر ئالێ ... جیهانی منداڵان .

ئەوانەی دوای ئەواوبوونی ئیخراجی هەموو فلیمێك کۆئەبنەوە بۆ دەربڕینی بیروڕایان ... لەبەرئەوەی :

ـ درۆناکەن ... دەمەلاسکێ نازانن ... چونکە منداڵن .

بەبیری خزمەتکردنی منداڵ و بەجەماوەری منداڵان چاپلن وەك والت دیزنی شوێنەوارە ئەمەرەکەی بەچێهێشت ...

ئەو وێنەکێشە هەژارە نەناسراوە ... ئیژارەیەکیان بەرەڵلاکاندا زاڵ ئەبێت ... هەموو دۆخێکی کلولی دەوریان دا .. لەبێمیچیشەوە مشکێکی بچوك سەرەتانکێی ئەکرد ... هەردووکیان سەرنجی یەکتریان‌دا ... والت دیزنی بێ‌کەنی ... وای بەخەیاندا هات مشکەکەش بزی بێ‌نەکەنێ ... دەستی بۆ پارچە کاغەزێکی سپی درێژکردو وێنەی دەمووچاوی مشکەکەی لەسەرکێشا کە بەلای راستو چەپدا ئەجولایەوە هەروەك هەموو ئۆشەکانی وێنەکەی بێ‌بەخشێ ..

بەهەموو ئەو بلیمەتیی‌یەی سەردەمی منداڵی‌ی کە لە والت دیزنی‌دا ماوە ... خێرا هەموو جولانەوەی مشکەکەی وێنەکێشا کەریشی خستەسەر .. « بزچی ... پرسیارێکی جولەجول‌ـ ئەم وێنەیە وەك خوێن شیرینی ئەو مشکە بچووکە ئاجولێتەوە » ...

کاتێك والت دیزنی وەلامی پرسیارەکەی دەست‌کەوت کارنگی هونەری‌و ئەفسانەی سەرسوڕهێنەری داهێنا ئەویش (وێنەی جولاوە) بوو ... والت دیزنی لە هەموو ئەو شتانەدا پێشکەشی کردون دلو چاوی منداڵو سەمەرەو سلەمینەوەکانی نیادامان .. بۆیە هونەرەکەی بەرینەوەی مایەوە ... نیشانەی خوێن شیرینی بوو .

... میکی ماوس : کە پالەوانەکەیتی تاکە نوێنەر بوو کە لە هێلو رەنگدا خەلانی نوسکاری بێ‌بڕا .. هەرچەندە لەمێشکەکانیشدا ... هەروەك داهێنەرەکەی دەربارەیەوە وتویەتی :

دۆستی هەموو زۆرلێکراوێکە !

مشکێکی زیرەکە ... بچکۆلەیە ... بەلام لەکۆتایی‌دا بەسەر پشیلە درندەو سەکە بەرەڵلاکاندا زاڵ ئەبێت ...

ئەمە هیواو ئاواتێکی نادیارە کە رۆژێك لەرۆژان منداڵی بلیمەت بتوانێ بەرکەی دارستانی زیانی درندەیی‌و سەکە بەرەڵلاکانی بکرێت .

ئەمەش لەلایەن هونەرمەندێکی سەرو بەشیوازێکی‌تر دروست‌کرا .. دە ساڵ لەمەوبەر (بیتی)ی وێنەکێشی فەرەنسایی ناشکرای‌کرد کە فەرەنسا بەرەو سێکس هەنگاو ئەنێ‌و خۆشەویستی‌ی رۆمانسی‌ی ئەرەوێتەوە .. بیتی لە ناخی‌دا لەو باوەڕەدابوو کە جیهانی ئەفسانەاوی خۆشەویستی‌ی کە لە (دە)دا خەونی پێوەئەبینی‌و دڵخوازو شەیداکان پەری ئاساییانە تیایدا لەباخچە دوورەکان دانەنیشتن ... رزکاربوونە ... کیوبیدی نوێیە ... ئەو منداڵە بلیمەتەی ئەتوانێ سۆزەکە بهێنێتەوە کە لەنێوان مونمارترو « بیکال »دا سەری لێشێواوە ، یەکەم وێنەکانی ڕوی منداڵیکیان ئەنواند کە شەیدایەو دەستی لەسەر دلی داناوە ... لە خۆشەویستەکەی بەولاوە نایەوێ هیچی تر لە ڕووی ببینێ .

خەلکی گالتەیان پێ‌کرد .. لەدوبیدا ئەوەندەی نەخایاند بایەخیان بە وێنەکانی‌داو .. بەستیان کرد .. (بیتی) هەستی پێکرد کە ئەو منالە بلیمەتە پێویستی‌ی بە (کچێکی بلیمەت)ی دڵ‌ئەورە هەیە .. وێنەی کیشا بۆ ئەوەی لەکەل وێنەکانی لەمەولای بیت .. دوای چەند ساڵێك بەبەکەوە بوون .. لەپڕ ببون بە رەمزو دیاریی پەسندکراوی خۆشەویستی‌ی لە سەرانسەری فەرەنسادا (!!)

(لابورت)ی خۆشەویستی پیکاسۆ لەیادداشتەکانی‌دا دەربارەی ئەلێ :

« هیچ کاتێك ئەگەلیا هەستم بەجیاوازی تەمەن ئەکردوە .. هەندێ جارئەبێ وام بۆ دەرئەکەوت کە بەتەمەن لە من بچوکترە » .

پیکاسۆی «منداڵی بلیمەت » لەدلی پیکاسۆی پیرەمێردا ژیاوە .. بەدرێژایی ژیانی .. ئەویش ئەو منداڵە بلیمەتەیە کە بەجیهان پێکەنیوەو رەمزی (کۆتری ئاشتی) داوەتێ .. لەو رۆژەش‌دا بەگالتە پێ کردنەوە رووی ئەلایەورت کردوەو پێی‌وتوە :ـ

« ئەوان نازانن کە کۆتر بۆ ئاشتی ئاکونجێ .. چونکە جورە مەلێکن زۆر لەکەل یەکتری‌دا شەڕانین » .

ژیان بەمنداڵە بلیمەتەکە ئەلێ :

هۆ منداڵی بلیمەت .. بەبێ هۆ خۆشم ئەوێیت ..

ئەویش وەلام ئەداتەوە :

بەلام من دەبێ هۆیەکم بەدەستەوەیە بۆ خۆشویستنی تۆ !

چارلی چاپلن بەئەخۆشی‌ی برکارێکی گرنگ هاتەدەرەوە ... چوار سەری لە « ماکس »ی دەسەڵەخەمڕەوینەکەی سێرکدا ... ئەم دە ساڵەی دوایی‌دا ئەمە بیوو بەحوو ئەلای ... هەر کە ماکس شتێکی تازەی پێشکەش‌بکردبایە ئەو یەکسەر ئەچوو سەری لێ‌ئەدا .

نووسینی : یوسف فرنسیس
وەرگێڕ : حمید عزیز

ورشەیەکی رەخنەی ئەدەبی

لە نێوان « رۆشنبیری »یە

حسین عارف

« .. هۆگۆ دوای ئەوەی پانزە ساڵی تر ژیاو کە ساڵی ١٨٨٥ دوا هەناسەی‌دا ، دوو ملیۆن فەرەنسی دوای ئەرمەکەی کەوتن . دوا داخوازیشی ئەوە بوو لە تابووتێکی هەژاراندا بی نێژن » .

ئەمە دوا چاپتەری وتارێکی ژمارەی پێشوە بە ناو نیشانی (هۆگۆ .. شاعیری یاخی)یەوەو ئەوەی تیایدا سەرنج رادەکێشێ ، دوو ملیۆنەکەی دوای ئەرمەکەی هۆگۆو دوا داخوازی‌یەکەیەتی . بۆچی دوو ملیۆنو لەبەرچی ئەو دوا داخوازی‌یە ؟!. یا لەبەرچی دوو ملیۆنو چۆن ئەو دوا داخوازی‌یە ؟!. ئێ حالی بوونی زەحمەتەو زەحمەتیش نی‌یە !.

زەحمەتە .. چونکە هۆگۆیەك یەنجەی کردبێ بەچاوی ئیمپراتۆرێکداو بۆی چووبێتە سەرو زاڵو سەرکەوتوو ئەو بووبێ ، چ عەجەب ئەویش ئەبوە ئیمپراتۆرێکی ئەگریس‌و چارەنراوو لەبەر ئەوەی دوو ملیۆنەکەی دوای ئەرمەکەی بکەوون‌و فرمێسکی بۆ بڕێژن ، ئفو لەعنەتی بکەن‌و بلێن‌ئەولاترچی ؟!.

زەحمەتیش نی‌یە ... چونکە هۆگۆیەك دوا داخوازی ئەوە بووبێ کە وەك هەر هەژارێك لەتابووتێکی هەژاراندا بی‌نێژن ، دەبێ بە درێژایی ئەمەنی ساتێ لە هەژارە چەوساوەکان غافل نەبووبێ‌و بەردەوامو زۆر لەنزیکەوە هەستی بەئەندیشەو ئازاریان کردبێ‌و لەسووتانێکی هەمیشەییدا بوو بێ بۆیان .

هۆگۆ دەیتوانی لە وەزعی ئەرمەکەی خۆی بێدەنگ بێت‌و جۆری ناشتنی واز لێبێنێ بۆ دوو ملیۆنەکە کە دیارە بەخۆشنوودی‌یەوە لە تابووتێکی زێڕینی شاهانەدا دەیانناشت . بەلام هۆگۆی داخ لەدل بۆ حالی هەژاران ئەنانەت لەدوا ساتی ژیانیشیدا لەو خەمخۆری‌یە هەر دانەبڕاوەو دوا کارو فەرمان کە لەدەستیدا مابێ بۆ سەلماندنی بیروباوەڕەکانی بیکات ، ئەوە بوە داوا بکا لە تابووتێکی هەژاراندا وەك هەر هەژارێك بی‌نێژن کە ئەمە چەندە مانای بەئەنکەوە هاتن‌و خەمخواری‌و خۆشەویستی دەبەخشێ بۆ هەژارە چەوساوەکان ، بتر رق‌و کینەو قێژهاتنەوەی دەنوێنێ لە رووی بەرەی چەوسێنەرە زۆرداراەکان‌و کەش‌و فشی ساختەیاندا .

هۆگۆ بە درێژایی ئەمەنی‌و تا دواساتی ژیانی لەکەل خۆیدا .. لەکەل بیروباوەڕو خواست‌و ئامانجەکانی خۆیدا دڵسۆزو راستگۆ بوەو لاینەداوە لێیان‌و هەر بەو دڵسۆزی‌وراستگۆیی‌یەش ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یە ئەمرەی بەمرۆڤایەتی بەخشیوەو رێزو خۆشەویستی‌ی ئەو دوو ملیۆن کەسەو سەدەها ملیۆنی تری بۆ راکێشاوە .

لە هەموو دەورو زەمانێکدا ئەو ئەدیبەی دڵسۆزی‌و راستگۆیی لەسات بەساتی ژیانیدا هەوێنی هەست‌و نەست‌و بیرو هۆش‌و کردارو رەفتاری بێت‌و هەردەم لەدڵو دەروونیدا زیندووبێ‌و لە قووڵایی ناخیدا بدرەو شێنەوە بێگومانە کەئەو ئەدیبە سەرفراز ژیان بەسەر دەباتو سەربەرز لێی دەردەچێ .

هەڵبەرکێیەك لەمردنی گریاندا

مکرم رشید جمیل

کە پێکەنین .. هات بێ‌کەنی ..
دەستی خۆشی‌ی خستە ملی زردەخەنە

گریانی زەرد لە داخاندا .. تێرنێرگریا
هاواری کرد .. بێمەکەنە .. بێمەکەنە !

ئەگینامن دەبمە دەریا !!

کەپێکەنین .. بزەگرتی‌و خۆری هەڵهات ..
پەژارەو غەم .. لەڕقاندا ..

پوون بەزوو خال(١)
پوون بە چێژی ژاڵکی تال

بە هەستی لال ..!
بەسەد داخ و هەناسەی سارد ..

تاهەزار ساڵ ..
خەفەتیان خوارد .. ئاکوو تەقین !!

ژانی شینیش .. قژی ڕەشی خۆیی ڕنی ..
ئیتر بێشکەی تووڕەو ڕقی ڕانەژەنی !

لەوکاتەدا .. کامەرانی ..
بوو بە منداڵ ..

بەدیمەنی دووجاوی کال ..
بەگۆرانی ..

بەگۆرانی‌ی دەشت‌و دەروسەڕێ‌کانی ..!
لەناو زەما وەندی زین‌دا

لەدەشتێکی زۆر پەرین‌دا ..
بۆیەکەم جار .. سەر چۆڕێی گرت ..

بۆ پێشوازی بوکی بەهار !
ئالای غەمی خێرادڕی ..

لەمردنی گریەو شین‌دا ..
تێر هەڵمەڕی‌و تێرهەڵمەری ..

(١) زووخاڵ = خەڵووز

هونەر و نەتەوایەتی

ئامادەکردنی : باوکی ئاریان

لە ئەنجامی پێشکەوتنی ژیان‌و ئۆڕانی پێداویستەکانی مرۆڤ‌و فراوان بونو کەشەسەندنی پیری مرۆڤایەتی ، هونەری ئادەمیزادیش پەرەی سەندو لە ڕێی هونەرەوە مرۆڤ هەندێ لە پێداویستیە کانی خۆی جێبەجێ کردو بەشێکی تەورەی بۆشایی دەروونی پێ پڕ کردەوە . بێ‌تومان ئێمەش کانێ لە دەربڕینی هونەری مرۆڤ ئەدوئین هەبەستمان گشت جۆرەکانی دەربڕینی هەستو سۆزو ژانەکانیەتی بە هۆی وشەو ئاوازو جولانەوەو فۆرمەوە .

ئەمەش ئەدەبو شیعرو مۆسیقاو سەماو نواندن‌و هونەرە تەشکیلیەکان ئەگرێتەوە .

بەرهەمی هونەری نمونەیەکە بۆ دەرخستنی پەیوەندی لە نێوان هونەرەندو مرۆڤایەتی‌دا چونکە هونەرمەند مرۆڤەو هەستی مرۆڤایەتی‌ی هەیە زیاتر لە کەسانی‌تر هەست بە تاڵو ترشی ژیان ئەکات‌.جا کە وێنەی تابلۆیەکی ئاوارەیی‌و دەربەدەری ، یان تابلۆیەکی هەژاری کوێرەوەری‌و چەرمەسەریمان بۆ ئەنەخشێنێ .. گومانی تیا ناکرێت ڕووداوی وا بەسەر کەلێکی تری مرۆڤدا هاتووە ، لێرەدا بەرهەمەکە سیفەتێکی تێکڕایی وەرگرت‌و بوو بە بەرهەمی مرۆڤایەتی . ئێمەش باش دەزانین جوانترین تابلۆی هونەری ئەو تابلۆیەیە کە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ خۆمان یان تیایدا نزیك ترین کەس لە خۆمانەوە ئەبینین یان تیشك دانەوەی پاشەڕۆژو خواستە کانی ئێمەی تیایە . یا وەکو خۆشەویستیەکی گەورە دوپاتی ئەکەینەوەو مایەی دەر ئەبڕێ کە ئێمە هەمیشە هیوامانە وەك جوانی‌و خیرو خۆشی . بە ڕێی ئەم واتایە کاری هونەری بە گوێرەی چێژی هونەرو دژستەکانی نمونەیەکە لە پەرزبوونەوەی کەسایەتی پێشکەوتن‌و بەرەوپێشەوە چوونی هونەرو شارستانیەت هەرچەند مۆری هونەری هەر نەتەوەیەك هەر دیارەو وون نابێت .

لە کاتی پێشکەوتنی شارستانیەتی سۆمەر تا چوارەم هەزاری پێش لە دایك بوونەوە، مەشخەلی ئەو شارستانیەتە نەگوزایەوەو تا « ١٩٠٠ x پ.ز کە ڕۆژی شەڕ هەڵسا لە نێوان « ئیسن‌و لارسا » دا کە بوو بە هۆی لەناوچوونی دەوڵەتی سۆمەری ، کە چی شارستانیەتی بابلی هەر زیاو مایەوەو لەسەر ئەو ئەریتە هونەریە کە ئەوسا باو بوو ، هونەری سۆمەری بوو بە بناغەیەك بۆ هونەری ڕافدین‌و مایەوە ، بەتایبەتی لە دەولەتانی بابلی‌دا .

وە لە چەرخی ڕابەرین‌دا ئەو هونەرەی کە لە فلۆرەنسا یان « بندقیە » یان لە « ڕۆما »وە سەری هەڵدا هەرچەند ئەو ئەتەوەیە لە چەند دەولەتێك پێك هاتووەو سنوری جیا جیایانیش هەیە لەگەل ئەوەش‌دا لە بنەڕەتدا تایبەتی‌ی ئەتەوایەتی هونەری‌و شارستانیەتی دیاردەیەکی یەکێتی ئەو ئەتەوەیەمان بۆ دەرئەخات .

Institut kurde de Paris

تابلۆکە دووجار ئەدوێ

کەلێك جار خەمناکی وبێدەنگی لە قولایی دەروونی هونەرمەندەکانا خۆی حەشارئەدا ٠٠ زیاد لەو رادەیەی کە چاوەڕوان ئەکرێ ٠

ئەگەر هاتو هونەرمەندەکە توانای لێکدانەوەو سەرکەوتنی بەسەر ئازارە بچوکەکانیاهەبو ، ئەوا لەبەردەم ئازارە کەورەکانیشا دەستە پاچە ناوەستێ ٠٠

هیچ شتێك بە قەدەر خەمناکیو دل شکاوی کار ناکاتە سەر هونەرمەندو ئاڕێتەهۆی لە ناوبردنی ٠ لەبەر ئەوەی خەلکی ڕێزی ئەگرن وخۆشیان ئەوێ ، لە شانیانەوە ئەوەستێو دێ دەروونی خۆی ئەبێتەوەو برینەکەی زۆر تر ئەبێ ، ئازەزوی زیاد ئەکات وبانگی شەڕ ئەدات ، بەلام لە سەر نرخی ترین قوربانی٠٠

لە سەر خۆی ٠٠

بەلگەیەك ٠٠ لە تابلۆیەکداکە میژونوس (دانیل کوتن رایس) لە بەرەی لێکۆلینەیەکەوە نە سەر هونەرمەندێکی هولەندەیی (فان کوخ)ەوەپێشکەشی کردوە ئەوەی سەلماندوە کە هونەرمەندئازەزوی شەڕ ناکات ، بەلام وشکی دل ودەروونی باشتر ڕواڵەتی دەر ئەخات کە چۆن لە ژیاندا باشی وراستی بەکاردێنن ٠٠ بەلام لە ناکاودا بە ناخۆشترین شت لە واقیعی ڕوژ ئاردا گەمارۆی ئەدات ٠

لە سالی ١٨٨٢ دا (فان کوخ)ی هونەرمەند بۆ لای دایکی کە ئەکرێتەوە دایکی نەخوشە ، لە دوای ماوەیەك لێك دورکەوتنەوەهاتوە بۆ سەردانی ، ئەبینێ یەکێك لە ئافرەتە دراوسێکانی لای دانیشتوەو داوو دەرمانی بۆ ئەگرێتەوە کە سەرنجی داچوەدلیەوەو ڕێزی لێ گرت ٠

ئەم هونەرمەندە ئۆقرەی نەئەکرت لە چەند ڕۆژێك زیاتر لە ناو خێزانە کەیانا بمێنێتەوە ٠٠ بەلام نەخۆشیەکەی دایکی چاوەڕوانی ئەوەی لێ نەئەکرا بە گورجی چاك بێتەوە ٠٠دراوسێکەشیان لە لای جێگاکەیەوە دانیشتبو بە دل خزمەتی ئەکرد ٠٠

بێگومان سۆزی خۆشەویستی لە دلی هونەرمەندەکە دا تا ئەهات زیادی ئەکرد بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی ٠

لە کاتێکدا کە هونەرمەندنێگاری تابلۆیەك ئەکێشێ زۆر باوەڕی پێی هەیەو نایەوێ لەو زیاتر هیچی تر ببینێ ٠٠ بەو جۆرە فان کوخ پابەشەی خۆشەویستەکەی بوبو ، خۆشەویستی لە چاوەکانیانەدرەو شایەوە ، بەلام واقیع ڕەنگەکانی ئەگۆڕی ٠

ئەو کۆمەڵگایەی کەهونەرمەند لە ناخی دڵیەوە نەی ئەویست وەکو هونەرمەندێکی لێ ئە هاتو سەیریان ئەکرد کە توانای ئەوەی نەبێ تابلۆیەك بفرۆشێ ٠٠

لە لایەکی ترەوە ٠٠ دایکی لە سەر جێگاکەی چاك بۆوە دوای ئەوە کە چارەسەری کراوە ئەوە لە نێو چاوانیا دیار بو کە ئەیوت چەندان ساڵ لەتو کەورەترە ٠٠

هەردوکیان تێك چوبون ٠٠

فان کوخ سەری خۆی هەڵگرتو دورکەوتەوە ، دوای ئەوەی کە هەمو توانا یەکی بۆخزمەتی هەژارەکان تەرخان کرد ٠٠

خوی دایە کەرەسەی نێگار کێشانو ٠٠ بە پارچە خەلوزێك نیگاری بیاوێکی دلشکاوی کێشا کە هەمو بەختیاریەکی لە نێوان دەستکانیا ون بوە ٠

فان کوخ ئەیویست ئازارەکانی دەرونی بشارێتەوە ٠بەلام نیگارەکە ڕزگاری لێ کرد ٠

لە ساڵانی دوایدا زۆرهەوڵی دا کە کێشانەی خۆی را بگرێ ، سەر لە نوێ هاتەوەبۆ لای خۆشەویستەکەی بۆ ئەوەی دلی بۆ دامرکێتەوە ، لەدوای ئەوەی کە لە خۆشەویستەکەی دورکەوتەوە ، بەلام زستان دلی بە تەواوی تەزان ٠

لەدوای ٨ ساڵ ٨٠٠ تابلۆی تەواو کرد ، وە لە دوا ڕۆژی ژیانیا هاتەوە سەر نیگارەکۆنەکە ، سەر لە نوێ کێشایەوە بەو ڕەنگانەی کەهەیبوو ، کە گوایە ئامادەی هەمان سەردەمی رابوردوە ٠

لە کاتێکدا کە ویستی خۆی بکوژێ ڕۆژ هەمو ئاسمانی روناك کردەوە ، لەناو کێڵگە یەکدا ئەلەرزی و ئەیوت : کوێرەوەری هەرکیز تەواو نابێ ٠٠ پارچە نوسراویك لە گیرفانیا بوکەبۆ (ئیو)ی برای نوسیبو ، بەلام تەواوی نەکردبو ٠٠ تیایا ئەڵێ : ئەوەی کە بەڕاستی بەزمانی منەوە بدوێ ٠٠ تابلۆکانمە ٠

باقودسیەتی

ڕۆژنامەگەری بپاریزن

– کاردۆ –

لە کەوانەی کاری نوسین وڕۆژنامەدا دەست پاکی پێوانەی بەرهەمی ڕاستەقینەو ڕەسەنن ٠٠ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەمەیدانە دەرفەتێکە هەلومەرجی هوشیاریو ڕۆشنبیری لێوە دەرسکێت ٠٠ مرۆڤی ڕەندو ئەمەکەمەند بە چاوێکی پیرۆزەوە دەروانێتە ڕۆژنامە ڕێزی نەرێنو پێداویستەکانی دەگرێتو !! ڕۆژنامەی واناسیوە کە دەنگی هەقیقەتی کۆمەڵەو هەر بۆ یەش خەڵکی بە چاوی قیزو بێزەوە دەروانێتەوانەی سوکایەتی دەرهەق بەقودسیەتی ڕۆژنامەو نووسین دەکەن ٠٠!

« نان بۆ نانەواو گۆشت بۆقەساب» لێرەوە نۆرەی ئەوەمان دێت هاوار بکەین ٠٠ باوکم ئیدی با قەلەمو دەفتەریش بەدەست خاوەنەکەیانەوە بن!!دیارە خاوەنەکەشیان ئەوانەن کە بە قەد پێستی خۆیان دەعەمەلیان دێنن ٠٠ با لە گورتی ببرێتەوەو لێرە هەندێ وورده کاری لەم بابەتە بە نموونە دێنمەوەو دوای ئەوەی هەریەکەی بەلای خاوەنەکەی دەبەمەوەو بەسەری دەکەمەوە٠کە ئەویش دوو دزیە کانشیزاد عبدالرحمن کردوویەتی و ٠٠٠ لەبەر ئەوەی کردەوەکە هەلەیەو بەس ! دەلێن زۆرشتی تری کردوە بەلام من ئۆبالی بە ملم هەر هاگام لەدوانی هەیە ٠

یەکەمیان گوایە پارچەشیعرێکی پەشێوی لە کوردیەوەوەرگێڕاوەتە عەرەبیو لە ژمارەی (١٠٠)ی ڕۆژنامەی(العراق) بڵاوی کردۆتەوە ٠٠هێناویە دەقو ڕەپ ماندووبوون و هەولو ڕەنجی کاك (عبدالله‌احمد)ی قۆزتۆتەوە کە لەژمارە ٤١ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بڵاوی کردبوەوە ٠٠ شیعرەکەش ژانی شەوەکانی کەندالی پەشێوی شاعیرە ٠٠٠ بەڵێ دزیویەبێوەی یەکی خۆی لەسەر لێ پێچینەوەو لێ پرسینەوە بخات بە ئەمانەت ناوی کاك عەبدوڵلای ڕەش کردۆتەوە ٠٠ناوەکەی خۆش نێوەشاندوە ٠٠ بیاو هەق بڵێت هەندێ پیتووشەی لە ڕستەکان ئەوسەروئەم سەر کردودو کردوەو باشو پێشی خستوون !بە مەرجێك واتەکانیان وەك خۆی مابێتەوە ٠٠

« بروانە : ڕۆژنامەی« العراق » ژمارە « ١٠٠ » ،هەروەها گوڤاری « ڕۆشنبیری نوێ » ژمارە « ٤١ » کە لەحوزەیرانی ١٩٧٥دا دەرچووە ٠

لەم ڕۆژانە گۆڤاری ڕۆژی کوردستانیش کەوتە بازاڕەوەهەمیسان کوڕی بۆرە ئازایەتیەکی تری نواندووە ،لەم چەلەیدا ڕێك توانیویەچیروکێکی وەرگێڕدراوی عەزیز نەسین لە حازرەکیەوە ٠٠هەڵلوشێت ٠٠ ڕەنگ بێت وای‌دانا بێت کە خەلکەکە هیچیان لەمەڕ ئەم چیرۆکە زەلامەوەرگێڕدراوە وە بەرکوێ نەکەوتووە ٠

چیتان لێ بشارمەوی ئەمجارە مالی کاك سمکو ناکامی بەسەر کردۆتەوە ٠٠ ئاوڕێکی لەمەکی مەندانەی لێ داوەتەوە٠٠ لەمە زیاتر چی بۆ بکات ناوی چیروکەکەی لە (یارمەتی) یەوە گۆڕێوە بە (مەسەلەکە)و هەروەها یەکێك لە پاڵەوانە بەناوبانگەکانی لە بەهابەکەوە کردوە بە مرادبەگ ٠٠ ئیدی ناوە ناوەش مەیلەو دەسکاری لەووشەکان کردوە پاشو بێش خستوونو زۆربەشیانی وەکوو خۆی جێ هێلاوە ٠ ئەم چیرۆکەش لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری نووسەری کورد بڵاو کراوەتەوە ٠٠ با ئەم قسانەی سەرەوە وورده تۆمارێك بن ! هەندێ وورده گلەو گازاندەشم هەیە بۆ ئەو برایانەی هانی ئەم جۆرە کارانە دەدەن ٠٠ هەقیش وایە دەزگاو گۆڤارو ڕۆژنامەکانیش لەمەودوا مقەیەتی ئەم ڕەفتارانەبن ! با چیتر خەلەو خەرمانی خەلکی نەکەوێتە بەر ڕەحمی تالانو ڕفاندن ٠٠ بەگیانێکی مەوزوعی و ڕەخنەگرانەشەوە کاك‌شیرزاد لەوە دڵنیا دەکەمەوە کە لە جیاتی خۆی بەم ڕێبازەوە خەریك بکات باشتر وایە ئیتر خۆی بناسێتو واز لەم کردەوانە بێنیو عالەمەکەش ئەمین‌بن!!! چونکە هەرکەسێکی ئەم ڕەفتارانە بکات قەباتی زۆر لەمەش زلتر هەلدەگرێ ٠٠!!

پۆستەی ڕۆشنبیری

● **(شوانو مەڕەکانی)** أنور شکور محمدو (میحنەت تاکەی)ی عثمان ئەشکەنجەو (زامەکانم دوورن لە یەك)ی ع.ب٠ سورێنو (شایی لۆغانی هەردووك)ی عبدالکریم صابرو (کۆتری سپی)ی دانا رووەوف معروفو (من مۆمی بەختەوەری نەرمۆلەکەمم)ی جلیل محمد علیو (کلیلەی خۆشەویستی)ی قاسم ، هەموو هەولدانی شیعرینو نێردراوون بۆ بڵاوکردنەوە ٠ بە لام بەداخەوە هەولدانەکان سەرکەوتوو نەبوونو ماویانە بکەنە رادەی پێکەیشتن ٠ چاوەڕوانی بەرهەمی چاکتریان لێدەکەین ٠

● **(تازە لە پای چی)** چیرۆکێکی هوشیار قادرە ٠ باسی چیرۆکەکە زۆر جووراوەو تامی تیانەماوە ٠ چکە لەوەی لە ڕووی هونەریشە لاوازە ٠ لەبەر ئەوەمان نەمانتوانی بڵاوی بکەینەوە ٠

● **(شاعیرە لیلیانا ستیفانوفا)ی** محمد صدیق کورتە باسێکی شاعیرەکەیەو وەرگێڕانی شیعرێکی بۆ کوردی کە ناوی لێ‌نەداوە ٠ بەلام لەبەر ئەوەی وەرگێڕانەکەی کۆك نەبوو بڵاومان نەکردەوە ٠

● **ئاراس مجید قادر** لە نامەیەکی لەوەبەری دەبرسێتەوە ٠ لە وەرامدا دەڵێین : بەڵێ ٠٠٠ وێنەکەی – کۆزران ـی ئەمرمان پێکەیشتوەو لە نەرشیفدا هەڵگیراو بار زراوە٠ سوپاست دەکەین ٠

کالدوێل و..

چیرۆکی کورت

کە داستانی « ڕێگای توتنەکەو ٠٠ یان زەویەکی بچکۆلەی خوا »و دەیان داستانو کورتە چیرۆکی « کالدویل » ئەخوێنیتەوە بەرەو ڕوی ژیان خۆت لە بەردەمی جیهانێکدا ئەبینی کە بڕە لە کۆڵ ئەدانو نازایەتی ٠٠ ئەم چیرۆك نوسە ئەو پەلی دڵڕەقی‌یەی نیشانی جیهان داوە کە لە ناو کۆمەڵی ئەمەریکادا دەژا لەرونـاکیو باش گوزەرانی دائەخات ٠٠

وێنەی ئەو مرۆڤە پێست‌رەش‌و پێست سپیانەی کرتوەو ئەی‌نێتە بەرچاوی هەموخوێندەوارێك کە بەرداشی ئاشی کەرمی خراپیو دۆخی ئابوری ئەمەریکا ئەیانهاڕێتو بەلام ٠٠ بەو هەمو توانایەوەناتوانی هیوای ژیانێکی باشترو جوانتر بەم دو مرۆڤە پێست‌رەنگاو ڕەنگە ببرێت ٠

وارسکین کالدوێل ٠٠یەکێکە لە پێنوس بە دەستانی پێش جەنگی دوەمی جیهانیوکوڕی سەردەمی ولیم سارویان و شتاینبیکە ٠٠ کالدوێل بەرامبەر بە چیرۆکی کورت ٠٠ نوسیوێتی :

« بۆ چیرۆکی کورت گەلێ‌ستایش‌هەیە ٠٠ بەرامبەر بە چیرۆکی کورتو داستانیش‌ئەلێم ٠٠ ئەوە سەرگوزەشتەیەکی ئەندیشەیەو مانادارەو توانایەکی ئەوتۆشی هەیە کە بتوانێ خوێنەر بەلای خۆی‌دا‌ڕابکێشێ ٠ هەروەها قولایشی بە جۆرێکە کە بتوانین‌شوینەوارێکی ئەوتۆ لە مێشکدا بەجێ‌بهێڵێ کەون‌نەبێ ٠ » ئەم نوسەرە باوەری وایە کە ناوەرۆکی‌چیرۆکی کورت بایەخدارترە لەو کارە گشتیەی بە هونەری‌داستان ئەدری ٠

ناوەرۆك بەلای ئەم چیرۆك‌نوسەوە سەرچاوەکەی بۆ ئەو کارانەی ژیان ئەگەرێتەوە کە خەلکی دەربارەی ئەدوێن وەك ٠٠ پیری ژنو پیاو ٠٠ هەروەها ئەو گیروگرفتانەی توشیان ئەبێتو هەیانە ٠٠٠ بێجگە لەمانەش ٠٠ لەگەل ئەوەی نوسەر گەلێ ڕوداوو ڕێ‌ناخۆشی خۆی هاویشتۆتە ناو چیرۆکەکانیەوە ٠٠ بەلام پالەوانی چیرۆکەکانی زۆر لە واقیعەوە نزیکن ٠

هەستی گالتەجاڕی زیاتر لەناو بەرهەمەکانی کالدویل‌دا تواونەتەوەو گونجاون ٠٠ خوێنەر بە ئاشکرا هەست بە ناهەمواری دەستدرێژی برسێتیو جیاوازی پێستو پایەو پلەو سامان لەناو کۆمەڵی ئەمەریکادا لە چیرۆکانیدا ٠٠ وەك چیرۆکی (بیشامی حەلوا فرۆش)و (کۆمەڵە پیاوێك)و (گرنۆش بۆ ڕۆژی هەلاتوو دەبەم) دائەکات ٠٠ کە لە (کالدویل)یان پرسی دەربارەی شتی خۆش بۆ نانوس وتی : ئەم شتانەی کەوا بەبەرچاوەوەن ئەگەر هەتاهەتایە ون‌بن لەبەرچاو ٠٠ وا هەست ئەکەم پیویست ناکات باسی ئەو برینە بکەم کە هەژاری ئەیکاتە گیانی نادمیزادەوە ٠

★

چیرۆکی زۆر کورت

مۆدیل

سەرەتای چونە قوتابخانەمان‌بوو لە ساڵانی خوێندنی هونەرە جوانەکانا ٠٠ئەماتویست بکەینە وێنەتاکەی بەرانبەرمان کە قوتابیەکەورەکان تابلۆی دوا ساڵی خوێندنیان تیا ئەکێشا ٠٠یەکەمجار بەم جۆرە تێی گەیشتم ٠٠

مودیل ، ڕاوەستاوە ، وەکوروالەتێکی چاو لێکەری لە سەرزەمینەیەکی پەمەیی دیار بوبایەخی پێ درابو ، لە بەردەمیا میزێکی بە پارچەیەکی سورباوروکەش گرابو ، کە وێنەی سێوو موزو ترێی پێوەبو ،قوتابیەکان بە هەمو سەر گەرمیانەوە وەبەتایبەتی ئەمڕۆخەریك وێنەکێشان بون چونکە بواری تاقیکردنەوەی‌توانا‌و چالاکیان بو ٠٠

یەکێك لە مامۆستاکان خۆی‌کرد بەژورا ، لە پشتی‌قوتابیەکانەوە بە ئاگاداریەوەئەکەڕا ، لە لای یەکێکیانەوە وەستا ، بە چاویلکەیەکی‌پزیشکیەکەی سەیری تابلۆکەی کردو لێی‌پرسی :

– گوا پەردە پەمەییەکە ،کوامێزەکەو روکەشەکەی ، کواسێوو پرتەقاڵو مۆزەکان ٠٠بۆ ئەت‌کێشاون ٠٠ نایان بینی ؟

قوتابیەکە لە سەر خۆ وتی:

– **بەڵێ ئەی بینم ٠٠ بەلام‌وێنەیان ناکێشم ٠٠ چونکەدروست کراون ٠٠ لە گەل‌واقیعی مودیلەکەدا ناگونجێ ٠**

مامۆستاکە بە توڕەییەوەوتی :

– **ئەی ئەم قەوارەی ئەبەردەمتایە ٠٠ ڕەنگە کەی‌نابینی ؟ کەوابەشمین وێنەی‌ئەکێشی ؟**

مامۆستاکە ئەمجارە‌چاوەڕوانی وەلامی ئەکردوبەتوڕەییەوە ڕۆیشت ٠ لەناکاوهەستمان بەدەنگێك کرد کە شتێك کەوتە سەرزەویەکە ٠

مودیلەکە لەسەرمانا کەوتوەو کاتەدا ڕەنگی شین‌وەرگەڕا وەکو ئەوەی کەقوتابیەکە ڕەنگی ئەکیشا هەر وەکو لە ناو ئازاردابێو تاکوهەردو قاچی ڕەنگ کرابێ ٠

چەند ساڵێك تێپەڕی ٠٠قوتابیەکە بوبە هونەرمەند ، لەهونەرە کەیا باس ڕاستی‌مرۆڤایەتی‌و ئازارەکانی دەرئەخست ٠٠ لە بەرئەوەباسی مودیلەکەی لە بیرچوەوە کە چۆن لە گەل‌مامۆستاکەیا دواوە ، بەلام هەستم کرد کە ئامادەم ئەم‌ڕوداوە وەکو فلیمیك لە بارەی‌ژیانی (مودیل)ەوە تومار‌بکەم ٠٠ لە بەرئەوە کە هونەرمەندە لێ هاتوەکەفەرمانی مامۆستاکەی خستەپشت گوێ لە کاتی وێنەکێشانەکەدا ، چونکە ناتوانێ درۆ لە هونەرەکەیابکا – بۆیەوتی :

ئەم تابلۆ سپیە وەکوویژدان وایە ٠٠ هەر درێژەکی‌تیابکرێ هەتا هەتایە ناشیرینی‌ئەکات ٠

Institut Kurde de Paris

سەرکۆماری عیراق

سەرکۆمار پیرۆزبایی لە سەرۆکی مالی ئەکا

سەرکۆمار احمد حسن البکر بروسکەیەکی پیرۆزبایی بۆ بەڕێز موسی تراوری سەرکۆماری مالی ناردوە بەبۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی کۆماری مالی یەوە ٠

ئەمەش دەقی بروسکەکەیە : بەڕێز موسی تراوری سەرکۆماری مالی

بەبۆنەی بیرەوەری جەژنی نیشتمانی کۆماری مالی یەوە بیم خۆشە بەناوی گەل وحکومەتی عیراق و بەناوی خۆمەوە جوانترین پیرۆزبایتیان پیشکەش بکەم ، داوای تەندروستی بۆ بەڕێزتان وبەختیاری بۆ ئەلی کۆماری مالی برامان ئەکەم ٠

احمد حسن البکر
سەرکۆماری عیراق

میوانداری کۆشکی کۆماری

سەر لەبەیانی روژی سێشەممەی رابوردو بەڕێز عبدالستار عبدالجبار بالوێزی عیراق لە جیکوسلوفاکیاوە طە رجب عریم بالوزیر لە سەلتەنەتی عمان بەبۆنەی رویشتنیانەوە بۆ شوێنی ئیشەکانیان ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندا ریدا تۆمار کرد ٠

وەدکتور سعدون عبودبالویزی عراق لە سنگال وعبدالملك احمد یاسین جێگری وەزارەتی دەرەوە و دکتور اسماعیل عبدالحمید مرزەبالوێز لە دیوانی وەزارەتی دەرەوە بەبۆنەی هاتنەوەیان بۆبەغدا ناوی خۆیان لە دەفتەری میواندا ریدا تۆمار کرد ٠

بریارێکی گرنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش دەسەلاتی داوە بە ئەمینداریتی گشتی ئەموالی وجەمەدە کە ریگەوتنی ئەو خانوە موجەمەدانە بەدەر کاتەوە ، کە کرێ ئرتەکانی بە پێ رەزامەندی ئەمینداریتی گشتی لە ژێرەوە ئەیدەنەوە

بەکرێ ٠٠ دەقی بریارەکە ئەلێت ٠٠ ئەبێ ئەو خانوانە لەکرێ چیەکانی وەرئیرتەوە ، وە ئەبێت لە بریاری ژمارە (١٢٥٦)ی ١٩-١١-١٩٧٥ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ئیستیسنا بکرێن ٠

دەسەلاتی ئەم بریارە ئەو خانوە موجەمەدانە ئەئرێتەوە کە لە ژێرەوە پێش دەرچونی و بێ رەزامەندی ئەمینداریتی گشتی بەکری دراون ٠

بریارێك سەبارەت بەچونیەتی حساب کردنی خزمەتی متقاعدە عەسکەریەکان لەوەزیفەی مەدەنی دا

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بریارێکی لە بارەی ڕێخستن و حساب کردنی ماوەی خزمەت و مانگانەی ئەوانەوە کە لە هێزی چەکداریان ئەسکەری ئەقاویتن لە فەرمانبەرتی مەدەنی کاریان کەکەن دەرکردوە ٠

لە بریارەکەدا ئەلێ :

١ - ئەفسەرێکی سوپایان ئەقاویتێك کە لە کولیجی ئەسکەری دەرچوبێ ئەکرێ بە فەرمانبەر لە دایرە رەسمی و شێوە رەسمیەکانا بەومانگانەیە کەئەی کەوێ بەپێ پاسای ریك کردنی بروانامە ئەسکەریەکان وە ئەو ماوەی کە لە دوای بروانامەکەی لە ئیش و کاری ئەسکەریدا بیە بە موماریسە بۆی حساب ئەکرێ لە بەرەی راست کردنەوەی مانگانە کەیەوە ٠

٢ - ئەفسەرێکی سوپایان جێگری ئەفسەر یان دەرەجە دارو سەرباز یان ئەقاوتێك لە وانە کە بروانامەی بەرزیان هەیە یان بروانامە بەیمانایەکی بەرز یان بروانامەی پیشەیی یان هەر بروانامەیەکی نشتی وەکو (ئامادەیی ، ناوەندی ، سەرەتایی)و بەرانبەرەکانیان هەیە یان یەکێك لەو دەورانەی لە بەندی نۆیەمی پاسای خزمەتی مەدەنی ژمارە (٢٤)ی سالی ١٩٦٠دا دەسکاری کراوە لە بارەی مانگانەوە کە بەپێی بروانامەکەی بێ دەرچون ئەتوانن لە دەزگاو دایرەرە ، رەسمی و شێوە رەسمیەکانا دایمەزرێن و ئەوماوەیانە بۆ حساب بکرێ و بەپێی ماوەو بروانامەکەیان مانگانە وەربگرن وەئەو ماوەی ئیش کردنەیان لە بارەی دیاریکردنی مانگانەوە بۆ حساب بکرێ بەپێی ئەم بریارە ٠

٣ - مانگانەی ئەوانەی لەو دوبرگەیەی سەرەوەدا ناویان هاتوە بەپێی بەندی دەیەمی پاسای خزمەتی مەدەنی ئەوانەی لەو دەرەجانەدا لە دایرە رەسمیەکانا دا ئەمەزرێن وە بەپێی وەرگرتنی مانگانە بەپێی پاساو بنچینەکانی خزمەت کردنی کاریێ کراو لە دەزگاو دایرە شێوە رەسمیەکانا ئەوانەی تیایا دا ئەمەزرێن مانگانە وەرئەگرن بەو مەرجەی هەمو مانگانەکەی لە گەل مرچەی گرانی بۆ ئەوانەی کە ژنیان نەهێناوە لە وراەدەیە زیاد نەکا کەبەپێی بریاری ئەنجومەنی سەر کردایەتی شورش ژمارە (٩٥) سالی ١٩٧٤ بوی دیار یکراوە ئەگەر ئەو مانگانەیەی کە لە بری ١٦ی بەندی یەکەمی پاسای خزمەت و ئەقاویتی ئەسکەری ژمارە (١)ی سالی ١٩٧٥دا کە لەخزمەتی ئەسکەریدا وەری ئەگرت ، وە ئەبێ مانگانەکە بەپێی بەرزترین بروانامەبێ ئەگەر زیاتر لە بروانامەیەکی هەبو ٠

٤ - جێگری ئەفسەرو دەرەجە دار یان سەرباز یان ئەقاویتەکانیان (پیشەیی و بێ پیشەیی) ئەوانەی کە بروانامەی نشتیان بەپێی پاسای کار کردنی ژمارە ١٥١ی سالی ١٩٧٠ی دەسکاری کراونیە ئەتوانرێ رۆژانەیان بۆ دابنرێ کە لە رۆژانەی کریکاریکی پیشەیی کەمتر نەبێ بەپێی بریاری ژمارە (٧)ی سالی ١٩٧٥ کە لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتیەوە دەرچون یان بۆ ئەوانەی کە پیشەیی نین بەپێی برگەی (سێیەم) -٢- لە بریاری ئەنجومەنی سەر کردایەتی شورش ژمارە (٩٥)ی سالی ١٩٧٤وە هەمو خزمەتە ئەسکەری و مەدەنیەکان و خزمەتی کریکاری لە دایرە رەسمی و شێوە رەسمیەکانا بۆ حیساب ئەکرێ و زیادەی سالانەی ئەدرێتی کە بەپێی پاسای ناوبراو ئەیگرێتەوە بەو مەرجەی هەمو مانگانەکەی لەو مانگانەیە زیاد نەکا کەورەی ئەگرت یان ئەو مانگانەیە کە لە بری (٣)ی سەرەوەدا هاتوە لە کاتێکدا کە خزمەتی سەربازی کردوە ٠

٥ - ئەو ئەسکەریانەی ئەقاویت کراون بەر لە ١-١-١٩٧٥ بەپێی پاسای ناوبراو دا ئەمەزرێن بەو مەرجەی مانگانە کەیان لە خزمەتی مەدەنی دا لەو مانگانەیە زیاتر نەبێ کە بەر لە ئەقاویت کردنە کەیان وەریان ئەگرت ٠٠

٦ - ئەو ئەفسەرو قومسیرانەی کە پاسای خزمەتی پولیس و ئەمن و جنسیەی ژمارە (١٤٩)ی سالی ١٩٦٨ دەسکاری کراو ئەیانگرێتەوە یان تیایا ئەقاویت کراون لەفەرمانبەرتی خزمەتی مەدەنی دایرە رەسمی و شێوە رەسمیەکانا بەو مانگانەی کە وەری ئەگرن کە بەپێی بروانامەی کولیجی پولیسی یەو بەرانبەر کراوە بە بروانامەی سەرەتایی زانکۆکان وە بروانامەی ئامادەیی پولیسی بۆ قومسیرەکان کە بە بروانامەی سانەوی وە ماوەی ئەواوی دوای بروانامەکەی کە لە خزمەتی پولیسی داو خزمەتی مەدەنی دا بەرە رەسمی و شێوە رەسمی یەکانا بۆ حیساب بکرێ بۆ مەبەستی دیاریکردنی مانگانە بەو مەرجەی کە لە مانگانەی پولیسی یەکەی زیاتری بۆ حیساب نەکرێ ٠

٧ - ئەو ئەفسەرو قومسیرو دەرەجە دارو پولیسانەی کە یاسای خزمەتی پولیس و ئەمن و جنسیەوە یان ئەقاویتە کانیان ئەیگرێتەوە کەبروانامەی بەرزیان هەیە یان بروانامەی بەیمانگای بەرزیان بروانامەی پیشەیی یان هەر بروانامەیەکی ترەوەکو : (ئامادەیی - ناوەندی - سەرەتایی)یان بەرانبەرەکانیان هەیە وەیان لەو دەورانە دەرچون کە لە بەندی نۆیەمی پاسای خزمەتی مەدەنی دا هاتوە بەمانگانەی بلەی بروانامە کەیان دا ئەمەزرێن و ماوەی دوای بروانامە کەیان بە خزمەت بۆ دائەنرێ لە پولیسی یان لە ئیش و کاری مەدەنی دا (لە دایرە رەسمی و شێوە رەسمی یەکان) دا ، وە ئەو مارەسەیانە بۆ دیاری کردنی مانگانە کەیان دائەنرێ بەپێی برگەی (٦)ی سەرەوە ٠

٨ - ئەو ئەفسەرو قومسیرو دەرەجە دارو پولیس و ئەقاویتەکانی (پیشەیی بن یان بێ پیشە) کە بە پێی برگەی (٤) بروانامەیان نیە دائەمەزرێن ٠

بروانە ل ٧

ئالەنگێکی ئایینی بەبۆنەی «لیلة القدر»ەوە

پێری شەو کۆمەلی مەدایی ئیسلامی لە مەرقەدی کەیلانی بە بۆنەی شەوی قەدری پیرۆزەوە ئاهەنگێکی ئایینیان کردوە ٠٠ لەو ئاهەنگەدا بەڕێز دکتور احمد عبدالستار وەزیری ئەوقاف و بەڕێز خیرالله طلفاح سەرۆکی کۆمەلەی یوزاندنەوەی کەلەپوری ئیسلامی و زمارەیەك لە بیاوە ئایینیکان و جەماوەرێکی زۆر بەشدار بون ٠

بەو بۆنەیەوە بەڕێز وەزیری ئەوقاف وتارێکی خوێندوتەوە وتویەتی : ئاسەم شەوە پیرۆزەدا مێژوی مرۆڤایەتی لەدایك بونی ئەوەیەك وبەسەرنج دانەوە ئەوارێتە هەلبونی شارستانیەتی وبەرەبەیانی سەردەمێکی نویی مرۆڤ لەسەر زەمیندا ٠٠ نامەی ئاسمانی و کتیبە پیرۆزەکەی خوای گەورە عەرەبی یەك خستو ئەرکی پیراگەیاندنی خستنە سەر ئەستۆو کردنی بە ناوەرۆك و بەردی بناغەی چاك ترین ئەتەوە کە لە ناو خەلکیدا بەیدابوە بۆ چاکە کردن و خەلك لەخرابە دور خستنەوە باوەریان پە خوا هەیە ٠٠

ئەو رابەرینە فکری یەی لەوکاتەوە تائیستاکە هەربەردەوامە یەکێکە لە بەرەکانی رێبازی قورئان لەکرداری بیرکردنەوەو گورج کردنەوەی مێشك و بسکتین لە ئەردون و رۆچون بەدروست کردنا ٠ ئەمەشی هاوتەریبی قورئانی پیرۆزە لە نیوان زانیاری و بیروباوەردا لەنیوان مێشك و باوەردا لەنیوان ژیانی روحی و ژیانی فکریدا ٠٠ هەروەها وتویەتی ٠ بەلام بەوەندی مرۆڤایەتی چلە بۆیێکە کە مرۆڤ لە ژیانیدا لە سەر ئەم زەمینە بێی گەیشتبێ برایەتی و یەکسانی و خۆشەویستی و بەزەیی و میهرەبانی لە سەر بناغەی ساکاری یەکی تەبیعی هەلقولاوە- ئەوە کە ئێوەی لە یەك یان دروست کردوەو هەرلەویش تاکەکەی تری دروست کردوەو

بروانە - ل - ٧ -

مانگی داهاتوو نیری بازرگانی دەرەوە پیشانگای نوێی بەغدا ئەکاتەوە

بەڕێز حکمت ابراهیم وەزیری بازرگانی دەرەوە لە سەرەتای مانگی داهاتودا سیازدە هەمین سوری پیشانگای بەغدای دەولەتانی ئەمسال ئەکاتەوە .

ئەو دەولەتە دوست وبرایانەی ئەمسال بەشداری پیشانگا کەیان کردوە ٤٨ دەولەتن جگە لە زیاتر لە سەد کومپانیا و دامەزراوی هەمەجۆرەی دەولەتان .

بەڕێز عبدالمجید خالد بەرپرسی دەزگای پیشانگا عیراقیە کان وتویە کەلوبەلکی زۆری بەرهەم هێنراو دانراوە بەپێی پێویستیە کانی بازاڕەناو خۆیە کانی عیراق . وە وتویە سوڕی ئەمجارە بارمەتی ئەخشەکانی کەشە کردنی ئەتەوایەتی ئەدات کە ئیستا لەولاتدا بەردەوامە .

وە دیسان وتی عیراق کەلیك بارمەتی ولاتە ئەشە کردوەکانی داوە بە تایبەتی دەولەتانی کیشوەری ئەفریقا ئەوانەی کە پەیوەندیان لە گەل زایونیستەکانا بریوە و هەلویستیان بەرامبەر جارەنوسی مەسەلەی فەلەستین باشە .

ئا٠د٠ع



پێشمێنارەکانی مەکتەبی جوتیاران بۆ حزب

سەبارەت بە بەرەپێدانی کەرتی کشتوکال

رۆژی یەکشەممەی رابوردو بەرێز حسن علی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکالی سەرۆکایەتی کۆبونەوەیەکی تایبەتی لیژنەی ئەنجومەنی کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشمێنارانەی مەکتەبی جوتیاری مەرکەزی پێشکەشی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی کردوە سەبارەت بە بەرەپێدانی کەرتی کشتوکالی ٠

پێشمێنارەکە داوای کردوە کە چاودێریەکی بەردەوامی ئەو دەزگا بەریوە بەرایەتیانە بکرێت کە لە دیهاتەکاندا ئیش ئەکەن یا ئەوانەی پەیوەندیان بەکەرتی کشتوکالەو جوتیارانەوە هەیەو چاو پۆشی لەو کەسانە نەکرێت کە کەم تەرخەمی نە ئیشەکانیاندا ئەکەن ، لەگەل زیادکردنی کۆپە کۆمەلایەتیکان لە لادێکانداو ئامادەکردنی هەمو پێویستیەك بۆ ئەو کۆپرانە ، تا هوشیاری و وریا بونەوە لە ناو جوتیاراندا بلاو بکەنەوە ٠

هەر وەها داوای کردوە کە لە پێش کەش کردنی خزمەت گوزاری یە پێویستەکانی وەك، ئەندروستی و فیرکردن و ئاوی خواردنەوەو کارەباو چاك کردنی رێگاوباندا چالاکی بنوێنێت ٠

پێشمێنارەکە مەسەلەی کۆکردنەوەی جەلکی دیهاتەکانی بەکارێکی گرنگ و بایەخداری داوتە قەلەمو ئەوەی دوباتە کردۆتەوە ، کە پیویست بە ئامادەکردنی نەخشەیەکی

بروانە ل : ٧

بانگەوازێك بۆ چاودێری کردنی هەڵهاتنی مانگ و داهاتی جەژنی پیرۆز

فەزیلەی قازی بەغدا بەیاننامەیەکی دەرکردوە داوای لە هاووڵاتیان کردوە کە سبەی ئیوارە بۆمانگی ، مانگی شوال بگەڕێن ، تایبەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆز دەست نیشان کرێت ٠

ئەمەش تەواوی بەیاننامەکەیە

بەناوی خوای گەورەو میهرەبانەوە بەیاننامە

بۆدیاری کردنی یەکەم رۆژی مانگی شوالی مەزنی سالی ١٣٩٦ی کۆچی ، تکا لە هەمو مسوڵمانان ئەکەم کە ئیوارەی رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ٢٩ی رەمەزانی پیرۆزی رێکەوتی ٢٣-٩-١٩٧٦ بۆمانگ بگەڕێن ٠٠ وە ئەوەی بە تەواوی و بێ گومان ئەیبینێ بچێتە دادگای شەرعی لە بەغداو لەوی شایەتی بدات ئەوە بەنیسبەتی ئەوانەوە لە بایتەختان وە ئەوەی لە دەرەوەی بەغداشە ئەتوانی لە شوێنەکەی خۆی بچێتە دادگای شەرعیە ٠٠ دەرگای دادگا لە رۆژئاوا بونەوە تا چەند سەعاتێکی شەو داناخرێت ٠

عبدالقادر ابراهیم علی
قازی یەکەمی بەغدا

ئا٠د٠ع

خوێنەری بەڕێز

- باوکی شیرین -

● خوێنەری بەڕێز « ٦٣ » هەزارو «١٢١» خێزان لە جوتیارانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی هەناوەکو ئێستا دوو ملیونو ٢٧٨ هەزار دۆنم زەویو زاریان بە پێی پسای ژمارە «٩٠» تایبەتی بە ملکداری ناوچەی ئۆتۆنومی یەوە وەرگرتوە . بەوەشیش هەنگاوێکی ترە لە بواری جێبەجێ کردنی یاساکەدا بە شێوەیەك لە گەل سەرجەم هەمو ئالوگۆڕە شۆڕشگێرانەیەی تری وڵاتدا بگونجێت ، بە تایبەتی لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا ٠ ئامانجی ئەم هەنگاوە بەنرخە تەنیا دابین کردنی جاکەی جەماوەری کوردەو چەسپاندنی رێبازی ئۆتۆنومی یە ٠٠ جەماوەری کورد ، دەرکردنی ئەم یاسایەو ئەو هەنگاوانەی لە رێگای جێبەجێ کردنیا ئراوە بە سنگێکی فراوانو رێز گرتنێکی گەورەوە وەری گرتوەو ، سەلماندنی وەفاداری شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تموزو حیزبە سەرکردەکەی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی تیادا بەدی ئەکات ٠

● لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا رێبازە شۆڕشگیریەکان گۆڕانە شۆڕشگێرەکان ڕۆژ بەڕۆژ قوڵترو خێراتر ئەپێتەوە ، تا ئەو هەلانەی پخانەوە دەست کە لە مەیدانی بەرەسەندندا لە کیسی چوبو ٠٠ دوای ئەوەی شۆڕش توانی ئاسایشو دڵنیایی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ ، ئەم رێبازەش هەمو جەماوەری ناوچەکە بەدڵێکی پاکەو ڕاست گۆڕانەو وریایانەوە لایەنگیریی ئەکەن ٠

بەستنی کۆڕی کریکارانی لە بارێزگاکانی وڵاتدا بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دیاردانەی کار ئەکەنە سەر کار و بار و هەوڵدان بۆ بەرەپێدانی بەرهەم

لە شوێن و پرۆژەو کارگەکانی بەرهەم هێناندا لە کەرتە جۆریە جۆرەکانی وڵاتدا لێدوان بەردەوامە بۆدیاریکردنی ئەو دیاردە سەلبیانەی کەوتونەتە ناو کارکردنو ئۆرانی بەرهەم هێنانو چارە سەرکردنی یەوە لەبەر رۆناکی ئامۆژگاریە کانی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کۆبونەوەیەکی لە نێوان کریکاران وەدزگاکانی بەرێوە بردندا بتەوتر بکرێ ٠ وە هەرلەم روەوە سینمیارێکی ئەورە لە بەریوەبەرێتی کومپانیا کەدا گیرا کە لە سەر ئەخشەی کار کردنی داهاتو کۆڵانەوە ٠

● **لە زیقار :**

کریکارانی رێگای ئاسن لە بارێزگای زیقار پیرێ سیمینارێکی جەماوەری یان بۆ کریکارانی دەزگا کەیان لە بارێزگای ناو براودا بەستوە و باسی چالاکیەکانی ئەقابە و ئەرکی بەرهەم هێنان و گورینی پەیوەندیەکانی کار کردنیان کردوە ٠

● **لە واست :**

لە بەر رۆشنایی وتارەکەی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش مەلبەندی روشنبیری ئەلاحیەکان لە بارێزگای واسط سیمینارێکی فەلاحی فراوانیان سازکرد بۆ فەلاحەکانی ناحیەی الاحرار ٠

● **لە زەجەف :**

یەکێتی ناوچەیی ئەقابەی کریکاران لە بارێزگای ئەجەف پێری سیمینارێکی فراوانی بەست بۆ کریکارانی کومپانیای کشتی ئوتومبیل و کومپانیای بازرگانی عراقی بۆ باسکردنی ئەو دیاردە کریکەرانەی بونەتە هۆی کەم بونەوەی بەرهەم ٠

لە لایەکی ترەوە بەرێوەبەری جەماوەریەکان لە بارێزگا کەدا لەم روەوە چەند کۆڕێکی بەستوە ٠

● **لە ئەنبار :**

لەم بارێزگایە ریکخراوە حزبی و پیشەیی و ئەقابی و کەلیەکان لە ئەنجامی شورشگیرانەی ئامۆژگاریەکانی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەر کردایەتی شورش کۆڕێکی فراوانو رێز گرتنێکی گەورەوە وەری گرتوەو ، سەلماندنی وەفاداری شۆڕشی ١٧ - ٣٠ تموزو حیزبە سەرکردەکەی حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی تیادا بەدی ئەکات ٠

● لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا رێبازە شۆڕشگیریەکان گۆڕانە شۆڕشگیرەکان ڕۆژ بەڕۆژ قوڵترو خێراتر ئەپێتەوە ، تا ئەو هەلانەی پخانەوە دەست کە لە مەیدانی بەرەسەندندا لە کیسی چوبو ٠٠ دوای ئەوەی شۆڕش توانی ئاسایشو دڵنیایی لە ناوچەکەدا بچەسپێنێ ، ئەم رێبازەش هەمو جەماوەری ناوچەکە بەدڵێکی پاکەو ڕاست گۆڕانەو وریایانەوە لایەنگیریی ئەکەن ٠

● **لە هەولێر :**

لە ناو چوار چێوەی راوەستان لەسەر واقیعی بەرهەم و بەرهەم هێنان و هۆیەکانی پیشکەوتنی بەرهەم هێنان لە بەر رۆشنایی ئامۆژگاریەکانی مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش کۆبونەوەیەکی هاوبەش لە نێوان مەکتەبی کریکاران لە سەرکردایەتی لقی زۆروی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو یەکیتی ناوچەیی ئەقابەی کریکاران و بەریوەبەری کارگەی مەرمەردا بەسترا ٠

● **لە کەربەلا :**

پیرێ لە کومپانیای کشتی قوتو خستن لە بارێزگای کەربەلا ئەو لایەنە شورشگیرانەی ئامۆژگاریە کانی بەریز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش باس کرا ٠

● **لە سلیمانی :**

پیرێ لە سلیمانی کۆبونەوە-

بروانە ل ١١

Institut kurde de Paris

وەزیری بەروەردە

پرۆژەی یاسای بەزۆرخوێندن وللابردنی ناقیکردنەوەی وەزاری قوناغی سەرەتایی بلاوکردەوە

رۆژی شەممەی رابوردو بەریز محمد محجوب وەزیری بەروەردە بلاوی کردەوە کە سەرکردایەتی حزب و شورش بریاری لە سەر پروژەی یاسای بەزۆر خوێندن دا کەوەزارەتی بەروەردە ئامادەی کردوە .

هەروەها بلاوی کردەوە کە ناقیکردنەوەی وزارەت لەسەر قوناغی خوێندنی سەرەتایی لابرا لە سالی خوێندنی ٧٦ - ١٩٧٧ەوە .

سەر لە ئیوارەی رۆژی شەممەی رابوردو بەریز وەزیری بەروەردە لە ئیستگەی تەلەفزیونی بەغداوە بەبۆنەی دەست کردن بە سالی خوێندنی تازە ئەمەی بلاو کردەوە وتی : ئەم بریاری بەزۆربن خوێندنە بریارێکی گرنگی میژویی یە لە بواری بەروەردەو کەشە کردندا .. وەهەنگاوێکی شورشگیری و پێشکەوتوانەیە کە لە ناخی داخوازیەکانی شۆرشەوە هاتوە کە باوەڕی بەلەناو بردنی هەمو پاشماوەکانی دواکەوتن هەیە .. کە زانین و خوێندنی بەمانی هەمو هاونیشتمانیەك داناوە کە پێویستە لەسایەی ئەتەوایەتی و سوشیالیستیدا کەباوەری پێیەتی فێری بین .

● **بەخۆڕایی خویندن :**

بەریز وەزیری ناوبراو وتی: سەرکردایەتی حزب و شورش چونکە باوەڕیان بەگرنگی خوێندن هەیە لە پێناوی بنیات نانی دواڕۆژدا لە بەرئەوە زۆر بایەخیان بەکەرتی بەروەردە و فێرکردن داوە بریاریان لەسەر بەخۆڕایی خوێندن داو قوتابخانەیان بۆ هەمو قوتابیەك سازکرد . هەروەها زەمینەیەکی لە باریان بۆ ماماستایان ڕەخساند کە بتوانن فەرمانەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات ، هەروەکو یارمەتی قوتابیەکانیان داوە لە پێناوی فێربون و سەرکەو تنیانا .

وەزارەتی بەروەردە دەستی کردوە بە کارکردن لە پێناوی بەجێ گەیاندنی بەرنامەی کاردا لە بواری بەروەردەدا بەپێی بریارەکانی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .. هەروەها وتی زۆرم بن خۆشە ئەمڕۆکە ئەوەتان بۆ بلاوبکەمەوە کە سەرکردایەتی حزب و شورش بریاری لە سەر پروژەی یاسای بەزۆر خوێندن داوە کە وەزارەتی بەروەردە ئامادەی کردوە ، کەئەمە بریارێکی گرنگی میژویە لە بواری بەروەردەو کەشەکردندا وەهەنگاوێکی شورشگیری پێشکەوتوانەیە کە لە ناخی داخوازیەکانی شورشەوە هاتوە کە باوەڕی بە کۆتایی هێنانی هەمو پاشماوە کۆنەکان هەیە وزانین و خوێندن بەمافی رەوای هەمو هاونیشتمانیەك دانەنێ و پێویستە لەسایەی ڕێبازی ئەتەوایەتی و سوشیالیستی فێری بین .

وەزیر بە هیواین کە بەزۆر خوێندن لە قوناغی سەرەتاییداو ئەو هەنگاوە ئیجابیانەی لە بواری هەولدانی نیشتمانی تەواودا بزنە هێشتنی نە خوێندەواری دراوە شارستانیەتێکی نوێ لە برای بەروەردەو زانست و روشنبیری دا ئەخولقێنێ .. وەکۆتایی بەهەمو شوێنە وارێکی دواکەوتویی و نە خوێندەواری دێنێ و بەرنامەیەکی بەروەردە کردنی نوێ دێنێتە پێشەوە کە لە هەل ئامانجەکانی کەشە کردنی ئەتەوایەتیدا بکونجێ بەپێی ئەوبڕ یارو ئامۆژگاریانەی حزبەکەتان حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب کەدانیاوە .

● **باشترین یاسای بەروەردە کردن**

هەروەها ئەوەی سەلماند کە وەزارەتی بەروەردە هەول ئەدات بۆ جێبەجێ کردنی باشترین یاسای بەروەردە کردن کە لە بارو زروفێکی مەوزوعیانەو بیرو باوەڕێکی کونجو دابێ بۆئەوەی ڕێبازی کارکردنی بەروەردە کردن لە روی ئیش کردن و هۆشەوە پێش بکەوێ .. وەوتی لە بەرئەوەی کە باوەڕمان بە ئامادە کردن و جێبەجێ کردنی باشترین بەرنامەی دیموکراتیانە هەیە لە بواری خوێندندا بریاردرا کەناقیکردنەوەی وەزارەت لە سەر خوێندنی قۆناغی سەرەتایی نەمێنێ وەئەمەش لە سالی خوێندنی ٧٦ - ١٩٧٧ەوە بەپێی ئەوباوەڕە کە قۆناغی سەرەتایی قوناغێکی بنەڕەتی و پێویستە بۆ دروست کردنی قەوارەی کەسایەتی هاووڵاتیەکان وەبەپێی ئامانجەکانی بەروەردە کردن کە پێویستی کردوە ماوە بۆ هەمو قوتابیەك بڕەخسێ کە بەپێی ڕێبازی کەشە کردن ئەو کارانەی بەفیڕۆ ئەڕۆن و ئەبنەمۆی دواکەوتنی قوتابیان نەمێنێ .

دیسانەوە بەریز وەزیری ناوبراو وتی : لە کاتێکدا کە بەپۆنەی سالی خوێندنی تازەوە بیرۆزبایيتان لێ ئەکەم ، لەو باوەڕەدام کە ئێوە هەست بە لێ پرسینەوەی میژویی ئەکەن کە کەوتۆتە ئەستۆتان و هەول ئەدەن لە بواری خوێندنا زۆرتر پێشکەوون بۆ ئەوەی شوێنەواری لە دوا ڕۆژی ئەتەوەکەمانا دیاربێ و ئاواتە کانی یەکێتی و ئازادی و سوشیالیستی بەدی بهێنن .

● **لە بواری خەباتکردنا :**

لەم ڕووەوە بەیاننامەیەك دەرچوە ئەلێ : قوتابیان لە بواری خەباتکردنیانا توانیان بەرەنگاری تاقمە کۆنە پەرستەکەی ژوروی وڵات بوەستن و بەشداری سرینەوەی هەمو شوێنە وارێکی دواکەوتن بکەن کە بەسەر ناوچەکانی ژوروی وڵاتە خوشەویستە کەمانا هاتبو ، ئەوەی کە قوتابیان پێشکەشیان کردو ئەیکەن بەلگەی هوشیاری جەماوەری قوتابیانمانە کە شان بە شانی هەمو ئاوانەکان ئەروات کە جولانەوەی قوتابیان لە قوتری عیراقداو بە سەرۆکایەتی یەکیتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق دەست نیشانی کردوە .

● **قوتکردنەوەی پەیوەندی یە دیموکراتیەکان ..**

بەیاننامەکە ئەوەی سەلماندوە کە پێویستە پەیوەندی یە دیموکراتیەکان زۆرتر قوت بکرێنەوە ، وە وتوویژی دیموکراتیانە بکرێ بە بنچینەی هەمو گفتو گۆیەك کە لە قوتابخانەو پەیمانگاکانو کولیجەکانا ئەکرێ .

بەیاننامەکە داوای لە جەماوەری قوتابیان کردوە کە لە پێناوی بەجێ گەیاندنی بریارەکانی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی سەرکردەدا لە بواری بەروەردە کردنی سوشیالیستیدا لە قوتابخانەو پەیمانگاو کولیجەکاندا ئیش بکەن .. وەخۆیان بۆسەرکەوتنی هەولدانی نیشتمانی لە بارەی نەهێشتنی نەخوێندەواریە وەناوبردنی کانی تەلە تیکۆشەرە کەمانا ئامادە بکەن .

وە لە سالی ٩٧٨ - ١٩٧٩دا دەست ئەکرێ بە جێبەجێ کردنی بەژۆرێ خوێندن لە هەمو قوتابخانە سەرەتاییەکانی وڵاتدا .

سێ ملیۆن قوتابی کوردو کچی خوێندنی سالی نوێ دەستپێ ئەکەن

بەیانی ڕۆژی یەك شەممەی رابوردو ٣ ملیون قوتابی کوردو کچ لە پلەی خوێندنی گشتی یدا چون بۆ قوتابخانەکانیان تاکو دەست کەن بە خوێندنی سالێکی نوی ڕ هیواو باوەڕ بە دوارۆژێکی روناك .

وا چاوەروان ئەکرێت کە قوتابیانی پلەی سەرەتایی لە خوێندنی سالی ٧٦-٩٧٧ دا بگاتە بتر لە دوو ملیون قوتابی نیو ملیونیان ئەو قوتابیانەیە کە ئەمسال لە پولی یەکەمی سەرەتایدا وەرگیراون قوتابیانی پلەی ناوەندی و نامادەیی لە ٧٠٠ هەزار قوتابی زیاترە ، لەوانە ١٥٠ هەزاریان لە پولی یەکی ناوەندی یەو ٦٠ هەزاریان لە پولی چوارهەمی نامادەیی یە .. بەلام سەبارەت باخچەکانی منالان وا چاوەروان ئەکرێت دەوروبەری ٦٠ هەزار منالی کورو کچ بەشداری ئەو باخچانە بن .

هەمو قوتابیانی پلەی گشتی لە وڵات دا بریتی یە لە ٢٥٪ی ژمارەی دانیشتوان .

● قوتابیانی پەیمانگاو زانکوکان .

لە هەمان ڕۆژدا ٥٣ هەزارو ٥٠٠ قوتابی کورو کچ بۆ خوێندنی سالی نوێ چونەتەوە کولیج و پەیمانگا کانیان .

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی خوێندنی بالاو لیکولینەوەی زانستی رایگەیاندوە کە ئەنجامەکانی دەوری دووهەمی کولیج و پەیمانگاکان وا بەرەو دوا دەرکەوتون ، ئەنجامی وەرگرتنی قوتابیانی بۆلی یەکەمیش لە سەرەتای مانگی ئایەدا دەر ئەکەوێت ..

ئا.د.ع

چەند ئامۆژگاریەك

بۆ ئەو قوتابیانەی
ا. دەرەوەی قوتابخانەکان
دێن بۆ تاقی کردنەوە

ڕۆژی یەکشەممەی رابوردو وەزارەتی بەروەردە سەبارەت وەرگرتنی ئەو قوتابیانەی بەخاریجی ئەیانەوێت ، لە پولی سێهەمی ناوەندی و شەش هەمی ئامادەییدا تاقی بکرێنەوە ، هەندی ئامۆژگاریی نوی دەرکردوە .

بەگوێرەی ئەو ئامۆژگاریانە ئەو قوتابیانەی پولی شەشەمی سەرەتایی تەواو ئەکات سێ سال دوای دەرچونەکەی بۆی هەیە لە تاقی کردنەوەی گشتی پولی سێهەمی ناوەندیدا بە شدار بێ .. ئەو قوتابیانەی پولی سێهەمی ناوەندی تەواو ئەکەن بۆیان هەیە ماوەی (٢) سال بەشداری تاقی کردنەوەی گشتی وەزاری پولی شەشەمی ئامادەیی بکەن .

ئامۆژگاریکە هەندێ مەرجی تری دانەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەبێ ئەو قوتابیانەی پولی شەشیان تەواو کردوە ئەبێ تاقی کردنەوەیەکی مەدرەسی بکرێن لە دەرسەکانی پولی دووهەمو سێیەمدا ، وە ئەوانەی پولی سێهەمیان تەواو کردوە لە دەرسەکانی پولی پێنجەمو شەشەمی ئامادەییدا ئەبێ تاقی بکرێنەوە . تا وەکو مافی ئەوەی هەبێ بەشداری تاقی کردنەوەی بەکەلوری بکات .

وە ئەوانەی لە پولی سێهەمو شەشەمی ئامادەییدا دەر ئەچون بەبێ ئەو تاقی کردنەوە تایبەتە بۆیان هەیە سالی ئایندە بەشداری تاقی کردنەوەی بەکەلۆری بکەنەوە .

ئامۆژگاریکە ١٥ شوبات تا ١٥ی نیسانی سالی داهاتوی بەدواکاتی پێشکەش کردنی داخوازی داناوە .

کارەبا بۆ ناوچەی شارەزور

لەم مانگەدا دەزگای کارەبای نیشتمانی (بەشی کارەبای کوندەکن) کارەبای بۆ (٢٠) کوندی ناوچەی شارەزورو هەلەبجە راکیشاوە ، سەرچاوەیەکی سەر بە دەزگای ناوبراو وتویە بەم زووانە ئەم کوندانە کارەبایان ئەدرێتی و دیسانەوە بۆ چەند دێیەکی تریش رائەکیشرێ ، ئەمە بەشێکە لەو پلانی کەشەکردن و پێشکەوتنە کە کوندەکانی وڵات بە کارەبا روناك ئەکرێنەوە ، وە لە هەمان کاتا هۆیەکی کاریگەری زۆرکردنی بەروبومی لادێکان ئەبێت و لادێکان ئەبەستێ بە رەوتی شارستانیتیکی نوێوە ، لەژێر سێبەری شورشی ١٧ی تەمزی نەتەوایەتی و پێشکەوتنخوازدا .

لەنگاوێکی تازەی دەزگای گواستنەوەو هاتوچۆ لە سلێمانی

● **حەمە سەعید حەمەکەریم پەیامنێری هاوکاری لە سلیمانی** ●

لە سەرەتای ئەم مانگەداهێلێکی تازە لە نێوان پاریزگای سلیمانی و ناحیەی عەربەتدا بەقیرتاوی کونکریتی فەننی کۆتایی هات کە یەکێکە لەونەخشەی ئاوەدانیانەی حزبی سەرکردە بۆ جەماوەری دەست نیشان کردوە ، وە هەر لەئەل تەواوبونی ئەم رێگایەدا ڕۆژی ٥-٩-١٩٧٦ دەزگای گواستنەوەو هاتوچوی سلیمانی دو پاسی لەسەر رێگای ناوبراو لە نێوان سلیمانی و دەربەندیخان و سەید صادقدا خستەکار بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیان .

سەرچاوەیەك لە دەزگای ناوبراو وتویە : پاسی رێگای نێوان سلیمانی و سەید صادق هەمو ڕۆژێك لە کاتژمێر ٦٫٣٠ی سەر لە بەیانیەوە تا لە ٨٫٣٠ی نیوەڕۆ شەش ئاروانی ئەمسەرەو سەر ئەدات ، و ترخی گواستنەوەی زەلامێك لە سلیمانیەوە بۆ سەید صادق ١٥٠ فلسەو رێی ئەش کراوە بە سێ بەشەوە ، ترخی گواستنەوەی هەربەشێك پەنجا فلسە . پاسی رێگای نێوان سلیمانی و دەربەندیخان ڕۆژی چوار کاروان ئەکات .. وە وا چاوەروان ئەکرێ بەم نزیکانە رێگای نێوان سلیمانی و ناحیەی سیروان و قەزای هەلەبجەش تەواوبێ و پاسی تایبەتی بۆ دیاری ئەکرێ .

رووں کردنەوەیەك

بۆ مستخدم و فەرمانبەران

وەزارەتی دارایی ئەوەی رون کردۆتەوە کە دامەزراندنی موستەخدەمێك بە فەرمانبەر، یا کردنی کرێکار بە پێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشی ژمارە ٩١١ی لە ١٩-٨-٩٧٦ دەرچوە، پێویست بەوە ناکات کە ئیستیقالە بکات .

ئەوەش لە بەیانێکدا ئاشکرا کراوە کە وەزارەت ڕۆژی یەك شەممەی رابوردو بەسەر دایەرەکانی دەولەتدا دابەشی کردوە تا لە سەری بڕون .

سێ کۆری ئەندروستی نوێ لە سلیمانی

بیرێ لە وەزارەتی ئەندروستی بلاوکرایەوە کە سێ کۆری ئەندروستی لە ناوچەی تاسلوجەو قوماشی و کانی بەردینەی سەر بەپارێزگای سلیمانیدا کراوەتەوە .. ئەویش بە مەبەستی فراوان کردنی خزمەت گوزاری ئەندروستی بۆ هاو ولاتیان .

بریارێك (پاشماوە)

ا - ئەو ئەفسەرە ئەسکەریانەی کە بەر لە ١-١-١٩٧٥ دامەزراون بەپێی دەسەلاتی بەندی حەفدەیەمی یاسای خزمەتی مەدەنی لەم بریارەدا ناگرێتەوە وە سەر لە نوێ تەماشای مانگانە کەیان ناکرێتەوە .

ب - دیاریکردنی مانگانەی ئەو ئەفسەرە ئەسکەریانەی کە لە خزمەتی مەدەنیدا دامەزراون لە دایەرە رەسمی و شێوە رەسمیەکانا لە دوای ١-١-١٩٧٥وە تەقاویت کراون بەپێی یاساو تەقاویتی ئەسکەری ژمارە (١)ی سالی ١٩٧٥ ئەم بریارە ئەیان گرێتەوە .

ج - سەر لە نوێ سەرنجی مانگانە ئەدرێتەوە کە لە خزمەت کردندان یان لە دەرەوەی ئیش و کارەکەدان ئەوانەی کە مانگانە کەیان دەسکاری کراوە بەپێی بریاری ناو سراو . وە (٦٦٣) لە ٢٤-٦-١٩٧٥ دا دیاریکرا ، بەر وەها مانگانەی ئەسکەریەکان و پولیس ئەوانەی کە ئەمسەر نین وە بەپێی بریاری ناوبراو دامەزراون ، وە مانگانە کەیان بەپێی دەسەلاتی ئەم بریارە دیاریکراوە ئیتر ئەو جیاوازیە بۆ ناگەڕێتەوە .

د - ئەم بریارە هەمو ئەو فەرمانبەرانە ئەگرێتەوە کە لە دایەرە رەسمی و شێوە رەسمیەکانا بە پلەی جێگری ئەفسەر یان قومسیرن وەبڕوا نامەی ئامادەیی پولیسی و یان دەرەجە داری و سەربازی و پولیسی نیە ، وە لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەم بریارەدا لە ئیش و کاردان و ئەو کارانەی ئەیکەن لە کەل ناونیشانە کانیانا ئەگونجێ کە لە خزمەتی پولیس و ئەسکەریا ئەیان کرد، ئەمە هەمو ئەو کەسانە ئەگرێتەوە کە بەپێی ئەم بریارە دائەمەزرێن .

شمشیرەکانی (پاشماوە)

هەسەلەی چارەسەری ناردنە ئیروپ و کامل هەیە بۆ بازاری بەرهەمە کشتوکالیەکان و نەهێشتنی ئەو تەگەرانەی ئەو مەسەلەیە نارەحەت و گران ئەکات .

بەشدارانی کۆبونەوەکە بریاریان داوەکە کۆبونەوەیەکی تایبەتی لە ئەنجومەندا بکرێت، بۆ لیکۆلینەوەی وەزعی کشتوکال و چونیەتی بەرهەمیدان و زیارکردنی بەرهەمی کشتوکال و دانانی پیوانەیەکی وردو رێکوپێك بۆ ئەو مەبەستە .

● لەسەر ڕێیە !

شەربەتی چاك

لە هاوینەهەوارێکی شاری سلیمانی دانیشتبوین کاکی بەرێوەبەری کارینو کە هاتە پێشەوەو روی تێ کردین فەرمو چی دەخونو دەخونەوە . بەلێ ئێمەش رەو تی منداڵمان لەتەلدابو ووتمان برا ئەکەر ساردی هەیە ئەوا (١٧) دانە ساردیمان بۆ بهێنە . پاش ماوەی چارەکێ هات ووتی برا ساردی نەماوە . شەربەتمان هەیە بۆتان بهینین .

رووم کردە دایکی منداڵانو میوانەکانی ترمان . ووتم وا بزانم شەربەت لە هەمو شتێ ئەهۆن ترەوو ئەتوانین بچینە ژێر باری . دایکی منداڵانو خویشم بزیەکمان لیوەهات . ووتم بەخوا باش بو ساردی نەبو دانەی بە ٧٥ فلسە زۆر ئەکەوت بەلی کومەڵی لای دەستی راستمانەوە خەریکی هەڵسان بون دەرۆیشتنەوە وادیاربو باسی ئێمەیان دەکرد . یەکیکیان ووتی بەلێ ئەمانیش توش بون . ووتم هەڵخست تۆ بڵیت لەکەل ئێمەیان بیت . ئەکەر لەکەل ئێمەیان بیت . توشی چی بوبین ؟ بەلێ کەوتمەسێو دوو کردن پاش ماوەیەك سینیەك شەربەتمان بۆهات منداڵان پەلاماری شەربەتیان داو شەربەت ئاوێکی روئی شیرینی رەنگ زەرد مەکەر تەنها خویان بزانن چۆنیان دروست کردوە . بەلی شەربەت رەنگو تامی نەبو . لە دلی خومدا ووتم ئاخو نەوانەی کە رۆیشتن مەبەستیان شەربەت نەبوبن کەوتیان بەخوا توش بون . بەلی وابو چونکە لەسەرمێزەکەیان ئەو پەرداخانەم دی کە پش ماوەی شەربەتی تیدامابو وەکو ئێمە . هەرچەند خەریکی منداڵان بوم رۆلە بخونەوە شەربەتی چاکە کەس ئوی لیوەنەبو منداڵی ئەم زەمانەزوو ناخەلەتین .

بەلی کاتی هەڵسان هات ووتم کاکە ئاوەرە حسابەکەت وەرگرە . بەلی کاکی بەرێز حسابی نوسیو کە ئەماشام کرد وەکو شولکی بدەن بەسەری لووتما هێندێ ئارەقم کردوە ووتم کاکە تو بڵێیت بە هەلەدانەچوبی . چون بارەی (١٧) دانە شەربەت (٢٫٥٥٠) دوودینارو پێنج سەدو بەنجا فلسە وە ٢٥٥ فلسیش حەقی خزمەتوتی نا هیچ بە هەلەدا نەچوم هەموی دەکاتە ٢٫٧٥٥ . بەلی ئارەقی شینو مۆزم ووشك بوە وەو پارە درا . دانەی شەربەت بە (١٥٠) فلس حساب کرا . خو ئەکەر شەربەتیش بوایە شوکرانەی دەویست بەلام مەکەر شەربەتەکەی خواێ خوش بێ خولە سنەیی ئەوەندە رون بوبن هەڵسام ئینجا ووتم بەخوا ئەو کومەڵەی رۆیشتن هەقیان بو بڵین چاك توش بون .

برا توبە قوزەڵقورت ئەخوینەوە . لەمەولا شەربەتیش حەرامە ... جا شەربەتێ بە (١٥٠) فلس بێ داخو شتی تر بە چەندبێ هیوادارم کاربەدەستانی هاوینە هەوارەکان چارەیەکی ئەم جورە کردەوانە بکەن . تا خەلکیش تاوتاو شەربەتیکی چاك بخواتەوە . بەلام بە (١٥٠) فلس نا ...

- باوکی بەختیار -

خۆپاراستن لە کارەساتی سەر ڕێگا

بەڕێوەبەری گشتی هاتوچۆ ئەوەی سەلماندوە کە ئەو پستە هەمو ئەو دەزگاو دایەرەولایەنانەی کە ئوتومبیلیان ئەورە وە بە تایبەتی لەپی باری ئەوربایەخ بە هەسەلەی پارێزگاری هاو ولاتیەکان بدەن شوفیرو هەمو کەلوپەلەکانی لەسەر ڕێگای دەرەوە بپارێزن .

لەم دواییەدا بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو ژمارەیەکی زۆری لە دەزگاو دایەرەو دامەزراوە رەسمیەکان ئاگادار کردوە تێی گەیاندون کە لەسەر رێگاکانی دەرەوە گەلێك کارەسات رو ئەدات و ئەبنە هۆی لە ناوچونی گیانی هاو ولاتیان و زەرەرو زیانێکی زۆر .. کە ئەمانەش زۆربەی گوناهی شوفیرەکان ئەگرێتەوە چونکە لوریەکی گەورەیان باسیکی گەورە لە رێگادا لێ ئەخوڕێ و بە دەم لێخوڕینەوە خەو دای ئەگرێ .

ئینجا بۆ ئەوەی ئەم کارەساتە ناخۆشانە کەم ببنەوەو ئەمێنن و گیانی هاووڵاتیەکان پارێزرێ و کەلوپەلی دەوڵەت بە زەرەر نەڕوات داوای کردوە کە هەمو شوفیرەکان لە بەیەیەندرێن و بەر لە هەمو رویشتنێکیان بۆ دەرەوە ماوەیەك مۆڵەتیان بدەن بحەوێنەوەو ئینجا کاتی دەرچون کەیشتنە بەرەوەیان بۆ دیاری بکرێ کە بەو پێیە ئوتومبیلەکەلەسەر خۆ لێ بخوڕێ وە ئامۆژگاری یان بکرێ کە لە کاتکدا هەستیان بە ماندوبون کرد ئیتر لێ نەخوڕن ، بۆ ئەوەی زیانیان لێ نەکەوێ .

ئاهەنگێکی (پاشماوە)

لە نیوانتاندا بەزەی و خۆشەویستی پێك هێناوە .

دوای ئەو بەڕێز خیرالله طلفاح سەرۆکی کۆمەڵەی پوژانەوەی کەلەوری ئیسلامی وتارێکی خوێندەوە ، لە وتارەکەیدا باسی هاتنەخوارەوەی قورئانی کرد لە شەوی قەدری پیرۆزدا بۆ پێغەمبەر سەلامی خوای لێ بێت ، ئەویش ئەو بانگەوازە خواییەی بە ناو خەلکدا بلاو کردەوە تابویان بیتە رێگانیشاندەرو مژدەدەرو هەرەشەکەر .

هەر وەها وتی : قورئانی پیرۆز زۆر لایەنی ژیان ر یك ئەخات سەربازی و ئابوری و زانستی و ئەندروستی و سیاسی و کۆمەلایەتی و زۆر شتی تر ..

دوای ئەو هەندێك کاربەدەستانی وەزارەتی ئەوقاف و پیاوە ئایینیکان بەو بۆنەیەوەو تاریان خوێندەوە لە وتارەکانیاندا بایەخی ئەم شەوەیان ساغ کردۆتەوە .

Institut kurde de Paris

پەروەردە

لاوان و وەرزش

– عبدالقادر خلیل –

سوفیەتیەکان پالەوانی مونتریال بون • بەلام هیچیان لە ئەنجامی خولی مونتریال رەزامەند نین • رەخنەیەکی یجگار زۆر دەگریت لە پالەوانەکانی راگردنو بوکسو توبی‌بۆی •

چەند رۆژێ لەمویەر پاش ئەوەی پزیشکانی وەزرشی کۆبونەوە بریاریاندا کە هەلگری قورسایی بلغاری (خریستوف) کە بو بە پالەوانی هەلگری قورسایی وەزنی گران لە خولی مونتریال هێندێ داودەرمانی خواردوە کە بۆتە هوی ئەوەی هێزو توانای زیاد بکات لەبەر ئەوە بریار درا کە (خریستوفی) بلغاری‌و (کاشماریك)ی پولونی کە پالەوانی هەلگرتنی قورسایی وەزنی سوکە • هەردوکیان مدالیە ئالتونیەکانیان لێبسێنرێتەوەو بدرێت بە (زاتیسیف)ی سوفیتی لە هەلگرتنی قورسایی‌گرانداو وە (کورول)ی سوفیتی لە قورسایی سوکدا بەم جۆرە پلەی مدالیەی ئالتونی سوفیەتی دەئانە (٤٩) مدالیە لە ژمارەی ١٩٨ مدالیەی ئالتونی کە نسبەتەکەی دەبێت بە ٢٥٪ مدالیە ئالتونیەکان • سوفیەتیەکان دەلین ئێمە خومان دانابو (٥٧) مدالیەی ئالتونی وەدەست بهێنین دەبێت بزانین بوچی لە توبی بێدا بە سێیەم دەرچوین بۆچی پلەی یەکەمینمان وەرنەگرت لە یاری توبی ئاوداو لە فالی بولی زۆرنو بیاواندا لە دوو قورسایی یاری بوکسیتداو لە هێندێ راگردندا • ئەم رەخنانە دەگرێن لە پالەوانەکانی سوفیەت بە شێوەیەکی زۆر گران • وە زوربەی کاربەدەستانی وەرزش لە سوفیەت دەلین ئێمە راستە لە چاو خولی میونیخدا لە مونتریال سەرکەوتوتر بوین بەلام دەبێت هەر لە ئیستاوە خومان ئامادە بکەین بۆ خولی موسکو لە سالی ١٩٨٠دا • دەلین دەبێت خولی موسکو بکەین بە جەژنی لاوان‌و وەرزشکەرانی هەموو جیهان • جا ئەی ئەوانەی کە لێبرسراوی یەکیەتیەکانی یاریەو وەرزشیەکانن لە کوماری عیراقدا • ئەوەی کەوتوتە ئەستوی ئێرە زۆر گرانە دەبێت هەر لە ئیستاوە بایەخی تەواو بدەن بە لاوەکانمان ئامادەیان بکەن ماوەی چوار ساڵ زۆرە دەتوانن پالەوانی وەرزشی وەدەست بهێنن تا توانای لاوانمان لە ناو جیهانی وەرزشکاردا بخینە پێش چاوو شورش هەموو توانایەکی خستوتە پیش دەستتان لیژنەی بالای ئولومپی عیراقی هەموو توانایەکی تەرخان کردوە بو مەشق کردنو پەروەردەکردنی لاوان • ئێوەش ئەی لاوە خوین کەرمەکان ئەی رولەکانی ١٧ – ٣٠ تەموز ئەی لاوانی عیراق تێبکوشن تابتوانن خوتان بخەنە ریزی لاوانی پیشکەوتوی جیهان • ئیوەی روناکی دواروژی عیراقن • چاکی مردایەتی بکەن بەلاداو مەشق بکەن لە ئالای عیراق لەهەموو جیهاندا بەرزبکەنەوە• •

– باخچەی منالان «ئاشماوە» –

لێرەدا منال هەست بەسەربەستیەکی تەواو دەکاو هەست بە بوونی خۆی دەکا • • کۆمەلك لەوانەی‌تر هەلدەستن بەرێك خستنی شانۆ بەریەك‌وهەریەکە لە منالەکان وەکو ئەکتەرێك دەوری خۆی تیادادەبینێ • مامۆستاش وەك جاودێرێك سەربەرشتیان‌دەکات‌و ئاگاداری هەموو (هەلچونەکانی – انفعالات)منال دەبێ • لەم شانۆ کەریانە ڕوون دەبێتەوە تاچ‌ڕادەیەك ئەو یاریانە کاردەکەنە سەرهەستی منال ،بەمە مامۆستایان دەروونی منال شێدەکەنەوەو ئەو کاتەلە گیروگرفتی دەروونی منال رزگاریان دەبێ • •

● چونیەتی ئیش کردنی‌منالان :

کارکردن لە باخچە ، یەکێکەلە جموجولە هەرە گرنگەکانی منال ،کە خۆی بێ‌ی هەلدەستێ‌لە ماوەی ئیش‌کردن • وەك چۆن منال لەکاتی یاری‌کردن‌هەست بە خۆشیەك دەکات ، بە هەمان شێوە منال لە کاتی‌ئیش‌کردن لەباخچەکە هەست‌بە کامەرانی دەکات ، چونکە لەوتەمەنەدا هەست بە سەربەستیەکی تەواو دەکالەبەرهەم هێنان – مامۆستایانی باخچەکە چەند دەستەیەك لەمنالان پێك دەهێن بۆ ئیش کردن ، کە هەر دەستەیەك بەپێی تەمەنی ، جموجولیەکانیان بەسەر دابەش دەکەن ،دەستەیەك لە منالان بە یارمەتی مامۆستا هەلدەستن‌بە دروست کردنی خواردن‌و رێك خستنی « مێزی نان‌خواردن » ، دەستەیەکی تر بە ئاودانی گول‌و پاك کردنەوەی‌باخچەکە خەریك دەبن ، دەستەیەکی تر لەگەل مامۆستاکانیان هەلدەستن بە ناشتنی گول •

پاش ئەوەی ئەئیش کردن‌دەبنەوە ، جل‌و بەرگی ئیش کردنیان دادەکەنن‌و دەیشۆن‌پاشان جلی جوان‌و پاك لەبەردەکەن •

هەروەها لەکاتی ڕۆژەکانی« جەژنی منالان »و « لەدایك بوونیان »و « جەژنەکانی‌نیشتمانی » دیاری جوان جوان بۆ یەکتری پێش‌کەش دەکەن‌وچەپکە گوڵ ڕازەوە لە یەخەی یەکتر گیردەکەن • لە ئەنجامی‌ڕازاندنەوەی ژوورەکانی یاری کردن ، هەریەکە بە مەیلی‌خۆی ژوورەکەی دەڕازێنێتەوە•

قوتابخانەی « پاشماوە » کەیا (الاکراد فی بهدینان) دا ئەڵێ : (قوباد لە هەموو ئاواییەکانی سولئان حسین بەناو بانگ ترەو بەرو کارێکی ئەندازیاریانە رازاوەتەوە ونیستاش هەندێك لە کەلاوەکانی ماوەتەوە) • ئەوەشمان لەبیر نەچێ (وەکو ئەڵێن) داعات‌و دەرامەتی ئەو گوندە هەموی بۆ مە خاریجی ئەوقوتابخانەیە تەرخان کرابو •

ئۆردوگای قوتابیان

لە کۆری کارکردندا

لە ناوەڕاستی مانگی تەموزدا یەکێتی قوتابیان – لقی هەولێر – ژمارەیەکی زۆری لەقوتابیان کۆ کردەوەو بەرەو مەیدانی کارو بنیات نانی بردن ، بۆ ئەوەی لە وێدا چاویان بە واقیعی جۆری ژیان‌وزرانو ژیانی جوتیارە زەحمەتکێشەکانی ناوچەکە بکەوێتو بە شێوەیەکی راستەو خۆ بچنە ناو باری ژیان‌وزروفی کار کردنیانەوە • •

ئەم ئوردوگایە بایەختکی زۆری هەبو بۆ قوتابیان ، چونکە قوتابیان خۆیان وەکو دەستەیەکی تیکەیشتو لە کۆمەلگا شێوە دواکەوتوەکەماندا کەوتنە سەر دەروازەی‌قوناغێکی نوێ لە راهێنانی کرداردا لەوەی کە لە خوێندنگادا خوێندوێتی‌و فێری بوەو لە ژیانی رۆژانەی قوتابخانەدا تاقی کردۆتەوە • •

ئەم ئوردوگایە توانی چەند راستیەك نیشانی قوتابیان بدات و لەناو کارو خۆڕاگرتن‌و ئوێ رابەلی‌دا قەلین بکات‌و فێریان بکات کە چۆن لە کۆڕەپانی کاردا لە کازایی ژیان رابهێنن •

لە لایەکی ترەوە ئەو قوتابیانەی کە لە ژیانی شارستانی‌و خۆش گوزەرانی ئەوەرمو نازی ناو خێزان‌و شارەکاندا راهاتوون‌و ئامۆژی خۆماندو کردنیان ئەوەندە فراوان نیەکە دەقان دەق توانای کار کردنێکی تەواویان هەبێ •

بەهۆی تیکەلاوی یانەوە لەگەل ئوردوگاو کارکردن‌و موماره‌سەی راستەقینەی ئیش کردن‌دا فێری ئەوە بون کە مرۆڤ پێویستە کار بکات‌و تالاوی رۆژانی نا ئاسایی بچێژێ • •

ئەو پرۆگرامەی کە لیژنەی بالای ئوردوگاکە داینابوو ، پاش پلان کێشانێکی زۆر هاتە دی‌و بەو پێیە کاری پێ کرا ، ئەتوانین بە شێوەیەکی گشتی پروگرامی ئوردوگاکە بەم جۆرە ریز بکەین •

● بەیانیان :

– کات ژمیر چوار لەخەو هەستان •

– ١٥ر٤ ئامادە بون لە کۆڕەپانی ئوردگادا •

– ٣٠ر٤ مەشقی بەیانیان •

– ٣٠ر٥ پشوو دان •

– ٦ر– گەلەکاری •

– ١٠ر٦ هەلکردنی ئالای هوردوگا •

– ٣٠ر٧ هەلگەران بە سەر چیادا •

– ٨ر– خواردنی بەیانی •

– ٩ر– کار کردن •

– ١١ر– پشو دان

– ١٢ر– خواردنی نیوەرۆ• •

– ١ر– ای پاش نیوەرۆ تاکو ٤ی سەر لە ئیوارە پشوودان •

– ٤ر– مەشق‌و کارکردن •

– ٥ر– کژپی رۆشنبیری •

– ٦ر– لیدوان لە کاری ئەو رۆژەو راست کردنەوەی هەلەکان •

– ٥ر٧ داگرتنی ئالا

– دوای ئەوە مەشق کردنی دوایی •

– ٨ر– نان خواردنی ئیوارە

– ٩ر– ئاهەنگ و گۆرانی •

– ١ر– دوای نیوەشەو کۆزاندنەوەی چرا ، خەوتن •

هەروەها لە گۆتاییدا بە باشمان زانی لەگەل کاك سمیر حسن ئامیدی ئەندامی لیژنەی بالای ئوردوگاکە بەیەك بکەین‌و لە بارەی ئوردوگاکەوە وتی :

ئەگەر ماوەی ئوردوگاکە درێژ تر بوایە لایەنە رەسمی‌و جەماوەریەکان یارمەتی‌زیاتریان بدایە سەرکەوتوتر ئەبو ، لەگەل ئەوەشدا هێشتا هەرشایانی رێزە •

کاك بەدرمستەفا یاریدەدەری ئامیری ئوردوگاکە وتی : لە سەرەتادا وامان دانا ئوردوگاکە گوێزەرەوە بێ‌و درێژ خایەن بێ بۆ ئەوەی زۆر تر لەگەل‌جەماوەری جوتیاراندا بەیەك بگەین‌و لێك تێ بگەین‌و بتوانین تارادەیەك کاربکەینە سەر ئاستی روشنبیری یان • • ئەوەندەی لە توانادا بو ئەرکەکانی یەکێتی مان بەجێ گەیاند •

ئەم هەفتەیە

« محمد یاسین ی ئاسن هەلگرو پالەوان تازە تەمەنی چوارده ساله بەلام توانیریەتی خۆی بە هەموو گەلی عێراق بناسێنێ لە مەیدانی وەرزشدا • • جا بە پێویستمان هاتە بەر چاو کە « محمد ی خوێن گەرم زیاتر لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەی (هاوکاری) بە خەلك بناسێنین • •

● ئەو تەمەنە گورتەوئەو وەدەست هێنانە پالەوانیەتی‌یە ئەگەرێتەوەکەی • •؟

– حەز ئەکەم گوێم لێبگرن‌تا بە ووردی هەموو ڕاژنکی وەرزشەوانێکی ئەمڕۆی‌وولاتەکەمان بزانن •

● فەرموو هەموو سەربەستیەك وەربگرە • •

– لە ئیستا منال تر بووم ،

ئای کە حەزم ئەکرد تیکەلاوی‌وەرزشەوانەکان بم‌و لێیان نزیك بم ، بەلام هەموو جارێك دلیان ئەشکاندم‌و دەریان ئەکردم لە یانە منیش ناچار بەدزی‌یەوە لە درزی دەرگاکەوە تەماشای ئاسن هەلگرەکانم ئەکرد • تا وای لێهات لێم وەرس بوون دایان نام کەهەموو ڕۆژێ یانەکە کەسك بدەم‌و بمالم • • ئەوەبوو دوای نیوەڕۆیان کە ئەوان ئەڕۆیشتنەوە من دەستم ئەکرد بە یاری بەردەوام بووم‌و کە ئاسنەکەم بەرز ئەکردەوە هەستم ئەکرد کە لە جیهانێکی ترا ئەژیم ، تا ڕۆژێکیان لە کەل بەرزکردنەوەی ئاسن پشتم ئێشی بێ‌کەیشت‌و بەلام یانە ڕەوانەی بەغدای کردم بۆ چارەسەری •

● یەکەم یاری کەی بوو بەشداریت تیاکرد ؟

– یەکەم یاری کەتیا بەشیداریم کرد لەسالی ١٩٧٤ لە یاریگای مەلبەندی لاوانی هەولێر کە تیایا (٤٥) کیلۆ بە (خطف)و (٥٠) کیلو بە (ئەتر) هەلگرت • •

● تا ئیستا چەند سەرکەوتنی بەرزت وە دەست هێناوە ؟

– لە پالەوان بازی ناوچەی‌ئۆتۆنۆمی بە یەکەم دەرچووم ، وەلەم یاریە یە (٤٥) کیلۆم(خطف) کردو (٥٥) کیلوم (ئەتر) کرد وە بە یەکەم‌دەرچووم لە قورسی خۆم کە قورسی لاپەڕەم بێ ئەلین (وزن‌الورق) •

● باشە ئیستا چەند کیلۆ ئاسن هەلئەگری‌و گەورە ترین یاری‌کە بەشداریت تیاکردووە کامە یاری بووە ، وە لە کوێ بوو ، وە ساڵی چەند بوو ؟

– ئیستا ٧٠ کیلو ئاسن(خطف) ئەکەم (٩٠) کیلۆ (ئەتر) ئەکەم ، وە لە ساڵی١٩٧٥ لە ناو پالەوانانی عەرەبی عێراق لە قورسایی‌خۆم بە سێیەم دەرچووم کە ١٤ بارێزگا بەشداریان تیاکرد بوو ، وە لە شاری سلێمانی سازکرا • • وەئیستاکەش (رقم قیاسی) عێراقی تازەم هێناوە لە هەمووعێراق لە قورسایی لاپەڕە (وزن ورقه) بە یەکەم لەساڵی ١٩٧٦ کە لەم ڕۆژانە لە سلێمانی سازکرا •

● ئیستا نیازی چیت‌هەیە؟

– ئەوەی راستی بێ نیازم‌وایە لە هەموو پالەوان بازی‌یەك بەشداری بکەم لەگەل دەولەتان‌بۆ ئەوەی بلەی بەرز بکەم لە ناو گەلان‌هەروەها بزانن کەوا منالی کوردی عێراقیش هیچ دوورنیە لە پێش کەوتن •

– سوپاس

– سوپاس

ئامادەکردنی : جەلال ئەحمەد

⊙

هەوال و لیکۆڵینەوە

● هەوال :

لیژنەی ئولومپی نیشتمانی لە بارەی کاروباری وەرزشەوە لە ناوچەی ئوتونومی‌دا داوای‌کردوە ناوی ئەو وەرزشکارە لێهاتوانەی هەیەتی لە هەمو بوارێکی هەلیژاردنی وەرزشی‌دا ناوەکانیان پێشکەش بکات‌و سود لە چالاکی‌یە وەرزشیەکانیان وەربگرن •

✧ ✧

● لیکۆڵینەوە :

لەو کاتەوە کە ئاسایش و هێمنی گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی ئوتونومی ، لایەنە لێبرسراوەکان زۆر بایەخیان بە پزوتنەوەی وەرزش داوە لە ولاتدا وە بەتایبەتی لە ناوچەی ئوتونومی‌دا •

سەرکردایەتی حزب‌و شورش چەند جارێك یارمەتی یەکێتی‌یە وەرزشکاریەکان‌و لیژنەکانیان داوە لەپارێزگاکانی زورودا بەشێوەی گشتی وە ناوچەی ئوتونومی بەتایبەتی لە روی مادی‌و مەعنەویەوە ، وە ئەمەش بۆ ئەوەیە ئەوەیەکی وەرزشکاری هۆشیار کە بتوانی نوێنەرایەتی عیراق بکات لە بواری نێو دەولەتانا وە لە پلەی وەرزش‌کردنا پێی بگەیەنێ • •

لەم بارەیەوە چەند تیمێکی وەرزشی هاتون بۆ سەردانی ولات‌و ناوچەی ئوتونومیش یەکێك بو لەو ناوچانەی کە ئەم تیپانە سەریان‌لێداوە ، وە ئەم تیپانە لە گەل چەند تیمێکی وەرزشی نوبی بێ‌و بوارەکانی تری وەرزشدا بە یەك گەیشتون •

ئەمڕۆ لیژنەی ئولومپی نیشتمانی ئەچێ بو سەردانی ناوچەی ئوتونومی‌و زۆر بایەخ بە وەرزشکارەکانی ئەدات بۆ ئەوەی ئاستی ئارەزوی وەرزش‌و پەروەردە کردنی چالاکیەکانیان بەرزتر بکرێتەوەو بگەنە ئاستی ئەو وەرزشکارانەی کە بە رێزەوە لە ولاتاندا ئەبنە نومایندەی وەرزشی عیراق •

لیژنەی ئولومپی نیشتمانی کە ئەم جۆرە سەرنجانە ئەدات ئەوە ئەزانی کە لە پارێزگاکانی زورودا وە بە تایبەتی پارێزگاکانی ناوچەی ئوتونومی کەرەسەی خاوی وەرزش زۆرەو پێویستی بەبنیات نان هەیە •

هەر وەها لیژنەی ئولومپی نیشتمانی زور بایەخی بە لایەنی وەرزش‌داوە بەتایبەتی لە ناوچەی ئوتونومی‌دا ، وە لەمەو بەر ئەوانەی بۆ پەروەردەکردنی کاروباری وەرزش دانراون ئەم جۆرە کردارانەیان نواندوە ناوی ئەوانەی لە بزوتنەوەی وەرزشدا دەرکەوتوون لە تیپەکانا داویانە بە لێبرسراوانی وەرزش لە ناوچەی ئوتونومی‌دا •

سلاومان بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەی وەرزش لە عیراقی شورشدا کە پالی بەلاوە وەرزشکارەکانەوە ناوە بەرەو پێشکەوتن • • سلاومان بۆ لاوەوەرزشکارەکانی ناوچەی ئوتونومی کە لەیاری نێو دەولەتانا نوێنەری عیراق ئەبن بۆ ئەوەی ئالای عراق بەرزکەنەوە •

سلاومان بۆ لیژنەی ئولومپی نیشتمانی کە بەردەوام رێزەوی وەرزشی گرتوە لە پێناوی پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی وەرزشکاردا •

سلاومان بۆ هەمو ئەوانەی لە عیراقی شورش‌دا کاروباری وەرزشیان پێسپێردراوە •

عبدالوهاب عبدالغنی

Institut Kurde de Paris

دۆخی ئەکنەلۆجیاو ئەزگاکانی لەعیراقدا

پاشماوەی ژمارەی پێشوو ..

لەم ماوەیەی ڕابردودا لەعێراقدا لێکۆڵینەوەو بەهێز کردنی پێوەدانگەو هواسەفاتی چیهانی جێبەجێ دەکرێت لە جۆرەکا چەشنی بەرهەمەو کارەکانەدا .

ئەو لێژنەیەی لێپرسراوە دەدرێت بەتایبەتی لە دەزگا بەرامبەر ئەم کارە (هواسەفات)ی عێراقی ئەو کەلوپەلو کارانە دەردەکاتو بەخش دەکاتەوە ، دۆخی بەرهەم هێنانو بەکارهێنان دەگرێتە پێش چاو . دەولەتیش زۆر بایەخ دەداتە ئەم دەزگایە لەپێناوی پەرەپێدانیداو تازە ترین ئامرازو کەرەستەی عونەری پێویستی پێبدرێت بۆ نیشوکاری .

لایەکی تر خەریکی ئامادە کردنو پەرەپێدانی کادری باڵای بەڕێوە بردنەو ڕاوێژکاری بەڕێوە بردن پێشکەش بە دەزگا جۆراوجۆرەکانی کەرتی گشتی دەکات لەپێناوی نوێکردنەوەو پەرەزکردنەوەی ڕادەی لێهاتوویی لە ئیشو کاریدا . ئەبەر زۆر ئەرکی کادرە پەرەزەکان بۆ پاڵپێوەنانی ڕەوتی گەشەپێدان بۆ پێشەوە، ئەوەی ئەم دەزگایە پێی هەڵدەستێت زۆرزۆر گەمە لە چاوی پێویستیی ڕاستەقینەی ئەو نیشانەدا . بەڵام ئەو نیش و کارانەی پێشکەشی کردووەو پێشکەش دەکات زۆر گەورەو نایابن .

هەروەها لەبەر پتربوونی پێویستیی بەکار هێنانی شتومەکی بەڕێوەبردنی نوێ بەتایبەتی زمارەیاری ئەلەکترۆنی بەهۆی لق لێبوونەوەی ئیشو کارو ئالۆزیی لە کەرتی گشتیداو لە پێناوی ئاسان کردنو بەرزکردنەوەی لێهاتنی ئەوە بوو دەزگایەکی ناوەندیی سپێژ دامەزرا بۆ جاودێری کردنو ڕوانینی داخوازیی ئەم زمارەیارانەو دەرخستنی پێویستی لێیان بە هەموو جۆرێکیانەوەو ئەوشوێنانەش پێشنیارو دیاری بکرێت کە ئەمانەی تیدا بەکار دەهێنرێت، عەروەها بەردەوامو ئامادەکردنی کادری عێراقیی بەتوانا بۆ ئەوەی بتوانێت بیخاتە ئیشو بەڕێوەی ببات .

ئەو چوار ئامرازەی دوایی یەی باسمان کردن (تۆڕینەوەی زانستی ، پەرەپێدانی بەڕێوە بردن ، پێوەدانگ و مواصفات ، زمارەیاری ئەلەکترۆنی) لەبەر گرنگیی یانو پێویستیی چاو دێری کردنیان خرانە بال ئەو دەزگا ئاوەندییانەی لێپرسراوی ئەخشە کێشانن . ئەمەش بێ گومان هەنگاوی سەرەکیی پێویستە بۆ ڕێکخستنی نێوان ئەم چالاکییە جۆراوجۆرەی کە بەپێوەستی سیستەمی کواستنەوەی تەکنەلۆجیاو پەرەپێدانیەتی .

بەڵام سەبارەت بە کۆمار کردنو بەهێز کردنی (پتەو کردنی) تەکنەلۆجیا ئەوە چەند دەزگایەکی لێپرسراو هەیە بۆ تۆمار کردنی (مافی داهێنان یان کەواهی نامەی داهێنان) هەروەها تۆمار کردنو ناو نووسینی کومپانیا گشتی یەکان لە عێراقدا .

نێستاش گرنگی بە فراوان کردنو پەرەپێدانی دایرەکانی (تۆڕینەوەو پەرەپێدان) لەم ماوەیەی ئێستادا لەعێراقدا لێکۆڵینەوەو بەهێز کردنی پێوەدانگەو هواسەفاتی چیهانی جێبەجێ دەکرێت لە جۆرەکا چەشنی بەرهەمەو کارەکانەدا .

ئەو لێژنەیەی لێپرسراوە دەدرێت بەتایبەتی لە دەزگا بەرامبەر ئەم کارە (هواسەفات)ی عێراقی ئەو کەلوپەلو کارانە دەردەکاتو بەخش دەکاتەوە ، دۆخی بەرهەم هێنانو بەکارهێنان دەگرێتە پێش چاو . دەولەتیش زۆر بایەخ دەداتە ئەم دەزگایە لەپێناوی پەرەپێدانیداو تازە ترین ئامرازو کەرەستەی عونەری پێویستی پێبدرێت بۆ نیشوکاری .

لایەکی تر خەریکی ئامادە کردنو پەرەپێدانی کادری باڵای بەڕێوە بردنەو ڕاوێژکاری بەڕێوە بردن پێشکەش بە دەزگا جۆراوجۆرەکانی کەرتی گشتی دەکات لەپێناوی نوێکردنەوەو پەرەزکردنەوەی ڕادەی لێهاتوویی لە ئیشو کاریدا . ئەبەر زۆر ئەرکی کادرە پەرەزەکان بۆ پاڵپێوەنانی ڕەوتی گەشەپێدان بۆ پێشەوە، ئەوەی ئەم دەزگایە پێی هەڵدەستێت زۆرزۆر گەمە لە چاوی پێویستیی ڕاستەقینەی ئەو نیشانەدا . بەڵام ئەو نیش و کارانەی پێشکەشی کردووەو پێشکەش دەکات زۆر گەورەو نایابن .

هەروەها لەبەر پتربوونی پێویستیی بەکار هێنانی شتومەکی بەڕێوەبردنی نوێ بەتایبەتی زمارەیاری ئەلەکترۆنی بەهۆی لق لێبوونەوەی ئیشو کارو ئالۆزیی لە کەرتی گشتیداو لە پێناوی ئاسان کردنو بەرزکردنەوەی لێهاتنی ئەوە بوو دەزگایەکی ناوەندیی سپێژ دامەزرا بۆ جاودێری کردنو ڕوانینی داخوازیی ئەم زمارەیارانەو دەرخستنی پێویستی لێیان بە هەموو جۆرێکیانەوەو ئەوشوێنانەش پێشنیارو دیاری بکرێت کە ئەمانەی تیدا بەکار دەهێنرێت، عەروەها بەردەوامو ئامادەکردنی کادری عێراقیی بەتوانا بۆ ئەوەی بتوانێت بیخاتە ئیشو بەڕێوەی ببات .

ئەو چوار ئامرازەی دوایی یەی باسمان کردن (تۆڕینەوەی زانستی ، پەرەپێدانی بەڕێوە بردن ، پێوەدانگ و مواصفات ، زمارەیاری ئەلەکترۆنی) لەبەر گرنگیی یانو پێویستیی چاو دێری کردنیان خرانە بال ئەو دەزگا ئاوەندییانەی لێپرسراوی ئەخشە کێشانن . ئەمەش بێ گومان هەنگاوی سەرەکیی پێویستە بۆ ڕێکخستنی نێوان ئەم چالاکییە جۆراوجۆرەی کە بەپێوەستی سیستەمی کواستنەوەی تەکنەلۆجیاو پەرەپێدانیەتی .

بەڵام سەبارەت بە کۆمار کردنو بەهێز کردنی (پتەو کردنی) تەکنەلۆجیا ئەوە چەند دەزگایەکی لێپرسراو هەیە بۆ تۆمار کردنی (مافی داهێنان یان کەواهی نامەی داهێنان) هەروەها تۆمار کردنو ناو نووسینی کومپانیا گشتی یەکان لە عێراقدا .

نێستاش گرنگی بە فراوان کردنو پەرەپێدانی دایرەکانی (تۆڕینەوەو پەرەپێدان) لەبەرئەوە دەدرێت بەتایبەتی لە دەزگا بەرامبەر ئەم کارە (م

سینەمای عیراقی

دوای شۆرش ، تاقی کردنەوەیەکی ئۆکاف

ئەنەر بمانـــــــەوێ سەرەتایەکی مێژووی بـــۆ پشتگیری کردنو بەئەـــدار بونی دەولەت لە بەرهەم هێنانی سینەمادا دابنێین ، ئەوە نـــەو بەشدار بونە ئەنەرێنەوە بـۆ ساڵی ١٩٥٩ ، لەم ســـــاڵەدا یەکەم دەزگای رەسمی بـــۆ سینەماو شانۆ دامەزرا ، دوای تیپەڕبونی ١٤ ساڵ بەســـەر یەکەم تاقی کردنەوە لـە بواری بەرهەمی خۆمالیدا سینەمای (قاهیرە - بەغـــدا ١٩٤٥) • هەتاوەکو ساڵی ١٩٦٩ واتـــە ١٠ ساڵ دوای دامەزرانـــی دەزگاکە ، تەنیا دووفلیمـــی درێژو هەندێک فلیمـــــی دیکۆمەنتی دەر کرابو •

بە کۆمەل هەمو ئەم فلیمانە لـــە سنوری ناوخۆیی نەیـان توانیبو تێپەر بکەن ، لە بارەی بەرۆوە بردنو سیاسەتـەوە ، ئەمە بەرامبەر چالاکیـــەکی دیاری کەرتی تایبەتی کە توانی چەند فلیمێکی وا بەرهەم بهێنی لەنو خەلکیدا بـلاو بێنـــەوە وە لەوانەیە هۆی پێشنەکەوتنی کەرتی گشتی لە مەیانـــــی سینەمادا بگەڕێتەوە بۆ ئـــەوە کە ئەو رژیمانەی پێـــش شۆرشی ١٧ی تەمموز ساڵی ١٩٦٨ لە ئارادا بون بایەخیان بە سینەما نەئەدا کە هۆیەکـی راکەیاندنو وریاکردنـــەوەی کەورەیە لەبەر ئەوە جارێـــک ئەیان بەست بە شـــانۆوە و جارێک بەئێزکەو تەلەفزیونەوە بە بێ ئەوەی بە چاکـــــی لە مەسەلەکە بگەن •

دوای شـــــۆرشی ١٧ی تەمموزی ئەتەوەیی سۆشیالیستی سینەما بوە شوێنی بایـــەخ پیدانی کاربەدەســـــتان لە دەزگای راکەیاندندا • بۆیـــە لە چەند ساڵی رابـــوردودا چالاکیو جمو جۆلێکی کـــەورە کەوتە مەیدانی پێش خستنی ســـینەمای عیراقـــی یەوەو دەرهێنانی ئەو پەریـــوتیو تایبوتیەی تۆشی هاتبو ، لەم بارەیەوە چەند کارێکی کـــەورە کرا لەوانە :

● سەر بەخۆیی سینەماو شانۆ لە دەزگایەکی تایبەتیدا •

● دامەزراندنی بەریـــوە بەرایەتیەکی تایبەتی بۆ هێنانو بلاو کردنەوەی فلیم •

● کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە سینەما سازەکـــانی عەرەب بۆ ئیش کـــردن لـــە سینەمادا •

مەیدانە جۆربەجـــۆرەکانی

● کرینی سینەمایەکـــی تایبەتی بۆ نیشانـــــدانی فلیمەکانی کەرتی گشتی •

● تەرخان کردنی بودجـە یەکی یەک ملیون دیناری بـۆ سینەما •

سەرەرای ئەم کارانە چەند هەنگاوێکی گرنگ لەو بارەیەوە ئراوە وەک پێک هێنـــانی لیژنەیەک بۆ پشکنینی فلیم و یەکێکی تر بو پشکنین ئـــەو فلیمانەی لەوەو پێش لەدەرەوە هێنراون ، لەگەل خۆش کردنی دۆخێکی ئەوتۆدا کە بزوتنەوەی رەخنەی سینەمایی تیادا پێش کەوێت ، سەبارەت بە فلیمـــە عەرەبێکان وەیا جیهانێکان لـــە بیناوی پێک هێنانی وریـــایو رۆشنبیری سینەماوە کـــــە لەگەل ئەو ئالوگـــــورە رۆشنبیریدا بگونجێت کە لـــە ولاتدا بەدی ئەکرێت ••

● سینەمای ئۆمار

ئەو فلیمـــە ئۆماریانـــەی کەرتی گشتی پێش شـــۆرش پێشکەش کردبون برێتی بـــون لە هەندێ فلیمی ئەوتۆ کـــــە روکاری هەوالو راگەیاندنیان ئەنواندو ناکرێت بە فلیمـــی ئۆماریان لە قەلەم بدەین •

دوای شۆرش فلیمی ئۆماری بە هێلێکدا رۆیشـــت ج لـــە بارەی ژۆری بەرهـــــەم و چ لەبارەی جۆری فلیمەکان لەگەل دەستکەوتە کەورەکانی تـــری شۆڕشدا ئەگونجا •• لە سێ ساڵی رابوردودا بلـــــەی بەرهەمی فلیم گەیشتە ٢٥ فلیم لە ساڵیکدا •

ئەوەی ئاشکرایە شـــۆرش بایەخێکی کەورەی بە سینەمای ئۆمار داوە لە بارەی بەرهـــەم هێنانو ئامادە کردنەوە ، وە لە بەشداری کردنیکی کـــەورەی دامەزراندنو پێک هێنـــانی « یەکێتـــــی سینەمایـــە ئۆمارێکانی عەرەب » کـــــە بارەگاکەی خۆی لە بەغـــدادا دامەزراندوە •• دامەزرانـــدنو پێک هێنانی ئەم یەکێتیـــیە یەکەم هەنگاوە بۆ هاوکـــاری کردنو کۆ کردنـــــەوە وزەی سینەمایە عەرەبەکـــــان لە دەرخستنو نیشاندانی مەسەلە چارە نوسێکانیاندا ، بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستین •

بایەخی ولات بە مەیـــدانی سینەما بە پشتگیری کردنو پەرە پێدانی لە سنوری هەندێ جمو جۆلو دەرکردنی بڕیاردانـــدا رانەوەستاوە بەلکو هەنگـــاوی ناوە بۆ دروست کـــــردنی ئەرێتێکی سینەمایی و چەسپاندنی ئەو ئەرێتە • ئـــــەو ئاراستە پیدانەش بە بەشدار بونمان لە فێستفالـــە « میهـــرجان » سینەمایەکاندا دەر ئەکـــەوێت کە لە ولاتاندا ئەکرێن ، لەگەل پێک هێنانی فێستفالی لـــــەو شێوەیە لە ناو خری ولات دا •• لە پێشەکی ڤ واز دا « فێستفالی فلیمو پرۆگرامەکانی فەلەستینە کە خولی یەکەمی لەســـــــلی ١٩٧٣ داو خولی دووهەمی لـە ساڵی ١٩٧٦ لە بەغدا دا بەست •• سەرەرای ئەوە ژۆریـــــەی هەفتە سینەمایەکانی عـــەرەبیو جیهانی کە ولات لە ســـــالانی شۆڕشدا بەدی ئەکات ، لەوانە هەفتەی فلیمـــــی تونسو یوگوسلافیو بولگـــــاریو فەرەنسیمان بینی •• لەوانەیە یەکـــــەم فیســـــــتفالی فلیمـــە دیکۆمەنتـــەکـان کە بە بۆنەی جەژنەکانی تەمموزەوە لە نیوان (١٧-٢٥)دا کـــرا هەنگاوێکی چاک بێت لـــــەو مەیدانەدا ••

ئەو هەمو پەرەسەندنـــەی لە مەیدانی سینەمادا بـــــەدی ئەکەین نابێت بە دوا قۆناغـــی دابنێین و مەزامان زۆر لـــەوە کەورە ترە ، چونکە سینەمای عەراقی بەردەوام لێرەو لـــە ولاتانی عەرەبو هەمو جیهاندا لە یاد ناچێتەوە •• بـــــەلام کەیشتن بەو ئاواتە ئـــــەوە ئەرکێکی سەر شانی سینەمایە کانی عیراق خۆیانە ، چونکە هەر ئەوان ئەتوانن مـــــاوەی نەخشەکانو جێبەجێ کـــردن نزیک بکەنەوە ••

— هەناو —

● فلیمی « جسر الاحرار » ●

فلیمی « لە دایك بونی ئەوە »

باخچەی منالان دەوری لەبیروەردکردنی منالدا

چیمەن کاوێس

بێ گومان پێش کەوتنی هەر میللەتێک و کۆمەلێـــــک ، دەگەڕێتـــەوە بـــۆ ڕادەی پێکەیشتن و بایەخ دانی منال •• منالی ژیرو زاناش پیـاوی دواڕۆژی هەموو ئەتەوەیەکە ، جا پێویستە هەموو ئەتەوەیەک زانستو بەروەردە بکاتـــــە چەکێکی کوشندە بۆ لە نـــاو بردنی کۆنەپەرەیی منال •

پەروەردە کـــردنی منـــال ئـــەرکێکی پیرۆزە ، چونـــکە هەموو شارەزایانی جیهـــان ڕونیان کردۆتەوە کە بایەخدان بـــە منـــال پێوەرێکی کاری کەرە بۆ بەرەو پێشەوە چـــــونو پەرەسەندنی کۆمـــەل ، جـــا باخچەکانی منالانو مەلبەنـــدە کانی کۆمەلایەتی یەکێک لـــە هۆیەکانی پێکەیاندنی منـــالی زرینگ • نیازیش لە باخچەی منالانو مەلبەندەکانی کومـــەلایەتی پێکەیاندنی مرۆڤی نوێو نەوەی نوێ دوور لە هەمـــــوو نـــەرێتێکی کۆمەلایـــــەتیو ئایینی •

کاتێ منال تەمەنی دە تـــا تە (٢ - ٣) ساڵ زیاتر هەست بە « شت » دەکات و دەشتوانی لـــە دایـــکو باپـــی دوور بکەویتەوە • جـــا بەو پـــــەری بتوانێ بە شێوەیەکی باشتر پەروەردە بکرێت ، پێویستە زانراوە کە بنیادرێن بۆ ئـــەم باخچەو مەلبەندانە ، لە تایبەتی بە پەروەردە کردنی منال •

لە ڕوی گەشەپێدانی منـــال پێویستە بایەخ بە (سروشتی زیان) یان بدرێت • چونـــکە لەو تەمەنە چی داوا بکـــــەن دەبێ ڕازی بکرێن ، باشـــترین ڕێگاش بۆ ئەم ڕازی کردنـــە پێویستە ئارەزوو خواســـتیان بەجێ بهێنرێ ، چونکە ئـــەو ئارەزووانە ئاوێنەیەکن کـــە هەموو هەستو ئەستی ئـــەو منالەی تیا ڕەنگ دەدانەوە • باخچەی منالانیشی دەستێکی بالای هەیە لە گەشە پێکردنو بەهێز کردنی هۆش و پـــاك کردنەوەی دەروونیان •

ئەوەی شایانی باســـــە باخچەی منالان لە زۆربـــەی شارە گەورەکانو دیهاتـــــە بچوکەکان کراوەتەوە ، ماوەی پەروەردە کردنیش لەو باخچەیە لە کاتژمێری (١٠ - ١٢)یە، هەروەها بە گوێرەی تەمـــەنی منال دابەش دەکرێ بەســـــێ بەش :

لە تەمەنی ٢-٤ساڵ، لە ٤-٥ ٥-٦ ، مامۆستاو خزمەتکەری تایبـــەتی لـــەم باخچـــانە ئیش دەکەنو هەریەك ئیشـــی تایبەتی بێسپێردراوە ، بەیانیو نیوەڕۆش ئەم باخچەیە بـــە درێژایی ساڵ دەرکـــــای لەسەرپشتە ، بۆ ئـــــەوەی پەیوەندی ئەو منالانە لەگـــەل باخچەکە نەپچڕێ •

ئەوەی ڕاستی بێ پەیوەندی نێوان « منالو باخچـــــەو مامۆستا » بەهێـــــزترە لە پەیوەندی خێزان ، بێ گومان هەرچەند پەیوەندی منالەکـــن لەگەل باخچەکە بەتین بکرێ، باشترین هۆیە بۆ زال بـــوون بەسەر هەموو ئەو کۆسپانەی دێتە بەردەم ژیانیان • ئەگەر ئەو منالانە ، هەر لە سەرەتایی تەمەنیانەوە پەیوەندیان بـــە تۆمار داوە لە بارەی بەرهـــەم هێنانو ئامادە کردنەوە ، وە لە بەشداری کردنیکی کـــەورەی دامەزراندنو پێک هێنـــانی « یەکێتـــــی سینەمایـــە ئۆمارێکانی عەرەب » کـــــە بارەگاکەی خۆی لە بەغـــدادا دامەزراندوە •• دامەزرانـــدنو پێک هێنانی ئەم یەکێتیـــیە یەکەم هەنگاوە بۆ هاوکـــاری کردنو کۆ کردنـــــەوە وزەی سینەمایە عەرەبەکـــــان لە دەرخستنو نیشاندانی مەسەلە چارە نوسێکانیاندا ، بەتایبەتی مەسەلەی فەلەستین •

بایەخی ولات بە مەیـــدانی سینەما بە پشتگیری کردنو پەرە پێدانی لە سنوری هەندێ جمو جۆلو دەرکردنی بڕیاردانـــدا ڕانەوەستاوە بەلکو هەنگـــاوی ناوە بۆ دروست کـــــردنی ئەرێتێکی سینەمایی و چەسپاندنی ئەو ئەرێتە • ئـــــەو ئاراستە پیدانەش بە بەشدار بونمان لە فێستفالـــە « میهـــرجان » سینەمایەکاندا دەر ئەکـــەوێت کە لە ولاتاندا ئەکرێن ، لەگەل پێک هێنانی فێستفالی لـــــەو شێوەیە لە ناو خری ولات دا •• لە پێشەکی ڤ واز دا « فێستفالی فلیمو پرۆگرامەکانی فەلەستینە کە خولی یەکەمی لەســـــلی ١٩٧٣ داو خولی دووهەمی لـە ساڵی ١٩٧٦ لە بەغدا دا بەست •• سەرەرای ئەوە ژۆریـــــەی هەفتە سینەمایەکانی عـــەرەبیو جیهانی کە ولات لە ســـــالانی شۆڕشدا بەدی ئەکات ، لەوانە هەفتەی فلیمـــــی تونسو یوگوسلافیو بولگـــــاریو فەرەنسیمان بینی •• لەوانەیە یەکـــــەم فیســـــــتفالی فلیمـــە دیکۆمەنتـــەکـان کە بە بۆنەی جەژنەکانی تەمموزەوە لە نیوان (١٧-٢٥)دا کـــرا هەنگاوێکی چاک بێت لـــــەو مەیدانەدا ••

ئەو هەمو پەرەسەندنـــەی لە مەیدانی سینەمادا بـــــەدی ئەکەین نابێت بە دوا قۆناغـــی دابنێین و مەزامان زۆر لـــەوە کەورە ترە ، چونکە سینەمای عەراقی بەردەوام لێرەو لـــە ولاتانی عەرەبو هەمو جیهاندا لە یاد ناچێتەوە •• بـــــەلام کەیشتن بەو ئاواتە ئـــــەوە ئەرکێکی سەر شانی سینەمایە کانی عیراق خۆیانە ، چونکە هەر ئەوان ئەتوانن مـــــاوەی نەخشەکانو جێبەجێ کـــردن نزیک بکەنەوە ••

— هەناو —

دەرەوە زیاتر بێت دوچـــــاری بکات ، یارمەتـــی منالیـــش چەند مەینەتیکی ژیان دەبـــنو دەدرێ لە کاتێ کە نیشـــتیکی لەلا ئرانو بێزاریە ، تـــــی دەگەیەنرێ کە چۆن ڕووبکـــاتە نـــەو کارە • بـــە شێوەیەکی ڕێك وپێك پزیشك سەر لـــەو باخچانە دەدات بۆ ئاگاداربوون لە تەندروستی منـــــالانو سەرنجدان لە بارەی زیاد بونو کەم بوونەوەی کێشیان •

پزیشکیش سەرنجـــــی تایبەتی خۆی دەتوســـــێو لێ پرسراوان بەمە ئـــاگـــادار دەکاتەوە بۆ چارە سەرکردنی ئەو منالانە لەلای پزیشـــــکی تایبەتی •

● یاری کردنی منالان :

یاری کردن لە باخچەی منالان بە یەکەم جموجۆلی سەرەکی دەژمێردرێ بۆ منال ، کـــاتێ منال بەیانی ڕوودەکاتـــــە باخچەکە ، ئەگەر سەیری بکەی یەکسەر بۆ ژووری کەمەکردن دەچێو خۆی بەو یاریانـــــە خەریك دەکا کە لەتـــــــەل تەمەنیدا دەگونجێ ، مامۆستا کانیش ئەو منالانە دابـــەش دەکەن بەسەر یاریەکـــــان بەپێی ئارەزووەکانیان ، منالی تەمەن کەورەتر دابەش دەکەن بەسەر چەند پیشە ، سازیەکی بچوك •• جا پاش فێربوونیان لە نێوان خۆیان چەنـــــد کاریەکی جوان ڕێك دەخـــەن، وەك لاسایی کردنـــــەوەی « هەلو کەوتی خێـــزان » ،

بڕوانە ل - ٨ -

ودەنگ ٧

— محمود زامدار —

مرۆڤی بەهێز ، مەبەســـتم هێزی بازوونیە ، بەڵکو هێزی عەقلو هێزی تێکچڕژانو بڕواهێنانە بە کۆمەلانی خەڵك و بە بەها بەرزەکانی کەل •• بۆیـــەنـــەبێ لـــە خاسیەتو خـــوو ڕەوشتیان دا بەهێز بن ، تا ڕابەری سەرکردەکانیان بکـــەنو هەڵەکانیان ڕاس کەنەوەو بـــۆخێرو خۆشی هاریکاریان بکەن ••• تادد••• مرۆڤی بێ هێزیش ئەو کەسەیە ، بە دوای پـــەك کەونەو بێ ڕاو بێ سرنجەکان ئەگەڕێ •• کە چی مرۆڤـــی بەهێز ئەو کەسەیە ، بە دوای مرۆڤی بەهێز وێڵەو ئەگـــەڕێ وای نزیك ئەکەوێتەوەو لـــەڕابـــەڕاندنو کـــارو لـــە ڕا دەربڕینی ڕاستکردنەوەو ڕەخنەگرتنا لە تەکیا ئەبێ •••(١)

● بەم ڕایەو بەم سرنجـــەوبەم هەمو عەشق ورستۆڕیی یە ، مامۆستا صـــدام لـــە مرۆڤی بەهێـــزو ســـەرفرازو مرۆڤ نـــەدوێو (ردی اعتبـــاری) ئەداتەوە - بە تایبەتی لـــەم قۆناغە تەسك و تەنگە بـــەرەی کە کاروانی مرۆڤی ئەم وڵاتەی ئێمەی تیدا کەوتۆتە ڕێکـــاوقۆناغ پێچان - لە هەمان کاتا مرۆڤی ترسنۆك وراراو هەلبازو کاسە لێس ومەچەك شـــکێنەر ئەخاتە لاوەو بەمێژوو بـــــە دەرسە قورسەکانی مێـــژووی ئەسپێرێ ••• !

● ••• کاتێ کە مامۆستاصدامی ڕێشنبیرو تێکۆشەر ، ڕوو ئەکاتـــە ئـــەم هەئەیـــقوراستیە •• ئەوا یەکســـەر - خۆیشی باش ئەزانێ - چۆنەمەنتیقی مێژوو مرۆڤی سەرکەرم و پاڵو سەر بەرزو ژانگرتوو ناوەژو ئەکاتەوە •

● بەڵام مرۆڤی داخ لە دڵودژی خۆشەویستیو مەردایەتیو خەباتی بێ ووچانی مرۆڤایەتی سەربڵند ، مومکین نیەو تـــا کرێو نالوێ چـــاوی بـــەم(راستی)یە هـــەڵبێنێ •• چونکـــە زادەی پەروەردەیەکی کەچو با ئراوندیکی پڕ لە ڕقو تەجرەبە و هەلوێستیکی بۆش وپەتالە •••!

● دەنگی دلێرانـــەی مێژووەرۆڤ •• دەنگی هێزی پـــر لە خۆشەویستیو دادو میهرە•• دەنگی تێکچڕژانیکی بـــەر گوشادە ، لەتەل ژانە ڕاستەقینەکانی مرۆڤو خەونە هـــەرە پاکەکانی •••

● تا ڕۆژی نـــەمرۆش ،مێژوو هەزاران هەزار بەنگەی (بەهێزی) بۆ تۆمار کردوین ،کەکێ ژیانو پاشە ڕۆژ دروست بەکـــاو کـــێ دژی ژیـــانوخۆشەویستی یـــە •• چـــارە نووسو باسو خواسی ئەوانەی بوونە شمڵی شەپی سەرە ڕێی مرۆڤو خۆشەویستی وان ••لە چی دایەو لـــە کوێیە ••!! ڕاســـتە : مرۆڤی بەرێز ژۆر ژۆرن ، بـــەڵام مەرج نیـــە (بەهێز) بن •• بەڵام مرۆڤی(ئەمر) هەمیشەو بـــەردەوام (بەهێزە) •• مێژویش خۆیلە خۆیدا ، مێژوی (ئەمرەکانە) ئەك بەرێزەکان ••!

● کوڕگەل •• دەبا (هێز) لە ووشە دەربڕینا •• (هێز) لە شیعرو چیرۆکا •• (هێز) لـەشانۆو تابلۆو لە گۆرانیو لـــە هەڵپەرکێ دا •• (هێز) لـــەبێکەنینا •• نە کارا •• لـــە گریانا لە ژانو هەڵچوونا ••(هێـــــز) لە بەرەنگـــار بوونی شەمشەمەکوێرەکانو خەساوەـکانا •• (هێز) لە قسەکـــردن ومونـاقە شەو ڕاهەڵخستنا ••(هێـــــز) لـــە دژی ڕق وچەوساندنەوەو من منی دا ••بکـــەین بـــە دروشـــمی پیرۆزی لەمەو دوامان •• چونکە (هێز) خۆشەویستیەو هەلوێستـــو ژانی پاك •••!

(١) الثورة - العدد - ٢٤٧٩من تفاصیل حـــدیثی الرفیـــق صدام حسین فی مجلس شعب التأمیم والمجلس التشریعی لمنطقة الحکم الذاتی ••

قوتابخانەکەی قوباد

● علی صدیق : پەیامێنێری« هاوکاری » لە دهوك :

ئەگـــەر سەرنجی ڕابوردوی ناوچەی بادینان بدەین کەلێـــك شوێنەواری کـــۆنو نمونـــەی شارســـتانیتی ڕۆژئـــاڤایکی دیاریکراومان بۆ دەرئەکەوێ•• شوێنەواری (قوتابخانەکـــەی قوباد) نمونەی هونـــەریو شنبیریو ئاوەدانیو هونـــەری ساخومان ســـازی سەردەمی خۆی بوە • ئەم خوێندنگایـــە ئەکەوێتە سەر ڕوباری ئامیدی •• ئەمە یەکێکە لـــە دەسکارە خزمەتکوزاریەکانی ســـوڵتان حسین وەلی کە لە سالی ٩٤٠ - ٩٨٤ی کوچی خزمەتی نـــەو ناوچـــەیە کـــردوە • لـــەم قوتابخانەیەدا تـــەلیك قوتابی زیرەك لێ هاتو لە ناوچە جۆر بە جۆرەکانی ولاتەوە لـــە لای مامۆستاو زانایانو شارەزایانی زمانی عەرەبیو فارسی دەرسیان تیا ئەخوێند ••

بە داخەوە لە دوای ســـالی ١٩٦١ەوە خوێنـــدن لـــەو قوتابخانەیە دا ڕاوەستاو بوو بە وێرانە •• هیوامان ئەوەیـــە بەڕێوە بەرێتی گشتی شوێنەوار شونامی بایـــەخی بێ بدات و شوێنەوارەکەی لە فەوتان ڕزگار بکات و لایەنە ڕوخاوەکانی بـــە پێی نەخشەی ئەندازیاری نوێ چاك بکاتەوە •• چونکە ئەمـــە یا دکاری بەر لە چوار سەدەو نیو زیاترە خزمەتی ڕوشنبیری ئـــەو ســـەردەمەی بابو با بیرانمانی کردوە •

کـــەلیك زانـــای ناودارو خزمەتکوزار لەم قوتابخانەیـــە دەرچون وەکو (شیخ الاسلام ابوسعود العمادی) •

دیسانەوە بە داخەوە تـــا ئیستا هیچ جۆرە نوسینێك لە سەر ئـــەم بڕۆژە ڕوشنبیری وزانســـتی یـــەی ســـەردەمی ڕابوردو نـــەنوسراوە ، ئـــەو زانیاریانەی لـــەبارەی ئـــەم قوتابخانەکەو لای کۆڕســـتانی ئیمام یوسفە•• ئەمقوتابخانەیە بە جۆرێك ناو بانگی دەرکردبو کـــە تـــە نانەت لـــە زانکوی ئەزهەرەوە لـــە میسر چـــەند جارێك وەفدی زانستی هاتون بۆ شی کردنەوەو گەیشـــتنە ئەنجامی چەند ڕاو پرسیارێکی زانستیانە لە بارەی شەریعەتی ئیسلامو ڕیزمانی عەرەبیەوە • (توما بوا)ی ڕۆژ هەڵاتناس لـــە کتیبـــەکەیا (الاکراد) لەلاپەڕەی (١٠٦) دا نوسیویە ئەلێ : لە خوێندنگای قوباد دا زیاتر لـــە دو هەزار دەستنوس هەیە •• وە سوڵتان حســـین وەلی مزری خۆی لە سەر هەمو کتێبە دەستنوسەکان داوە ، لە مزرەکـــەیا نوسرابو (الواثق بالملك الناس حسین بن سلطان حسن العباس) • هەروەهـــا مامۆستا ئەنوەر مانی لە کتیبە-

بڕوانە ل ٨

Institut Kurde de Paris

خـــیزان

بـــۆکـــامـــەرانـــی خـــیزان

هـــەر ئەندامیـــك لـــەئەندامەکانی خیزان لە ژنـــرسیبەری دیموکراتیەتدا هەستدەکا بە نەرخی خۆی و بیـــرو باوەری • وە ئەتوانێ بەشدار بێ لە هەموو کارو باری خیزاندابەم بیرو باوەڕە لەو سنورەی کە یارمەتی ناستی پێگەیشتن و گەورە بوونی دا •

هەر خیزانێك بە کومەلێك دا ئەنری وەکو هەر کومەلێکی تر ئایە کۆمەلێـــکی ئیشمگردن یاخود شتێکی تر •

خیزان بە کومەلیـــــکی سەرەکی دائەنرێ نە بەر دژخی تایبەتی خۆی و سروشـــتی بەیوەندی ئەندامەکانی ئـــەم شتانەی کە رەوشتی کۆمـــەل ئەداتە خیزان ئەمانەیە :ـ

١ هەبوونـــی ئامانجیـــــك کە ئەندامەکانی خیزان کـــۆدەکاتەوە :ـ

ئەندامەکانی خیـــــــزان یارمەتی یەکتری ئەدەن بـــۆ ئەوەی هەر یەکێکیان بکاتـــە ئامانجی خۆی • رەنگـــــــە جیاوازیەك هەبێ لە ئامانجـــی ئەندامەکانی ئەم خیزانـــــەدا ، بەلام ئامانجی هەموویـــــــان ئەوەیە کە کامەرانی و بەختیاری یکاتە هەمو ئەندامەکـــــانی خیزانەکەدا ، وە رێك خستنی کۆششی ئەم ئەندامانە بـــــە بێجەوانەی یەکتری نەبێ •

٢ ـ هەر ئەندامێك ئەرکی خۆی هەیە لە خیزان دا :ـ

ئەوەش بە شێوەکی سەرەکی دا ئەنرێ بۆ هەموو کۆمەلێـــك کە هەر ئەندامێك ئەرکی خۆی هەبێ لەم کومەلەیـــــــەدا ، وە عەینی شت بە نســـــبەتی خیزاندا •

بێ وە یاخود دایك بەشداری چونکە خۆی سەرۆکی خیزانـــەکەیە وە بەخیوکـــــەریەتی • رەنگەئەو بەتەنیا بەخیوکەری ئەرکی سەرەکی بۆ باوکە ، ئەکا ئەگەر ئیشی ئەکـــــردوە بەشێك لە منداڵەکان ئەگەر ئیشـــیان ئەکرد • کوڕیـــش ئەرکـــی خۆی هەیە لە خیزانەکە • بێویست ناکات ئەرکـــی یەکێکی تر وەرگری • رەنگـــەئەم کوزە قوتابی بێ لە مەکتب لەم کاتەدا بێویستە ئەرکـــی خۆی ببینێ وەکو قوتابیـــەك بە خوێندنی دەرسەکـــانی وەهەوڵیدا بۆ ئەوەی سەرکەوێ و ئامانجـــی خـــۆی جێبەجـــێ بکا •

٣ ـ یەك گرتنـــــــەوەی ئەندامەکانی خیزان :ـ

گرنگترین شت بۆ ئـــەوەی چەند ئەندامێك شێوەی کومەلەوەرگرن ئەوەیە کە یەك گرتنەوەهەبێ لە بەینیان • ئەمـــــەش دەبێ بە نسبەتی خیـــــزان ، چونکە یەك گرتنەوە لە بەینـــی ئەندامەکانی بەردەوامـــە لـــــەهەموو کاتێك وە هەمـــــــوو رۆژێك • وە ئەم یەك گرتنەوەلە جەمو جۆلیان دەر ئەکەوێ •

یاسمین محمود طه

ـ منـــداڵ بۆچـــی لەپزیشك ئەترسێ ـ

دایك نارەحەتیەکی گەوردی توش ئەبێت کـــاتێ ئەیەوێت منـــاڵەکەی نیشـــانی زیشکبدات ، بە تایبەتی لە تەمـــەنی ٢ـ٣ ساڵاندا •

لەم تەمەنەدا منال بە ئەواوی دەمەوچـــاوی خـــەلکی لێك جیاناکاتەوەو ئەتوانێت ئـــەو کەسانە دەست نیشان کات کـــە حـــەزیان لێ ناکـــات و خۆشی ناوێن ! بێ گـــومان دەموچاوی پزیشك لای منداڵان یەکێکـــەلـــەو چارە گرانانەی خۆشـــی ناوێن ، بۆیـــە منداڵ لـــــەم تەمەنـــەدا مل نـــادات بۆلای پزیشکو حەزی بە چونە لای دکتۆر نایەت بە تایبەتی ئەگەر هاتو ئەو منداڵە لەشی ئیشـــاو ناساغبو •• منداڵ لەم تەمەنەدا توانای ئەوەی هەیە کە رنگـــای پزیشك نەدات کە تەماشای کات بە تایبەتی کە ئەکەوێتە قیـــژەقیژو گریانو هاوارکردن هەمو دەوروبەری خـــــۆی سەغلەت ئەکات • وەك شتێکی ئاسایی پزیشکی منداڵان لەگەڵ ئـــەمجۆرە خوانەدا راهاتون لەبـــەر ئەوە بەو گریانو خۆراپسکاندنەی منداڵانی هیچ سەغلـــەت نابن و گوێی نادەنێ ، هەرچەندمنداڵ بـــە چونە لای پزیشك نارەحەتبێت بەڵام بە چـــەندجارێك رادێت و ئەویش گـــوێی ناداتی وەلەو دیدەنیە ناترسێت، ئەبێ ئەوەت لەیاد نەچێت کـــە یەکـــەم جـــار منداڵ نیشانی پزیشکدان زۆر نارەحـــەت و گرانەو ناخۆشە •

بەڵام جار لـــە دوای جـــارمنـــداڵەکە زیـــاتر رادێت و پزیشك و عیادەکەی لا ئاسایی دەبێـــت و لێی ناترســـێت و ناسلەمێتەوە بەڵکو منداڵەکـــەدوستایەتی لەگەڵ پزیشکەکەدا پەیدا ئەکات ، بەڵام چاکتر وایەکە لەوەوبێش کاتی سەردانەکە دەست نیشانو دیاری بکـــەن تاکـــو لـــەوی زۆر چاوەروانی نەکـــەن چونکە بـــە چاوەروانی کردن منداڵەکە تاقەتی نەچێت و زیاتر توڕەنەبێت •

ئافرەت و فریشتە و شەیتان

ـ شەرەمین عبدالقادر ـ

لەپێش هـــەموشـــتێکەوەبێویستە ئافرەت ئەوە بزانێت کە ئەرکێکی ئەورەی کۆمەلەکەی بەسەر شانەوەیە ، لـــە هەمان کاتیشدا خـــۆی ئـــەبێ مافی پیرۆزی هـــەیە کـــە ئەبێت مسۆگەری کـــات تاوەکـــو عەدالەتی کۆمەڵایەتی بەرامبەر رابوەستێ • ئافرەت ئـــــەبێ ئەوەش بە چاکی تێبگات کـــە ئـــەبێ هەمیشـــە ئافرەت هاوشانی لەگەڵ پیاودا بـــەوە نایەتە گایەوە کـــە لە هـــەموکردارو ئیشێکدا لاسایی پیاوان بکاتەوە ، بەڵکو هاشانی ئافرەت بەوە دێتەوی کە ئافرەت نرخی خۆی بزانێت و هاوکاری لەگەڵ پیاودا بکات لە هەمو مەیدانێکی ئیش و کارو بیرکردنەوەدا ، ئـــەگاتە ئەو بڕەی پیاو ئەتوانی لێی جیا بێتەوە ، بە چاکی لەنرخی ئافرەت بکات لە بێویستی و بایەخی پێشکەوتن و نرخـــی ژیانیدا •• وە هەرگیز بەیوەندی ئەدەبی و روحی لـــە نیوانیاندانەپچرێت و وای لێ بکات کـــە شتی تاڵو ناخـــۆشی لـــەبیر بچێتەوەو ئامـــادەی لێبوردن بیت و وا لە خۆی بکات کە شت لە خەڵکەوە فیر بێت و شت فێری خەڵکی بکات •

وە ئـــەبێ گیروگرفتەکانی خیـــزان بـــەدلێکی فـــراوانو لەسەرخۆی بەوە چارەســـــەر بکات هاری کاری لە هەموو ئەو بریارانەی کە بەیوەندی بـــــە ژیانـــەوە ئـــەبێت ئـــەوەش بسەلمێنێت کە ئافرەت ئـــەو هەیە بکات •

مرۆڤە ناسك و پرسۆزەیـــە جیاوازیی لە جۆری بیرکردنەوە و شـــێوەی ئیشـــــکردن و بەجێگـــەیاندنی ئـــەرکـــە فیسۆلوجیکاندا لەئەل پیاواندا هـــەیە •• کـــاتی سەبارەت ئافرەت لە برناد شۆیان پرسی وتی : « خۆشم ئەوێت و رقیشم لێیەتی •• بەڵام ناچارم کـــە مافی خـــۆی بدەمێ • ئافرەت شتێکی سەیرە هەردو شـــانی ســـــەرنکی بچـــوکی پڕبی هەڵگرتوە ! » ئافـــرەت بـــە کرداری ناسك و ژیرانـــــەی خۆی ئەبێت لەکـــەل پیـــاودا خێـــزان و بەختیاری خێـــزان دروست بکات •• بەڵام ئەوەندی جـــار لـــە بۆچونێکی هەڵەوە ئافرەت بەختیاری خۆی و خیزان تێك نـــەدات و لانـــەی ژنێتی و دایکایەتی خـــۆی ئەشێوێنێ •• هەندێ ئافرەت هەیە •• ئەگەر میردەکانیان بەهۆی ئیشوکارەوە دەرنگ ئـــەرانەوە ماڵـــەوەو لەدەرەوە دوا کەوتن ئەوە گومان ئەگەوێتە دلیانەوەو ئەکەونـــە شەڕو ئاژاوە نانەوە هەندێکیش هەیە ئەگەر میردەکانیان لەمال ئەچونە دەرەوە ئـــەوە ناقابیلی و تورەیی نیشان ئەدەن و ئەکەونە ناوو ناتورەنان لـــە پیاوەکانیان •• خۆ ئەگەر ئەو پیاوانـــــە ویستیان • لەئیشو کـــاری ناومـــالدا یارمەتی ژنـــەکانیان بدەن ، ئەوە ژنەکانیان نارەزایی دەرئەبڕن کە گوایە ئەو پیاوانە خۆیان لەئیشو کاری نـــەوان هەڵەقورتێنن •• ئەگەر رێکای ئیش کردن و چونـــەدەرەوەی دا ئەوە ئەو ئافرەتانە لـــە خۆیان بایی ئەبن •• ئەگەر رێکـــای لێ گرت و ماوەی نەدا ئـــەوە پیاوەکانیان بە کۆنەپەرســـت ئەدەنە قەڵەم •• ئا بەو جـــۆرە ئەلەیی و نارەزایی لـــە ئافرەت بـــەردەوام ئـــەمێنێت چونکـــە ئافرەت وەك کۆسپێك رێکـــا لـــە پیـــاو ئـــەگرێت و وەك باڵەوانێك لـــە زۆرخانـــەدا ئەیـــەوێت زۆرانبازی لەگـــەڵ پیاودا بکات بەبێ ئەوەی ئـــەوە بزانێت بەو کارانەی ئەورەترین هەڵەی لەگەڵ خۆی و خیـــزان و میردەکەیدا کردوە •• خۆشکی ئافرەت کاتی ئەوە هاتوە کـــە ئەوە تێبگەیێت ئەرکێکی ئەورەت لەسەر شانە بەرامبـــەر ژیان و هەرگیز ناتوانرێت نۆ پشت گوی بخرێیێت و ئەوە چاك بزانە نۆ شتێك لـــەو شتە گرنگانەی کارئەکەنە سەر ژیان و خـــەلق کردن و ئەرکێکی گەورەو گرانی لەسەر شانە ئەگـــەر بزانێت هەڵی سەنگێنێت ، خۆی لـــە هەمو ئەو شتانە ئەبارێزێت کە لـــە نرخی کـــەم ئەکەنەوەو بێ بایەخی ئەکەن لە مەسەلەی پەروەردەکردندا وە لە هـــەمو ئەو کارانەدا کە مۆرکیان دیارە لە چاکی و رێکانمـــایش کردندا •• ئەگەر ژنی بە میردی ئەوە هەولی ئەوە بدە کە لە هـــەمو شتی بەختیاری هەڵبنجی ، لـــە پێناوی ئـــەوەی ماڵەکەت وەك بەهەشتێکی بچکۆلانە لێ بکەیت دڵخۆشی و دڵنیایی ببەخشێ ••

ئەندروستی خیزان

زیانی بۆیاخی قژ

مرۆڤ جۆرەها شت بەکـــار دێنێ بـــۆ ئـــەوەی روخســـاری جوانتربێ ، یەکێك لەو شتانە بۆیاخی قژە ، هەرچەند ئیستا ئەم بۆیاخ کردنە باوێتی بەڵام ئەمە لە هەمو شوێنێکی جیهانەوە لـــــە کۆنەوە بەکارهێنراوە ، چونکە ژن و پیاو قژ سپی بون بە ئیشانەی تەمەنی زۆر دانەنێن •

لـــەم سەردەمـــەدا قازانجی پیشەسازی بۆیاخی قژ ســـــالی ئەگاتە سەدەها ملیۆن دینار •• سالی ٢٠٠ ملیۆن دۆلار تەنیا لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دا قازانجی ئەبێ •

لـــــە بەریتانیا لـــــە هـــەمو کۆگایەکی فرۆشتنی ئەم جۆرە شـــتانە هەمو رەنگێکی بۆیاخ ئەفرۆشرێ •

کارگەکان کە ئەم هەمو جۆرە رەنگانە ئەخەنە بەردەست ئەوە ئەزانن کـــــە ئافرەت زووزوو ئارەزوی گۆڕینی رەنگی قژیان ئەکەن •

مەترسیەکانی ئەم بۆیاخە :

بۆیاخی قژ هەرچەن ئـــــەو کەسەی بەکاری ئەهێنێ دلی بە کۆڕانی قژی خۆش ئەبێ ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانێ کە وا لـــە ئالی جوانیـــاندا مەترسیشیان هەیە چونکە بۆیاخ تەنیا هـــەر رەنگەکە ناگۆڕێ بەڵکو لە ١٪ی ئـــەم بۆیاخە پێستی ســـــەرو دەست (ئەگـــەر بێدەستکێش بەکاری بێنن) ئەیمژێ و ئەچێتە ناو خوێنەکەوە •

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی زانایانی ئەمریکاو ئـــەوروپا وا دەرئەکەوێ ئـــەو کەرەستانەی بۆیاخی قژیان لێ دروست ئەکرێ کار لە خەلیەکانی گیانی مرۆڤ ئەکات ، بەڵام ئەم کارێ کردنە لە رەنگی زەردا کەمترە •

بـــە جۆرێکی گشتی زاناکان لەوە دڵنیانین ئەم کارێ کردنە تووشی نـــەخۆشی شیرپەنجەی بکات ، بەڵام ئەوەی لێی دڵنیان ئـــەوەیە ئـــەم کارێ کردنانە کارێ کردنێکی بیۆلۆجی یـــەو تارادەیەکی زۆر لە کارێ کردنی ئەخۆشی شیرپەنجە ئەچێ •

لەوێ منال بوون بە ـ لەکاتی دیاری کراو •

وریاکردنەوەیەك بۆ ئافرەتی ئیش کەر

شارەزا دەروونیەکـــان ، وانامـــوزگاری ئافـــــــرەتی سك پڕ ئەکەن ، کە لە ئـــاژاوەو قەرەباڵغی ناو شـــــــار دوریکەونەوە . تاکو بەشـــیوەیەکی سروشتی و ئاســـــانی منالیان ببێ ، ئاژاوەو دەنگـــەدەنگ و قەرەباڵغی ئەبنەوەی ئەوەی منال بەر لەکاتی ئاسایی خۆی ببێ • ئەگەر ئیشـــوکار ئەو ئافرەتی هەر ناچار کـــردلەو تێکەڵی و ناو دەنگە دەنگەدا بژی بەلایەنی کەمەوە ، ئـــەبێ هەفتەی رۆژی لە شـــــۆینی هیمنی و بێ دەنگا بەسەربەرێت

شارەزاکان ئەڵێن تاقـــی کردنەوە سەلماندویەتی ژنـــــە لادێی ، بەختی لەم رووەوە لـــەژنی شاری باشترە ، ئـــــەو ژنەش کە ئیش ئەکـــــاتوجگەرەش ئەکیشێ ، بـــــاری نەفسی زیاتر ئالۆز ئەبێ • جابا بپرسین ، کـــاری بێزاری نەفسی بەیوەندی بەمـــــاوەی منالەوە لەسکی دایکدا چیە ؟! وە ئایا بەم پێیەی شارەزاکان ئەڵێین ، لە باشە رۆژا منـــال زوتر لە (٩) مانگی لەدایـــك ئەبێ ؟! چونکە گیروگـــرفتی قەرەباڵغی و شارستانی و بێزاری نەفسی زیاتر ئەبێ •

لەم بارەیەوە ، ســـــــــەرژمارەیەك سەبارەت ، منـــال بوون و گیروگرفتەکانی ئەڵێ :

ساغ بۆتەوە ، کە منـــال بوون ، بەر لەکاتی دیـــــاری کراوی خۆی ، واتە بەر لـــــە(٩) مانگی بەیوەندی راســـتەو خۆی بەوەزعی نەفسی دایکەوەهەیە ، کە میشکی دایك زیاتر هیلاك ئەبێ ،هیـــــلاك بوونی میشك ، ئەبێتە هوی بێهیزی، ترس لەگیانی ئافرەتی ســـك پڕدا دروست ئەکـــا ، کـــە ئـــە دوایدا کار ئەکاتە سەر ئـــەومنالەی لە منالدانیا هەلیگرتوە

هەروەها ، جگەرە کێشانیش ،هویەکە لەهویەکانی دروست کردنی ئالوزی نەفسی ، لەبەرئەوە ، هیمنی و رەخســـاندنی باری ژیانی بێ ئاژاوە بـــــۆ ئافرەتی ســـــك پـــــڕ زۆر پێویستە •

ئەوەی گیروگرفتە لـــــەم بارەیەوە ، منالێ کە بـــەر لـــە (٩) مانگی ئاسایی خۆی ببێ دوای ئەبێتە یار بەســـــــەر دایکەوە ، چونکە ئەبـــــــێ ئەزیەتێکی زۆر بکێشـــی لـــە پەروەردە کردنیاو بێ ئەیاندنی خواردنی تایبەتی ئـــــــەوێ ، گەرماو سەرمای تایبـــــــەتی ئەوێ ، ئەمانە هەمـــــــووی ئەرکێکی زیـــاد نە پێویســـــت ئەخاتە ئەستوێ دایك •

پاکیزە محمد صدیق

بەستنی (پاشماوە)

یەکی فراوان لەنێوان سەرۆکی دایـــــرە لقی یـــــەکانو کـــادرە گریکـــاریە پیشکەوتوەکـــانی پارێزگاکەدا بەســـترا بـــەریز جیگری پارێزگار لەوکۆبونەوەیەدا باسی ئـــەرکی لێ پرسینەوەی دەزگـــا بەرتوەبەریەکـــانو بەشداری کردنیانی کـــرد لـــە بڕگـــەیاندنی بنیـــاتنانی شورشـــگیرانـــەدا بـــــەپێی راپورتی ســـیاسی هەشـــتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعـــی سوشیالیستی عەرەب •

پاشماوەی : پیرۆز بایی سەرۆك ...

دوزمنایەتی کاری دا ، لـــــە پێناوی ئاشتی عادیلانە لـــــە دنیاداو زامن کـــــــــردنی پیشکەوتن و دیموکراتی بـــــۆ ئەلان .

هاوریان :

لە تەواوبونی کونگـــــرەی حەوتەمئانەوە ســـــالی ١٩٧١ زنجیرەیەك گوران لە کارەساتی رەنی بەخزیەوە دیود ، دیارترینیان لـــە ساحەی عەرەبیدا دوای بەســـــتنی کزبونەوەی لیژنەی تەنفیزیتان لـــە سالی ١٩٧٢دا لەبەغدا بریـــــــارە رنتەکەتان بو بە کوناهبـــار کردنی زایونیزمو ئیمپریالیزمو دەست درێژیەکانیـــــان بۆ سەر نەتـــەوەی عەرەبو دەر پەدەرکردنی گـــــەلی عەرەبی ئەلەستینمان لە ٦ی تشرینی یەکەمی ســـالی ١٩٧٣دا شەریکی توی لە ئەنجامی زایونیـــزمدا بەریا بو ، جەماهیـــری عەرەب لە هەموو لایەك هەمـــــوو وزەو توانای خستە شـــــــــەری عەسکەریەوە بۆ شـــــەری رزگاری تەواوو رامال کـــردنی دەســـــــتدرێژی کاری ، وە ئیرانەوەی مافی گـــــــــەلی فەلەستین ، بە نیســـــــبەت عیراقـــــــــەوە هەموو وزەی خســـــتە ئەمر ، وە ئەوتی وەك جـــەك دژی دەست درێژی ئیمپریالیزم و زایونیزم خستەکار .

بەرزان :

ئیمپریالیزمی جیهان ، لـــە بنشیانەوە ئیمپریالیـــــزمی ئەمەریکا بەم رایەریـــــــەی ئەتەوەی عەرەب سەرسام بو هەمو توانای خۆی خســـتە کار بۆ گورینی لایەنی ئیجابی سەرەکە بە ئامانجی گورینی بۆ سودی دوژمن ئەویش لەرێگای فراوانکـــــــــردنی باربوی

بەسکەری و سیاسی و ئابوری ـ ەوە بۆ سایونیزمی دوژمن یان بەرگای راکیشـــــــــــانی هەندی لایەنی عەرەب بـــــۆ مساوەمە کردن ، جا جموجولی ئیمپـــریالیزم تەنیـــا بـــــە لایەنی باربوی دوژمنا تـــــاوی ئەسەند بەڵکو مەبەستی لـــە ناوبردنی هەموو دەسکەوتەیەکی بزوتنەوەی رزگاری عـــەرەبو هیـــزە تێکوشەرەکانی و ئاواتی گەلی فەلەستین بو لەرزگاری دا •

بـــەڵام کـــە ئیمپریالیزمو زایونیزمو ئەوانەی خۆیان بـــە داوتنیانـــەوە بەســـتوە روو بەروی ســـەختی هەڵویسمنی جەماهیری عەرەبو بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین بون بەنایان بردە بەر لە ناوبردنی گیانی کە ئیستا ئەم کارە لە خوین رشتنی لوبناندا خۆی ئەنوێنێ ئـــــەو روداوە بۆ کارەساتەی کە زۆر رووی نۆکـــــەرە ناســـــراو نەناسراوەکانی ئیمپـــریالیزمی خستە روو •

ئەوەی لـــە ساحەی لوبناندا روو ئەدا دەسکردنی ئیمپریالیزم و زایونیزمەو بـــــە بەشـــداری رژێمـــــی ســـــوریاو هیـــــزە فشستو کونەپەرستەکان لـــە لوبنـــان بـــــەلای هیـــــزە شورشگیرەوریاکانەوە ســـــەیر نیە ، وە لە عیراق بە لامانەوە کوتوپڕ نـــــەبو ، زۆر جـــــار وریایمان دەربری وە کە نابێ بە روکەشی درێژزنانـــــەی نـــــەو لایەنانەی ناوچەکە بخەلەتێـــن کە نیەتی خویان شاردۆتەوە ، جا دوای ئەم تاقی کردنەوەیە کە لە بەر رووناکی دا زۆر شـــت سەبارەت تێکوشانی عـــــەرەب بریار ئـــــەدرێ شورشـــگیرە عەرەبەکـــان بـــــەتـــــەواوی کەیشتونەتە ئـــــەو قەناعەتەی کە پیویستە راستی بخریتـــــە بـــەردەم هـــــەموو تێکوشەرانی دنیا ، وە ئەوەی لە لوبنان رو ئەدا بخرێتە روو لەو پیلانانەی ئیمپریالیزمو زایونیـــــزم دژی ئەتەوەی عەرەبو جولانـــــەوەی نازادیخوازی رێکی ئەخـــــەن ، جولانەوەی رزگاری عـــــەرەبو فەلەستین کـــــە بەم رۆژ ئارە ناسکەدا ئەروات وای ئـــەبینی پشتگیری هیزە رزگاریخوازەکانی دنیـــــا مستلزماتی نوی ئەدات بە خۆراگرتنی بـــەروی پیلانەکانی ئیمپریالیزمدا •

کۆماری عیراق لەم قوناغەی تاقی کردنەوەی شورشگێڕاندا نمـــونەی تێکوشانی رزگـــاری عەرەبی ئەبینیو لە گەل هەولی تر کە گەشەپیدانو پتیات نانـــە لـــە رێگای بەرەوسۆشیالستی دا لەگەڵ زامن کـــردنی یەکیتی ـ نیشـــــتمانی بەسەرکردایەتی حزبی بەعســـــی سوشیالستی عەرەب کە ئەیەوێ بەســـــەر ناوچەکەیا بسەپێنێ •

ئیمە ئەم بەربەرەکانی جیهان کە ئەبین هەرگیز لەیادمان نابێ کە ئیمە بەشـــــــچین لەشـــــــری نازادیخوازانی جیهـــــــــان •

هەمیشە هەوڵ ئەدەین کـــــە ئاشتیو ئاسایش بەدادبەروەرانە سەقامگیر بێو رواڵـــــەتی جەوساندنەوەی ئـــــــەلانو داگیرکردنی نازادیان لـــــە جیهانا نەمێنی •

ئیـــــوە ئەی برا بەرزەکان ئەندامانی رکخراوی رۆژنامـــە نوسانی جیهان ئزاناتان هـــــەیە بەشداری پێکهێنانی ئـــــەم ئامانجە پیرۆزە بکەنو بەهـــای خیروپیشکەوتن لە جیهـــــانا بڕوبکەنەوە .

پێویستە ئوانلو قەلەمـــــەکانتان لەسەر ئەم رنگایە بخەنە کار ، وە پێویستە بینە چەکو لە روی ئیمپریالیزمو بەلامارەکانیا بوەستن ، کە ئیلان بـــۆ ئەلان ئەنێتەوە ئارادیـــــان پێشێل ئەکا • وەپیویســـــتە روژنامەنوسی و راگەیانـــــدن بکەنە هۆی لە ناوبردنی پیلانەکانیان •

بەرزان

لەبەرەنگاربونی روژنامـــــەگەری رمان لێکـــــــــــرأوی ئیمپریالیزمو دەزگا راگەیاندنەکانی کە بەستراون بەنخشەکانی ئیمپریالیزمەوە ئاشکرایە پێویستە روزنامەگەری یەکی بیشکەوتوی هوشیارو پڕ چەك بن بۆ ئەوەی هەمـــو هەوڵو تەقەللای لادەرەتان تێـــــك بشکێنن •

ئیمە زۆر بایەخ بـــــــەو هەوڵوتستانەتان لەدەین کـــــە لایەنی مەسەلەی دادبەروەرانەی عەرەب نەکەن وە لـــــە پیش هـــــەو یانەوە مەسەلەی فەلەستین وە دلنیاتان لەئەین کە ئیمەش بشتگیری لـــــەو هاریکاری و ئیش کردنە هاوبەشیە ئەکەین لەگـــــــــەل ئەقابـــــــەی روژنامەنوسانی عیراق و یەکیتی روژنامـــــەنوسانی عەرەب لەسەر رێبازی ئامانجە هاوبەشیە ئەمان لـــــە حـــــەباتا دری ئیمپریالیزمو زایونیستە رەگەز پەرستەکانو هـــــەمو هێـــــزی گۆڕەپەرستە درندەکان لەجیهانا .

لەکۆتاییدا داوای سەرکەوتنی کونگرەکەتان ئەکەم لـــــە بەسەر ئارزوە کانـــــــــانا سەرکەوتو بن •• لیتـــــــــر سلاوتان لێ بێ •

تاودع

Institut kurde de Paris

بەیارمەتی ئێوە

گەلانی زیندووی ، هۆشیار ڕێزی کاردەکەرنو ، بایەخی دەدەنێ ، ئەمە ئەگەر نەڵێین بە پیرۆزی دەزانن •• پشتگوێ خستنی کرو کەمتەرخەمی کردن تیایدا نیشانەی خۆسووکردنی نادەمیزادە ، تا وای لێهاتووە ڕاکردن ـ یان هەوڵدان بۆ ڕاکردن ـ لە کار بۆتە تاوان •

بۆیە ، لەم گەلانەدا ، دەبینین هاوولاتی بەهەموو توانا و خۆشەویستییەکی دنیا ژیانەوە ڕوودەکاتە کارەکەی ، هەروەکو ڕوو لە کات بەسەربردنێکی زۆرخۆش و بەنام بکات ، بە بایەخ پێدان و وردی و دەستپاکییەکی تەواویشەوە لە ماوەی کارەکەیدا خۆی بۆ ئەو کارە تەرخانەدەکات چونکە کارەکەی وەك منداڵەکانی خۆشدەوێ •• هەر بۆیە ئەم گەلانە بەڕاستی شایانی ئەوەن ناوی گەلانی زینەدوو •• هۆشیار •• ڕاپەڕیویان لێبترێت •

بەڵام ئێمە ، لەژێر هەموو ئەو میراتییانەی لەسەردەمەکانی دراکەوتن و گۆڕانەبەرستییەوە بۆمان ماوەتەوە ، لەگەڵ ئەو کارە بەردەوام ئەرکە لە ڕادەبەدەردا کە ئەو میراتە بەسەرماندا دەیسەپێنێت بۆ بزاردنەوەی ئەودی لە دەستمان چووە •• لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێویستمان بەڕزگارتنی کار هەیە ، ئەگەر نەڵێین بایەخ بەکار نەدان لەناوماندا زاڵە ، بەڵێ ئەم بایەخ نەدانە وای لێهاتووە بووەتە ڕێبازو ، ڕزگارتنی کار دەگەیەنە •• بۆیە زۆرکەس ـ ئای کە چێژی شەرەف ـ هۆزوبیانووی وایان بۆ ڕاکردن لە کار داهێناوەو وایان ڕازاندۆتەوە هەرەپرسە ، بەبێ ئەوەی هیچ شەرەکیش بیانزانێت نووسینتاو چێژی کارەکانیان بەچێژ دەهێنن و لەمەوو لەولاو لە ژوورو شوێنەکانی تری هەڵیەندی کارەکەیاندا خۆیان دەشارنەوە ، تەنانەت هەندێك بەزیرەکی دەزانن هەڵیەندی کارەکەیان بەچێژبهێنن و لە کارەکەیان ڕابکەن و بە بازاڕو دوکانەکاندا بسووڕێنەوە ، یان سەر لە هاوێ و ناسیاوەکانیان بدەن لە چێژەکەی تردا •

ئەم دیاردانەی کە نیشانەی کەمڕزگرتنی کارەو ، نیشانەی نائیلتیزامی مادی و ڕەوشتە بەرامبەر بە کۆمەڵ ، چەند دیاردەیەکی گشتی نییە ، بەڵام زوربەیە •• ئەم دیاردە خراپانەی لە ژیانی زوربەماندا هەیە واتاکات نەتوانین بڵێین کەمتنی وا هەیە بە گیانێکی خۆبەختکردن و ، بەڕاستی و ، بە دڵسۆزییەکی واوە کارنەکەن تا ڕادەی شەیدابیە بۆ کاروپیشەکەیان ، بەڵام ـ ئاخ بە داخەوە ـ ••• کە من •

لەبەر ئەمەشە لەسەر ڕاوەستانە مێژووییەکەی تیکۆشەر صدام حسین لە کۆڕی لیکۆڵینەوەی هۆیەکانی کەم بەرهەمهێناندا کارێکی مەزنە بۆ دەستنیشانکردنێکی بە چەرکانەی ڕوون و ئاشکراو بە چاوێکی شۆڕشگێرانەوەیە کە بە دوورەپەرێزو لە کار ڕاکردووەکان ئەڵێت « پاشکەزبووەوەن و لە ئەنجامدا خزمەتی نیستیعمارو ڕاستڕەوانەکەن » ، و کە « هەرکەسێك لە هەموو کاتە دیاری کراوەکەیدا بە وردی کارنەکات دزەو هەموو کەل ئەروو تێنێتەوە » •

ئەرێ •• دەبێ لەو کەسە بەدبەختو دڵڕەقتر هەبێت کە خزمەتکاری ئیمپریالیزمو ڕاستڕەوەو ـ دزەو سامانی گەل ئەخوات ؟!•

نەخێر ، ئەوە بەدبەختترو دڵڕەقتر نیە بۆ یەکێك کە وێژدانێکی هاوولاتیبانەی ڕاستی هەبێت •

لەگەڵ ئەوشدا ، هێشتا ماوەیەکی زۆرماوە •• هێشتاش نیشتیمانە بەنرخەکەمان بە فراوانی سنگ بۆ پەشیمانەکان ئەکاتەوە تا فرەیسکی پەشیمانی لەسەر سینگی هەڵێژنو بیکەن بە کاریکی بەردەوامی خۆبەختکەرانەو دڵسۆزانەی بۆ سرینەوەی گوناهەکانی پێشوویانو ، بۆ بە وەفایی بەرامبەر بە ئەرك لە ڕووی هەموو زەرەرەخۆڕێك و شنەبایەکدا کە لەسەری و لەناویا ژیاون •••

ئای کە ئەمەش نرخێکی کەمە بۆ ئەوە •••

عثمان محمد فائق
١٢ـ٩ـ١٩٧٦

چەند تفەنگێکی بەزنرو ئەڵماس نەخشەنراو

ئەم تفەنگانەی وێنەیان گیراوە کۆمەڵە تفەنگێکی کرانیە هاو جوانی هەندێك لە ئەمیرەکانی ژوروی ئەفەریقا بوە •• زوربەی ئەم تفەنگانە لە داری نرخدارو بەزێر ڕوکەش کراو دروست کراونو چەند پارچە ئەڵماسێکی نایابیان تیا چەسپ کراوە •

بۆیە کەمین جار ئەم دا لە لەندەن نیشان دراوە کە لە ماوەی میهرەجانی تفەنگانە لە بیشانگای ئیسلامی ئیسلامیدا ساز کرابو وە ماوەی بیشانگاکە نزیکەی (٤٥)ڕۆژ مایەوە •

ـ سەرنجو جەژنە پیرۆزە ـ

● خوێنەرانی بەرێز ئاگادار ئەکەین ، کە ژمارەی هەفتەی داهاتوی « هاوکاری» بەبۆنەی پیشوی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە دەرناچێتو دوای ئەوە ، واتە لە ٦ـ١٠ـ١٩٧٦دا ئاسایی دەرئەچێ •

● بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزیشەوە ، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی ، لە هەموو خوێنەرانی بەرێز ئەکەین و هیوادارین هەموو ساڵ وەلەسای شۆڕشو سەرکردایەتی سیاسی ئەم وڵاتەداو دەسکەوتەی شۆڕشگێرانەی زۆر ترا جەژنمان بۆ بکەرێتەوە •

هاوکاری

خۆشەویستی هەمیشە لاویەتی ئەپارێزێ

٢٠ ساڵ زیاتر ئەبێ ، زانایانی سوفییەت ، بەشوێن لیکۆڵینەوەیەکی وردی زانستیانەدا ئەگەڕێن لە بارەی لیکۆڵینەوەو دژینەوەی شانەی ئاوەندی ژیان (گیان) لە لەشی مرۆڤدا ، لەوەزیاتریان دەستئەبرنەبوە کە لە ناو دڵا دو بۆشایی هەیە یەکیکیان پەردەیەکی تەنکی وەکو جیوەی تیایە تا ئەوکاتەی گیان لە لەشی مرۆڤەکدا مابێ ئەدرەوشێتەوە • ئینجاکە مرۆڤەکە مرد ئیتر درەوشاوەییەکەی ناهێنی وئەکوژێتەوە •

ئەوەی لەم لیکۆڵینەوە خۆراکیشان مەلبەندی درێژەدا بەدەست هاتووەو هەمیشەیی جوانیو لاوێتی یە• ئەنجامێکی باشی داوە بەدەست تیکڕا وتویانە ماسولکەکانی زانستی ئەمڕۆوە ئەوەیە کە لەشو دەموچاو ماندوێتیو خەو لاوێتی لە لەشی مرۆڤدا تالوزی تیا دەرنەکەوێ •• تازە ئەکاتەوە ، وەهایان وەئەوەیان کە سەلماندوە کە بلاوکردزنەوە ئەگەر مرۆڤ ١٢ ماندوبونی لەش زۆر جار سەعات بخەوی لەوانەیە ئەبێتە هۆی ماندوبونی دەرون• لەم دوایەیدا ••وە لە مانگی شارەزایانی ئارایشت ئەمڕۆ ڕاوردو ڕاناو شارەزایانی بەربەرچی لیکۆڵینەوەکانی ئارا سوفییەتیەکانیان ئەداوەتەوە لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا ، بەڵام لەبارەی ماوەی ئەوە ڕیکەوتن کە خەوتن بەیانیان بەلای کەمەوە دوسەعات خەوتنەوە کە جوانیو لاوێتی تافرەت ئەپارێزێ ئەم جۆرە بیرورایانە هەیە :

● کچی بچکولە لە ٨ـ٩ سەعات خەوی بەسە لە ڕۆژێکدا •

● کچی هەرزەکاری ٢٥ ساڵانە ڕۆژی شەش سەعات بخەوێ ، ئەگەر ئافرەتە ئیشکەر بوو ئەوا پێویستە لە پاش نانخواردن ماوەیەك ڕاکشێ •

● کەنەبەری دانیشتنی شەوی پڕبکرێتەوە بە خەو سبەینی لە شەوی داهاتویا • شارەزاکان ئامۆژگاری خەڵك ئەکەن کە بە هێمنی بخەون •

● نابێ لە کاتی نان خواردنی نیواراندا زۆر بخۆن•

● زوری خەوتن بەیانیان بەلای کەمەوە دوسەعات خەوتنەوە کە جوانیو لاوێتی ئافرەت ئەپارێزێ ئەم جۆرە بیرورایانە هەیە :

● کچی بچکولە لە ٨ـ٩ سەعات خەوی بەسە لە ڕۆژێکدا •

● کچی هەرزەکاری ٢٥ ساڵانە ڕۆژی شەش سەعات بخەوێ ، ئەگەر ئافرەتە ئیشکەر بوو ئەوا پێویستە لە پاش نانخواردن ماوەیەك ڕاکشێ •

● کەنەبەری دانیشتنی شەوی پڕبکرێتەوە بە خەو سبەینی لە شەوی داهاتویا • شارەزاکان ئامۆژگاری خەڵك ئەکەن کە بە هێمنی بخەون •

● نابێ لە کاتی نان خواردنی نیواراندا زۆر بخۆن•

● زوری خەوتن بەیانیان بەلای کەمەوە دوسەعات ناشتا پەرداخێك ئاوی ساردی بخورێتەوە •

باس وخواستی سەبارەت بە گۆرانی کوردی

گورانی بێژێکی زوروی وڵاتی خۆشەویستە ، ئەماشاکەرانی تەلەفزیونی تامیم ئەیناسنو دەنگێکی خۆشو سازگاری هەیە ، ناوی سعید داودە • لە بینینێکدا ئەم ئفتەو گۆیەمان سەبارت گۆرانی کوردی کردو لەو گفتەو گۆیە خۆشەدا هەندێ لایەنی پەرەسەندوی گۆرانی کوردی ڕوون کرایەوە •

پێشەکی لە بارەی سەرەتاو پەرەسەندنی گۆرانی کوردیەوە وتی ••

زور له کارتر کردن ـ که له بنچینه‌دا وا ئه‌درێته قه‌له‌م که کوێ نادانه مه‌سه‌له‌ی زایونیزم ـ ئێستا که زیادی کردوه • ئه‌و چاو پێکه‌وتنه‌دا که له‌م دوایه‌دا سه‌بارەت کاروباری ده‌ره‌وه له‌ئه‌لیدا گراوه ، ماوه‌یه‌کی که‌م پێش به‌ستنی کۆنگره‌ی حیزبی دیموکراتی ، کارتر ئه‌وه‌ی ده‌ست نیشان کردوه که ئه‌گه‌ر به سه‌رۆکی ولاته یه‌ك کرتواکانی ئه‌مه‌ریکای‌هه‌ڵبژێرن ئه‌وه ئه‌به‌وێت هه‌مو یارمه‌تیه‌کی ئابوری‌و سه‌ربازی بدات به ئیسرائیل هه‌ناگو ماوه‌یه‌کی دیاری نه‌کراو ئه‌وه بو فۆرد به‌ڵێنی داوه که له ماوه‌ی سێ ساڵدا ٢٫٥ ملیار دۆلار پێشکه‌ش کات ، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌دا ئاماده‌یی ئه‌وه‌ی نیشاندا به که هه‌مو ساڵێك پێویستی ته‌واوی ئیسرائیل هه‌ڵسه‌نگێنێ ••

ڕۆبرت شتراوسی سه‌رۆکی حیزبی دیموکراتی خۆی پیاوێکی جوله‌که‌یه‌و په‌یوندیه‌کی توندوتۆڵی به زایونیزمه‌وه هه‌یه •• وه یه‌کی له‌وانه‌ی له کاروباری ده‌ره‌وه‌دا زۆر له کارته‌ره‌وه له دوو ساڵی رابوردودا نزیك بون پروفیسور ریتشارد گاردنه‌ره که مامۆستایه له کۆلیجی حقوقی سه‌ر به زانکۆی کۆلۆمبیا‌و ژنه‌که‌ی ئیتالیایه‌کی کاسۆلیکی‌یه‌و لایه‌نگیریکی خوێن گه‌رمی زایونیزمه‌کانه •• ڕاوێژپێکراوی کارو باری ده‌ره‌وه‌ی کارتر زبیگنیو بریزینسکی‌یه که پرۆفیسۆرێکه له په‌یمانگای لیکولینه‌وه‌ی زانکوی کۆلۆمبیا ، جاران دژی زایونیزمی بو ، سه‌ره‌ڕای جۆرج بول جێگری پێشوی وه‌زاره‌تی ده‌ره‌وه یه‌کێکه له‌وانه‌ی زۆر ڕێی تێ‌نه‌چێت که له‌باتی هنری کیسنجر ئه‌و ببێته وه‌زیری ده‌ره‌وه •

ماوه‌یه‌کی که‌م به‌ر له به‌ستنی کۆنگره‌ی حیزب پرۆفیسور بریزنسکی باری دۆخی ڕۆژهه‌ڵاتی هه‌ڵسه‌نگاندوه‌و له‌و باره‌یه‌وه ئه‌ڵێت: ئه‌مه‌ریکا له ناوچه‌ی ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راستدا کۆمه‌ڵێك به‌رژه‌وه‌ندی ئابوری‌و سیاسی‌و ئه‌خلاقی هه‌یه ، له هه‌مویان گرنگ‌تر به‌رژه‌وه‌ندی‌یه ئه‌خلاقیکانێتی که بریتی‌یه له‌و ئیلتیزاماتانه‌ی به‌رامبه‌ر ئیسرائیل هه‌یه‌تی له‌گه‌ڵ بارێزگاری کردنیاندا •• ئێمه ئامرازێکی پێك هێنانی ئیسرائیل بوین ، له‌به‌ر ئه‌وه ئه‌بێ ئامرازێکیش بین له بارێزگاری کردنیدا •• به‌ڕژه وه‌ندیه سیاسیکه‌شمان ئه‌وه‌یه که ئه‌هێلین ئه‌و ناوچه‌یه بکه‌وێته ده‌ست دوژمنانماوه‌ه ، وه ئه‌مه‌ش به شێوه‌یه‌کی کشتی‌ی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت ئه‌گرێته‌وه ••

به‌ڕژه‌وه‌ندی ئابوریشمان‌ئه‌وه‌یه که په‌یوه‌ندی به ئه‌وته‌وه هه‌یه، که ئه‌ك هه‌ر کارئه‌کاته سه‌ر به‌ئارامیمان ، به‌ڵکو کار ئه‌کاته سه‌ر ئاسایش‌و ئه‌منی دۆسته سه‌ره‌کی‌یه کانمان له ئه‌وروپای ڕۆژئاواو ژاپۆن‌دا •• دورنی‌یه ئه‌مه‌ریکا بتوانێت له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌راستدا لایه‌نی هه‌ردوولا بگرێت ، به مه‌رجێك مه‌به‌ستی ئه‌م لایه‌ن گرتنه ئه‌وه‌بێ که له باشه‌ڕۆژێکی نزیکدا زه‌مینه‌ی سیاسی له‌ناوچه‌که‌دا خۆش کرێت •• باوه‌ر ناکه‌م له چوار چێوه‌ی دۆخی ئێستاماندا بتوانین ئه‌وه بکه‌ین یا له ئه‌بونی ته‌خنانیه‌کی ئاشتی خوازانه‌دا •• به‌رای من هه‌ردوو کاره‌که به‌رده‌وام نابن، که به‌رده‌وامیش نه‌بون ، ئه‌وه سه‌ر له‌نوی ناکۆکیکه ده‌ست پێ‌ئه‌کاته‌وه ، له‌م باره‌یه‌دا ڕۆژگرانه که ئه‌مه‌ریکا بتوانێ به جارێك لایه‌نی هه‌ردوو لا بکرێت •

ـ ریکان ـ ـ فورد ـ ـ کارتر ـ

روناکی

هه‌تاو

له‌کاتێکدا ئه‌خشه‌ی که‌شه کردن روخسارێکی ستراتیجیانه‌ی تیه‌واو به‌خۆیه‌وه ئه‌گرێ له‌مه ئه‌وه ئه‌یه‌ڵێ که له‌که‌ل ئه‌و دا خوازیانه‌دا ئه‌گونجێ که له‌م ئه‌خشه‌یه‌دا چاوه‌روان ئه‌کرێ .. ئه‌گه‌ر سه‌رنجێکی وردی ئه‌م ئه‌خشه‌یه بده‌ین ئه‌وه‌مان بۆ ده‌رئه‌که‌وێ که له دوبواردا ئیش ئه‌کات •

یه‌که‌م : له‌ناوبردنی هه‌مو شوێنه‌وارێکی پاشکه‌وتوانه که چه‌ندان ته‌رای دواکه‌وتنی ئه خۆیا کۆکردۆته‌وه به درێژایی ساڵانی رابوردو •

دووه‌م : که‌یشتن به ره‌وتی ئۆڕانکاری پێشکه‌وتوانه له جیهانا بێ ئه‌وه‌ی له‌و راده‌یه‌دا بمێنێته‌وه که کۆمه‌ڵانی وڵاتانی جیهانی سێیه‌می له کۆمه‌له پێشکه‌وتوه‌کان دائه‌بڕی •

شتێکی ئاشکرایه ئه‌خشه‌ی ئه‌خشه‌کردن به‌م جۆره دوجاری چه‌ند گیروگرفت‌و دیمه‌نی سه‌لبیانه ئه‌بێ که جیاوازی له‌نێوان ئه‌خشه‌کان‌و جێ‌به‌جێ کردنیانا ئه‌خولقینێ •

به‌ڵام ئه‌خشه‌ی ته‌واو ئه‌وه‌یه که ئه‌م شته چاوه‌ڕێ کراوه سه‌لبیانه هه‌مو ڕامالی‌و چاره سه‌رێکی سه‌رکه‌وتوانه‌و به‌شێوه‌یه‌کی زانستیانه ده‌سته‌به‌ری بکات که له‌گه‌ڵ کاتی جێ‌به‌جێ کردنه‌کانا بکونجی‌و ئه‌خشه‌که‌ی له‌سه‌ر بروات •

له‌نێوان ئه‌و ئۆڕانکاریه هه‌ڵانه‌دا که له‌م ئه‌خشانه‌دا رویداوه ،ئه‌نجامه‌کان به‌خێرایی به‌دی ئه‌کرێن ودەرئه‌که‌ون ، ئه‌گه‌ر هه‌ندێك له لایه‌نه‌کانی ئه‌خ

لەئاوی ئەدەبدا

من وا ئەڵێم

- صلاح احمد -

● ئەدەب کورتترین ڕێگایە بۆ دۆزینەوەی حەقیقەت ، یان هەر هیچ نەبێت بۆ کەڕان بەدوایدا ٠٠ سانیتر ڕەنگە کەڕانەکەت بە نیمچە ئەنجامێکت بگەیەنێت ، ڕەنگیشە تابێت دوورتر بخاتەوە ، ئەمەشیان لەسەر جۆری ئەو دلسۆزی پاکیە ڕاوەستاوە کە ئەیگریتە بەرو ڕەفتاری پێ ئەکەیت ٠

● بەڵام هەرچی چۆنێك بێت هەر کەڕانەکەت لە دانیشتن و دەست بە کلاوی خۆوەگرتن باشترەو ، باشترینیش ئەوە هەرگیز ڕانەوەستی ٠٠ ئەگەر ڕاوەستایت وەکو هەنگێکت لێدێت وازی لە کەڕان هێنابێت بەدوای گوڵدا ٠٠ لە ئەنجامیشدا وای لێدێت هەنگوینی نەبێتو ، هەنگی بێهەنگوینیش زەردەواڵەیەکی بچووکە !

● کەڕان ٠٠ هەمیشە کەڕان ، ئەگەی بڵێیت مادامەکی زەوی ئەخولێتەوەو لەگەڕی هەمیشەییدایەو منیش لەگەل خۆیدا ئەگەڕێنێت ، ئیتر چ پێویست بە کەڕانی من ئەکات ؟! ئەه !٠٠ ژیان ئاسیاوێکە ئەکەی ئاوی گومانی لێبڕێت ٠٠ قایل‌بوونو دلداکەوتن تەنیا بۆ مرۆڤی بێدەسەڵاتو لاوەکیو بێتوانایەو ، لە ڕێ ڕاوەستان کات بە فیڕۆدانێکی خۆڕاییەو ، تەمەنیش کورتەو تیژڕەو ٠٠ ئەگەر لەگەڵیا ڕەتڕەتکێنە ئەکەیت ، ڕەتت ئەکاتو بەجێت دێڵێت ٠

● پرسیار ٠٠ بەردەوام پرسیار ، ئەیشتن بە ئەنجامێکو بەقەناعەتێك هەموو شتێك نییەو . هەر ئەنجامێك ئەنجامێکی کەی بەدواوەیەو ، هەموو پێکەوە بریتین لەو هەنگاوانەی کە تائێستا ئادەمیزاد لەسەر ڕێگای مێژوودا ناوێتی ، جا ئەگەر ڕاستبێت یان چەوت ٠

● ئادەمیزادە مەزنەکان هەرگیز ئەو کەسانەنین کە لەریزی دانیشتواندا دانیشتوونو ، لەگەل بنێشت جووەکاندا بنێشتیان جووە ٠٠ نەه ! بەپێچەوانەوە هەمیشە ئەو کەسانەن کە بەردەوام بەدوای شتی گەورەو دووردا گەڕاونو ، دواییش هەرهیچ نەبێت چەند شتێکی بچووکیان دۆزیوەتەوە ، ئەگینا ئێستا ئەوانیش لەریزی ئەوکەسانەدا ئەبوون کە چۆن هاتن واش گەڕانەوە ٠

● ئەدەب ڕێگا هەر بەرینەکەی ئادەمیزادە بۆ گەڕانو ٠٠ دۆزینەوەو ٠٠ داهێنان ٠

● ٠٠ بالندەیەکی بزێوە ٠٠ ئەگەر خستە ناو هەر قەفەسێکەوە ، ئەمرێت ٠٠

من وا ئەڵێم ٠٠

ئەی بۆ چی ئەڵێیت ؟!

● وشەکانی شاعیر شی‌بکەرەوە ●
(لە فەلسەفەی تێ ئەگەی)

ڕەخنەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانێ ژمارەیەکی زور لەڕاستیەکانی بەرهەمەکە بدۆزێتەوە ، بۆ خوێندەوار ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنی کەسایەتی کاری تێبکاو بلەقێنی ، یاخود بەناوبڕێتە بەرلێکدانەوەی ئەوزووعی ٠٠ هەروەها ئەبێ بزوانگو ترخی ئەدەبیانەی ڕاستو دوور لەساختەبازی بخوێنێ !

هەر لەبەر ئەمەشدا دوکتۆر عەلی عیزەت لە کتێبەکەیدا « زمانو دلالەت لە شعیردا » کە لەم دواییە دا دەرچووە لە لێکۆڵینەوەکەیداو ڕەخنەگرتن لە شیعرو شاعیرەکاندا ئەو پرۆگرامەی هەڵبژاردووە ٠ ئەم پرۆ ڕامە بەناسانی فەلسەفەی شاعیرو پێشبینیەکەیو جیهانی بیری لەبەنای شیکردنەوەی سیمازەقەکانی ڕێزمان لە شیوازیی شیعرەکەیدا وەئەنجام دەیەنێ !

دوکتۆر عەلی عیزەت پشت بە ڕایەکانی زمانناسە تازەکان دەبەستێ کە ئەلێت زۆر دوورە کەلمە حوکمێك دەرحەقی فەلسەفەی نووسەرێك یان ڕایەکانی دەبێك دەربکەین پێش شیکردنەوەی زمانەکەی ٠٠ چونکە هەموو نووسەرێك هەزو شێوازێکی دیارکراو بۆ دەربڕینی بیرو فەلسەفەو ڕایەکانی نە نووسینەکانیدا ڕەنگ ئەدانەوە ٠٠

دوکتۆر عەلی عیزەت لە کتێبەکەیدا (زمانو دەلالەت لە شعیر)دا پرۆگرامێك دا نەئێ بۆ شیکردنەوەی سیماکانی زمانەوانی لە شیعردا ٠٠ بریتیە لە سێ ئاستەوە لەبەنای ئەمانەوە ئەتوانین بیروباوەڕەکانی شاعیر لێك‌بدەینەوە ئەم سێ‌ئاستە ئەمانەن :

● **ئاستی ووشە ٠٠ بە هۆی ئەمەوە لەو ووشانە ئەکۆڵینەوە کە شاعیر بەکاریان ئەهێنێ ٠٠ بەیوەندی نێوانیان ٠٠ ئەو بەنگاتەی کە ئەنێتەوە ٠٠ ئەو دوورو نزیکانەی کە ووشەکان ئەدەن بەدەستەوە ٠٠ چاوەڕوان کراو ونەکراو ٠**

● ئاستی دەنگ : ئەمەش بایەخ بە شیکردنەوەی سیمادەنگەکانی زمانی شاعیر ئەدا ٠٠ **دووبارە کردنەوەی دەنگەکان ٠٠ بزوێنە یادەنگدارە ٠٠ چڕبەدارە ٠٠ یاکڕووقەبەیە ٠٠ ئاوازدارە ٠٠ یاپێنەدار ٠٠ درێژی بڕگە ٠٠ لەوانەیە درێژبێت ٠٠ هام ئاوەندی‌بێ ٠٠ یا کورت بێ !**

● **ئاستی ڕێزمان ! بریتیە** لە لێکۆڵینەوە لەورستەو پێکهاتنە ڕێزمانە بەناو بانگانەی کە لەشێوازەکەیدا باون ٠

ئەمەش لەوباوەڕەوە هەلقوڵاوە کە پێویستە ڕەخنە لە دەروونی ناوەوەی بەرهەمی ئەدەبی بگیرێت نەوەك یاسایەك یاحوکمێك لە ڕوخساری دەرەوەی بەسەریا بسەپێنرێت ٠٠ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی یاسای تایبەتی خۆی هەیە ئەمەش داوا لەڕەخنەگر ئەکا خۆی ئەم شتە لە بەرهەمی هونەریدا هەلبهێنجێنێ ٠ نابێ بەهیچ شیوەیەك بە بیروباوەری کۆنو دوور لە شێوازی شاعیر، لەبەرهەمەکەی ببینەوەو بچینە ناوەیەوە ٠٠ چونکە ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگر ڕوون کردنەوەو ئاشکرا کردنی ئەو ڕاستیانەیە کەلەبە بەردەستن و لەکاری ئەدەبیدا ئاشکرا دیارن ٠٠ پێویستە بەلگەو گەواهی بۆ دەسکەوتەکانمان لەبەرهەمەکە خۆی هەلبهێنجێنین ٠٠ ئەمەیە مەوزوعیەت لە ڕەخنەگرتندا لەسەر ئەو بناغەیە دانەر لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر شیعری شاعیری خوالێخۆشبوو بەدر شاکر ئەلسیابو ٠٠ شاعیری میسری هاو چەرخ سەلاح عەبدول سەبوور کردوە دوکتۆر عەلی عیزەت لێکۆڵینەوەکەیداو ڕەخنەگرتن لە شیعرو شاعیرەکاندا دەربارەی بەدر شاکر ئەلسەیاب دوو دیوانی شاعیری ناوبراو هەڵبژاردووە ٠٠ ئەم دوو دیوانەش ئەمانەن ! (ازهار واساطیر) کەبریتیە لەهەڵبژاردەی هەردوو کۆمەڵەکەی (ازهار ذابلة)و لەگەل (افسانة) کە لەسالی ١٩٤٧ نووسیویەتی ٠٠ دیوانی (انشودة المطر) کە لەسالی ١٩٦٠ دا دەرچووەو ئەم قەسیدە بەناوبانگانەی تیایە ـ قارئ الدم ـ انشودة المطر ـ مدینة بلا مطر ٠

لەکاتی لێکۆڵینەوەم لەم دوو شاعیرانە سێ بیری بنەڕەت سەری هەڵدایەوە ٠٠ لەتوانام دایە لەبەنای ئەم سێ شتەوە سیمای ووشەکانو دەلالەتیان لە لێکدانەوەی جۆنیەتی دەربڕینی بیرو باوەڕەکان دەرکەوێ سەیابدا ڕوون بکەمەوە ئەم شتە بنەڕەتیانەش ئەمانەن !

● کێشکل خواردنەوە بەدەست بیرێك کە هەرگیز لەری نابێتەوە ئەویش ئەوەیە کە زەمان ڕاوی ئەنێ ٠٠ دوژمنەیەتی ٠٠ زۆرانبازی لەگەل ئەکا ٠٠ ئەم بۆچوونەش ووشەکانی٠٠ جۆری دەنگەکانی ٠٠ تێهەلکێشی زەانی تەواهی بەدەستەوەنو ئەمە ئەسەلێنن ٠

● نووڕە بوونو شۆڕشو توندو تیژی دژی عەبەسیەتی زیانو ٠٠ لێکدانەوەو تێگەیشتنی زەمان بەجۆرێك کە بەئەمانەوە بەسترا وە ٠٠ ئەمەش بەربەرچدانەوەیەکی بەهێز بوو دژی ئەوڕووداوە ناخۆشانەی کەئەوسا گەلێ شوێن لەجیهاندا وەکوعیراقو ڕۆژ ئاوای عەرەبیو میسرو کۆریا دەردی بەدەستەوە ئەخوارد ٠٠ بەشی هەرەزۆری لەوتەی شیعرەکانی کەبەم مەبەستە بەسترا بوون لە زمانی لەدایك بوون ٠٠ سەرئەکەوتنو لەبارچوونو ئەزگیو لەدوایشدا مردن هەڵهێنجاون ، زمانەکەی بڕە لەووشەی ئاسایی‌و چاوەڕوان نەکراو کە بەلایەوە لە عەبەسیەتی زیاندا ئەدوێن ٠

● کەڕانێکی بەردەوامو هەمیشە بەدوای خۆشەویستیو ٠٠ ئافرەتو ٠٠ دوو دڵی دەروون کەهەمیشە ڕاوی ئەنا لەکاتی خەریك بوونیدا ٠٠ ووشەکانی ئەمە ئەسەلێنن ٠٠ لەخۆشەویستی هەمیشە ڕەنجەڕۆو ئا ئومێد بوو ٠٠

چارەسەرکردنی کێشەی خۆشویستنی ئافرەت لەلایەوە سەرەڕای ئەوەش کەلەوەوە هەلقوڵابوو کەخۆشەویستی هەمووشتێکە ٠٠ فێنکایەتی ٠٠ ئامانج ٠٠ ئاسوودەیی ٠٠ هاندەری ژیانە ٠٠ بەڵام خۆشەویستیێکی وونو وون کەرە ٠٠ هەمیشە بەرەو خەمباریو بەژارەیی ئەیبات هەروەکو لەقەسیدەکانیدا (ذکری الفء) و (نهر العذاری) و (لقاو لقاء)دا دیارە ٠

لەیەکێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا کەلەبارەی سەلاح عەبدول سەبووری شاعیر کە لەبەنای کۆمەلە قەسیدەکانی دا « رحلة في الليل »و هەندێ قەسیدەی تری کە نوێتەری تەواوی ڕێڕەوی شیعریەتیو ٠٠ بریتین لە (١٨) قەسیدە ئرنگترینیان (رحلة في الليل)و (احلام الفارس القتيل)ەکردەوویەتی ٠ ٠ دوکتۆر عەلی عیزەت ئەمەی بۆ دەرکەوتووە کە شاعیر ووشەی وای دووبارە کردۆتەوە کە دەلالەت لەڕەشبینی ئەکاتو هەمووباسەکانی بەدەوروپشتی هەژاریی گیان ٠٠ سەرئەکەوتن ٠٠ داماوی و ڕەشبینی ٠٠ وون بوونو خەمو خەفەت ئەسوورێتەوە ٠٠ لێرەدا چەند دەربڕینێکو ووشەی ئاسراو هەیە کەدووبارە ئەکرێتەوەو دەربارەی مردن ٠٠ داماوی ٠٠ بێزاری ٠٠ ئێوارە ٠٠ تاریکیەوە ئەدوێ ٠ ئەم هەست کردنە بەوون بوونو ڕوو بووچی ژیان کە بەشی زۆری لە قەسیدەکانی ٠٠ تێهەلکێشە زمانەوانەکانی ٠٠ ووشە بنەڕتیەکانیو ئەو دەنگانەی بەدوایەوە دێن ئەگرێتەوە ڕەنگی داوەتەوە ٠

کۆن ونوێی لەنێوان گۆڕانی کۆمەڵدا

بۆ گەڕان بەدوای واقیعی سەردەمێکی دیاری کراو دووبیرو ڕای دژەکی ڕو بە بەڕوی یەکتر ڕادە وەستن ٠ ئەو بیروڕایەی کە پاکانە لەو واقیعە دەکاتو ئایەوێ بگۆڕێتو ئەو بیروڕایەی هەوڵێ گۆڕینی ئەو واقیعە دەدا بۆ بەرەو پێش بردنیو ڕزگار کردنی ئەو گیانە مردوە (جمودیە)ی هەیەتی ئەوەش لە تەنجامی « هەست کردن بۆ بیرکردنەوە لە بیرکردنەوەش بۆ تێگەیشتن » کە مرۆڤ تێگەیشت ئەم واقیعە پێتووبستی بە گۆڕین هەیە لێرەدا (تەناقض) پەیدا دەبێت لەگەل مرۆڤەکانی دژ بەو بیرو ڕایە نوێیە ڕادە وەستن ٠ بە هیچ جۆرێکیش پێشکەوتن پەیدا نابێ ئەگەر (تەناقض) نەبێ چونکە «ژیان لە ڕێگای تەناقضەوە بەرێوە دەڕوات » ٠ کەواتە (تەناقض) سەرەتای پەیدابونی بیرکردنەوەیەکی نوێیە لە ژیان ٠٠

هەر لەگەل پەیدابونی ئەو بیرکردنەوە نوێیەدا زۆران باری لەنێوان بیرەکۆنو نوێیەکە پەیدا دەبێت ٠٠ ئەمەش دەبێتە هۆی بەرپابونی شۆڕش لە لایەن بیرە نوێیەکە بەسەر کۆنە کەدا لە پێناوی گۆڕینی ئەم واقیعە بەرەو واقیعێکیتر ٠٠ کەواتە « شۆڕش مانای ابداع کردن» وە ابداعیش یانی هێنانە کایەوەی شتێکی نوێیە ٠

لێرەدا تناقض دەورێکی هەرە سەرەکی هەیە بۆ گۆڕانو شۆڕش کردن بەسەر بیرە چەوتەکان ٠٠ وە ئەگەر تەناقض نەبێ گۆڕانو پێشکەوتن پەیدانابێ ٠

ئەوەندەی مرۆڤ لە واقیع بکۆڵێتەوە سەرەنجام گەیشتن بە واقیعەو پاش واقیع شتێکی ترەیە ٠٠ چکە لە گۆڕان لە واقیعی شتەکانی سەردەمێك بۆ سەردەمێکیتر بەڵام ئایا کەی مرۆڤ ئەیشە واقیعی سەردەمەکەی بەتر ئەوە هەمو ڕاستیەکەی بەس ؟٠٠ واقیعی ئیمرۆ جیاوازی نیە لەگەل واقیعی سبەینێ ٠

بێ‌گومان دەڵێین بەڵێ ئیمرۆ لەگەل سبەینێ جیاوازیان هەیە ٠٠ بەڵام ئەم جیاوازیە پەیدا نابێ لە نێوان ئیمرۆ سبەینێ کەر ئیمرۆ ئەناقض ئەبێ ٠ چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم واقیعە دواکەوتوەی ئیمرۆ بۆ سبەینێ بەجێ بهێڵێ بۆ نمونە :ـ ئەگەر کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دوێنێ هەوڵی ئەدابێ بۆ گورینی هەمو شێوە میتاڵیو ئەقلیدیەکان بەرەو کۆمەڵگایەکی نوێ ٠٠ ئەو پاشکەوتنەی دوێنێ بۆ ئیمرۆ بەجێ دەمێنێ ٠ کەواتە دوێنێ دەبێ ئەیشتبێتە واقیعەکەی ئائیمەش شتەکان بگۆڕین بۆ واقیعی ئیمرۆ ٠

کەواتە واقیع بە (مانا)ی بۆ سەردەمو کاتێکی دیاری کراو جیاوازی هەیە لەگەل مانا دیالیکتیکیەکەی بەڵام مانای ئەوە نیە کە « حەتمیەی مێژوویی شتە نوێکانی نەو سەردەمەی باوە ڕەفز دەکات » نەخێر بەڵکو لە پشتی ئەم شتە نوێیانە شتێکی نوێتر هەیە کە شۆڕش ابداعی تێدا دەکات و شۆڕش دەبێتە هێزێکی جولینەرو گیانێکی دینامیکی شۆڕش ئێرانەی دەداتێ هەتا وەکو لەگەل ڕێڕەوی چەرخو سەردەمدا بگونجێتو ببێت بە شتێکی هاو چەرخ ، ئەدەبیش کەمشان بەشان لەگەل گۆڕانو پێشکەوتنی گۆمەڵدا دەروات لە لایەکیو دەبێتە هێزی گۆڕانو پیشکەوتن لەلایەکی تریشەوە بەدەست بیرێك کە هەرگیز لەری نابێتەوە ئەویش ئەوەیە کەزەمان ڕاوی ئەنێ ٠٠ دوژمنەیەتی ٠٠ زۆرانبازی لەگەل ئەکا ٠٠ ئەم بۆچوونەش ووشەکانی٠٠ جۆری دەنگەکانی ٠٠ تێهەلکێشی زەانی تەواهی بەدەستەوەنو ئەمە ئەسەلێنن ٠

● نووڕە بوونو شۆڕشو توندو تیژی دژی عەبەسیەتی زیانو ٠٠ لێکدانەوەو تێگەیشتنی زەمان بەجۆرێك کە بەئەمانەوە بەسترا وە ٠٠ ئەمەش بەربەرچدانەوەیەکی بەهێز بوو دژی ئەوڕووداوە ناخۆشانەی کەئەوسا گەلێ شوێن لەجیهاندا وەکوعیراقو ڕۆژ ئاوای عەرەبیو میسرو کۆریا دەردی بەدەستەوە ئەخوارد ٠٠ بەشی هەرەزۆری لەوتەی شیعرەکانی کەبەم مەبەستە بەسترا بوون لە زمانی لەدایك بوون ٠٠ سەرئەکەوتنو لەبارچوونو ئەزگیو لەدوایشدا مردن هەڵهێنجاون ، زمانەکەی بڕە لەووشەی ئاسایی‌و چاوەڕوان نەکراو کە بەلایەوە لە عەبەسیەتی زیاندا ئەدوێن ٠

● کەڕانێکی بەردەوامو هەمیشە بەدوای خۆشەویستیو ٠٠ ئافرەتو ٠٠ دوو دڵی دەروون کەهەمیشە ڕاوی ئەنا لەکاتی خەریك بوونیدا ٠٠ ووشەکانی ئەمە ئەسەلێنن ٠٠ لەخۆشەویستی هەمیشە ڕەنجەڕۆو ئا ئومێد بوو ٠٠

چارەسەرکردنی کێشەی خۆشویستنی ئافرەت لەلایەوە سەرەڕای ئەوەش کەلەوەوە هەلقوڵابوو کەخۆشەویستی هەمووشتێکە ٠٠ فێنکایەتی ٠٠ ئامانج ٠٠ ئاسوودەیی ٠٠ هاندەری ژیانە ٠٠ بەڵام خۆشەویستیێکی وونو وون کەرە ٠٠ هەمیشە بەرەو خەمباریو بەژارەیی ئەیبات هەروەکو لەقەسیدەکانیدا (ذکری الفء) و (نهر العذاری) و (لقاو لقاء)دا دیارە ٠

لەیەکێ لە لێکۆڵینەوەکانیدا کەلەبارەی سەلاح عەبدول سەبووری شاعیر کە لەبەنای کۆمەلە قەسیدەکانی دا « رحلة في الليل »و هەندێ قەسیدەی تری کە نوێتەری تەواوی ڕێڕەوی شیعریەتیو ٠٠ بریتین لە (١٨) قەسیدە ئرنگترینیان (رحلة في الليل)و (احلام الفارس القتيل)ەکردەوویەتی ٠ ٠ دوکتۆر عەلی عیزەت ئەمەی بۆ دەرکەوتووە کە شاعیر ووشەی وای دووبارە کردۆتەوە کە دەلالەت لەڕەشبینی ئەکاتو هەمووباسەکانی بەدەوروپشتی هەژاریی گیان ٠٠ سەرئەکەوتن ٠٠ داماوی و ڕەشبینی ٠٠ وون بوونو خەمو خەفەت ئەسوورێتەوە ٠٠ لێرەدا چەند دەربڕینێکو ووشەی ئاسراو هەیە کەدووبارە ئەکرێتەوەو دەربارەی مردن ٠٠ داماوی ٠٠ بێزاری ٠٠ ئێوارە ٠٠ تاریکیەوە ئەدوێ ٠ ئەم هەست کردنە بەوون بوونو ڕوو بووچی ژیان کە بەشی زۆری لە قەسیدەکانی ٠٠ تێهەلکێشە زمانەوانەکانی ٠٠ ووشە بنەڕتیەکانیو ئەو دەنگانەی بەدوایەوە دێن ئەگرێتەوە ڕەنگی داوەتەوە ٠

بڕوانە ل ٨

ورشەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێوان «ڕۆشنبیری»یەوە

حسین عارف

لە ژمارەی پێشوودا وتاری (هونەرو ئەتەوایەتی) بەسێك دێنێتە کایەوە کە هەرچەندە زۆری لەسەر وتراوەو نووسراوە . بەڵام دەعێنێ زۆری تریشی لەسەر بووترێو بنووسرێ ، چونکە باسێکی بایەخدارو زینووەو بەردەوام ڕووبەڕووی دەبینەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئایا نهێنی لەوەدا چییە کە بەرهەمی هونەری‌ی ئەتەوەیەك دەتوانێ سنووری کۆمەڵگاکەی خۆی بشکێنێو لە گشت کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا خۆی بکوتێتە ناو مێشك‌و هەستو ئەستی کۆمەڵانی خەڵکی ئەتەوەکانی ترەوە ؟!٠ واتە چۆن لە هونەرێکی ئەتەوەیی‌یەوە دەبێتە هونەرێکی مرۆڤایەتی ؟!٠

ئاشکرایە هەر کۆمەڵگایەك یا هەر ئەتەوەیەك ڕەووشتو خوو ئەریتو ڕەفتاری تایبەتی خۆی هەیە کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگارێکی دوورو درێژ بەیدابوونو جێگیربوونو شێوەیەکی تایبەتی‌ی جیا لە کۆمەڵگاکانی‌تری وەرگرتوە ٠ جا بەم بارەدا ٠٠ « بەرهەمی هونەری کە مۆری کەسایەتی میللەتێك یان ئەتەوەیەکی پێوە بەدی کرا ، ئەوا بێگومان ئەو کارە یان بەرهەمە هونەریە بەرهەمێکی ڕەسەنە » ، وەك وتارەکە دەسنیشانی کردوە ٠ وانە یەکەمجار ڕەسەنی‌ی بەرهەمەکە مەرجە کە دەبێ بەرهەمێکی ئەتەوەیی بێو بووبێتە ئاوێنەی ڕەووشتو ڕەفتاری کۆمەڵگاکەی خۆیدا قولەرەشی ئەدیوە وەك عەبدێك بچەوسێنرێتەوە ، بەڵام وەك مرۆڤ هەست بە ئازاریان دەکات‌و ڕۆمانەکە وەك بەرهەمێکی مرۆڤایەتی دەخوێنێتەوە کە بە نیسبەت کۆمەڵگای نووسەرەکەیەوە بەرهەمێکی ئەتەوەیی ڕەسەنە ٠ نووسەری وتارەکەش وتوویە : « بەرهەمی ڕەسەنیش ئەوەیە کە خۆی فەرز ئەکا بە سەر مێژووداو ناوەرۆکەکەی بۆ دەرەوەی سنووری ئەو ئەتەوەیە ئەڕوات ، بۆ ئەوەی ببێتە مەسەلەیەکی هاوبەشی مرۆڤایەتی » ٠

بەرای من هیچ هونەرێکی ئەتەوایەتی نییە شەقڵی مرۆڤایەتی بێوە نەبێ ٠ واتە هەر بەرهەمێکی هونەری‌ی ئەتەوەیی دەتوانێ سنوور بشکێنێو ببێتە جیهانی ، بە مەرجێك لە باری تەکنیك‌و ئەستاتیکەوە کۆڵك‌بێو بێگەیشتبێ کە ئەم مەرجەش بەندی ڕادەی پێشکەوتنی ئەو ئەتەوەیە لە ڕووی شارستانی‌و ڕۆشنبیری‌یەوە ٠ دیارە ئەتەوەیەکی دواکەوتوو لە کاروانی شارستانیەت بۆی‌نالوێ هونەرێکی ئەوتۆ بەرهەم بێنێ کە لە ڕووی تەکنیك‌و ئەستاتیکەوە نە ڕادەی ئەوەدا بێ کە ئەتەوەیەکی پێشکەوتوو بەرهەمی دێنێ ٠

خۆ ئەگەر لەم بارەیەوە باس بێنینە سەر هونەرو ئەدەبی کوردیمان ، ئەوا دەبێ هەر لەم باری سەرنجەوە تێی بروانین‌و حسابی لەگەلدا بکەین ٠

⊙

● وشەکانی شاعیر شی‌بکەرەوە ●
(لە فەلسەفەی تێ ئەگەی)

ڕەخنەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە بتوانێ ژمارەیەکی زور لەڕاستیەکانی بەرهەمەکە بدۆزێتەوە ، بۆ خوێندەوار ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی لایەنی کەسایەتی کاری تێبکاو بلەقێنی ، یاخود بەناوبڕێتە بەرلێکدانەوەی ئەوزووعی ٠٠ هەروەها ئەبێ بزوانگو ترخی ئەدەبیانەی ڕاستو دوور لەساختەبازی بخوێنێ !

هەر لەبەر ئەمەشدا دوکتۆر عەلی عیزەت لە کتێبەکەیدا « زمانو دلالەت لە شعیردا » کە لەم دواییە دا دەرچووە لە لێکۆڵینەوەکەیداو ڕەخنەگرتن لە شیعرو شاعیرەکاندا ئەو پرۆگرامەی هەڵبژاردووە ٠ ئەم پرۆ ڕامە بەناسانی فەلسەفەی شاعیرو پێشبینیەکەیو جیهانی بیری لەبەنای شیکردنەوەی سیمازەقەکانی ڕێزمان لە شیوازیی شیعرەکەیدا وەئەنجام دەیەنێ !

دوکتۆر عەلی عیزەت پشت بە ڕایەکانی زمانناسە تازەکان دەبەستێ کە ئەلێت زۆر دوورە کەلمە حوکمێك دەرحەقی فەلسەفەی نووسەرێك یان ڕایەکانی دەبێك دەربکەین پێش شیکردنەوەی زمانەکەی ٠٠ چونکە هەموو نووسەرێك هەزو شێوازێکی دیارکراو بۆ دەربڕینی بیرو فەلسەفەو ڕایەکانی نە نووسینەکانیدا ڕەنگ ئەدانەوە ٠٠

دوکتۆر عەلی عیزەت لە کتێبەکەیدا (زمانو دەلالەت لە شعیر)دا پرۆگرامێك دا نەئێ بۆ شیکردنەوەی سیماکانی زمانەوانی لە شیعردا ٠٠ بریتیە لە سێ ئاستەوە لەبەنای ئەمانەوە ئەتوانین بیروباوەڕەکانی شاعیر لێك‌بدەینەوە ئەم سێ‌ئاستە ئەمانەن :

● **ئاستی ووشە ٠٠ بە هۆی ئەمەوە لەو ووشانە ئەکۆڵینەوە کە شاعیر بەکاریان ئەهێنێ ٠٠ بەیوەندی نێوانیان ٠٠ ئەو بەنگاتەی کە ئەنێتەوە ٠٠ ئەو دوورو نزیکانەی کە ووشەکان ئەدەن بەدەستەوە ٠٠ چاوەڕوان کراو ونەکراو ٠**

● ئاستی دەنگ : ئەمەش بایەخ بە شیکردنەوەی سیمادەنگەکانی زمانی شاعیر ئەدا ٠٠ **دووبارە کردنەوەی دەنگەکان ٠٠ بزوێنە یادەنگدارە ٠٠ چڕبەدارە ٠٠ یاکڕووقەبەیە ٠٠ ئاوازدارە ٠٠ یاپێنەدار ٠٠ درێژی بڕگە ٠٠ لەوانەیە درێژبێت ٠٠ هام ئاوەندی‌بێ ٠٠ یا کورت بێ !**

● **ئاستی ڕێزمان ! بریتیە** لە لێکۆڵینەوە لەورستەو پێکهاتنە ڕێزمانە بەناو بانگانەی کە لەشێوازەکەیدا باون ٠

ئەمەش لەوباوەڕەوە هەلقوڵاوە کە پێویستە ڕەخنە لە دەروونی ناوەوەی بەرهەمی ئەدەبی بگیرێت نەوەك یاسایەك یاحوکمێك لە ڕوخساری دەرەوەی بەسەریا بسەپێنرێت ٠٠ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی یاسای تایبەتی خۆی هەیە ئەمەش داوا لەڕەخنەگر ئەکا خۆی ئەم شتە لە بەرهەمی هونەریدا هەلبهێنجێنێ ٠ نابێ بەهیچ شیوەیەك بە بیروباوەری کۆنو دوور لە شێوازی شاعیر، لەبەرهەمەکەی ببینەوەو بچینە ناوەیەوە ٠٠ چونکە ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگر ڕوون کردنەوەو ئاشکرا کردنی ئەو ڕاستیانەیە کەلەبە بەردەستن و لەکاری ئەدەبیدا ئاشکرا دیارن ٠٠ پێویستە بەلگەو گەواهی بۆ دەسکەوتەکانمان لەبەرهەمەکە خۆی هەلبهێنجێنین ٠٠ ئەمەیە مەوزوعیەت لە ڕەخنەگرتندا لەسەر ئەو بناغەیە دانەر لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر شیعری شاعیری خوالێخۆشبوو بەدر شاکر ئەلسیابو ٠٠ شاعیری میسری هاو چەرخ سەلاح عەبدول سەبوور کردوە دوکتۆر عەلی عیزەت لێکۆڵینەوەکەیداو ڕەخنەگرتن لە شیعرو شاعیرەکاندا ئەو پرۆگرامەی هەڵبژاردووە ٠ ئەم پرۆ ڕامە بەناسانی فەلسەفەی شاعیرو پێشبینیەکەیو جیهانی بیری لەبەنای شیکردنەوەی سیمازەقەکانی ڕێزمان لە شیوازیی شیعرەکەیدا وەئەنجام دەیەنێ !

دوکتۆر عەلی عیزەت پشت بە ڕایەکانی زمانناسە تازەکان دەبەستێ کە ئەلێت زۆر دوورە کەلمە حوکمێك دەرحەقی فەلسەفەی نووسەرێك یان ڕایەکانی دەبێك دەربکەین پێش شیکردنەوەی زمانەکەی ٠٠ چونکە هەموو نووسەرێك هەزو شێوازێکی دیارکراو بۆ دەربڕینی بیرو فەلسەفەو ڕایەکانی نە نووسینەکانیدا ڕەنگ ئەدانەوە ٠٠

دوکتۆر عەلی عیزەت لە کتێبەکەیدا (زمانو دەلالەت لە شعیر)دا پرۆگرامێك دا نەئێ بۆ شیکردنەوەی سیماکانی زمانەوانی لە شیعردا ٠٠ بریتیە لە سێ ئاستەوە لەبەنای ئەمانەوە ئەتوانین بیروباوەڕەکانی شاعیر لێك‌بدەینەوە ئەم سێ‌ئاستە ئەمانەن :

● **ئاستی ووشە ٠٠ بە هۆی ئەمەوە لەو ووشانە ئەکۆڵینەوە کە شاعیر بەکاریان ئەهێنێ ٠٠ بەیوەندی نێوانیان ٠٠ ئەو بەنگاتەی کە ئەنێتەوە ٠٠ ئەو دوورو نزیکانەی کە ووشەکان ئەدەن بەدەستەوە ٠٠ چاوەڕوان کراو ونەکراو ٠**

● ئاستی دەنگ : ئەمەش بایەخ بە شیکردنەوەی سیمادەنگەکانی زمانی شاعیر ئەدا ٠٠ **دووبارە کردنەوەی دەنگەکان ٠٠ بزوێنە یادەنگدارە ٠٠ چڕبەدارە ٠٠ یاکڕووقەبەیە ٠٠ ئاوازدارە ٠٠ یاپێنەدار ٠٠ درێژی بڕگە ٠٠ لەوانەیە درێژبێت ٠٠ هام ئاوەندی‌بێ ٠٠ یا کورت بێ !**

● **ئاستی ڕێزمان ! بریتیە** لە لێکۆڵینەوە لەورستەو پێکهاتنە ڕێزمانە بەناو بانگانەی کە لەشێوازەکەیدا باون ٠

ئەمەش لەوباوەڕەوە هەلقوڵاوە کە پێویستە ڕەخنە لە دەروونی ناوەوەی بەرهەمی ئەدەبی بگیرێت نەوەك یاسایەك یاحوکمێك لە ڕوخساری دەرەوەی بەسەریا بسەپێنرێت ٠٠ هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی یاسای تایبەتی خۆی هەیە ئەمەش داوا لەڕەخنەگر ئەکا خۆی ئەم شتە لە بەرهەمی هونەریدا هەلبهێنجێنێ ٠ نابێ بەهیچ شیوەیەك بە بیروباوەری کۆنو دوور لە شێوازی شاعیر، لەبەرهەمەکەی ببینەوەو بچینە ناوەیەوە ٠٠ چونکە ئەرکی سەرشانی ڕەخنەگر ڕوون کردنەوەو ئاشکرا کردنی ئەو ڕاستیانەیە کەلەبە بەردەستن و لەکاری ئەدەبیدا ئاشکرا دیارن ٠٠ پێویستە بەلگەو گەواهی بۆ دەسکەوتەکانمان لەبەرهەمەکە خۆی هەلبهێنجێنین ٠٠ ئەمەیە مەوزوعیەت لە ڕەخنەگرتندا لەسەر ئەو بناغەیە دانەر لێکۆڵینەوەیەکی لە سەر شیعری شاعیری خوالێخۆشبوو بەدر شاکر ئەلسیابو ٠٠ شاعیری میسری هاو چەرخ سەلاح عەبدول سەبوور کردوە دوکتۆر عەلی عیزەت لێکۆڵینەوەکەیداو ڕەخنەگرتن لە شیعرو شاعیرەکاندا ئەو پرۆگرامەی هەڵبژاردووە ٠ ئەم پرۆ ڕامە بەناسانی فەلسەفەی شاعیرو پێشبینیەکەیو جیهانی بیری لەبەنای شیکردنەوەی سیمازەقەکانی ڕێزمان لە شیوازیی شیعرەکەیدا وەئەنجام دەیەنێ !

دوکتۆر عەلی عیزەت پشت بە ڕایەکانی زمانناسە تازەکان دەبەستێ کە ئەلێت زۆر دوورە کەلمە حوکمێك دەرحەقی فەلسەفەی نووسەرێك یان ڕایەکانی دەبێك دەربکەین پێش شیکردنەوەی زمانەکەی ٠٠ چونکە هەموو نووسەرێك هەزو شێوازێکی دیارکراو بۆ دەربڕینی بیرو فەلسەفەو ڕایەکانی نە نووسینەکانیدا ڕەنگ ئەدانەوە ٠٠

دوکتۆر عەلی عیزەت لە کتێبەکەیدا (زمانو دەلالەت لە شعیر)دا پرۆگرامێك دا نەئێ بۆ

غـاده السمان و ٨ شیعری بەخشان ٨

(غاده) کچه چیـرۆکنووسێکی دیاری ع- ره‌به ٠٠ تا ئسمتا توانیوێتـی بەشدارییەکی ئرینگ لـه کورته چیرۆکا بکات ٠٠ بەلام‌لەدوا کتێبیا - اغلفت علیـك الجب - نه کورتـه چیـرۆکەونه رۆمان نووس‌و نه بیری را وزار نووس‌و کۆنه شیعروته تازه شیعر نووسه ٠

که ئەمرۆکه لەنێو ئەدیبـانی لەم کتێبەیا شتێ‌ئەنووسێت ژن‌و پیاو - نێو ولاتی عەره‌باباوبوه ٠ ئەلێین : (بـاو) ئەك سەرکەوتو ٠٠ چونـکەچەشنه ئەدەبێکی قورسـه ، چەند بەخشانه ئەوەندیـش‌شیعره ٠٠ چەند قورسـه ئەوەندیش ئاسانه ٠٠ چەندشیعره ئەوەندیش بەخشانه ٠٠ مەبەستم (شـیعری‌بەخشانه) که بەنده بـه مۆسیقای ناخ‌و ووشه ئـاوازەداره‌وه ٠٠ ئەو مۆسیقایـەی - که خوێنەر - لەشـتـەدنره‌کانا هەستی پێ‌کات ٠٠ به دارزانی هەست‌و ئاسکی سەرزوسەرنجەکان ٠٠ وشەی ئاوازه داریش : ئەو وشەیەیه کـەلەئەك دەربرینی (بـاری) سایکۆلۆژیا رنك‌وکزکه ٠٠

لەوانەیه (غاده) لـەم تاقیمانەیەیدا ، له رێـزی پێشەوەی ئەو ژنانەی کـەتوانیان دیواری دردۆنگی نێوان بەخشان‌و شیعر دوبەدەر بکەن ٠٠ لەهەر مرۆڤێکا شـاعیری هەیه ٠٠ بەلام نەنیا شـاعیر ئەتوانیت له دیواری (لێـو) ناودیوێت‌و شـیعر بلێت‌وبدوێت‌و تا مردن کۆزانـی بچـرێت ٠٠ (٢٥) بارچۆکـاشیعر (غاده) لەم بەرهەمەیا ئەخاته بەرجاو ٠٠ لەسـەرجەمیا ، چارەسەری ژانی ژنـه عەرەبێکی نوی لـه ئش ووشەکانیا ئەسەلێنی ٠٠

هەر له منالیمەوه (ئـەوان) خەریکی ئەودن تێم بگەیەنن

که چۆلەکەیەکی نێودەس

باشتر له دەی سـەردەخت ٠٠!

بەلام من قەت بڕوام بـەم‌درۆیه نەکردوه ٠٠ ئەمەیـان وشەی ژنه عەرەبێـکی‌شۆرشگێره که زوو دەرکی به یاریەکه کردوەو شۆرشـی بەسەریا بەربا کردوەو هیـچ‌و لوچی پەیوەندیه ترسناکەکانی‌تۆرداوه ٠٠ ژنی بـه پیاوەوه بەستوه :

له حیکایەتەکان‌و له سـەرگوزەشتە ع ره‌بیەکانا
لەسەر لاپەڕەی تاوانـی‌رۆژەکانا
بەردەوام (لەیلای عامری)گیان ئەدات ،
(عیزه) شێت نـەبێت)و(خەنسا) خۆی ئەکوژێت
(عەبله) دەمارەکـانی ئەبڕدرێت ٠٠
بەلام من چەشنه ئافرەتێکی ترم

له ئەوەیەکی ترم ،
ئەوەیەك که روبەروی داروقامچی‌و تۆقاندن ئەبێتەوه
تۆش ، خۆت‌و (قیس‌الملوح‌وعنتره) نفرۆبن ،
چونکه زۆر جار بۆت خەمم‌خواردو مرۆڤایەتی خۆم دوڕاند

ئەم ژنه زۆر دلناسـکه ، زۆریش ٠٠ لـه هەبیتیکا که‌ش‌و هەوای بەیروتی ١٩٧٥ بەدی ئەکەیت ٠٠ بەیـروتی کوشتن ، بڕین ، خـەم ،هەڕەشه وخاپور کـردن‌و قەدەغەیی ٠٠ ئەمانه له کەلێنی(فەرهەنگی) وشـەکانیا دەرئەکەوێت ٠٠ وشـەتیژەکان دائەڕژێنه نێو دەرون‌و گوێچکەی خوێنەرەوەو ژیانی‌پڕ له پەلەپروزەی نێو بەیروتی ئەم ژنـه مرۆڤـەوەدەرئەخەن :

« ودك گوللە سەیمت »
« بڕبێ فیز خەم بخوێن »
« شاری سامناك سەردەمێ‌دایگرتم »
« شێتایەتی‌و تینوارەیـی‌وترسم له هەمێزگرت »
« ئەتلەسی زۆر تاریـك‌ودوژمنکارانه »
« هێرشی ئەبردە بەر قایغی‌رزگاربوونی دلدارەکان »
« وەکو پەلەسریك گوللە لەروی بەهار ئەتەقێنم »
« بەفره داگیرساوه رەنگاورەنگەکه »
« وەك کوژراوی لاشـەی‌کوژەرەکەی هەنگرێت »
« لەژێر کـەلاوەی‌شادمانی‌دا »
« گیلگەیەکی بڕ لەنارنجۆك‌وقامکەکانیان خەنجەرە »

کەش‌و هەوای بەیـروتشتی هەرە دیاری نێو ئـەم بەرهەمەیە ، که ئەگەر مـانشتێکی باشەو لەبەرزەوەنـدی مرۆڤەکانی نێو ئەو شـارەیەکه له هەستو ئاسـەیا دبرۆقەی داوه ٠٠ بەلام چەکێکی‌دوسەرەیه چونکیم ئەم کەشـه (غاده)ی لەنێو چـواردیواری‌تەسکی هەندێ وشەو مـانادا کیبر داوه ٠٠ که ئەم وشانەو لۆژمانانەی زۆر بەکار هێناوه :

« شێتایەتی - خـەم- تینوارەیی - پێست - ماسی- زەریا - ئەلالێنەوه - چەقۆ - غەدر - تاریکی - نووتـەك - بێزاری - هەنجنین - دوبەدەر- توانەوه - » ئەم دوبـاره بوونەوەیه هەندێ وشـەوماناکانیان ، وای لەم شـیعره (بەخشانانه) کردوه کـەیەك شێوەیان هەبێت ٠٠ ترسی نوی بوونەوەی - خوێنـەری - لێ‌ئەکرێت ٠٠ ئەوێ بوونەوەی (کەش ، ئەزمـون ، ژان ، وشەکان ٠٠) چونکیم ئـەم چەشنه نوسینه پتر بەئده بـەموسیقای ناخ ٠ بۆیه ترسـی ئیقـاعی چۆن یـەك‌و دوبارەبووی نێو قەسیدەو بیرتـکی راگوزاری لێ‌ئەکرێت ٠٠

بەلام ئەودی بەتەنکـەوەی(غاده) دێت ئەوەیه کـه (هەولی ژەنینی هەمه چەشنەی‌سەر ئالەت‌و ژێ‌یەکان نادات) هەروەکو چۆن له کورتـەچیرۆکا ئەیژەنێت ٠٠ چونکیم کورته چیرۆك بڕتێی‌یه لـەکەش‌و ژان‌و ئەژمونه تێره‌کان ٠٠ مەرجیش نیه ئەوەنـده(ژانی) بێت ئەوەنده کـه داوای (راستگۆیی)و پیشان‌دانـی هەسـت‌و خەوبینینی توسەرەکەی لێ‌ئەکـرێت ٠٠ بەلام ئەم شیعره بەخشانانه ، دارژانێکی نێو ناخی ئـەومرۆڤەیه که ناوی (غـاده السمان) ٠٠ ئەوەنـدەیش‌بەسه بۆ (غاده) کـه لـەم هەولەیدا بەسـەر ئەمتـەمەی‌دردۆنگی (پسـچۆرێتی) بازی‌داوەو وا لـه خوێنـەرئەکات که چەند ساتێ لەگەل ئەم (مێ‌یینه) عەرەبەی نێـوسەرانسەری ولاتا بژین ٠٠ ئەو مرۆڤەی که له لوبنان‌و بەگشت‌هەست‌و ناسکی‌و رەسەنایەتی‌و خۆشەویسـتی‌و شـۆرش‌ونیگـەرانی‌و رق‌و خـەم‌و دوارۆژیەوه ئـەژیت چونکـەلوبنانی خۆش ئەوێت ٠٠

چیرۆکـەکـانمان و داهـێـنانی دۆخـی کـۆمـەلایـەتی

لەو شمانەی باری ئەدەبی نیشتمانەکەمان گیرۆدەیەتـی ، ئەوەیه تا چی رادەیەك چیرۆك‌و رۆمان له عیراقدا توانیویانه له سـەر رێگـەی بەدی هیمانی دووری ریالیستی لـه نێوان دەرخسـتن‌و وینـەگێشانی ناخەکانی واقیع دەستکـەوت بخـات ، هەروەها له سـەر رێگەی بەدی‌هێنـانی دووری هونەری ٠

ئەدب بەگشـتی ٠ هـەل دەستێت بە ئەرکی دروسـت- کردنی باری مەوزوعی دروست- کردنێکی هونەری ٠٠ تاوەکـو ئیلهامی دێت که تێگەیشتنێکی تەواو بگەیەنێت‌و ئەو شمانەی لـه واقیعدا دەبێت بین بـه تەواوەتی بگرێتـەوه لەگـەل دیاردەکانیدا بـەبێ ئـەوەی بگەیەنێت داوی ساکاری‌و ووتەی رۆژانـەو رواڵـەتی دەرەوه پێشـان‌دان بـه یێودانگی رەخنـەگری‌ی راسـتەقینەیی هەلسەنگاندن‌و گەیاندنی بـه خوێنەران٠ ئەم کارە پێویستی‌ی بـه تێگەیشتنێکی هۆشیارانەو فراوان کـردنی تێگەیشتنی هونەر هـەیه کـه بارودۆخ دەردەخات‌و دەیگرێتـەوه بـه جۆرێك دەبێته رابەرمان که ئەو هونەرەمەنده هـەموو لایـەنه هونەرییـەکانی تێگەیشـتووه تێگەیشتنێك لەوەدا جیاکارە که دەرخستن‌و زانین دەردەخـات‌و ئـەو ئیقاع‌و کار تێ‌کردنـه هەمیشەییەکەی بیشـان دەدات ئـەوك بەدەرخسـتنی ئـەو شوێنانەی کیشکیان لەسـەرەو زانین له ژیان‌و دۆخدا بەلکـوو وەك چۆنیتیکەل یەك دەبن‌و له دروست‌بوونداو یەك دەگرن له قوولی‌و جـڕی‌و هەسـتی بەیوەندەدارو نرخی بیری‌و لـه قـالب‌و بـەیوەندییە بـێ جم‌وجوولەکان ئازاد بوو بـه جۆرێك - لەبـەر ڕووناکی‌ی رەخنەدا - ئەو کارەمان بـۆ دەربکـەوێت وەك شـتێکی گشتی‌ی کونجاو بەبێ ئـەوەی ماوەیەك هەبێت بۆجیاکردنەوەی هونەر له واقیع ٠٠ ئـەرکی جوانکاری‌و بیری‌یەکەی دەوری خۆیان هـەیه ، لێرەدا بـۆ توانەوەی تیغەو جیاکەروەکانی نێوانیان ، کـه هیچ کـەرت بوونێـك‌و دابـڕان‌و ئالـۆز بوونێك هەبێت لـه تێڕوانین‌و باس‌کـردن‌و دیاری‌کـردندا بەلکوو تۆ خۆت لـه بەر دەمی سمفۆنیایەکدا دەبینیەوه کـه ئاوازی موعاناتی مرۆڤایەتی لێ بدات لێدانێـك دەنگی ژیانت بخاته بەر گوێ ٠

لەوانەیه ئەمه سەر لـه نوێ دەرکـەی گفت‌وگـۆ بخـاته سەربشت له مەسەلەی فـۆرم‌و ناوەرۆکدا ئاشما ئەوێت لێرەدا شتێکی نوێ بخەینه سەر ئـەم مەسەلەیه ئـەوه ئەبێت کـه دەلێین سروشتی تێکـەلاوبوون له شوێنەواری ئەدەبی‌ی تەواودا ئـەو سـنوورانـەی هەلوەشاندۆتەوه بۆیه یەکێتی بابەتی پڕ به ئاوازی گونجـاو ژەنگی به هیماو چڕ له بانیەتی زیندووی کاری ئال‌و گۆرکردنی جێگاکانه له مەسەلەی فـۆرم‌و ناوەرۆکدا یـان زال بوونی ئەمیان بەسەر ئەویاندا ٠

ئەم باری سەرنجە دەرگـای ڕاوێژکردنێکی نوێی کـردەوه بۆ چاو خشاندنەوه به ئرخـی هونەرەی تێکسـتەکه ٠ واش دەردەکەوێت هەرکاتێك ڕوانینی هونەرەمـەند فراوان تر بێت‌و تۆژینەوەی له نهێنیەکانی ئـەم دۆخ و یاساکانی و زورانبازی‌و ناکۆکیەکانی قوول‌ترین ، ئەوا نرخی هونـەری جوانکاری‌و لێکدانەکەی دیارترو ئەمر ترو زۆر به هێزو کارتێکەره لـه ڕوونـاك کردنـەوەی ویژدان‌و تازەکردنەوەی هەسـتدا ٠

پاس کردنی ئەم ڕێگەیـەو قوول کردنەوەی ناوەڕۆکەی وا له بوسەر دەکات که جێگەی راستەقینەی‌خۆی‌له شوێنی‌سوود راستی بزووتنەوەی ئـەدەبی‌و فیکـری‌ی نشتمانەکـەیدا بگرێتەوه هەستی هونـەری‌ی دووربخاتەوه بۆ ئەوەی تووشی دەردی زۆر بلێی‌و فـەوزاو ئەهلستیەت ٠

ریالیستی ئەوساو ئێستاش هـەوڵ ئـەدات هـەوڵێکی ڕاسـتەقینه بـۆ دەسـت گیرخستن‌و داڕشتنی غـەمی کۆمەلایەتی‌و سیاسی‌ی ڕێڕەوی کۆمەڵگه له نێوان ئەو نموونـه زیندووانەی له ناو چوارچێوەی بزووتنـەوەی پەرەسەندنـدا گەشه دەکات و ئاوەڕۆیـەکی نوێی پەرەسەندوو بۆ هەنوری چیروکێ ئادگارەکانی ئاشکراو ڕوون بێت ، نووسـەرە تازەکانمان لـەم چەمکە تزیك ئەبوونەتەوه هێشـتاو خۆیان ماندوو ئەکردوده بۆ چوونـه ناخەوەی دۆخی ڕۆژانەی ژیانی مـرۆڤ‌و پەیوەندییـەکانی‌و هەلس‌وکەوتە جۆراوجۆزەکانی، هـەروەها لـەو پالێوەنەرە دەروونی‌و جینـایەتی‌یـەو پەرجـدانەوەکـانیـان نەکۆلیونەتەوه که دەبنه هـۆی پەرەسەندنی ڕەوشتی‌و ڕوانینی لـه مێزوو لـه جیهان هەروەها تێگەیشتنیان سـەبارەت بـه مەسـەلەی شـێوەو ناوەرۆك وەکوو مەسەلەیەکی میکانیکی‌ی بڕ نەکردوو مایەوه نەی‌دەتوانی پالیان پێـوه بنێت بۆ بـەرەه هەسەت‌کردنێکی جیـاکاریان پەرەسەندنێکی دیـار له ئاسۆی ڕوانین‌و ڕنبزدا هیچ سەیریش نیه که تووشی‌بێ ئومێدییـەکی مـەزن بووین کاتێـك شتێك ئادۆزینەوەو ئابینین دەربارەی (خۆمان) بیخوێنینەوه له گـەڵ ئەوەی (کەرەسەی) ڕۆمانیشمان هـەیه ، ئەگـەریش شتێکی بچـووك سـەرپێییمان لـه خۆماندا دۆزییەوه ئەوا لـه چـەند که‌سێکی ئامادەکراو و دروست‌کـراودا داڕێـژراوه ئەگـەر لێوەی بدوێین دەلرێت تووشی ئەنیمیا بوون بـەلام چەند سیفاتێکی دیاری کـراوی وەك قـوولی هونـەری یان گونجانی له ئەڵ هاوچەرخێتیدا بـه سەردا بسەپێنرێت لـه پێوەدانگی ئێمـەوه قسەیەکی پڕوپووچەو بەس کازەکان‌خۆیان ڕسوای دەکەن ئـەو کارانەی حەسـاسیەتی هونـەرییان تێدانییه یان هەستی‌ئایدیۆلـجی یـان هـەستی مێـژوویی بزووتنەوەی جەماوەری تێـدا نییه ٠

جیهـانی ڕۆمـان نووس جیهانێکی فراوانەو سووچەکانی لق‌و پۆپدارن بـه فراوان- گرتنەوەو بەربلاوی‌ی بازنـەی هەست پێ‌کـردن دەناسرێت‌و ئەمەش ئـەو دەردەخات کـه پێویسته هـەرچی شـتێکی قوول‌و ڕیشەیی‌و مرۆڤانه هەیه لـه چوارچێوەی ئـەو تاقی- کردنەوەدا به کار بهێنرێت ٠

بەلام ئێمه - ئەگـەر بـه ووردی بکەڕێین - لـه ڕێڕەوی بەرهەمی چیرۆکدا ئـەوه لـه دەست ئەدەین که ئەماحمان له چەند چیرۆکێکی کورتی کـه قەناعەتی پێ‌بکەین بدۆزینەوه ، که ئەوانەن به پەله ئەنووسراون هـەروەها ئەکەوێتە بـەر شەپۆلی (کۆلەی) بانگـەوازو بلاوکردنەوەو سـوان‌و ، بـه دەستعێنانی نزیك ئەمانـه چەند نموونەیەکی کەمیشن لـه ئەدەبـەکەماندا ، نهینـی‌ی هێزیشی له وەدایه که بۆ ئەوه ئەنووسراون که چەند کەسێك یان نارەزوویەکی ڕاگوزاری یان گومڕا بوونێك ڕازی بکـەن ، بەلکوو وەلامدانەوەی پلیتوو- نەرێکی هونەری‌و ئەماعێکـی ڕاستەقینانەیەو ، دلنیـایی- کردنیشه بۆ چڕی‌ی داهێنان له خودی هونەرمەندداو لـه نێوان پەیوەندی‌ی به واقعەوه ٠ ئەم چیرۆکه کـەمه ، جیاکـارد - بەرش‌و بلاوانەی ناو چـەند ڕۆژنامەو گۆفارو (کۆمـەلە) چیرۆکەکاندا بـەوه جیـادە- کرینەوه که ڕێنەیان کراوه یه بۆ سوود وەرگـرتن له تاقی- کردنەوەکانی دیکه ، هەروەهـا سوود وەرگرتنی له شـەڕۆلە نوێکـانی هونـەری چیرۆك نووسین ٠ ئەویش سوورە لـه سـەر ڕەسەی‌ی ئۆژینەوەو ، ڕاستی‌ی ڕێبـازو نیشانەیەکی ئاشکرا دەر دەخات که نووسەر له عێراقدا دەتوانێت دروست- کـەرو داهێنـەر بێت‌و لـه کارەکەیدا ، له هەرچی شتێکی سلبی هەیه ئێ‌بەڕ ببێت ٠

کامیرای شەش تابلۆو یادگارێك

« ١ »

پەره ٠٠٠ پەره
بیرته چربانت به گویماو
به ئهتنی ، ٠٠٠ باسی دڵداریت لا کردم
ئەم ئەزانی ٠٠٠! خۆشەویستی ، روی له کوێیه ٠٠؟
ها ، نیوەڕۆکه هاتیتو
ئەلقەیەکت له پەنجەم کرد

« ٢ »

پەره ٠٠٠ پەره
ئەو چیشتەنگاوەت له بیره
که خانوو چکەکەم ، دروست کرد
بوت روخانم
ووتت : خۆ ئێمه منال نین
بۆ دووەم جار
ئەوساش چربانت به گوێما

« ٣ »

پەره ٠٠٠ پەره
ها ٠٠٠ ئەو ڕۆژەی له چەمەکه
هەردوکمان ماسیمان ئەگرت‌و
تۆ قوماشەکەت بۆ بەستم
که ماسیەکەشمان بەش‌کرد
زۆرەکەشت بۆ من دانا
چونکه زورت خۆش ئەویستم

« ٤ »

پەره ٠٠٠ پەره
ها ، ئەو ڕۆژەی
ماڵەکانمان چونه سەیران
کەمن بۆ گول دورکەوتمەوه
کەوتیته دوام
بیرته له‌باڵ چنارەکه ٠٠٠ دەست گرتم
رومەتت هێنا ماچی‌کەم
منی گرۆز ماچم نەکرد
زلەیەکی توندت لی‌دام

« ٥ »

پەره ٠٠٠ پەره
بیرته ، چاو شارکێمان ئەکرد
هەردوات کەوتم‌و نەم‌گرتی
خۆت کرد به مالی خۆتانا
چەند فرسەت بو ٠٠٠ مال چۆڵ‌و هۆل
بۆیەکەم جار ماچم‌کردی

عبدالله کریم محمود

• چەند تیرامانێك •

- ئاواز محمد صالح -

● هـەر کۆمەڵێ بگریت ،جۆره خوو ڕەوشت‌و نەریتێکی تایبەتی خۆی هەیه ٠٠ قوولی‌و کارامەیی‌و ڕەسەنایەتی که‌یشی لـه یەکێکەوه تـا یەکێکی‌ترئەگـۆڕیت ٠٠ ئەمـەیان ڕاستی‌یەکەو مقۆمقۆو حـەوت‌وهەشتی له باڵا ناکرێ ٠٠٠

ڕاستەو بێگومان : هـەردەورو پشتێکی کۆمەڵایـەنیش دەورێکی یەجگار مەزن ، لـەرەگ داکوتان‌و قولکردنی ئـەم ڕەوشتانەدا ئەنوێنێ ٠٠!

● ئەمڕۆ ، ڕوپاماڵی بوه به‌ئەوەرەی ژیانی ڕۆژانـەمان ٠٠ ئەم ٠٠ کاتی پێویست ، هاورێ‌مامه حـەمەیی له‌گەڵ هاورێ‌ی خۆی ئەسازێنێ ٠٠ لـەپێناوی‌سووکه دەس پێشـکەریەك ، فەرمانبەر چەپ ئەندازەیی لـەگەڵ سەرۆکەکەی ئـەکات ٠٠ بیاو له‌گەڵ ژن ٠٠ ژن له‌گەڵ‌پیاو ٠٠!!

● بـەڵام ٠٠ سەیرێ ٠٠ ئاوڕێ له منال بدەن ٠٠ ئـەو منـاڵه خنجیلەو ڕۆح سوکەی‌کـەبێ لاورگـەیی‌و بـێ سەرزەنشـت‌و بێ دوروبی ڕوپامـاڵی دارەداره ئەکـات‌و ئەژیت ٠٠ نەزمـان لووسی ئەزانێ‌و نەپیله ٠٠ خۆرسکانەو سەرازادانەی بڕ لـه درەوشان‌وراسـتی‌ی ، ڕوبـەڕوی ژیان ئەبێتەوه ٠٠ له‌بڕقـەی پاك‌ونەرمەپیکەنینی منـاڵا هـەمو ژێ‌یـەکان چۆش ئەسـەنن‌وجوانترین ئاوازو سیمفۆنیـای گەردون‌و بوون‌و مان ئەژەنن !٠

● ئای ٠٠ کـه ئێمـەی‌گەورەیش - ژن‌و پیاو - چەند ئیداویستیمان بـه پێکەنینی‌بێ خەوش ودارزاوی نێودڵەوه هەیه ، کەمایەی لابردنی هەموجەشنه ئازارو ژانێکی سـەره ڕێگامانه ، زمانحاڵیشی ئەڵێ :

« خەڵکینـه ٠٠ پێکـەنن ، چونکه پێکەنین دەرمانی گیانـه ٠٠ واز له کلکەسۆتەیی بێنن ، چونکیم دردی هەره دیاری ئەم چاخه جەنجاڵەیه ٠٠!!

ئـەڵێـن چـی؟

کەس بەدوی خوی نالی ترشه

سلام محمد

خۆخواردنەوەو له خۆبایـی‌بوون‌و خۆپەرستی دیاردەیەکی ئاشکرای ئەم سەدەیەن ،مرۆڤ له‌گەڵ هەمو ئەو دەسکەوتانەی لەرێگای زانستو تەکنەلۆژیاوەبەدی هێناون ، تا ئێسـتا ئەیتوانیوه لەو تەپ‌و دووکەڵ‌وگێژەنه سەختانەی ئـاوەوەی رزگاری بێت که ئەگەر بەراورد بکرێ له‌گەڵ دەسـکەوته زانستی‌یەکانەرزوو ئاسمانیان‌بەینه ٠

ئاوانیارێکی ئەمریکی پاش‌ئەوەی سێ منالی کوشتبو لـه کاتی موحاکەمه کردنیا لافـی‌رەوشت بەرزی‌و ٠٠ بێ‌گوناهی لێ‌ئەدا خۆ ئەگەر له پەنجەرەی‌بەربلاوی ئەم ئاوانبـارەوه بـڕوانین ئەوا ئەبێ بڕوامـان‌به خراپه ئەمێنـێ‌و ٠٠ وای دانێین مرۆڤ چی‌ئەکات یـان‌نایکات له چارەی نووسـرابێ‌و هیچ دەسەڵاتێکی نەبێ ٠

له دایك‌بوونی یاسـا ، یەکێکه له پێویستی‌یه سەرەکیه کانی زال‌بوون بەسەر کۆمەڵی(ئاژەڵێتی مرۆڤ)داو لـه سەردەمی ڕۆمانەکانا یاسـاتەواو یەری‌سەندو سەرەتایەکی بنەڕەتی دامەزراندو هەتا دێش‌له پێشکەوتندایه ٠

ئیهرەنج ئەڵێ «شمشێری‌بێ‌تەرازوو هێزێکی چەوسێنەرە تەرازووی بێ شمشێریـش‌دادێکی لاوازه » ٠٠

لێرەوه ، هەرچەنده کـەسریه دۆی خۆی نالێ ترشه ،بەلام هێز ! هێزی داهێنـەروخۆشەویستی ، هێـزی دادی راستەقینه ، جاك ئەتوانـێ ،دۆی ترش‌و مزرو شـیرین‌و سوێر له یەکتری جیاکاتەوه ٠

Institut Kurde de Paris

میوانداری کۆشکی کۆماری

تشرینی یەکەم : دوێنێ بەیانی دوکتور سعدون عبود ، باڵیۆزی عیراق لە سەنیگال و توفیق عبدالجبار باڵیۆزی عیراق لە سەری لانکە چوونە کۆشکی جمهوری و بە ڕێزەی سەفەریان ناویان لە نۆماری تەشریفاتا نووسی .

هەروا بەپێز طە یاسین علی باڵیۆزی عیراق لە صنعا بە ڕەی هاتنی بۆ بەغدا بۆ هەمان مەبەست چوە کۆشکی جمهوری .. هەروا دوکتور میسر یحیی الملاح ، ئەندامی کارای [illegible] بۆ ئەو گەڕانەوەی ناوی خۆی لە نۆماری [illegible] سەرەڕای دوکتور [illegible] محمد فاضل ، مامۆستای ئەندازیاری شارەکی [illegible] زانستگای [illegible] بەپێزەی گەڕانەوەی بۆ وڵات بۆ هەمان مەبەست چوە کۆشکی جمهوری .

نامەیەک بۆ مامۆستا صدام

لە سەرۆک وەزیرانی ئەڵمانیای دیموکراتەوە

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش نامەیەکی تایبەتی بە (هورست زندرمان) سەرۆک وەزیرانی کۆماری ئەڵمانیای دیموکراتەوە پێ گەیشت .

نامەکە ، بەپێز سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش جێگری وەزیری دەرەوە لە (هورست سکارت) ی باڵویزی ئەڵمانیای وەرگرت .

سەرۆکی ئەنجومەن : ڕێبازە شۆڕشگێڕیەکەمان هەمیشە دەتوانێ بە سەرکۆسپەکاندا تێپەڕێ

لە دەوری سی ساڵەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دا

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەیانی ڕۆژی یەک شەممە، دوەم کۆبوونەوەی خۆی بیکەهێنا لە دەوری بەستڕانی سێیەم خولدا کە ڕۆژی شەممە لە بارەگای ئەنجومەن لە پارز ای هەولێر دەستی پێکرد .

لەم کۆبوونەوەدا بەریز عبدالجلیل وەزیری فێرکردنی بەرزو لیکۆڵینەوەی زانستی و بەرپرسی ڕێکخستنی کاروباری دەسەڵاتی ناوەندی و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و هاوڕێیان عبدالفتاح یاسین و حسن علی ئەندامانی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەشدار بون .

هەر وەها بەڕێزان سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن و ئەندامانی هەردو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێ کردن و پارێزگارانی هەولێر و سلیمانی و دهۆک و سکرتێری لیژنەی بەرزی کاروباری ژوروو هاوڕێیان جێگری سکرتێر و ئەندامانی سەرکردایەتی لقی ژوروی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و ئەندامانی حیزبە نیشتمانی و نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکانی بەشداربون .

● وتاری سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز بەکر مەحمود سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان وتارێکی خوێندەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:

بەڕێز وەزیری فێرکردنی بەرزو لیکۆڵینەوەی زانستی و بەرپرسی ڕێکخستنی کاروباری دەسەڵاتی ناوەندی و دەزگاکانی ئۆتۆنومی .

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی جێبەجێ کردن و ئەندامە بەڕێزەکانی هەردو ئەنجومەن .

ئەو قۆناخەی هەرێمە کەمان بەتێشتی و ناوچە کەمان بەتایبەتی بە ڕێدا دەڕۆن قۆناخێکی ناسکەو داوای هاوکاریەکی پتەو و تێکۆشانێکی لە ڕادەبەدەر و وکارێکی بنیاتنەرمان لێدەکا لە هەمو مەیدانێکدا .. ئیمپریالیزم خەریکە نەخشەو پیلانە کلاوە کانی زۆر بەوردی جێبەجێ دەکا و زۆر لەو ئەو بەکرێگیراوە کانی خستۆتە جمەوجۆل بۆ لە ناوبردنی بنەکە شۆڕشگێڕیەکانی ناوچەو نەهێشتنی هەمو سەنگەرێکی شۆڕشگێڕی .

ئەوەی ئێستا لە لوبنان دەبینرێ بەلگەیەکی ئاشکرای ئەو مەبەستەیەو جمەوجۆلی سوپای ڕێژیمی بەکرێگیراوی سوریا بۆ لێدانی سەنگەرەکانی شۆڕشی فەلەستینی و بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنانیش بەلگەی ئەوەیە کە بەکرێگیراوان دەیانەوێ بنکە شۆڕشگێڕیەکانی ناوچە بەتایبەتی و هی هەمو جیهان بەگشتی لەناو بەرن .

● جەماوەر شورایەکی پتەوە بۆ بەرپەرچدانەوەی دوژمنان

هەر چەند ئێمە دڵنیاین کە ڕێبازە شۆڕشگێڕیە پر لە دەستکەوتە مەزنە کانمان هەمو کاتێک دەتوانی بە سەرکەندو کۆسپدا تێپەڕێ و پیلان و پیلانگێڕان لە ناو بەرێ ، بەڵام ئێوە پێویستە پێداویستی پاڵوێکدانی زیاتر و بەهێز کردنی زیاتری نیشتمانی و بەرەی نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازو بەرایەتی و نیشتمانی دوباتە بکەینەوە بۆ ئەوەی جەماوەرمان بکەینە شورایەکی پتەوو قەڵایەکی قایم کە بەربەرچی دوژمنان دەداتەوەو چاوترسێنیان دەکاو ئامانجەکانیان لەناو دەبا .

عیراق سەرەڕای هەمو پیلانێک بە نموونەی دەولەتێک دەمێنێتەوە کە ڕێبازی سیاسەتی ڕزگاریخوازی و دیموکراتی و سوشیالیستی گرتۆتە پێش چونکە ئەو سیاسەتە لەسەر بناخەیەکی مەبدەئی و فیکری دا مەرزاوەکە لەبیری پێشکەوتوانەی جیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە هەڵدەقوڵێ .

بەڕێزان لاتان ئاشکرایە کە لەت بونی یەکیەتی نیشتمانی ئەو کە لەبەرەیەکە ئیمپریالیزم بۆ پیلان و فیتنەیی بە باشتری دەزانێ و سیاسەتی کۆنەی ئیمپریالیستەکان و چاوچنۆکەکان بریتیە لە « دوبەرەکی بنێوەو ئاغایەنی بکە » ئەویش بە هەڵگیرساندنی ڕقەبەری لە ناو هاونیشتمانان داو بەوە کە خەڵک وا تێبگەیەنێ مەسەلەی کوردیانی عەولدان بۆ جیابونەوە . لەم مەیدانەدا ئیستیعمار زۆر شێوەی بەکار هێناون یەکیان ئەوەیە کە عەرەبەکان وا حالی بکا کە کوردەکان بۆ لەنکردنی عیراق تێدەکۆشن و خەباتی کەلی کورد لەپێناوی مافە نەتەوایەتیە ڕەواکانی دا خەباتە بۆ جیابونەوە . یەکی تریان ئەوەیە کە کوردەکان وا حالی بکا کە عەرەب بۆتە هۆی ئەوە کورد لەمافی نەتەوایەتی خۆی بێبەش بێ .

● ئیمپریالیزم بەرپرسی یەکەمە

ئەو جۆرە سیاسەتانە پاش شۆڕشی ١٧ی تەمموز تەسمیریان ئەماوە ئەو شۆڕشەی کە ئالای برایەتی لەم وڵاتە خۆشەویستەدا بەرز کردۆتەوە کە چەند ئەتەوەی بەبرایەتی و لەژێر سێبەری خۆشەویستی و هاوکاریەکی پتەودا لێدەژین بێجگە لەوەش گەلی کورد تێگەیشتووە ئیمپریالیزم چ فرت و فێڵێکی بۆ ڕێکخستووەو بۆی دەرکەوتوە کە خەباتی ئەو بەشێکە لە خەباتی گەلی عیراق و خەباتی لە پێناوی مافە نەتەوایەتیەکانی دا پتەوکردنە بۆ برایەتی یەکجاری نێوان عەرەب و کورد .

جەماوەرە وشیارە کەمان باش دەزانێ کە ئیستیعمار بەرپرسی بە ڕودواییە لە هەمو ئەو نەگبەتیانەدا کە بە سەر وڵات و گەلەکەمان دا هاتوە بە کوردو عەرەبیەوەو هەر ئەویش هۆ بوە بۆ کێشەو دوژمنایەتی و بزواندنی هەستی خەڵک و هێشتنەوەی وڵات بە دیلی گیرو گرفتەکان ، **چونکە** قازانجی ستراتیژی لەوەدایە کە مەسەلەی کورد هەر لە ئەلفەی داڕژاودا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی هەر کاتێک پێویست بو بە شێوە گلاوەکانی خۆی کەلکی لێوەربگرێ بۆ تێکدانی هێزی نیشتمانی و ئەو ڕێگە نیشتیمارییە کە ئامانجە ئیستیعماریەکانی .

هەر چەند ئیستیعمار چەند جاریک لەو سیاسەتەی دا سەرکەوتوە بەڵام کۆمەڵانی کەلە خەباتکەرە کەمان لەو ڕەفتارانەو ئامانجەکانیان بێ حەبەر نەبون و بەرەی کەل و هێزە نیشتمانیەکانی بەتزایەتی وقارەمانەتی بۆ ڕوخاندنی ئەو ڕێژیمانە خەباتی کردوە کە ئەو بەرنامەو سیاسەتە ئیستیعماریەیان بەڕێوە دەبرد .

● یەکیەتی نیشتمانی

هەر وەها ئەم کۆمەڵانە بڕوایان بەوە هەبو کە بەستنی هەمو کەلێن و کەلەبەرێک بەرەوڕوی ئیستیعمار و سیاسەتەکانی لەیەکیەتی نیشتمانی و پتەوکردنی لەسەر بناخەیەکی زانستی بەوە دەست پێ دەکاو یەکێک لە کۆنە کە بنەرەتیەکانی یەکیەتی نیشتمانیش دانانە بە مافەنەتەوایەتیە ڕەواکانی گەلی کوردمان و چارەسەری مەسەلەی کوردە بەچەشنێکی دادپەروەرانەو زانستی .

بەڵام بەجێ گەیاندنی ئەم ئەرکە نیشتمانی و مێژوییە پێویستی بەبونی سەرکردایەتیەکی سیاسی هەبو کە لە

له هـــــەردوو بەیاننامەکـــــەی سەرکردایەتی شـۆڕش‌و سەرکردایەتی قطری حزب دا :

سـەلماندنی بەکارهێنانی زەمـــەن بـــەوردبینی و بـەرهەمدار وەبەخـەســارەت نەدانی هیچ لایەنێ لەلایەنەکانی سامانی نەتەوەیی

دەقی بەیاننامەکەی سەرکردایەتی قطری حزب :

ئەی رۆڵەکانی گەلەمەزنەکەمان !

ئەی بەعســـــیە تێکۆشەرەکان !

ئەی هێزە پێشکەوتنخوازو شەریفەکانی ئـــەم هەریمـــــەخەباتکەرە !

ئەو سیمینارەی بۆلێکۆڵینەوەی هۆیـــە کانی نزم بونـــەوەی بەرهەمـــــداری (الانتاجیە) بەستراەدەری خست کـە لـە نێوان پێـدا ویستیەکانی وەدی هێنـانی ئامانجەکانی شۆڕش‌ودامەزراندنی کۆمەڵی نوێ‌و لە نێوان ئـــەوکۆشش‌و هۆیانـەدا کە بۆ ئەم مەبەســتەدەخرێنە کـــــار ناتەواوی‌و پاشـــکەوتنێکی زۆر هەیە .

هەرچەند زۆر لەرۆڵەکانی گەل دەمێك بو بەشـی زۆری ئەو ناتەواوی‌و پاشکەوتنەیان ئاگاڵێبو . بـــەڵام کەمتەرخەمی‌یەك کەلەم خالەسەرەکیانـــــەی خوارەوەدا هاتەبەرچاو بۆ هەموکەس تازەبو :

١ ـ بەکار نەهێنانی کەرەستەی بەرهەمهێنـــــان بەچەشنێکی ئابوریانەو ئاقلانە .

٢ ـ بایەخ‌نەدان بەوەخت وەك کەوهەرێکی بەنرخ کەپێویستە بەفیڕۆ نەدرێ‌و خەسارنەکرێ .

٣ ـ بەکار نەهێنانی وزەی مرۆڤ بەچەشـــنێکی دروستو بەرنامە بۆدانراو .

٤ ـ بەرەڵاییەکی بەربـــــڵاو لە ریك‌وپێك‌کردنی پتەوی کاروباری ئیداری‌دا .

٥ ـ پاشکەوتنێکی لەرادەبەدەر لەبەکارهێنـــــانی پێوەندی دیموکراتی‌و کارتێك‌کـــردنی سەروخوارو لە بڵەی لێپرسراوی دا بەوجۆرە کە لەراپۆرتی ســـــیاسی کۆنگرەی هەریمایەتی هەشتەمی حیزب داهـــــاتوە .. بەڵکەتێ نەگەیشتنی ناوەرۆك‌و رێ‌نوێنی‌یەکانی راپۆرت کەبەنەخشەیەکی سیاسی‌و بەبەرنامەی کاری دەزگاکـــانی دەولەت‌و کۆمەڵانی خەڵك دادەنرێ .

ئـــەوە کەکاربەدەستان دەرفـەتی پێویستیان بۆ بەکارهێنانی دیمۆکـــراتی لەودەزگاو دامـــەزراوانە دا کەتێکۆشانی بەرهەم هێنان‌و خزمەتگوزاری‌یان هـــەیە ، بێك نەهێناوە تەنیا بەو مانایە نیە گەمافێکی سەلیفراویان پێ شێل کردوە کەراپۆرتی سیاسی پەسندی کردوە بەڵکە مانای ئەوەیە تاوانیشیان کردوەکە کەگەڵ‌و نەتـــەوەیان لەوزێدە وزەیە بزبەش کردوە کەرەفتاری دیموکراتیا ـ نەوکارتێك کردنی زینـــــدو بێکـــی دەهێنن بۆ زیاتر هەست‌کردن بە لێپرسراوی لەپێنـــاوی بنیـــات نانی کۆمەڵی نوێ دا بەوجۆرە کەشۆرشی مەزنی تەموزو حیزبە سەرکردەکەی دەیانـــــەوێ .. هـــــەروەها بەفیڕۆدانی ئەووەختە کە دەبوایە بۆ کاری بەرهەمدار بـــەکاربهێنرێ چەند دەرفەتێك لەکیس دەدا کـــە پێوست بو بۆ زۆرتر گەیشتن بەئامانجەکانی‌و ستراتیژیەکانی حیزب‌و شۆڕش کەلکیان لێوەربگیرێ .

بەکار نەهێنانی سامانی گەل بەچەشنێکی ئاقلانە بەکەمتەر خەمی لەلێپرسراوی دا دادەنرێ بەچـــەشنێك کەهەڵە لەوذا دەگاتە رادەی خەیانەتی نیشتمانی ئەگـــەر لەوسنورە دەربچێ کە لەسەربناخەی زانستی‌و شارەزایی‌و دەرەتانی لێپرسراوەکان رادەی بۆ دیاری‌کراوە .

وزەخێرخوازەکان لـــە سالی میللی‌کردنی مەزن دا هاندەرو یارمەتی دەری سەرکردایەتی حیـــزب‌و دەولەت بون بۆ ئەوەی تا دوا پلە بڕۆنـــە پێش . هـــــەرئەمەش پالپشتی سەرەکی بـــو لـــەوەدی هێنـــانی سەرکەوتن بەســـەرموتو بۆڵەکان‌و ئاغا ئیمپریالیســـــتەکانیان دا . ئێمە لەم قۆناخەو لەقۆناخەکانی دا هاتوش دا لەسەرمانە ئەوهیممەت‌و توانایانە بەرەبێ‌بدەین کـــە دەستکـــەوتە میژوییەکەی میللی‌کردنیان هێنایە دەست‌و سەرکەوتنەن بەدی هێنـــاو بەچەشنێکی قارەمانانە لەشـــەڕی چۆلان‌و سینا دا بەرگریان لەشەرەفی نەتەوەکرد .

ئیرادەی بەتین‌و توانای بێسنورت لەمۆزناخـــــەو لەهەمو قۆناخەکانی داهـــــاتو دا کەوەرترین توانا دەدین بەحیزب‌و شۆڕش بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی بەختیار .

بەرپرسیاری کرێکارو موچەخۆرە بچوکـــەکان‌و هەموکەل بۆ پرکردنەوەی ئەوکـــەلێن‌و کەلەبـــەزانەی باسمان کرد هەرچی‌بێ ، بەرپرسیاری‌و موحامـــــەبەی بێویست دەبێ بڵە بەبڵە سەرکەوێ واتـــە هەرچەندی لەبڵـــەی موچـــەی دەولەتی دا بەرەوســـەرتر بڕۆین بەرپرســـــیاری کـــەورەتر بێ‌و سزاتوندتر .. وەزیر لەوەزارەتی خۆی‌داو سەرۆکی موسسە لـــە موسسەی خۆی‌دا ومودیرعام لە مودیریەتەکەی داو لێژنـــەی باڵای ئەقابەو یەکیەتیەکان لەبڵەی خوارودا ئەمانە هـــەموان بەرپرسیاریان لەبەرامبەر کەمتەرخەمی دا لەمی موچـــە خۆرەبچوکەکان‌و کرێکارو جوتیار گەورە ترەکە لەبڵەی لێپرسراوی دا بەدوای ئەمان دا دێن .. بەڵام ئەمەئابێ

بەرپرسیاری هاوبەشی لە لابردنی هەڵەو پەنجە بزدرێژ‌کـــردن‌و لـــەدانانی رێ‌وشوینێکی ســـەقامگیر دا بۆ تاوانبارکردنی کـــاری خراپ لەسەرهیچ هاونیشتمانیەك وەلابەرێ . ئابێ جاوبۆشی لەرەفتاری ئەوکەسانە بکرێ کەخرابە دەرهەق ئێستاو دا هـــاتوی گەل‌و ســـامانە نەتـــەوایە ـ تیەکەی‌دەکەن . لـــەچوارچێوەی ئـــەم سەلماندنە مەبدەئیە دا گەپێوەندی بە بزوتنەوەی واقیعەوە هەیە بەرەو لابردنی بەرەڵایی‌و هەمودیمەنێکی پاشکەوتن‌و هەست نەکردن بەلێپرسراوی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی .. حیسابێکی توند لەهەموبڵەو پایەیەك دا بەبێ جیاوازی بۆ هـــەمو کەسێك دەکـــرێ کـــە نەتوانێ بەتەواوی بەســـەرخەتی‌گشـــتی دەولـــەت دا بڕوا بۆگـــۆرینی شۆڕشگیرانەی کۆمـــەڵ‌و دامەزراندنی کۆمـــەڵی نوێ کەیەکێك لەسروشتە تایبەتیەکانی بناحەیەکی مادی‌یە بۆ جێبەجێ‌کردنی سوشیالیزم‌و زیدەیی بەرهەم‌و باشتر‌کردنی جەنگی بەرهەم .

ئەی رۆڵەکانی گەلە مەزنەکەمان !

ئـــەی ئـــەوانەی لەبەشە جـــۆر بەجۆرەکان دا کاردەکەن !

شۆرشە مەزنەکەتان بەئیرادەیەکی پتەوەوە هەنگاو دەنێ بەرەو ئامانەکانی ئەوەو بۆ بەرەنگاری هـــەمو بەرهەلستێك‌و نیشانێکی قۆڵی بەتوانای دا هێنەرو هەستی بەرزی خەباتکەری ئێوە هەیەو دەزانی‌پاش تێ‌دەگەن چ بەرپرسیاریەکی گەورەتان لەسەرشانە بۆجێ بەجێ‌کردنی بەرنامەو ئەخشەکانی حیـــزب‌و خۆرئی بۆبنیـــاتنانی تاقیکردنەوەیەکی نمونە .

هەرچەندی ئەم هەستەو ئـــەم رەفتارە خەباتکەریە بەهێز بێ‌و زیاتر کۆمەڵانی خەڵك بگرێتەوە ، توانای زیاتر کۆدەبنەوە بۆجێ بـــەجێ کردنی ئەرکەکانی ئالوگۆرێکی شورشگیرانەی هەمولایەنی .

تێکۆشانێکی بەردەوام بۆزیادکردن‌و باشتر‌کردنی بەرهەم لەهەمو مەیدانیك دا ئەرکێکی مەرکەزیە دەگەڕێتە سەرشانی هەموتان‌و داواتان لێ دەکا بـــەرزترین رادەی وشیاری‌و دلسۆزی بەکاربێنن بۆ دامەزراندنی کۆمـــەڵی نوێ .

کۆمەڵی شۆرش‌و ئالوگۆڕی بنچینـــەیی‌و ئیرادەی جەماوەری‌و شیارو خاوەن باوەڕ بەئامانجەکانی شۆرش‌و مەبدەئە مەزنەکانی شوێنی هەرەکاریگەری لەوبنیاتنانە دا هەیە . باهەمومان هـــەرکەس بەگوترەی شوێن‌و بەرپرسیاری خۆی هەوڵبدەین بەرەو ئامانج‌و ئاواتەکانمان بچینەپێش .

ئەرکێکی کـــەورە دەکەوێتە سەرشانی رێکخراوە حیزبی‌و نەقابی‌و پیشەییـــەکان بۆ ئـــەوەی رێ‌نوێنی یەکـــانی سەرکردایەتی حیـــزب‌و شۆرش بەرنەمەیدانی کـــارو جێ بەجی‌کـــردن لەچوارچێوەی کارتێك‌کردنی نیجابی‌لەگەڵ دەزگاکـــانی ئیـــداری‌و بەرهەمهێنان دا بۆوەدی هێنانی ئەم دروشمە مەرکەزیانەی خوارەوە لە هەمو مەیدانێك دا .

ـ زۆرترین تێکۆشـــان بۆ بەرزترین‌و باشترین بەرهەم .

ـ ئەوەی بەرهەم نەهێنێ نان‌ناخوا .

ـ کاری تۆ شەرەفی تۆیـــە ئـــەوەی کارنـــەکا شەرەفی‌نیە .

ـ بەرهەمی زیاترو نەوعیـــەتی باشتر رێگەمانـــە بۆخۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی .

ـ کەسێك لەکـــاری‌خۆی دا دلســـوز نـــەبێ بۆنیشتمانیشی دلسۆز نیە .

ـ کوتایی‌کردن بەئەنقەست خـــەیانەتە بەگەڵ‌و نیشتمان .

ـ زیاترو وردتر کاربکەن ئیستاتان دابین دەکەن‌و داهاتوش بەدەست دێنن .

ـ هەمو ئەوانەی باش کاردەکەن روناکی شۆرشمن‌و بەعسمین بانەندا میش ئەبن .

ـ کەسێك رنج بۆوخت دا نەنێ باوەڕی بە داهاتو نیەو نایەوێ گەلەکەی سەرکەوێ .

ـ بەفیڕودانی دەقیقـــەیەك کـــار لەدەدەست دانی دەرفەتێکە بۆپێشکەوتن ئەی کۆمەڵانی گەلەمەزنەکەمان ! ئەی بەعسی‌یە تێکۆشەرەکان !

ئەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی بەرەی نیشتمانی‌و ئەتەوایەتی پێشکەوتنخواز !

دلسۆزی تـــەواو بۆ دابـــەزاندنی دروشـــمەکانی حیزب‌و شۆرش بەکردەوە باشترین صیغەی مـــەبدەئی‌و عەمەلی‌یە بۆ خێراترکـــردنی رەوتی ئالوگۆڕە شـــور‌شگیریەکانی هەریمە خەباتکەرەکەمان لەرێگای ئامانجە ستراتیژیەکان دا بۆ دامەزراندنی کۆمەڵی سوشیالیستی دیموکراتی نازادی یەکگرتو .

بۆ پێشەوە لەپیناوی ئێستای گـــەڵ‌و نەتـــەوەو داهاتوە پرشنگدارەکەی دا .

سەرکردایەتی قوتوی
حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب
دوایی ئەیلولی ١٩٧٦

دەقی بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش :

بۆ گشت وەزارەتەکان

پیلەی کارنامـــەی‌سەر بەو دەســـــتا وێژانەی کە دەوریان‌لە رادەی نزم بونەوەی بەرهەم هێناندا دیوەگەلێ کـــەلێن‌و درزی گەورەی لە نێـــــوان پێداویستیە کـــانی بەجێ هێنـــــــانی ئامانجەکانی شورش‌و بنیادنانی کۆمەڵێکی تازەو لەنێوان ئـــەو ئـــەرك‌و توانـــاودەستا وێژانەی کـــە ـ بەراستی ـ بۆ ئەم‌مەبەستە بەکـــــار هاتوە ، هەیە .. جا ، سەرە ڕای ئـــەوەش ئێمە بەشی هەرەزۆری‌ئەوکەلێن‌و درزانەمان بە شتێکی ســـەمەرەنەهاتۆتە بەرچـــاو ، بەڵام پلەی ئـــــەودواکـــــە وتـــن‌و تەخسیراتانە نیگەرانی‌کردوین .. کە ئـــەم خاڵانـــەی خوارەوەن :

١ ـ بەکار نەهێنانی دەستاوێژەکانی بەرهەم‌و تواناکانی بەشێوەیەکی ئابوریانەو عەقڵدارانە .

٢ ـ گوێ نەدان بەکات ، بەو اعتبارەی کە خۆی لـــە خۆی‌دا بەهایەکی دیارەو نابێ بەفیڕۆ بدرێ .

٣ ـ گوێ نەدان بە مەبدەئی (دانانی پیاوی شیاو لـــە شوێنی شـــیاو) و بەفیڕۆدانی توانا هونـــەری‌و ئیداریەکان ، لە ئەنجامی ئەڵێ هۆی لە بەرژەوەندی گشتی بەدەرو سور نەبون لەسەر خستنەکاری ئەم توانایانە بەشێوەیەکی راست‌و دروست .

٤ ـ وەبەر نەهێنـــــانی تواناکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی راســـت‌و رێبـــازانەو بڵاوبونـــەوەی دیاردەی بەرەڵایی‌و تەمبەڵی کە کاری پێویستی ئیداریا ، کە ئـــەبێ پشت ئـــوێ نەخرێت ، تاکـــو دەژنا چیاجیاکانی دەولەت رێرەوی راستی خۆیان لـــە ئەرك رابەڕاندنا بکرن .

٥ ـ دواکەوتنێکی ریسوابووی دیار ، لە کارو بەیوەندی دیموکراتیانەی نێوان سەروو خوارو لـــە پەیژەو پلەی بەرپرسیاری‌دا ، هـــەروەك چۆن لەراپۆرتی ســـیاسی کۆنگرەی‌هەشتەمینی حزبی بەعســـی سوشیالیستی عـــەرەبا هـــاتوە ، ئەبە لکـــو تێنەگەیشتنی راپورتە سیاسیەکەی کۆنگرە کە بە قانونێکی بنەڕەتی رێبازی سیاسیانـــەی دەولەت‌و کومەڵ ئەژمێردرێ ، بۆ ئەم پنج ساڵەی داهاتووی نێوان ـ ١٩٧٤ ـ ١٩٧٩ .

ئەخولقاندنی دەرفەتی پێویست ، بۆ بەکارهێنانی پەیوەندیە دیموکراسیەکانی‌نێو ئـــەو دەزگایانەی کـــە چالاکی بەرهەم هێنان‌و خزمەتگوزاری ئەنوێنن ، ئەنیا هەڵەیەك نیە کە لێپرسراوان لە دەرحەق مافێکی دیارا ئەکرێت‌و راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمینی حیزب دوباتی کردۆتەوەو بەس ـ تا بەڵکو تاوانێکە لەجـــەقی میللەت‌و نەتەوە ئەکرێت ، لـــە بێبەشکردنی لەو توانا داهێنانە خولقینەرانەی کە ممارسەکردنی دیموکراتیەت ئەیوروژێنێ .. ســـەرەڕای پەرەپێـــدانی هەســـت بەلێپرسینەوەو هەرەوەزیەی کە ئەیتە مایەی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی تازەی وا کە شۆرشی مەزنی تەموزو حزبی سەرکردە ئەخشەی بۆ کێشـــاوە .. بەفیڕودانی ئـــەو کاتەی کـــە پێویستە وەبەربهێنرێ لەکـــاری چوستو بەبەرا ، کەلێ دەرفەت لەدەس نـــەدا ، ئەبێ نـــەدرێ ، لەپێناوی پترکردنی معـــەدەلی خێراکـــردن بۆ گەیشتنە ئامانجە وەختەکی‌و ستراتیژیەکان .. هەروا بەکـــار‌نەهێنانی سامانی میللەت بە شێوەیەکی عاقلانەی پڕ لە لێپرسینەوە ، هەڵە کـــە ئەگەیەنیتە رادەی خیانەتکردن لەحەق نیشتمان .. نەخوازەلا کـــە هەڵەکە بەدەستی ئەنقەست‌و یا ئەندازە بەدەرانەی لە پیوانەی نسبی‌یەوە ، هەڵئەخرێ‌و لەسەرینجی رادەی زانستانەو پســـپۆڕی‌و دەرفەتە لەبەردەستەکانی بەتەنگەوە هاتوەکان سەیری ئەکرێ .. بەکارنەهێنانی زەبت‌و رەبت‌و لێپرسینەوەی کارامەی ئیدارییانەیش ، هەرکەسە لەشوێن‌و لەسنوری دەسڕوشتنیدا ، بەتەنگەوە هاتوەکان ئەخـــاتە شوێنی روبامالی‌و پێچو پەناکردن‌و چاوپۆشین لە هەڵەکان ، کە لە ئەنجاما ئەبێتە مایەی زیانێکی کوشـــندەی رێرەوی ئەوپێشکەوتنە کۆمەڵایەتی‌و ئابوریەی کە شۆرش هەولی بۆ ئەدات .

ئەی کارمەندەکان .. بەکرێکاو فەرمانبەرانەوە ، لەگشت بڵـــەو وەزیفەیەکـــدا ، هەرچەندەیش جۆری لێپرسینەوەی کارکەران لەپەیژەی وەزیفەدا کەم بێت‌و سەرەڕای تێکرای میللەت .. هەمو ئەو درزوکەلێنانەی کە باسمان کـــردن .. مەسئولیەت‌و حسێبی پێویست‌و بەکارهێنانیان بۆ چارەسەرکردنی هەر کەم‌و کوڕیەك دەورێکی دیارو پلـــەداری بـــەرەو سەرو هەڵجـــوو ئەنوێنێ ..

لەسەر ئەم بنکەیە ، سزای‌توند ومەسئولیەتی پتر ئەسازێنرێ ئەخرێتە پال ئەوانەی کە لە پەیژەی زنجیرەی وەزیفەی دەولەتا لەسەرودان .. وەزیر لە نێو وەزارەتەکەی‌دا ، ئەبێ مەسئولیەتەکەی لەسەرۆکی دەزگای سەر بـــە ئـــەو گەورەترینێت ، هەروا نیسبەت بـــە دەستە بەرزەکانی نەقابەکانی نێو کەرتەکان‌و نێو دەزگاو دەستەو دایەرەی وەزارەتەکە .. سزاو مەسئولیەتی سەرۆکی دەزگای نێو دەزگاکەی خۆی گەورەترە لە مەسئولیەت‌و سزادانی بەریوەبەرە گشتیەکەی سەر بـــە ئـــەو .. مەسئولیەتی لێژنەی نەقابەو یەکیتی‌یەکانی نێو دەزگاکە سەختترو گەورەترە لە مەسئولیەتی کرێکاو جوتیـــارو قەرمانبەری بچووك .

هەرچەندەیش ئەو کاری پشکنین‌و چاودێریەی کە سەرکردایەتی حیزب‌و دەولەت سازاندوێتی یا ئەیسازێنێ شان بەشانی دەزگا چاودێریەکانی سەر بە ئـــەو ، بۆ چاوەدێرکردنی کـــاری راپەڕاندن ، بەڵام مەسئولیەتی سەرکردایەتی بەرز ، لـــە بنجـــا مەسئولیەتی نەخشە کێشانە .. کە لە پێناوی مەبەستەکانی چاوەدێرکردن بەندە بە زنجیرە بنجی‌یە مەرکەزیەکان ، بـــە ئامانجی چاوەدێرکردنی نەخشە کێشراوەکان .. لەسەر ئەم بنجە ئەبێ وەزیرەکان لـــە نێو وەزارەتەکانیان ، سەرۆك‌و ئەندامانی ئەنجومەنەکانی ئیـــدارەی نێو دەزگاکـــانی خۆیان‌و بەریوەبەرە کشتیەکانی دەزگاو ئیدارە جیـــا جیاکانی دەولەت ممارسەی تەواوی مەسئولیەتیان لـــە راپەڕاندن‌و چاوەدێری کردنا بکەن .. سزاو خەڵاتیش لە چوارچێوەی ممارسەکردنی مەوزوعیانەو کارامـــەدا بدەن کە گشت جۆرە مل‌هوڕیەك رەت ئەکاتەوە .. هەروا بیروڕا دەربڕینی نوسولیانە بۆ مەسئولی سەرو کارانەی کە لە سنوری مەسئولیەت‌و کاریاندا نیـــە .. ئەمەیش یـــەکێتی‌و نەقابەکان ، لـــە چوارچێوەی مەسئولیەتی بەروەردەیی‌و نیقابی‌دا ئەگرێتەوە ، هەروەکو چۆن لـــە

بڕوانە ل ١١

مشتێ وشـــــەی لـەڕوو

ـ سەربەست ـ

لە نۆی ئەم مانگەدا بیرەوەری هەفتەم بەســـەر دەرچوونی بریاری ژمارە ٤٨٤ی ٩ـ١٠ـ١٩٦٩ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش تێ‌ئەپەڕێ کە لەبارەی مافـــە رۆشنبیریەکانی گەلی کوردمانەوە بوو .

ئەم بریارە مێژوی‌یەو لەو قوناغەدا ، دەسکەوتێکی گرنگ‌و هەنگاوێکی نیشتمانیەروەری پێشکەوتووانـــە بوو ، وە زەمینەو بارێکی گونجاوی ئامادەکـــرد بـــۆ گورانە پێشکەوتووەکانی تر کە بەیاننامەی ١١ ئاداری ١٩٧٠ هەرە گەورەو گرنگەکەیان بوو ، وە بۆ یەکەم جار لە مێژووی خەباتی کولنەدەرانەی پر شەنازی‌و قوربانی‌و سەرفیرازی گەلی کوردمانا ـ دەسەڵاتی نیشتمانی دانـــی بە مافە نەتەوایەتی‌یە رەواکانی گەلەکەمانا ناو ئـــاوات‌و ئامانجە دیموکراسی‌یەکانی بە ئۆتونومی‌یەوە هێنایەدی‌و بۆ یەکەم جاریش یەکێتی نیشتمانی لە وڵاتەکەمانـــــدا لەسەر بنچینەیێکی پتەوی پێشکەوتووانە هەتە دارشتن، ئەو بنچینەیەی کە لە پێشەکی بریارەکـــــەی ٤٨٤ی ئەنجومـــــەنی سەرکردایەتی شۆرش لەبارەی مافـــە رۆشنبیریەکانەوە هاتبوو ، کە تیایا ئەڵێ :

(شۆرشی ١٧ی تەموز باوەڕێکی بەتینی هـــەیە بەمافی ئەلان لە هێنانەدی بوونی تایبەتی خۆیان‌و تاکید کردنی شخصیەتەکەیان‌و باوەرری بەوەیـــە دەوساندنەوەی ئەتەوایەتی رووداوێکی بەستراوە بە بوونی رژێمی کۆنەپەرستی سەر بە ئیمپریالیزم‌ودو براینی‌و یەکدرتن لەنێـــوان ئەتەوەکاندا رووداوێکی بەستراوە بەبوونی رژێمی دژ بە ئیمپریالیزم . لە هـــەمان کاتدا بەرروای بەوەیە کەوا میللەتی کورد دەرفەتی راستەقینەی بین بۆ هێنانەدی ئامانجو ئاواتەکانی بە هاوکاری کردن لە تێکۆشاندا ئەگەل برای خۆی ســـەلی عەرەب . بۆیەکا شۆرش لە بەرەرشی‌یەوە بـــو ئەهێنشتنی هەموو جۆرە شێوەیەکی چەوساندنەوەی ئەتەوایەتی‌و کۆمەڵایەتـــی ، باوەرری حـــزی دەرئەبرێ کەوا ئەم رەمەیە ، رەدەی راســـت‌و رێرەوی مێژووی بزوتنـــەوەی ســـەرزەی عەرەبی‌یەو خۆی ئەتوەی راستی چەسپاندنی ستونەکانی یەکگرتن‌و برایەتی‌یە لەنێوان عەرەب‌و کوردو کەمە زەتەوایەتیەکاندا .)

ئەم سەرچاوە مەبدەئی‌و پێشکەوتووانەیە هـــۆی رەزامەندی گەلی کوردو پشتگیری کردنی دەســـەڵانی نیشتمانی‌و سەرکردایەتی‌یە سیاسی‌یەکەی بوو ، دیریشە هەر ئەبێ ئەم هەلویســـت‌و بیروباوەرەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەردەوام‌و لەهەمو هەنگـــاوو کارێکی بەتەلی کوردو مافە نەتەوایەتی‌و دیموکراسی‌یەکانی‌یەوە بەستراوە ، رەچو پەیرەو بکرێت‌و هەلبەتە هەر ئەمە رێگای راست‌و ناقی‌کراوە بۆ بەهێزکـــردنی یەکێتی نیشتمانی‌و بتەوکردنی کیانی برایەتی‌ـ ئەنترس لە بەردەم هەموو جەوجۆلێکی ومان لێ‌ئەروی سەر بە ئیمپریالیزم‌و رژکەرە ئەلقەلە ئوێ‌یەکانی .

دەبا یادی حەوتـــەمی دەرچوونی بریاری ٤٨٤ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شـــۆرش لـــەبەرەی مافـــە رۆشنبیریەکانی گەلی کوردمانەوە هاندەرێك بێت بـــۆ پێشخستنی ئەو مافانەو زیاتـــر ئەشەبێ‌دانیان‌و بـــۆ جێبەجێ‌کردنی هەموو بریارە پێشـــکەوتووەکانی تـــری سەرکردایەتی سیاسی لەبـــارەی گەلی کوردمان‌و مەفـــ‌ ئەتەوایەتی‌یە رەواکانی‌و لەبارەی تێکرای گەلی عیراقی تێکۆشەرمانەوە .

Institut kurde de Paris

پەروەردە

لاوان و وەرزش

عبدالقادر خلیل

لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکاندا ئەرکی مامۆستای وەرزش زیاتر دەبێ • پێویستە مامۆستای وەرزش لەگەڵ بەڕیوەبەری جوڵاندنەوەی وەرزش کۆببێتەوە تا لەگەڵ هـەمو مامۆستاکاندا بەرنامەی ساڵی خوێندنی ١٩٧٧ دابنێن وە بناغەیەکی پتەوی ئەکادیمی دامەزرێنن تا لەسەر روشنایی بڕۆن •

شکی تیا نییە کە ئەمڕۆ جیهانی پێش‌کەوتو هەمو بەرنامەیەکی لەسەر بناغەی زانستی دانەڕێژێ وە ئەم دارشتنەش هەروەها بە ئاسانی وە دەست نایەت • دەبێت مەشقی لەسەر بکرێت وە بەدوی سەرچاوە رونەکاندا بکەرێن تا بتوانین شان لەشانی جیهانی پیش‌کەوتو بدەین وە ئەو هەمو بایەخەی دەدرێت بە بەروەردەکردنی لاوان بە فیرو ئەروات‌و ئەنجامی چاکی لێ وەدەست بهێنین مامۆستای خوشەویست ئەرکی سەرشانت زۆر گرانە لەسەرت پێویستە بێ ووچان تێ بکوشیت بۆ فێربون وە قوتابیەکانت ڕابهێنیت لەسەر شیوەی وەرزشی پیش‌کەوتو ئەو پروگرامە کلاسیکیانەی کە کاتی خوی لە وانەکانی وەرزشدا دەوترایەوە زۆری ئێستاکە هیچ بایەخێکی نییە • سەرێکی کۆفارە وەرزشیەکانی جیهان بکە • ئەمڕۆ توانای لاوانی وەرزشکاری جیهان لەبلەی زۆر پیش‌کەوتودایە ئەگەر چەند ساڵێک لەمەوبەر پتبیسایە کە وەرزشکارێ دەتوانێ (٨٫٩٠) هەشت مەترو ئەوەدسانتیمتر یەک باز هەڵبچێ بەشێتیکی زۆر سەیر دەهاتە پیش چاوو بەڵام ئەمە هەیەو راستە وە تکنیکی نوێ لەوەرزشدا هەنگاوی زۆر گەورە دەنیت بۆ پێشەوە •

برای مامۆستای وەرزش ئەی لاوی وەرزشکاری خوین گەرم تویش بەشداری هەنگاوە گرنگەکانی وەرزشی جیهان‌بە • تویش بەکیک بە لەو بلیمەتانەی کە شان بەشانی وەرزشی نوێ هەنگاو دەنێن • شورشو سەرکردایەتی شورش هەمو کۆسپێکی لەریگەی سەرکەوتنتانا هەڵگرتوە ئێوەش چاکی بلیمەتی‌و چالاکیو وەرزشیتان بکەن بەلاداو خەلاتی خوتان پیش‌گەش بە شورشو وەرزشو لاوان بکەن •

با هەموان بەشداربین لەرێ ڕوون‌کردنەوەی لاوەکانمانا تا ئەوانیش بتوانن لە گرەوەکانا جیگەی بلەی بەرزی وەدەست بهێنن •

هاوڕێ صدام حسین (پاشەماوە)

ئێمە شوێن کارگێری بچووکی ڕۆڵەی ئەم وڵاتەدا کر ئەخۆین تا پێی بگەیەنین‌و بیخەینە شوێنی راست‌و شیاوێ خۆی لەپێناوی ڕابەڕاندنی ئەو ئەرکە بەرزانەی کە •

هەروەها وتی : ئێمە ڕێز لە شارەزایان ئەگرین‌و ئەیان خەینە جێگایەک کە بەوان بشێ‌و بە ئوێرەی ئەو توانایەی کە هەیە ڕێگای بۆ خۆش ئەکەین ، مرۆڤی کارکەری بەویژدان ئەوە نییە کە تەنیا لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەی ڕەحتی خویدا ئەبێت بەرهەم ناهێنی بەردەوام هاوری صدام حسین وتی : بەڵام مرۆڤی کارگەری بەویژدان ئەو کەسەیە کە بەو شتەی لەبەردەستی دایەو ئامادەیە شتێکی وا بەرهەم ئەهێنی کە خزمەتی پەرەسەندن بکات‌و نابێت بەراوردی ئەو چاودێریە بکات کە لای ئێمە بۆ شارەزایان ئەکرێت لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا کە لەمەوبەر ئێمەی خستبوە ژێر چەپۆکی‌خۆیەوەو بەروتاندنەوەی ئێمە ئەو گوزەرانەی بۆ هێنابونە دی ••

هەروەها هاوری صدام حسین‌وتی: ئێوە ئەتوانن داوای ئەو شتە بکەن کە لە وڵاتەکەتاندا لەبەردستایەو شۆرشەکەتان‌و دەزگا ڕەسمێکانی لەبەر روناکی تێکرا ئەوبەرەسەندنەی‌لە وڵاتەکەتاندا هاتۆتە دەست بۆتانی ئامادە بکات • لەگەڵ تێکرای پێویستی گەلی وڵاتەکەمان‌و ئەرکە نیشتمانیەکانی لە دەرەوی وڵاتدا •

هاوری صدام حسین داوای لە بەشدرانی نەدوەکە کردوە کە لە گفت‌وگۆکانیان پوختەیەکی مەوزوعیانەی دور لە کینەو • رقەبەرایەتی‌یەوە هەڵبچینن بۆ ئەوەی لە دوارۆژ دا ئەم دەزگایە بخەنە شوێنی راستی خۆی کە بە تەواوی ئەرکەکانی خۆی بەجێ بگەیەنێت •

هەروەها بەرێز طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندن لە سەرتای ئەدوەکەدا وتارێکی خوێندەوە ، نیایدا باسی ئامانجەکانی ئەم ئەدوەیەو ئەو رنجیرە ئەدوانەی کردبو کە وەزارەت لە مەودوا پیکیان ئەهێنێ •• وتی •• ئەم کۆبونەوەیەی ئەمرومان لەسەر ئامۆژگاریکانی سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بوە کە لە دوو بەیاننامەکەی ڕۆژی ٣٠ ئەیلولی ڕابوردردا خۆیان نواندبو •

لە وەزارەتی ڕاگەیاندندا بریارمان داوە کە بریارەکەی سەرکردایەتی تەتبیق بکەین •• وە لیکۆلینەوەیەکی فراوان‌و مەوزوعی‌و دیموکراتی هەمو دەزگاکانی وەزارەت بکەین بۆ ئەودی بزانین لایەنی چاکەو سەلبیاتەکانی ئامانەیە •• بۆ ئەودی چونیەتی پەیوەندی ناو دایەرەو دەزگاکان تی‌بگەین •• وە لە شکاتە بنچینەیەکانی کارگیران بگەین •• و بۆ ئەودی لە پێشنیارە ئوێکانیان سەبارەت پەرەپێدان کار شارەزایین لەگەڵ زۆرکاری کرنگی تردا •

بەرێز وەزیری ڕاگەیاندن ئەودی دەست نیشان کردوە کە هەڵسو کەوتمان لەگەڵ بەریوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکاندا هەڵسو کەوتی بوە لەچوارچیوەی رەسمیداو بەس • لیکولینەوەیەکی وای لەگەڵدا نەکراوە کە دەیان کەرەت لەمەوبەر لەگەڵ ئیزگەدا کراوە •• و لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا •• و لەگەڵ

پەبۆنەی ساڵی خوێندنی تازەوە

تکایە ... مامۆستای بەڕێز

وا قوتابخانەکان دەرگاکانیان کردەوە بۆ ساڵێکی خوێندنی نوێ ••• وا قوتابیان جل‌وبەرگی قوتابخانەییان کردەبەر ••• وا زەنگی وانەکان زرنگایەوە ••• وا خوێندن‌و فێربوون‌و زانست‌و پەروەردەسەریان هەڵناو پشکوتن •••وا دەوری مامۆستا دەستی پێ‌کرد •

مامۆستا سەرکردەی‌کۆمەڵە• ئا لەم هەنگاوەوە بڕیار دراکەوا چەند پیاوچاک‌و زاناو ئەندامی یەکەڵك دروست‌ببن ••• لەمە گرنگتر ئەوەیە‌کەوا مامۆستا باڵاترین دەستی هەیە لەم بڕیارەدا •• کەواتە‌بێ‌گومانە دەستی مامۆستاناسمانی ژیانە هەمرو زانستێك لە ژێر ئەودا بە‌دیاردەکەوێت‌و هەموونەندازیارو پزیشك‌و پارزەرو ئەقسەر فەرمانبەرو •• گشت‌خوێندەوارەکان ! لە سەردەستی مامۆستا پێدەگەن •• بەمەشە کە وای لە پیشەی‌مامۆستایەتی کردووە کەواپیشەیەکی مرۆڤایەتی‌و پیرۆزبێت‌و وای‌کردووە کەوامامۆستا شانازی بە پیشەکەی‌بکات‌و گەل‌وکۆمەڵەکان‌و هەموو ئەندامێك ریز لە مامۆستابگرێت‌و خۆ بە قەرزاری ئەوبزانێت ، چونکە (مامۆستا)یە •

جا ئەگەر بە باسەکەی‌خۆمان‌دا بچینە خوار ، بۆمان‌دیار دەکەوێت کەوا دەوری مامۆستاو هەڵس‌و کەوتەکەی‌ئەنانەت گفتوگۆیەکەی جگە لەدلسۆزی‌و رادەی زانیاری‌و جۆری پەروەردەو خۆماندووکردنەکەی هەر لە یەکەم •هەنگاوەوە ئەم دوو هێڵە دەستنیشان دەکات ••

هەموومان قوتابی بووین‌هەروەکو ئێستاش هەر قوتابین‌لە بیرمانە کەوا هەندێك ،مامۆستامان هەبوو لە یەکەم‌پلەی قوناغی سەرەتایی‌وتەنانەت ئێستاش خۆشمان دەویستن ، چونکە هەڵس‌و کەوتیان لەگەڵ ئێمەدا هەروەکوبرای گەورە یاخو باوك بوو •

نموونەش لە مێشکی زۆرکەس‌دا زیندووە ، کەوا چۆن‌روو خۆشی‌ی مامۆستا چەندەها سەرکردەی دروست کردووە ،قسەی خۆشی مامۆستا زانای‌ناوداری دروست‌کردووە ، دڵەڕمی مامۆستا چەندەهانەندامی بە کەڵکی دروست‌کردووە •• پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە •

کەواتە ، تکایە مامۆستا ، بائێمەش ئەو دەورە پێویستەی‌خۆمان ببینین‌و بکێڕین کەوا ئێستمان‌و دەلەکەمان لێمانیانی‌دەوێت‌و ئەرکی خۆمان بزانین •

فیصل مصطفی

• چالاکی قوتابیان •

لە لقی سلیمانیەوە

● یەکێتی قوتابیان لقی‌سلیمانی ، سوپاسی هەموونەو برا قوتابیانە ئەکات ، کە خوێنیان‌داوە بەو برا قوتابیەیان‌لە نەخۆشخانەی سلیمانی •• بێ‌گومان ئەمەش جێگای ڕێزو یەکێتی قوتابیانە لەریزی‌یەکێتیە کەیاندا •

● یەکێتی قوتابیان لقی‌سلیمانی ، ندوەیەکی فراوانی‌ڕێکخست لە مەلبەندی بارێزگای سلیمانی‌و لە هۆلی‌فارابی زانکۆی سلیمانی بە‌بەرواری ٢٢-٩-١٩٧٦ ، لەم ئەدوەیەدا ، هەموو لیژنەکانی‌یەکێتی ئامادە بوون ، بە ئامادە بوونی بەرێز غاندی محمد حسن سەرۆکی لقی‌سلیمانی‌و ئەندامی مەکتەبی‌سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان هەروەها لەم کۆڕە فراوانەهەموو ئەندامانی لق ئامادەبوون ، نزیکەی سێ سەعاتی خایاند •

● هەروەها بۆ ڕیکخستنی کاروباری قوتابیان کاك غاندی‌محمد حسین سەرۆکی لقی سلیمانی سەری لە قەزای‌دەربەندی‌خان داوەو : لەگەڵ لیژنەکانی یەکێتی کۆبۆنەوە ، کۆڕی فراوانی بۆ قوتابیان کێڕاوە ، لە تەنگ‌و چەلەمەکانیان کۆڵاوەتەوە ، هەروەها لەگەڵ دەستەی مامۆستایان‌وبەرێوە بەرانی ناوچەکە کۆبۆتەوەو لە بارەی قوتابیان‌وکارو چارە سەرکردن‌و پەیوەندی بەهێزی نێوان‌مامۆستاو قوتابی دواون •

● لەلایەکی ترەوە بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە ئەندامانی لقی‌سلیمانی سەریان‌لە ناوچەکانی دەوروپشتی سلیمانی داوە ، لە عەربەت‌وسید صادق‌و حلبجەو ناوچەکانی ، کۆبونەوەی فراوانیان‌لەگەڵ قوتابیان‌و مامۆستایان کێڕاوە •

دەنگوباسی وەرزش

– پەیامێری « هاوکاری » لەسلیمانی :

● روژی هەینی ریکەوتی١٧-٩-١٩٧٦ یاریەکی توپی پێ لە نیوان تیپی چوار چرای‌سلیمانی‌و تیپی ناسۆسدا لەسەر یاریگای سەرچنار کرا، وە لە کۆتاییدا تیپی ناسۆس بە سەر تیپی چوار چراداسەرکەوت •

● هەر لە هەمان روژدایاریەکی تۆپێ دەست لە نێوان لاوانی سلیمانی‌و تیپی یەکێتی تیپی هەڵبژاردەی مەلبەندی ئەنجامدا تیپی لاوان بەسەر مامۆستایاندا کرا ، وە لە تیپی یەکێتی دا سەرکەوتن •

● هەر لەو روژەدا یاریەکی تری تۆپی پێ لەسەر یاریگای بەروەردەو لە نێوان تیپی ئاری سلیمانی‌و تیپی وەشاشی بەغدادا کراو ئەنجام تیپی‌ئاری سلیمانی یاریەکەی بردەوە •

● دەورەی تۆپی سەبەتەی نێوان تیپەکانی گەڕەکە گەلیەکانی شاری سلیمانی لەروژی ١٨-٩-١٩٧٦دا دەستی پێ کردو تیپەکانی گەڕەکی‌گوێژە، کانیستکان ،دەباشان ،رزکاری، ئەزمر ، جوارباخ ، مەلکەندی، سەرشەقام •• بەشدار بون•• وە ئەم دەورەیە لەسەر یاریگای مەلبەندی لاوانی سلیمانی بو •

ئانانس‌و •• هتد ••

هەروەها وتویەتی : ئێوە خەریکی کەلەپوری ئەتەوەکەن •• کەلەپوری ئەتەوەکەش سامانێکی کەورەیە سامانێکی ماددی‌و روحی‌یە جەکێکە لەو چەکانەی تێکۆشان کە بزبنیات نانی ئێستاو دوارۆژ بەکاری ئەهێنین •

هەروا بەرێز طارق عزیز هەندێ مەسەلەی جەوهەری وای دەس نیشان کرد کە وەکو رێنوێنێکی کارە بۆ گشت ئەو کۆبۆنەوانەی کە لە نێوانمانا ئەبێرێ :

یەکەم : پێویستە هەمولایەك بەسەربەستی بدوێ •• چونکە هیچ جۆرە کۆسپێ لەبەردەم قسەکردن نیە ، غەیری مەوزوعیەت‌و راستگۆیی‌و ڕەوشت نەبێت •• سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕشیش دەستەبەری سەربەستی ئەواوی هەمو لایەکتانە ، چ لەرا دەربڕین‌و چ لە ڕەخنەگرتنا •• من لە شوێن خۆم وەك وەزیرێ دەستەبەری ئەم مافەتان ئەبم •• لێ‌پرسراوانی وەزارەت گوێیان لەم قسەیەیەو گوێ رایەلیشن •• ئەو کەسەی ئیلتزامی پێ‌ناکات ، لەسەرکردایەتیەوە سزای خۆی وەرئەگرێت ••

دووەم : ئەبێ ئەم قسانەی من تەحریزکردن نێ نەگەن •• من تەحریزتان ناکەم • تا لە دژی لێ‌پرسراوانی دایەرەکانتان بدوێن ، تا بەلکو هانتان ئەدەم تا بیرورای راست‌و سەرنجی خۆتان بلێن‌و بیخەنە بەردەس لێ‌پرسراوانی حزب‌و وەزارەت •

لەپاشا دوکتور عیسا سلمان ، بەڕێوەبەری شوێنەواری کشتی ڕاپۆرتێکی دەربارەی کارەکانی ئەم چەند سالانەی ئەم بەڕێوەبەرایەتیەی خوێندەوە •• لە کۆڕەکەدا کە هاوڕێ ناصیف عواد ، بەڕێوەبەری مەکتەبی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی سەرکردایەتی نەتەوایەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب سەرپەرشتی ئەکرد ، کەلێ پیلە لە بارەی چالاکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی‌ی شوێنەوارو دەوری پسپۆڕانی سازدرا ، لەپەنای ئەو واقیعەی کە تیایا کار ئەسازێنن ، سەرەڕای ئەو کۆسپانەی کە هاتۆتە بەردەمو چارەسەرکردنیان •

لەکۆڕەکەدا هاورێیان ، ئەندمانی مەکتەبی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن لێ‌پرسراوانی‌کەوردی وەزارەتی ڕاگەیاندن‌و ژمارەیەکی زۆری کارگێرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوارو دایەرەکانی سەر بە مەسەلەکە ئامادە بوون •

کورتەیەکی مێژووی دەربارەی یاری « باڵە »

ئامادەکردنی : ئاوات مەحمود مستەفا

لەساڵی ١٨٩٠ وە بۆ یەکەم جار بیر کرایەوە لە بەکارهێنانی یاریگا زستانە سەر داخراوەکان لەکاتی شەودا •

یەکەم کەسێك کە بیری لەم یاریە کردەوە دکتۆر (تایسمیث) بوو • ئەم دکتۆرە پش هەڵسەنگاندن‌و لیکۆلینەوە گەیشتە ئەوەی یاری تۆپی سەبەتە بدۆزێتەوەو چەند ڕێسایەك دابنێ کە تایبەتی‌بوو بەو یاریە ••

بەڵام شێوەی ئەو گۆڵانەی ئەم کابرایە هەڵی بژارد بۆ ئەم یاریە لە شێوی سەبەتەدا بوون •• ناوەکەشی لەمەوە هاتووە •

لە یەکەم جاردا (٤) ڕێسای بنەڕەتی بۆ ئەم یاریە دانرابوو• بەڵام ئەم جوار ڕێسایە لەساڵی ١٨٩١ تا ساڵی ١٩٣٧ بەبڕەوی ئەکرا •• چونکە لەو ساڵە بەدواوە ئەم یاریە گۆڕانی زۆری بەسەرداهات ••

ناوەڕۆکی یاسای یاریەکە (١٣) ماددەیە بەڵام ئەویش تا ساڵی ١٩٣٧ وا نەمایەوە بۆیە بوو بە (١٢) ماددە ••

لەساڵی ١٩١٦ دا بوو گۆڵەکان لە سەبەتەوە گۆڕان بۆ ئەو پارچە کانزا پازنەییەی کە تا ئێستاش بەکاردەهێزێ • ئەم یاریە بە شێوەیەکی وا بڵاو بۆوە لە هەموو لایەکی جیهان‌دا یاریگای تایبەتی بۆ کرایەوە •• هەروەها دەزگاو شوێنە گشتی‌یەکانیشی گرتەوە ••

ئەوەی جێگای سەرنجە ، ئەم یاریە زۆر بە زوویی گۆڕانی بەسەردا دەهات بۆ نموونە لەسەرەتادا ژمارەی بەشداربوانی ئەم یاریە (٧) یاری زان بوو کەچی لەپڕ ئەم ڕێسایە گۆڕاو ژمارەی یاری زانەکان بوو بە (٥) وە تا ئێستاش بەو شێوەیە ماوەتەوە ••

ئەم یاریە لە سێ « کێم » دا ئەواو دەبێت کە ماوەی هەر (کێم) ئك (٢٠ دەقیقە) یە ئەو تیمەی لەماوەیەدا ژمارەی گۆڵەکانی زۆرتربێت ئەوە براوەیە ••

بە هێزترین تیپ لەم یاریە دا لەماوەی ساڵی (١٩٥١ - ١٩٥٢) دا تیپی (جلوب تروترز) بووە •

یاری سەبەتە ساڵی ١٩٠٤ بۆیە کەم جار چووە بەرنامەی دەورەکانی ئۆلۆمپیەوە پاشان وازی لێهێنرا تا ساڵی ١٩٣٦ جارێکی تر چووە ڕیزی بەرنامەی دەورەکانی ئۆلۆمپیەوەو تا ئێستاش نیایەتی ••

پاشماوەی : کۆنو نوێ ••

دوێنی‌و سبەینێش لە ئیمرۆ هتد ••

بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێت بە مرۆڤێکی هاو چەرخو وەکو مێخ نەچەقێ لەناو خوو ڕەوشت‌و ڕێبازی سەر دەمێکی دیاری کراو •• پێویستە خوورەوشت‌و ڕێبازێکی فیکری هاوچەرخانە بگرێت‌و لەگەڵ هەمو کۆزانێکی کۆمەڵەکەی بگۆڕێت •

ئەمە بە گوێرەی مرۆڤ بەگشتی بەڵام بەگوێرەی ئەدبیەکی بەتایبەتی کارتێکردنی ئەم کۆزانە جیایەو چونکە ئەگەر مەرەبێ لەگەڵ ئەم کۆزانەدا بکرێت •• بەڵکو دەبێ خۆی یەکێتیک بێت لەو هۆو هێزە جولێنەرەی کەکار دەکاتە سەر کۆزانی کۆمەڵ •

ئەدیب گەر بیەوێ هەمو دەم لەناو ئەخۆشیەکانی کۆمەڵدا بخولێتەوەو سەرقالی لەناو بردنی شێر پەنجەکانی کۆمەڵ بێت دەبێ شۆڕش گێڕبێت چونکە « جوڵانەوەی مێژوو لەهەمو کات‌و شوێنێك دا لە سەر شانی شۆڕش‌گێڕ وەستاوە » وە ئەم شۆڕشە لە ئەنجامی وەعیەوە پەیدا دەبێت چونکە « شۆڕش کچی وەعیە »

وەك لەسەرەتادا ووتمان کە شۆڕش دەبێتە هۆی هێنانی چەند شتێکی نوێ •• بەڵام مانای ئەوە نیە کە کۆن ڕەفز دەکرێ •• چونکە ڕەفز کردنی کۆن مانای هەڵاتنە لە واقیعی سەردەمێك •• وە گەر کۆن ئەبوبێ ئوێش پەیدا ئەدەبو••

هەرچەندەش کۆن شتی وەهای تێدایە کە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئیمرۆ ناگونجێ بەڵام ئەمرۆش شتی وای تێدایە کە لە گەڵ بیرکردنەوەی سبەینێ ناگونجێ •

گوشاد حمە سعید

هەواڵ و لیکۆڵینەوە

● **هەوال :**

تیپە وەرزەشیەکانی ناوچەی زورو خۆیان بۆ یاری کردنێکی تۆپی پێ ئامادە کردوە لە پێناوی تەل الزعتردا • وە ئەم یاریە بە شێوەی خۆ خستنی تەنیایی ئەکرێ •

● **لیکۆڵینەوە :**

لە گەلێك لە یارێزگاکانی وڵاتا ئەم جۆرە یاریە کراوەو جەماوەرێکی زۆر سەیریان کردوە ، وە ئەبێ تەنیا لە بەر ئەوە بوبێ کە یاریەکەیان خۆش ویستبێ بەڵکو نیشانەی قارەمانێتی گەلی فەلەستین دەر ئەخات لە تل الزعتر دا •

وەکو هەمو ئەیزانین تل الزعتر جارێکی تر جوەوە ناو میژو ، وە لە ساڵی ١٩٤٨ دا ئەو ڕۆژەی کە خاکی فەلەستین داگیر کراو خەلکەکەی دەربەدەر کراو لەناو هەوارو خێوەت‌و سەر ڕێگاکانا ئەخەوتن‌و کەتیان بەسەر ئەبرد ، سەرماو گەرمای زستان‌و هاوین ناسۆری لە دڵیانا ئەناشت ئەو روژەچوە ناو لاپەرەی میژووەوە••

تل الزعتر لە ساڵی ٩٤٨ دا ئەو ڕۆژەی کە دەستی خیانەتکاری عەرەب‌کەوتە خۆ و ،بۆ گەلی فەلەستینی نوسی کە ئەبێ لە هەوارگەی تل الزعتردا بژین • ساڵ بەساڵ ناوی تل‌الزعتر گەورەتر ئەبو وە هەزاران حیسابی بۆ ئەکرا • ئەو گەلەی لە تل الزعتر دا ئەژیان بەرپەرچی هەمو پیلانێکی خۆ بەدەستەوەدەرانە ئەوەستان‌و بەرەنگاری ئەخشەکانی ڕیژیمە کۆنە پەرستە بەکرێ گیراوەکان ئەبونەوە •

ئەو پیلان‌و پالەپەستۆ ئەسکەریەی سوریا لە لوبناندا ئەی گێڕێ بۆ ئەوەیە گەلی تل الزعتر لەناو بەرێت ، بەڵام تل الزعتر و قارەمانەکانی جارێکی تر ناوی خۆیان لە لاپەڕەکانی میژودا تۆمار کرد •• گەلی تل الزعتر بەو برسێتی‌یە تێك ناشکێ کە گۆشە گیرەکان ڕوبەڕویان کردۆتەوە • بێ ئاوی‌و برسێتی ناتوانی وزەی گەلی تل الزعتر بڕوخێنێ •• هەروەها ئەو هەمو تانگ‌و ساروخ‌و موشەك‌و جبەخانەی گۆشەگیرەکان کە گەمارۆی گەلی تل الزعتریان داوە ئەیان توانی ئامانجی گڵاویان بەدی بهێنن‌و گەلی تل الزعتر هەروەکو قارەمان مایەوە •

ئەمڕۆکە کە لە یارێزگاکانی وڵاندا لە پیناوی تل الزعتردا ئەم یاریانە ئەکرێ نمونەی ئەوەیە کە گەلی تل الزعتر قارەمان‌و خۆ ڕاگرو خاوەنی قوربانین •

سلاومان بۆ ئەو ڕۆڵانەی تل الزعتر کە بە خوێنی خۆیان ڕەمزی مەسەلەی دادبەروەرانەی خۆیان ئەخشاندوە •

سلاومان بۆ ئەو یاریکارە وەرزشکارانەی کە لە پێناوی مەسەلەی گەلەکەیا بیر ئەکەنەوەو یاری ئەکەن‌و ئامانجیان دەرکردنی داگیر کەرانە •

سلاومان بۆ ئەو لاوە وەرزشکارانەی کە لە پێناوی تل الزعتردا خۆیان ماندو ئەکەن •

لە دواییدا سلاومان بۆ سەرکردایەتی بزوتنەوەی وەرزش لە وڵاتا کە ئەو ئەرکەی سەرشانیان جێ بەجێ ئەکەن لەو کاتەوە کە پەنا بەرە فەلەستینیەکان لە ساڵی ٩٤٨ دا لە هەوارگەی تل الزعتردا نیشتەجێ بون •

عبدالوهاب عبدالباقی

Institut kurde de Paris

وێنە

- ئەم بەیانیە رووی‌دا -

● یێنجەم کـەس ، سواربوو ، دوای ئـەوە ئوتۆمبیلەکە کەوتە ڕێ ، دواکـەس ، کەسواربوو ، وتی « یەك دنیاریم بێ‌یە دوای ئەلێ‌ی - مەبەستی شۆفێرەکـەبوو - » .. شۆفێـریش لەسـەر خۆبێ‌وت « قەیناکا ... چـاوەکـەم ! » ... ئوتومبیل ئـەروات‌و ... کابرا لە خویەوە کەوتـە بۆلە بۆل ... «ئێ‌ناگەم ئـەم خەلکە بۆ وای بەسەرهاتوە ... سـەیر ئەکەی هەریەکە دوو سی ئوتۆمبیلی کڕیوە ... یەکی بۆ خۆی .. ئەوی تر بـۆ خانمی ژنی ... یەکێکی‌تر بۆ پیرەمێردەـ کەی باوکی ... سێ‌یەم بۆ حزمـەنکارەکەی !!! » .. کەس وەلامی نەدایەوە، تەنیـا ئەوەنـەبێ بـە رووی‌ـەکی قـارس‌و بەستیەوە .. سەیریانـ کرد ...

● ئوتومبیلەکـە ئەڕۆشت ، دیسان کابرا لـە خۆیەوە هـاواری لێ‌یەرزبوەوە « سـەیر ئەلێ‌ی هـەرێ‌ز ئافرەتی نەدیوە ... ئەعلەت لـە بنب‌و بابیرت ئەری وەللە ... ئەگـەر خانەدانیش بوایە قەیناکا ... بەلام چەورەکوری چەورە!.. » ... دوای تۆزی یـەکێك لە سواربوەکان دابەزی ، لەوکاتەدا ، لەسەر خـۆ روی‌کردە کـابراو وتی : « کـاکی برا ... چاکتر وایە لەجیاتی چـا ... بەیانیان ... شەربەتێکی ساردی سادە بخویتـەوە ... بەلکـو تۆزی زیاتر مێشـکت بێتـەوە سەرخۆی .. » بەرلەوەی مـاوە بـدات کـبرای « زۆربێ » وەلامێکـی باتەوە ، ئەم دورکەوتەوەو بەدەستی دوعا خوازی‌لێ کرد ...

- بدریە ... -

خـوێـنـدنـەوەی ئـاسـان وگـران

- زهیر غانم -

کەسێك کـە بـە ساکاری ئەنوارێتە مەسەلەی خوێندنەوە وانێ‌ئەنات کە مەبەست لـەوخوێندنەوەیە شت فیربونە .. بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا کە هەموشتێکی نوسراو بـە رێکایەکی دیاری کراوی بۆ دەست نیشان‌کراوە .

لـەم وتارە کورتەدا هەول ئـەدەین ئەزکەکانی نوسـەر بخەینە رو لەگەل ئەو هزیانەی بال بـە خەلکەوە ئەنێن کـە بخوێنەنەوە لـە دوایشـدا بەدرێژی باسی‌بەیوەندی نوسەر ئەکەین بەکۆمەلەوە ..

« ئەرکەکانی نوسەر »

ئـەرکی نوسـەر ئەوشتە کلاسیکی‌یەی جاران نەماوە .. بەوانەیەکی‌تر .. ئەبێ مەبەستی نـەوەبێت خوێنـەر فێری شارەزایی‌کات .. یـا بـە لێکدانەوەیەکی فراوانتر بـە شێتێکی بوختـە .. وانـەی ئەوەش کـە نوسەر بـەرەو خوێنـەر ئەچێت .. بـەرەو رادەیەکی یەکسانی تێئەپشـتن ناچێت .. یا توانایەکی یەك سان ، بەلکـو بەرەو دوجوری خوێنەری جیاواز .

جوری یەکەم «موسەتەهلك» :

ئەوەیە کـە ساتێکی کـەم لەگـەل روداویکی داهێنەرەنادا ئەژی .. لەسەر ئەو بناغـەیە بەیوەندی لەگەل نوسەرەکـەدا بەیوەندیەکی عەمەلی نابێت .. لای ئەو جۆرە کەسە مەبەستو ئامانجی کتێبەکە رون نابێتەوەو لـەدلو دەرونی خوێنـەرەکەدا جێ‌گیـر نابێت‌و لـەهۆش‌و بیرەوەریدا جێ‌گیـر نابێت .. راو بڕیارەکانی شتێکی‌کوتوپڕو سـاکارو قـول نابێت‌و لـە مەنتیقەوە دور ئـەبێت‌و نـەو رایانەی ئەکەونە ژێر کـاری چەند شتێکی تایبەتیەوە ..

جوری دووهەم « شارەزا » :

ئـەم بـە جـۆرێکی زۆر جیاوازتر لەیەکەم ئەنوارێتـە خوێندنەوە .. بەلکو بەشتێکی چەوهـەری دائەنێت لـە دورنەوەی لایەنەکانی ژیاندا.. ئەوش ئەبێتە مایەی قول‌بونەوە و روچـونی بەژیاندا . لـە ئەنجـامی تێگەلاو بونیدا.. وەنەبێت ئەنیازیارو ئاوەڕۆکی ئەو نوسراوە دەست‌نیشان کات بەلکـو ئـەتوانی بریـاری سەرکەوتن‌و ژێرکەوتنی ئـەو شتەش بدات‌کە ئەی‌خوێنیتەوە، ئەویش لە بۆچونی هەلویستی تایبەتی خۆیەوە بە بشتی :

- تاقـی کردنـەوەی لەوەوبێشی .

- لێکولینـەوەیـەکی هوشیارانەی ناوەروکەکەی .

« سەرنەنجامی خوێندنەوە »

زۆر ئرنگە بایەخدارە کـە سەرەنجامی خوێندنەوە بزانین ئەویش بەهۆی ئەویەیوەندیـە جەدەلیەوە کە لە نیوانی ئـەو خوێنـەردا دروست ئـەبێ ، ئەویش ئەتوانێ لـەم چەنـد خالەدا نیشانی بدەین :

- دۆخی دەرونی‌ی خوێنەر :

ئەمیش بەندە بەوەوە کە ئەو خوێنەرە توانای چەندە لـە وەرگرتن‌و تێ‌گەیشتنی ئـەو شتە ئەیخوینێتەوە ، لەبەرئەوە پێویستە خۆی بۆ خوێندنـەوە ئامادە بکات کە ئەویش بریتیە لـە ساف‌کردنی هـەمو بیرو هۆش‌و خۆ دورخستنەوە لـە شلەژان‌و مشەوەشیەوە ..

- هەلویستی فیکری :

هەمو کـەسێك کۆمـەلی هەلویستی گشتی‌ی‌و تایبـەتی خـۆی هـەیە ، بەشێوەیەکی بەرەلایی ، یاخـود ریکوپێك ، لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلویستانە ئەیەوێت قەناعـەت بۆخـۆی دروست‌کات سەبارەت ئـەو شـتانە ئەیانخوینێتـەوەو پەیوندیان بـە هەلویستەکانی خۆیـەوە هـەیە ، بەگوێرەی لێکدانـەوەی ئـەوەی کـە (لەکەلیاندایە) یا (دژیانـە) بەو جۆرە بەراوردیان ئەکات‌و ئەتانە ئەنجامی حەقیقەت .

- رابواردن :

زوربەی خەلکی بۆ رابواردن‌و کـات بەسـەر بردن شـت ئەخوێندنەوەو خوێندنەوە وەك رابواردنێك ئەدەنە قەلـەم .. لەبەر ئەوە حەز لە خوێندنەوەی شتی ئاسان‌و ساکار ئەکەن .. زوربەی ئەم کەسانەش لەوانەن کوێ‌نادەنە شت‌و خاوو خلیچك‌و ناکاراەەن .. لەگەل ئەوەی کە پیرکردنەوەیان ئـەوەندە بڕ ناکات .. پیرکردنەوەشیان زۆر ئەسك‌و ئەنگەبەرە .

« نوسەرو کوەەل »

راهێنانی‌هونەری لەخۆوەیت یا بەشێوەیـەکی ریك‌و پێك کارێکی ئەورە ئەکاتە سـەر زیان .. ئـەلیروە پیوانـەی نیسبەتی پەیوەندی هونەرمەند، نوسـەر بەکۆمەلەوە ئـەبێت لەسـەر بناغەیەکی ئاشکراو کارامانـە دامـەزرێت .. ئـە لایەکـەوە نوسەرەکە ئـەبێ بزانێت چۆن کار ئەکاتە سـەر کۆمەڵ ، چونکە بەهەر جۆرێك بێت لەژێر باری ئەو کۆمەلەدایە کە سەرکەوتن‌و ژێر کـەوتنی نوسەرەکە دیاری ئەکات .

لەبـەر ئـەوە پێویستە نوسـەرەکە رەنگی تـەواوی کۆمەلەکەی بداتـەوە بەگوێرەی ئەو پەیوەندی‌یەی کەم بەزۆر- یەوە هەیە واتە تاقـە کەسێك بەکۆمەلەوە .

وە پیویستە ئـەم بەشداری کردنە بەشێوەیەکی مـەوزوعی بێت ، واتـە نوسەر ناتوانێت پشتی مەسەلەکانی گەلـەکەی بگـرێت .. تاریکایـەکی هوشـیارانەی مەسـەلەی ئالۆ‌ورکردنی کۆمـەل بـە رێبـازێکی شۆڕشگیرانـە نەگرێتە بەر .

واتە ئەو نوسینەی پیویستە نوسینێکی کودەتای‌یە.. ئەوەی کە توانای هەیە زۆر بە وردی‌و چـاکی هـەمو ئەخۆشێکانی کۆمەلەکەی دەست نیشان کات وشی بکاتەوەو بیان‌خاتە بـەر ڕۆشـنایی‌و وەك شـتە سەلێنکانی ناو کۆمەل هـەولی ئەهێشتنیان بدات .

« ڕوباگاندەو کتێب »

ڕوباگاندە دەوریکی گەورەی لە بڵاوبونەوەی کتێبدا هەیە ، ئەئەرجی لـە ولاتە سەرمایـەـ دارێکاندا ئەو ڕوباگاندەیە بۆ بڵاوبونـەوەی کتێبی لاوازو بێ‌فەڕ بەکار ئەهێنرێ .. بەلام مەسـەلەی ڕوبا ـانەو راگەیاندن ئەبێ بـە بیرویاوەر قال کرێت .. تا لـە رێبازی سۆشیالیستی لانـەدات لـە کۆمەلە شۆڕشگیرە پێشکەوتن خوازەکـە دور نەکەوێتـەوەو بەربەرەکانی هـەمو رێبازێکی بۆرژوازی‌و لیبرالیو چـەوت‌و چەویل بکات .

مـرۆڤایـەتی چـۆن بـەرەنـگاری گـیروگـرفـتی خـۆرالـو نیشتەجێ‌و هـاتـوچـۆ ئـەبێ ؟

واتە : دوبارە کردنـەوەی حولقاندنی ئەو شتەی بەئامانجی کەم کردنەوەی رادەی بەرماوەو شتی فەوتێنراو .. لەپێناوی سود وەرگرتن لە سەرچاوەکان وپارازتێکی زۆرباشی ..

عەقلی ئەلیکترۆنی :

وادیارە باشـترین چـارە سـەرئێکیش بـۆ روبەروبونی گرفتەکانی ئەم چەخەی کە بۆتە مۆتەکەی لاوەکان ، بەکارهێنانی عـەقلی ئەلیکترۆنی‌یە لەئەخشە دا نانی خـانوبـەرە دا .. شارەزایان توانیویانە عـەقلێکی ئەلیکترۆنی کە (٦٠٠) هـەزار جونەیهی سترلینی تێ ئەچـێ دابهێنن ، کە لەباری دا هەیـە ئەخشەی خانوو بە (٦) هەفتەو رۆژی لـە (٨) سەعات کەمتر دابنێت‌و وەخت بەفیرۆ نەدات .

سەرەڕای ئەخشـە کێشان مەسەلەی خەرج‌و باج‌و سـەرایی ئەوشتانەی کـە بەلێندەر پێویستیەتی بخـاتە کارو هەمو کونج‌و کەلەبەرەکانی خانوەکە بەچـەند جرکەیەك دەس‌نیشان بکـات .. ئـەم عەقلـە ئەتوانێت لـەوەخت‌و مانگەکان کەم‌کاتەوەو بەخێرایی خانوو بنیاد بنێ‌و هەمو جـۆرە زانیاریەك - بەزوویی - بخاتـە بەردەس .. ئـەم جیهازە لـە زانستەی ئەدنبرەی ئینگلیزی دا - ئەمڕۆ - تادێ بەڕەی پێ ئەدرێت‌و ئەمڕۆکە لەگەلێ ولاتا راهێنراوەو لـەزەرفی چـەند حەفتەییکا هـەزارخانوی تازەی - جەزایرو ئەندەنوسیا - بنیاد ناوە .. بێگومان ئەم چەشـنە فابریقانە بۆ ولاتـە ئەشونماـ کردوەکان زۆر ئەکـونجێت‌و ئەلێ گرفتی نیشتەنی چارەسەر ئەکات .

گرفتی هاتوچۆ کردن :

کۆنـە گرفتی هـاتوچۆ کردنیش کە بەندیواری بـە زۆربونی ترسناکی ئەم چـەند سالانەی دواییەوە هـەیە .. شارزایان پێشبینیزیان کـردوە کە چەند رژێمێکی تازە لـە دابەشکردنی نیشـتەجی‌بی دا رەچاو بگرێت .. بە جۆرێ کە خـانوی کریکارو فەرمانبەران لەشوێنی نیشیان نزیك‌بێت.. هەروا دورستکردنی فابریقـە لەدەورو بەری شارە گەورەکان‌و دابەشـکردنی خانوەکـان لەدەورو بـەری‌دا .. هـەروا دروستکردنی شەقامی وا کە بۆ هاتو چۆکردن بەکار نەیەت ..

کاروباری دەرون

خوشەویستی لەنێوان ئافرەتاندا ناسەقام گیری لێ پەیدا ئەبێ

ئەلێن : ئافرەت ناتوانـێ دۆستایەتی لەگەل ئافرەتـی ترا رابگرێ ، وەخۆشەویستی‌ودلسۆزی لە نێوان ئافرەتاندا زۆر نایاب‌و دەگمەنە.. هەمیشەلەنێوان دوئافرەتی دۆسـتی یەکتری‌دا بەربەرەکانێ یەکـی نهێنی هەیە ، هەریەکەیـان ئەیەوێ بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ بێ ، بۆیە ئەلێن :

ئافرەت بۆیە ئافرەتێکی‌تر بەدۆست ئەئێ‌ری بۆ ئـەوەی کاتی تەنیایی خۆی پێ‌بەرئتـە سەر.. بۆ ئەوەی کوێ لێ‌بگرێ لەگەلیا بچێتـە بازاڕ .. وەدۆستایەتی نێوان دو ئافرەت هەمیشە پەیوەندی بە قازانجی هەردو لاوەهەیە ، ئـەم دۆستایەتیە کاتی یەین شێوە هەمیشەیی .. وە لە کاتێکدا کە ئافرەتێك دوچـاری خوشەویستی ئەبێ .. ئاسـر لە گیانی کچە دۆستەکـەی بەرئەبێ ، وەیان لە کاتێـکدا کە ئافرەتێك بەرکێکی جـوان‌و رازاوە ئەپۆشێ . دلی ئافرەتـە دۆستەکەی ئەنگ ئەبێ‌و پـێ‌ی ناخۆشەکە خەلك سـەرنجی ئەوبەرئە ئاڵ‌و والایە ئەدەن‌و- پێیان جوانە .. زانـا دەرون شوناسەکان ئەلێن : هەرچەند ئیمە باس‌و بەسەرهـاتی دلسۆزیمان لەبـارەی خۆشەویستی نێوان دوئافرەتی هاوڕێ‌ی‌یەکەوە بیستوە ، بەلام ئابێ ئەوەمان لێ فەرامۆش بێ کە ئافرەت لە جیهانی حریانـا بە ئاسانی دەست بەرداری ئەم بەربەرەکانێ نهێنی‌یەی نێـوان خۆیان نابن . وە لە زۆر کاتدا ئەم بەربەرەکانێ‌و پێ‌خۆش‌بونە ئەگاتە پلەی ئۆلەسەندنەوە . کچێکی هەرزە کاری تەمـەن ٢٠ ساڵان ئەگێڕێتەوە ئـەلێ کچێکی هاورێم لە قوتابخانەکەدا بو ، زۆر جار کاتیان پێکـەوە بەسەر ئەبرد ، پێکەوە ئەچون بۆ سینەما ، بۆ شانۆ ، بـۆ بازاڕ ، لەوانەبو هەمو شتێك پێکەوە بکەن .

زۆرێکیان هەستی بەنیگەرانی کرد کەوا هاورێکەی زویرە و گوشەگیر ئەبێ‌و دەنگ ناکات .. بڕیاری‌دا کـە قسـەی لەگەلاکەم بکاتەوە ، لەو ماوەیە دا چـاوی بەلاوێك کـەوت‌و دڵی گـرتی ، ئـەمە یەکەمین جاریك بو کە دلی رابکێشـێتە ناو خۆشەویستی‌یەوە ، چـەند جارێك چاویان بەیەکتر کەوت، ئاکو ئەیشتە ئەو رادەیـەی بڕیاریاندا بێکـەوە زەماوەن بکەن ، هـەمو رۆژێك هەرچی لـە نێـوان خـۆی‌و لاوە دەرگیرانە کەیاروی بدابایە بۆ دەسەخوشکەکەی ئەگێڕایەوە ، تا ئەیشتە ئەو رادەیە کچـە هاورێکەی زۆری‌لێ‌کرد کە بەو لاوە دەزگیرانـەی بناسێنێ ، ئـەویش بڕیاری‌ی‌دا . کـە لاوەکـەو کچـە هاورێکەی چـاویان بەیەکترکـەوت .. بەلاوەکـەی وت .. ئەمـە دەسەخوشکێکی هـەیە پێتی بناسێنێ ، ئەوەندەی ئـەیزانی باسی بۆکرد ، ئەو ئیسـتا حەمناك‌و ئۆشەگیرە ، زۆرجـار حەزبە بڕدەنگی ئەکـات .. چاوی‌کەوتنەکە ئەواوبو ، کچە هاورێکەبەبێ لەڕودامان قسەی ئەگـردو سەرنجی لاوەکـەی ڕائەکێشا ، کچەکە چاوی بـەم بەیوەندی‌و سەرنج راکێشانەی نێوان دەزگیرانەکەی‌و کچـە هاورێکەی کەوت ، زیاد لەمە کچـە هاورێکە داوای زمارەی ئەلەفونەکەی لەلاوەکە کرد .. ژمارەکـەی لێ‌وەرگـرت .. لەئەنجامدا کوڕە لاوەکـە وازی لە کچە دلخوازەکەی هێنـاو لەگەل ئەم پەیمانی‌زەماوەندیان بەست ..

یەکێك لەزانایان ئەم باسە بەو جۆرەلێك ئەدەنەوە کـە ئەگـەر دوئافرەت لەگـەل یەکدابون‌و یەکێکیان بـەوەی زانی کە ئەوی‌تریان سـەرنجی پیاوەکە بۆ خۆی رائـەکێشێ ، لەو کاتەدا گیانی بەر بەرەکانی لەدەرونیا کلپە ئەسێنێ وە هەمو توانای ئەخاتەکار کە بەسەریا زاڵ بێ ، ئەنانـەت ئە ـەر ئافرەتە درسەکەشی نیا بچێت، وئویەتی خۆشەویستی نێـوان ئافـرەت وزدو گونجاونیـە ، چونکە دۆستایەتی نێـوان دو ئافرەت جۆرێکـەو لەگـەل پیاویشدا جۆرێکی ترە .. لـە کاتێکدا ئافرەتێك ئەیەوێ لـە پیاوێك نزیك بێتەوە ، خـۆی ئەرازێنێتەوەو خـۆی ئەنوێنێ ئەگـەر لەگـەل ئافرەتانی دۆستییا بـەو جۆرەش نەبێ . ئەمە یەکێکە لـە نهێنی‌یەکانی ئافرەت .

هەروەها ئەلین : ئافرەتێکی جوان کە ئافرەتێکی کەمتر لـە خۆی‌جوان بێ ئەیکات بەدۆستی خۆی بۆئەوەیە کـە ئـەم هاورێ‌یەی نەتوانێ جوانی ئەو بشارێتەوەو سەرنجی خـەلك بۆلای خۆی‌رابکێشێ ..

ئەمەش ئەوە ئەیەیەنێ لـە ئەم جوانە لەو باوەڕەدایە لـە هـەر کاتێکدا ئـەم هاورێ‌یە بیەوێ یەربەرەکانی‌ی بکـات هەر ئەو سەر ئەکەوێ ، ئینجا لەبەر ئەوە بەلایەوە گرنگ نیە هەر چەن لەگەل ئافرەتێکی تردا بگەڕێ کە لە خۆی‌کەمتر جوان بێ ..

ئافرەت زۆر جـار لـە ـەر یەکتـریدا یاری ئەکـەن‌ر جوانترین جل‌و بەرگ لەبـەر- ئەکەن ، ئەمانە هەمیشە لەگ‌ن ئـەو ئافرەتانەدا ئـەم یاری‌و بەرانبەرکێ‌یە ئەکـەن کـە توانیـان وەکـو خـۆیان دەربچن ، ئەمانە هەست بـەی- ئەکەن کە لەئەنجامدا ئـەرەوئـ- کـەیان بردۆتەوەو کـ ـر ئەیتوانیوە بیـان ئانێ لـ- خۆرازاندنەوەدا .

گەشەکردنی کۆمەلایەتی لە ناوفەلاحەکاناو کەم کردنەوەی جیاوازی نێوان شارولادێ

سیاسەتی کۆمەلایەتی هەروڵاتێك رەوشتی ریژیمی سیاسیو جۆری پێكهێنانی چینایەتی ئەو وڵاتە نیشان ئەدات ، وە بە ئاشکرا بەرژەوەندی چینە بەربڵاوەکانو دەسەڵاتدارەکان دەرئەخات کە بە شێوەی گشتی لە وڵاتێ سەرمایە داریەکانا هەیە • ئەمە زۆر بە باش دەرئەکەوێ کە چۆن ئەو خزمەتگوزاریانەی دەوڵەت لە پێناوی بەهێزکردنی جیاوازی چینایەتیو ڤولکردنەوەی نایەکی گەشە کردنەدا پێشکەشی ئەکات لە نێوان شارولادا ئاشکرایە • وەچون جەماوەری هەزار لەو خزمەتگوزاریانە بێبەشن ٠٠٠وە بەپێچەوانەی ئەمەوە سیاسەتی کۆمەلایەتی لە سوشیالیستیدا هۆیەکە بۆ هێنانەدی ئامانجە کۆمەلایەتیو هەژارایەتیەکانو چینە هەژارە ئیشکەرەکان سود لە خزمەتگوزاریەکانی وەرئەگرنو جیاوازی نێوان شارو لادێکانیش کەم ئەکاتەوە ئەویش بەهۆی تەشەنەکردنو زێدەبونی دەزگاو دامەزراوە ئەندروستیەکانو مەتبەندەکانی ئەهێشتنی ئەخوێندەواریو بەخۆڕای خوێندنو هەموو جۆرە خزمەتگوزاریەکی تری کۆمەلایەتی •

لە عیراقدا ، لادێکن جگە لەوەی کە نە چینە هەژارەکن بون لەنو مەینەتی چینایەتی سیاسەتی کۆمەلایەتیدا ئەژین کە دەوڵەت بەر لە شورشی ١٧ی تەموز لە سەردەمە جۆربە جۆرەکانا بەکاری ئەهێنا ، چونکە هۆیەکانی چەوساندنەوەی چینایەتیو سیاسەتی ریژیمی کۆن سەرکەوتوبو • وە ئەیانویست لادێکانی عیراق لە هەمو ئەو خزمەتگوزاریانە بێبەشبن کە دەوڵەت ئەتوانێ پێشکەشیان بکات وە بە تایبەتی خزمەتگوزاری خوێندن بەومەبەستەی کە فەلاحەکان هەر بە نەخوێندەواری بمێنەوەو دورە پەرێز بن لە کۆمەڵو ئەو رودداوانەی کە تیایەتی •

گەلێك شتی ناڕەوا لە ئەنجامی هاریکاری ریژیمی باشایەتیو دەرەبەگە کانا رویداو خولقاو وەکو :-

زاڵبونی دەرەبەگەکانو دەست ڕۆیشتنی بەسەر جەماوەری فەلاحا لەلادێکان •• سیاسەتی لایەنگیرانەی ئەو ئەو دەرەبەگانەی کە نوێنەری خەڵك بون لە ئەنجومەنی بەرلماندا وە داوانەکردنی هیچ جۆرە داخوازیەکی خەڵك لە بواری گەشەکردنی کۆمەلایەتیدا وەکو خوێندنو تەندروستیو ئەهێشتنی ئەخوێندەواریو کردنەوەی مەلبەندە کۆمەلایەتیەکانو چەندان شتی تری بەم جۆرە •

دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بەسەر لادێکاناو بەهێزبونی پەیوەندیەکانی دەست بەسەرا ڕابونیان بەسەر جەماوەری لادێکا ، کردنیان بەژێر قەرزو سود و سەلەمەوە، بەستنەوەی بەپێی یاسا بە ئەرزەوە لەلایەکەوە ، خزمەتگوزاریو ژیانی بەختیاریش لە شارەکانا لەلایەکی ترەوە ، ئەمانە هەمویان ئەبونە هۆی کەم بونەوەی بەرهەمی زەویو زارو بڵاو بونەوەی هەژاریو برسێتی لە نێوان فەلاحەکاناو ئاجار ئەبون لە لادێکانەوە بەرەو شارەکان بکەونە کۆچ کردن •

ئەم دیاردانەو ئەنجامەکانیانو ئەو بەشداری کردنەی کە دەربە تەکانو سەرمایە دارەکان لە ئاراستە کردنی سیاسەتی کۆمەلایەتی دەوڵەتدا ئەیانکرد لە بڕەی فراوان کردنی جیاوازیەوە لە نێوان شارو لادێکانا ئەنجامەکانیان بونە هۆی دروست بونی دو کەل لە کۆمەڵگایەکدا ، کەلی شارو کەلی لادێ ، وە لە نێوان هەریەك لەم دوانەدا جیاوازی ئابوریو روشنبیریو کۆمەلایەتیو تەنانەت سیاسیش هەبو ، هەروەها لە ئەنجامی خۆلقاندنی ئەم دیاردانەدا خەلکی لادێکان خۆیان کونایە شارەکانەوە بۆ ئەوەی بە بەختیارانەتر بژین ، وە کەم بونەوەی خەلکە روشنبیرو ئیشکەرەکانی لادێکان بوە هۆی گیروگرفت لە ڕێگای پێشکەوتنیاناو بە تەواوی لە ژیانی کۆمەلایەتی گشتی وڵات دابران ، هەروەکو راپورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ڕونی کردۆتەوە •

ئەو شوێنەوارە سامناکەی راپورتی سیاسی سەبارەت بە جیاوازی نێوان شارو لادێکان دەستنیشانی کردوە بایەخێکی تایبەتی هەیە ، وە بە مەسەلەیەکی بنچینەیی دانەنرێ ، کە ئەك هەر لە باری سەرنجی حزب لە بواری گەشە کردنو کەم نەکردنەوەی لایەنە ئابوریەکانا بەدی ئەکرێ بەڵکو پێویستە لایەنە کۆمەلایەتیو مرۆڤایەتیەکان بکرێتەوە • لە بەرئەوە سیاسەتی کۆمەلایەتی حزبی ، هەروەکو سیاسەتە جۆربە جۆرەکانی تر لەبیروڕای حزبەوە هەڵقوڵاوە • وە لەبەر روناکی بوچونەکانیا دەست نیشانی کردوە ، چونکە پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زۆر زیان بۆ هاوولاتیەکان بخولقێنێ ، وە ئەو گەشە کردنەی ئەیەوێ بێهێنێتەدی تەنیا ئەوەیە (بنچینەیەکی مادیو تەکنیکی بۆ بەختەوەری جەماوەر دامەزرێنێ) ، چونکە بەبێ ئەم بنچینەیە ستەمە هیچ ریژیمێك بتوانێ ئاستی کوزەرانو ژیانی خەڵك بەرز بکاتەوەو پێویستیە مادیو مەعنەویە جۆربە جۆرەکانی جگە لە پەیوەندی مەسەلەی سوشیالیستی کە ڕاستەوخۆ ئەی بەستێ بە ڕێگ هێنانی گەشەکردنو پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەوە •

ڕێبازی شورش مەبدەئێکە گەشەکردن ئەگرێتەوە ، وە بە پێویستی ئەزانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی شانبەشانی گەشەکردنی ئابوری بروات بۆ ئەوەی خزمەتگوزاری زۆر پێشکەش بە لادێکان بکرێ ئیتر بەتایبەتی پەیوەندی بە گەرتی گشتوکاڵو سروشتی لادێکانەوە هەبێ یان نە ناو ئەو چوارچێوە یەدایە کە دەوڵەت خزمەتی هەمو ئەکات لە بواری خوێندنو تەندروستیو ئاوو کارەباو ئەم جۆرەشتانەوە •

لەبەر ئەوە سەرکردایەتی بارەی ئەو جیاوازیە زۆرەوە کەوتۆتە نێوان شارو لادێکانەوە ئاکاداری خۆی نواند وە ئەڵێك تەگبیرو ڕای جوربە جۆری بۆ کەم کردنەوەی ئەم جیاوازیە بەرەبەرە دامەزراند بەپێی نەخشەی ئەەوایەتیو لەناو چوارچێوەی نەخشەی گەشەکردنی نەتەوایەتیدا کە مەبەست لەهەمویان دامەزراندنی لادێی نوێو پێشکەوتوانە کە پشت بە مەکانیزەکردنی نوێ ببەستێ لە بواری بەرهەم هێنانو باوەڕیان بە نرخو کرداری شورشگیرانە هەبێ لە مەیدانی کردنی لادیکانا بە لادێی سوشیالیستیانە • وە نەخشەی گەشەکردنی نەتەوایەتی گەلێك بایەخی بەم لایەنانەداوە ، بەو شێوەیە کە ئەمە بیرورایەکی نەخشە کێشانی ناوچەیە لەناو چوار چێوەی گشتی نەخشەی گەشە کردنا ، بەو مەبەستەی کە بایەخ بە ناوچەی لادێکان بدری لە پێش هەمو شتێکەوە وە لە بواری ئابوری و شارستانیەتیدا هاوشانی ناوچەی شارەکان بوەستن •

پێشکەش کردنی نزیکەی دوسێیەکی دانیشتوانی وڵاتە کەمان ژیانیان بە کشتوکاڵەوە بەستوە جگە لەو بەیوەندیە ریشەدارەی کە لە نێوان گەرتی کشتوکاڵو گەرتە ئابوریەکانی ترا هەیە •

دووەم :

پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری زۆر بەناوچە لادێکانو جەماوەری فەلاح ئیتر ئەو خزمەتگوزاریە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرهەم هینانەوە هەبێ یان نەء ؟ بەو مەرجەی خزمەتگوزاریەکان روخساری کۆمەلایەتیان هەبێ ، لەم ڕووەوە شورش گەلێك هەنگاوی ناوەکو دەستەبەری کردنو شت ناردنە بازاڕو پێدانی تۆوی باشو کوتی کیمیاویو شەتڵو توخمی نازەلی باشو فراوان کردنی یارمەتی دانی مەکانیزەیی و سەرپەرشتی کشتوکاڵو پاراستنی لە ئافاتە کشتوکالیەکانو بەیتال خانەو رابەری کردنی کشتوکاڵو باخو بێستان کردن •• جگە لەوەی کە چەند شەقە جۆگایەکی گەورەی بۆ ئاوداشتن دروست کردوەو بەستو هەماری گەورەی ئاوی دامەزراندوە بۆ پاشەکەوت کردنی ئاو بە تایبەتی ئاوەکانی دجلەو فورات •

شورش لەسەر ئەم بنچینەیە چەند کردارێکی یەکسانی لە دوبواردا بەدی هێنا :

یەکەم :

جێبەجێ کردنی ئیش وکاری گەشەکردن لە بواری بەرهەم هێنانی کشتوکالدا بەو مەبەستەی کە بەروبومەکەی زیادبکرێو ئەو کەرەسانەی ئیشی پێئەکەن لەئەل جۆری ئیش کردنەکانا نوێبونو کەرەسەی تەقیکراوەی تیا بە کاربێ لە پێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی فەلاحەکانو پیشکەوتنی لادیکانی عیراقدا ، نەخشەی گەشە کردنی نەتەوایەتی لەم ڕێبازەدا پێویستیە سەرەتاییەکانی یەکەمجار لە سالی ١٩٥٨دا بەدی خست کە بو بە بنچینەی هۆشیاری مەوزوعیانە لە قوناغێکی ناسکی ئابوری نەتەوایەتیدا ، لەبەر ئەوە کە ئابوریکان ئەکات ، لەرێگای بەشدارکردنی دەزگاو کۆمپانیکان تیایدا ..

بە بۆنەی کردنەوەی سیازدەهەم خولی پیشانگاکەوە « هاوکاری » چاو پێکەوتنێکی لەگەڵ بەرێز عبدالمجید خالد بەریوەبەری گشتی‌ی دەزگای پیشانگاکانی عیراق کردو ئەم پرسیارەی لێکرد !

پیشانگاکەتان لەسەر چ ڕێبازێك ئەروات ، وە ئایا نەخشەکەتان جیاوازی لەوانی ساڵانی پیشو هەیە ؟

بەرێز عبدالمجید خالد لە وەرامدا وتی :

پیشانگای بەغدای وڵاتان بایەخێکی ئیجگار گەورەی نەخشەکانی گەشە کردنی وڵات داوە .. مادام ئەو شتە ئاوابێ لەبەر ئەوە پێویستە ڕێگایەکی نوێ بکرێت کە لە ڕێگا کۆنەکەی جارانی جیاوازین لە خولەکانی پێشویدا پیشانگاکە زیاتر بایەخی بە کەلو پەل نیستاکی ئەدا ، بەڵام لە خولی دوانزە همینیەوە واتە لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە پیشانگاکە بەزۆری بایەخی بە کەلوپەلو کەرەسەی بەرهەمهێنەر داوەوە بەتایبەتی ئەو مەکینەو ئالەتانەی لەوانەیە لە مەیانی بنیات نانی پیشەسازیو کشتوکالدا وەیا لە بوارەکانی تری ئابوریدا کەلکیان لێوەرگیرێت .. لەم ڕێگایەوە پیشانگاکە ئەتوانی داواکاری دەزگاو کۆمپانیاکانی سەر بە کەرتی گشتی‌ی جێبەجێ بکات .. هەر لەو بارەیەوە بەرێز بەریوەبەری گشتی ئەڵێ: ئێمە نەخشەیەکمان کێشاو پێشکەشی ئەو دەزگاو کۆمپانیایەمان کرد کە لەپیشانگاکەدا بەشداری ئەکەن ، پێمان ڕاگەیاندن کە ئێمە بایەخ بە کەلوپەلی بەرهەم هێنەر ئەدەین لەراستیدا ئەو وڵاتو دەزگاو کۆمپانیایانە داخوازیکەیان بەجێگەیاندین .. ئەوەش بەوەدا دەرئەکەوی کە ئەو شتانەی لە شوێنی سەرگیراو بەرەڵادا نیشان دراون چەندیان گرتۆتەوە .. بۆ نمونە ئەو شوێنەی لە ساڵی ١٩٧٥ دا پرکرابۆوە برێتی بو لە ٧٣ هەزار مەترەی چوار گۆشە ، بەڵام ئەمساڵ کەیشتۆتە ٩٠ هەزار مەترەی چوار گۆشە.. ئەوەش زۆری ئەو کەلوپەلە بەرهەم هێنەرانە نیشان ئەدەن کە تیایدا نیشان دراوە ، لە لایەکی ترەوە ئەو شوێنەی ٧ ساڵ لەمەوبەر بە کەلوپەل پر کرابۆوە لە ٢٣ هەزار مەترەی چوار گوشە زیاتر نەبو .. ئەم ساڵ هەمو بەشەکان هەریەکە لە ١٠٠٠ مەترەوە تاوەکو ٢٠٠٠ مەترەیان داگیر کردوە .. ئەمساڵ ٤٧ دەوڵەت بەرەسمی لەم پیشانگایەدا بەشداری کردوە لەگەڵ ١٠٠ دەزگاو کۆمپانیا جیهانیکان بێجگە لە دەزگاو کۆمپانیا عەرەقیکان .. زیادی‌بەشداری کردنی وڵاتانو کۆمپانیاو دەزگاکان لەم پیشانگایەدا ئەوە ئەگەیەنێت کە پیشانگاکە ناوبانگێکی بازرگانی باشی بۆ خۆی پەیدا کردوە ، وا چاوەروان ئەکەین کە لە ساڵانی داهاتودا زیاتر بێت .. لەم بارەیەوە حەز ئەکەم بە خەڵکی رابگەیەنم کە پیشانگایەکی بازرگانی گەشە کردوو پێشکەوتو ئەبینن و کاتی‌دەرگا والایی پیشانگاکە لە سەعات ٥ی ئێوارەوە تا سەعات ١١ی شەوە ، بەڵام لەرۆژانی هەینیو هەتەلەدا ، دەرگای پیشانگا لە سەعات ١٠ی سەر لە بەیانیوە تاوەکو سەعات یەك (١)ی پاش‌نیوەڕۆ والایە .. سەبارەت بلیتی چونەژورەوە ئەم ساڵ لەبەردەرگای پیشانگاکە نافرۆشرێت ، بەڵکو لە شوێنە کشتی‌یەکانی دەرەوەی ئەو پیشانگایە ئەفرۆشرێت ئەویش بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسان دەست کەوێت .

وە سەبارەت ئەو پرسیارەی ئەگەر لە پیشانگاکەدا چالاکی هەبێت ؟ وتی : بەڵێ زۆر چالاکی هەیەو لەم خولەی پیشانگاکەدا تیمێکی سۆفیاتی لەگەڵ چەند تیمێکی عەراقیدا چالاکی هونەری ئەنوێنن ..

وە سەبارەت چالاکی راگەیاندن لەپیشانگاکەدا بەرێز بەریوەبەری پیشانگاکە وتی : لەماوەی ڕۆژانی پیشانگاکەدا لیستەیەکی چالاك سەبارەت راگەیاندنی پیشانگاکە ئامادە ئەکرێت کە ئەویش برێتی ئەبێ لەرای ئەو وەفدانەی دێنە پیشانگاکەوە لەگەڵ ئەو پیاوە ناسراوانەی دێنە دیدەنی پیشانگاکە ئەوەش بۆ جەماوەر بڵاو ئەکرێتەوە وە لە لایەکی ترەوە ، قەناتی حەوت لە تەلەفزیونی بەغداو ئینرگەی دەنگی جەماوەر

بەرێوەبەری پیشانگاکان

پیشانگای بەغدا :

پیشانگای ئابوری مەزن بوستەوکردنی بەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتان ودوستایەتیان

لەرۆژی یەکی ئەم مانگەداسیازدە هەمین خولی پیشانگای بەغدای وڵاتان کرایەوە ، دوای‌هەنگاونانو ساڵ لە دوای ساڵ پیشکەوتنیکی بەردەوام •

کردنەوەی ئەم جۆرە ڕێزلێ گرتن هاوکاری لەگەڵ پیشانگایانە روکەشێکی دیارو ئاشکرای ئەم وڵاتانەیە کە وردە وردە بۆ بنیات نانی ئابوری هەنگاو ئەنێتو ئەو جۆرە چالاکیانەش ئەبنە هۆی فراوان بونو پەرەسەندنی ئەو جۆرە کارانە ..

پیشانگای بەغدای وڵاتان وەئەبێ تەنیا شوێنێك بێت بۆ نیشاندانی کەلوپەلە نیشتمانیکانمان ، بەڵکو لەهەمان کاتدا خۆنیشاندانێکی ئابوریە کە کار ئەکاتە سەرجەمی ژیانی ئاوری وڵاتەکەمان .. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە ئەم پیشانگایە ماوە ئەدات کە پەیوندیمان لەگەڵ وڵاتانی تردا بەتین کەین ، بەتایبەتی ئەو دەزگاو کۆمپانیانەی کە لەو پیشانگایەدا بەشداری ئەکەن، وە لەگەڵ ئەو وڵاتانەشدا کە لەسەر بنچینەیەکی ڕێزلێنانو هاوکاری لەگەڵ وڵاتەکەماندا ئەکەن . وە لە لایەکی ترەوە بەهۆی ئەم پیشانگایەوە هاووڵاتیان‌ئەتوانن بزانن کە کۆمپانیاو دەزگاکانی گەرتی گشتی لەرادەی پیشکەوتنی پیشەسازیو ڕۆشنبیریدا گەیشتونەتە کوی .. وە ئەم گشەکردنە چەندکاری کردۆتە سەر ژیانی گەلو نیشتمانەکەمان .. وە لەهەمان کاتدا قەوارەی تەواوی پیشەسازیو کشتوکالیو بازرگانی خۆمانمان نیشان ئەدات ، لەگەڵ ئەوەدا کە مەودای جێبەجێ کردنی نەخشە ئابوریکانمان نیشان ئەدات ، بەتایبەتی لە ماوەی ئەش ساڵی رابوردودا لەمەبانی کۆمەلایەتی گشتو گوزاردا کە پلەی لەهی وڵاتانی تر بەرزترە .. پیشانگاکە بەشدارە پشتگیری نەخشە کۆمەلایەتیەکانی بەغدا ، بەو شێوەیە کە ئەمە بیرورایەکی نەخشە کێشانی ناوچەیە لەناو چوار چێوەی گشتی نەخشەی گشتی نیا ، بەو مەبەستەی کە بایەخ بە ناوچەی لادێکان بدری لە پێش هەمو شتێکەوە وە لە بواری ئابوری و شارستانیەتیدا هاوشانی ناوچەی شارەکان بوەستن •

پیشکەش کردنی خزمەتگوزاری زۆر بەناوچە لادێکانو جەماوەری فەلاح ئیتر ئەو خزمەتگوزاریە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەرهەم هینانەوە هەبێ یان نەء ؟ بەو مەرجەی خزمەتگوزاریەکان روخساری کۆمەلایەتیان هەبێ ، لەم ڕووەوە شورش گەلێك هەنگاوی ناوەکو دەستەبەری کردنو شت ناردنە بازاڕو پێدانی تۆوی باشو کوتی کیمیاویو شەتڵو توخمی نازەلی باشو فراوان کردنی یارمەتی دانی مەکانیزەیی و سەرپەرشتی کشتوکاڵو پاراستنی لە ئافاتە کشتوکالیەکانو بەیتال خانەو رابەری کردنی کشتوکاڵو باخو بێستان کردن •• جگە لەوەی کە چەند شەقە جۆگایەکی گەورەی بۆ ئاوداشتن دروست کردوەو بەستو هەماری گەورەی ئاوی دامەزراندوە بۆ پاشەکەوت کردنی ئاو بە تایبەتی ئاوەکانی دجلەو فورات •

ماوێتی

Institut Kurde de Paris

دەنگی

محمود زاهدار

● هەروەك چۆن (مۆری پەنجە - طبع الاصابع)ی دوو کەس لەم دنیایەدا نیە ، یەکاویەك بێو لە سەدا سەد لەیەك بکات •• ئەئاوایش ووشە••هەروەك چۆن (لەرینەوە)ی دەنگی دوو کەس (چێژوخەون ووردە ژانەکان)ی دووکەس لە مسەرو ئەوسەری‌دنیایەدا وەك یەکەو یەك بارستاو یەك چەشن نیە ••ئە ئاوایش ووشە •• هەروەك چۆن بەپێی یاسای (ماندل)مەرج نیە منال سەرانسەرو هەمو خاسیەتی دایكو باوکی‌هەڵگرێتو کۆڕانیکی (نوعی) تیدا نەبێت •• ئە ئاوایش‌ووشە ••!

● **بێگومان (نسبیە)ت‌زەمانیش ئەگرێتە هەمیز •• بەڵام زۆر توند نایگوشێت ،بەڵکو بە نیسبەتێکی کەمتر •• چونکە - زمان - یەکسەرپەیوەندی بە هەڵسوکەوتو وەرچەرخانو ئۆڕانی مرۆڤەوەهەیە •• (ووشە)ی زمان ئۆهارێکی بەرگوشادی‌جوڵانەوەی فیکری‌ی ئشت ئەکانو نوێخوازی‌و چوستوچالاکی‌یە کۆمەلایەتی‌و فەلسەفەییەکانی مرۆڤە •• لە(ووشە)دا بیروراو سەرنجو رابینینو بەهاو خوورەوشتاورژێمەکانی کۆمەل ئاوێتەی بەختی خۆی ئەنوێنێ ••ئەکری کۆمەڵێکی دواکەوتوی هەندێ ڕژێم هەنگاوبنێ •• بەڵام‌مەمکین نیەو ناڵوێ بێ (ووشە)و ڕژێمی زمان- بناغەوکار - بژێت •• ! لە ڕێی ووشەوە ، ئەتەوەین لەخودو لە گیانو لە خاسیەتە تایبەتیەکانیدا ، لە ئەتەوەیەکی‌تر جیا ئەکرێتەوە •• ووشەی زمان بەندە بە ژیانی خاوەنەکەی‌هەربۆیەشە ئەبێ (ووشە) وەك دیاردەیەکی زیندوی‌شارستانی‌و کۆمەلایەتی - ئەك وەك شتێکی مردوی بێگیان‌وتەپەتر - ڕەڕو بکرێت •••• بەسەرنجو دەرەنجامو گرتبدان‌وبە وەسفو بەبەراوردکردنەوە بخرێتە بەرچاو •• ووشەی(قسەکەر) چەند پێوانەو بزوتنەوەو جموجۆڵێکە••کەچی نیسبەت بە (لێکۆڵەرەوە) بابەتی لێکۆڵینەوەو چێژودۆزینەوەی پر لە سیحرو جوانی‌ی کۆمەڵو مرۆڤ‌وجیهانەکانێتی ••!**

● راستە (قاسمی‌مشترك)لە نێوان من‌و تۆو ئەمو ئەوا هەیە •• لە نێوان ئەم کوڵو ئەو گوڵەدا جۆرە رازێ لەکایە دایە •• ئەم کەردونەیەش‌چەشنە نهێنی‌یەکی شیرینی تیدایە •• بەڵام مەرج‌نیە من‌بیم بە (نوسخەی کاربۆنی‌ی) یەکێکی‌تر •• هەروەك چۆن‌تۆ لە بارتانیە ببی بە من یان من وەك تۆیمو بمکەی بە(مرادف)ی خۆت••ئەئاوایش (ووشە) ناتوانێ بەزۆر خۆی‌بەسەر وشەی ترا بسەپێنی •• هەریەکەو دنیایێ ••!!

● **هەر بۆیەشە ، ووشە- هەرووشەیێ - جیهانو ژانو مێژو مەرگو سەرهەڵدانی سەربەخۆی خۆی هەیە •• (مۆری پەنجە)ی‌ئەم ووشەیە لە ئەوەی‌تر ناکات ••!**

● جا ئەگەر بکرێ بڵێین :بەقەد خزمایەتی ژانەکانی مرۆڤێ لەئەل مرۆڤێکی کەیاهەیە •• هەر ئەوەندە ئەتوانین بڵێین : (ووشەکان) لەخزمایەتی ژانا ئەوەکو لە یەکچوونی سەرەتاو ئەنجاما ،یەك ئەگرنەوە •• هەر بۆیەشە (ووشەی هاوتا- الکلمة المرادفە) - بەرای من - لەم دنیایەدا نیە .. هەدووشەیەك ، ئاوازی خۆی •• هنگو دەنگی خۆی •• ژانی‌خۆی •• کاتو شوێنی خۆی•• خودو گیانی خۆی •• تەمەن‌ومەرگی خۆی •• جیهانی خۆی هەیە ••!؟

له هەردو بەیاننامەکەی (پاشـــــماوە)

راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی قوتری هەشتەمینی حـــزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبا پەنجەنما کراوە ٠٠ بۆیە داوا لە هەمولایەك بەکەن ریکەگیری ئەم خالانەبن :

١ ـ هـــەر وەزیرێ لـــە نێو وەزارەتەکەی خۆیدا ، کۆبونەوەیەکی (مماڵانە) لەکـــەل فەرمانبەران ســـازبدات ، بۆ مناقشـــەکردنی بەرنامـــەی (استثماری)و بۆدجەی گشتی وەزارەتەکە ٠٠ هـــەروا هەڵخستنی ئەخشەو دەستاوێژی پێویست بۆ سەرخیستنی ئەو ئامانجانەی کـــە لەبەرنامەو کاروبارە مەرکەزیەکانی تری ســـەر بـــە پرۆژەو چوستو چالاکی وەزارەتەکەیدا هاتوە ٠٠ جا چ بەرهەمداربێ یا کارگوزاری ٠٠ سەرەڕای ئەوەیش ئەبێ وەزیر دەس‌نیشانی ئەو ئاستانە بکات کـــە لەم کۆبونەوەیەدا ئامادە ئەبن . بە مەرجێ ئـــەبێ سەرۆکی دەزگاو بەرێوەبەرە گشتیەکانو دەســـتە نیقـــابیە لێپرسراوەکانی نێو کەرتـــەکانو لێژنە نیقابیەکانی دەزگاکانی تیابێت ٠

٢ ـ هـــەر وەزیرێ لـــە نێو وەزارەتەکەی خـــۆیدا ، کۆبونەوەیـــەکی نیو ســـالانە رێك ئەخـــات ، تا ئاگاداری بەجێهێنانی کاری راپەڕاندن بیێو لێی بکۆڵرێتەوەو دەستاوێژی کەی پێویستی شـــیەش مانگی رابردوی بۆ سازدرێ ٠

٣ ـ ئەنجومەنو دەزگا کەرتیەکان موناقەشەی مەسەلە داخوازراوەکان ئەکـــەن هەروەك لە (١) و (٢)ی سەرەوەدا هاتوە ٠٠ وەکو ئەنجومەنی بـــەرزی کشتوکاڵو ئەنجومەنی رێکخستنی بازرگانیو لەم چەشنانەیش ، سەرەڕای مناقشەکردنی نەخشەی تایبەتی کەرتەکان ٠

٤ ـ وەزیرەکان لەنێو وەزارەتەکانیان ، ســـەرۆك دەزگاکان لەنێـــو دەزگاکانیـــان ، بەرێوەبەرە کشتیەکان لەنێو رێکخـــراوو دایەرەکـــانیان ، کۆبونەوەی تایبەتیو بەهەمان شێوەی کـــە لـــە (١) و (٢) سەرەوەدا هـــاتوە ، یەکســـەرو دوای وەرگرتنی ئەم (تعمیم)ە ئەسازێنن،بۆ باسکردنو راهێنانی ئەو دەستاوێژە کاریگەرەی کە دەور لە رادەی بەرزکردنی بەرهەمهێنانی نێو دەزگـــا پەرهەمیەکان ئەگێرن هەروا بۆ تیرکردنی وزەکان (چەندەکی وچۆنەکی) نێو دەزگا خزمەتگوزاریەکان٠

٥ ـ وەزیرەکان رێکەگری ئەم تەعلیماتانەن ، راپۆرتـــی خۆیان بۆ ئەنجومەنی نەخشە رەوانە ئەکەنو تیایا سەروبەری زمارەو ئەژمارەکان بەوردیو لەبـــارەی چوســـتو چالاکی وەزارەتەکانیان باس ئەکـــەن بەتایبەتی ئەو زمارەو ئەژمارانەی کە پەیوەندی بە بەرهەمهێنانەوە هەیە ، هەر شەش مانگە جارێ ، هەروا بەشێوەیەکی راستو ئاشکرا کشت ئـــەو درزانەی کە لە کارکردنا روئەدات (زۆر) و (کەم) باس‌کەن بەبێ سەلاحیاتی خۆیان وئەوشـــتانەی کە پێویستە بـــۆ کوزەری‌کارو سەرخســـتنی ئامانجەکان روون کەنەوە ٠٠ ئەمەیش هـــەمو سەرۆك دەزگاو بەرێوە بەرەگشتیەکانو بـــەبێ شوێنو مەسئولیەتیان ئەکرێتەوە ، کـــە پێویستە راپۆرت بۆ سەروکە راستەوخۆکانیان بنووسن ٠

٦ ـ دەستەی بەرزی ئەقابیو یەکێتی‌یەکان ، راپۆرتی شەش مانگانەی خۆیان‌بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشو بەپێی ئەو بنکانەی کە لە (٥) هاتـــوە ، پێشکەش ئەکەن ، بە شێوەیی کە بەندبێ بـــەو زانیاریانەی کە لە راپۆرتی لێژنەو مەکتـــەبی یەکیەتیەکان هەڵئەنجـــراوە ، دوای لێکۆڵینەوەو موناقەشە کردنێکی دیموکراتیانـــەی پـــێ لە مەسئولیەت لەگەڵ لایەنی خوارەوەی یەکێتیو نەقابە لێپرسراوەکان ٠

بڕیار درا ،ئیلتیزام بەو تەعلیماتانەی کە لەسەرەوە باسکرا بکرێ ، لەپێناوی چاوەچاوی دوا سیغەی ســـەر بە ممارسەکردنی هەڵسوڕاندنی ئیموکراتیانەی وا کـــە لە راپۆرتی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمینی هەرئمایـــەتی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبا هاتوە ٠٠ هـــەروا ئەو سیغە تیکراییەی کە لەمەودوا دادێ لەبـــەر رۆشنایی ئەویشا جۆری ممارسەکردنی ئەم هەڵسوڕاندنە بڕیار ئەدرێ ٠

کشت لێپرسراوو کارگەرانی دەزگا جیاجیاکـــانی دەولەت ، لەبەر دەم ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشا بەرپرسیارن ، لەهەمیشە بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانیو ئەتەوایەتی لەبەر چاوان‌بگرن ٠٠ ئێمە لەو بڕوایەداین کە لە هەڵخستنی هەرجۆرە توانایەك خۆ بەختکردنێـــك وەهەست بە لێپرسینەوەی بەرزا کەمتەرخەمی ناکـــەن ، لەپێناوی پالپێوەنانی رەورەوەی شۆرش بۆ بـــەرەو پێش‌و بەجێگەیاندنی ئامانجە مەزنەکان ٠٠ بڕوای ئێمە بە کۆمەڵانی خەڵکی میللەتو بەو توانـــا شۆرشگیرانەو خولقێنەرانەی کە شۆرشی مەزنی ئەموز جۆشاندویەتی ، ئەبێ بەو سەرچاوە لەبێ نەهاتوەی ، کـــە بەردەوام بەخشینی شۆرشگێڕانەو داهێنەرانەی ئاراستەکـــراو ئەبەخشێت لە پێناوی بنیادنانی کۆمەڵێـــکی تازەدا ، کۆمەڵی یەکێتیو ئازادیو سۆشیالیزم ٠

احمد حسن البكر
سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

لە دەورەی سێیەمی (پاشـــماوە)

ب ـ لێژنەکە بەردەنگاری ئەو پروپاگاندە زەهراویانە بوەوە کە دوژمنانی کـــەل‌و نیشتمان بڵاویدەکەنەوە بۆ دوبـــەرەکی‌ـ نانەوە لەنیوان هەرئیشتمانان‌دا لەوەدا لیژنە زۆر شتی مادیو بەرچاوی بە بەڵـــگە دەهێنانەوە کـــە ئەم پروپاگاندەیان وەدەر دەخستەوە .

ج ـ لیژنەکە چەند رایـــەکی ئازایانەو بەراشکاریو چـــەند رەخنەیەکی بنیاندەری وەرگرت کـــە نیشانەی دڵسۆزی هاونیشتمانان بو بۆ رێبـــازە شورشگیریەکەیانو بۆ ئوتونو‌ـ میەکەیانو بۆ ئەو دەستکەوتـــە مەزنانەکە لە سێیەری ئـــەم شۆرشە بەهێزەدا هاتونە دی .

● **شورش سورە لەســـەر بەرەپێدانی ناوچەکە**

ئەو لیژنەیە بۆی دوپاتـــە کردنەوە کە شۆرش بە تەواوی سورە لەســـەر بەرەپێدانی ناوچەکەو گەیاندنی بە کاروانی شارستانیەتی پێشکەوتو بـــە تێکۆشانێکی لـــەراده بەدەرو شورش سورە لەســـەر پاراستنی سروشتەکەو‌ـ کانو پێك‌هێنانی هەمو چەشنە خزمەتگوزاریەك بۆ ئەوان لـــە چوارچێـــوەی بەرنامەیەکی شورشگیرانەی هەمو لایەنی‌دا .

د ـ گەرانی ئەو لیژنەیە بە قەزاو ناحیە جۆربەجۆرەکان‌دا لێکۆلینەوەیەکی مەیدانی قول بو بۆ هەمو بارێکی تێکۆشـــانی ناوچەکەو وشـــیارکردنەوەی کۆمەڵان بو لـــە مەیدانی کاردا‌و هێزێکی تازەی پاڵپێوەنەری دا بە جەماوەری ناوچەکە بـــۆ خزمەتی نیشتمان .

هـ ـ لیژنەکـــە دوراپۆرتی دوورودرێژی لەبارەی گـــەرانی بە باریزگاکانی ســـلیمانیو دهۆك‌دا پێشکەش بە لیژنـــەی بەرزی کاروباری زۆرو کرد کـــە هـــەمو پێداویستیاکانی بەرەـ پێدانی ناوچەکەی تێـــدا دەرخستبون و لیژنـــەی بەرژیش دەستی‌کرد بـــە وەرگرتنی نیجراتاتی عەمەلی بۆ چارەسەری ئەو گیروگرفتانە کە لـــە راپورتەکان‌دا باس کرابون .

● **هێندێك ئامۆ ـــوری نەوعی تازە لە ناوچەکەدا**

لە کاتێك‌دا ناوچەکە لـــە ئەنجامی ئەو رێ‌نوینی‌یەو ئـــەو رەفتارە دیموکراتیەی لیژنـــەی ئاوبراو لەگەڵ هاونیشتمانان‌دا ئالوگۆرێکی نەوعی تازەی تـــدا دەبینرا ، هـــەر لەو کاتەدا ناوچەکە رووداوێکی مێژویی تری بەخۆیەوە دیـــت ئەویش سەردانی بەریز صدام حسین بو کە زەمینەیەکی فیکـــری‌و سیاسی خولقانە بۆ پتەوکردنی ئوتونومی و بۆخۆی ترخ‌دانـــانی شۆرش بۆ سەبرو خەباتی ئێوە لە پێناوی نیشتمان‌دا هەروەك بایەخدان بو بەو تیکۆشـــانەی بەکار دەبرێ بۆ جێبەجێ‌کردنی قانونەکـــەو بۆخزشبونێکی نەفـــی بەنـــاو جەماوەردا بڵاوکردەوە کاتێـــك بەریزیان لیژەو لە بلیندگوی ئـــەم ئەنجومەنەوە رایاگـــەیاند ـ مەسەلەی بەرەپێدانی ئوتونومی کارێکی بەردەوامەو لەســـەر هەموان پێویستە هەولی بـــۆ بدەنو کاربکەن بۆ پتەوکـــردنی پایـــەکانی وەك کردەوەیەکی جیدی لەپێناوی مانـــەوەی نەتەوایەتیەکانی کـــەلی کوردداو بەچەشنێك کە بەرەپێدانەکە لە جوارچێوەی کردەوەی کشتی بەرەپێدان‌و بێو لـــە جوار‌ـ چێوەی ناوات‌و ئامانجـــەکانی شۆرش‌دا بێت‌و لەپێنـــاوی یەکیەتی خەڵکی عیراق لـــە چارەنوس‌و وێژدان‌ی ئەقڵ‌دا .

ئەو بڕیارە بۆ کاری بەردەوام بەقازانجی ناوچـــەو ئوتونومیـــەی کـــەی دەربڕینی ئیرادەی شۆرشە بۆ وێژدان‌و ئەقڵـــی سوشیالیستی‌و وەفایە بـــۆ مەبدەئەکانی‌و سوربونە لـــە سەرگوازتنەوەی مەبدەئەکان بۆ قۆناخی جێبەجێ‌کردن فیکری رون دوای جێگیربونی لـــە وێژدان‌داو پتەوبونی لە زەین‌دا و وەرگیرانی لـــە مەیدانی کـــردەوەو جێبەجێ‌کردن‌دا دەبێتە هێزێکی توانا کـــە ئالوگۆری بنـــەرەتی بێك‌دژنێو رێبازەخراپەکان رادەمـــالی‌و دەبێتە تیشکێکی گەورە بۆ دوا‌ـ روژێکی پرشنگدار .

ئەمە پوختەی ئەو شتەیە کە هاورێ صدام حسین لـــە وتارەکەی‌دا پەنجەی بۆ راکێشا بەوە کە گیانی ئوتونومی ئەمەیە کە توانا بدا بەگەل لەســـەر بنیاتنانی پاشـــەرۆژێکی بەختیار کە یەکیەتی ئێمـــە دەکاتـــە ناوەندێکی گەورەی تیشك هاویشتن کە لەمەیدانە بەرزەکان‌دا دەرسی خەڵکـــی تردا بدا وتوانایان پێ‌ببەخشـــێ بۆ دەربڕین‌و پاراســـتنی بیروباوەڕەکانیان .

● **بیری‌رون یانی‌ئیـــانی فیداکاری**

ئەم چەشنە بیرەروناکـــە کاردەکاتە ســـەر رەفتاری مرۆڤ لە رەفتار لەگەڵ خەڵکی ترداو گـــیانی فیداکاری پەرەپێدەداو کۆمەڵ لەســـەر‌ـ بناچەیەکی پتەو دا دەمەزرێنی کە داوەپەروەری لە پێوەندیـــە کومەڵایەتیەکان‌دا بڵاو بکاتەوەو ریز لـــە هەستی نەتەوایەتی‌و ئینسانی هەمو هاونیشتمانان بگرێ . ئەمەش شتێکە کـــە لەگەڵ ئاواتەکانی شۆرش بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێکی یەکگر‌ـ توی بەهێزدا‌ریك دەکەوێ .

وە بەم پێیە ، بەختـــەوەری کۆمەڵایەتی‌یەنە دی‌و هـــەڵی بەکار لە بەردەم یەکینی ئەل لە رووتوانـــو و بزدانەوە ئەڕەخسێ ، وە لیژەوە یەك‌ـ بوون ئەبێ‌و بەســـتەڵوك ئەتوێتەوە و گرزبونەوە ئەبێ بە چالاکی‌و هەمووان روو ئەکەنە کارو بیری‌کۆمەڵو لیژەشـــەوە زروفی مەورویی یەکیتـــی سەختی ئیشـــتمانی لەروی مادی‌و مانەویەوە یەتەدی .

● **چاوروانینە پاشـــەر ژ یەکیواوە .**

ممارەســـتەی کـــاروباری بەرەو پلەی سەرەوە ، هەرچەند هەندێ کوسپو تەنگەژە رێگای پێشکەوتنی گـــرت‌و هەندێ کاروبار بەهوی ئەو رۆژگارەوە قوناغەکەی پیاتی پەری کۆکی هاتە رنگا . بەڵام جێگای خۆی نیە چاو لە هەڵە بپۆشرێ یان ســـەرنجی راست‌کردنەوەی بەســـاکاری بدرێ ، لـــە ســـەرمانە بەچـــاوی هیواوە ســـەرنجی پاشەرۆژ بدەین‌و ئـــەو سەرکردایەتیە سیاسی‌یەی سەلیباتەکان ئەبینێ بەکوترپڕی لەخۆوە ناکـــانە رێ‌ڕەو بەلکو بەقولی چـــارە‌ـ سەریان ئەکات‌و بەپێی سوودی ولات بۆ زامن‌کـــردنی هینمی‌و ئەهـــونی‌و رۆیشتن بـــەرەو پێشکەوتن ٠

بەپێی ئەم راستی‌یە لەسەر ئەنجومەنی یاســـا داڕانـــە سەرنجی کاروبارو چالاکیەکانی بداتەوو ئەو قوناغەی بری‌ویەتی لەو مەیدانەی بۆی دیاری کراوە دیاری بکات ، وە وا بزانم ئێمە هیشتا لە سەرەتادایین‌و ئەگەر هوو رۆژگاری زۆر بوبێ کـــە کاروانی ئەنجومەنی یاسادانانی دیاری‌کرد بێ ، لە سەرمانەدان بەوەدا بنێین ئەو سەرنجـــە تاریك بینیەی کە ماوەیەك لـــە نێوانمانا بوو خەریك‌بووکاروان پەك بخات ، وە پڕ باوەڕم گیانی نوێ کە چالاکی لەو ئاراستە‌ـ کردنەوە وەرئەگرێ پێویســـتە هـــاندەرمان بێ بەرەو قوناغی نوێ ، وە هاونیشتمانیەکان لە نزوچەکەدا هەست بەکـــاری ئوتونومی بکـــەن بـــەو جـــۆرەی دامەزراوەکـــانی ئۆتۆنۆمی زیاتر بەکار بێنن لە روی ژیانی سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەوە ، ئەمە پیویست ئەکات ئەنجومەنە بەرێزە کەتان بریاری یاسادانانی لە سنووری توانا‌و ماوەفراوانی‌دا دەرسکات٠

● **دەزگای راکە یاندن بـــو بڵاوکردنەوەی چالاکیـــەکانی ئەنجومەن ٠**

لەگەڵ ئەوەشدا کـــە ئـــەم ئەرکە زۆرکارو باری ئەوێ ، وەك ئامادەکـــردنی کـــادیری یاسایی شارەزا بۆ لێکولینەوەی هـــەموو لایەنەکانی یاســـایی پیویســـت بۆ دانانی بریاری یاسادانانی لەروی هونینەوەو ناوەرۆکـــەوە ، پیویست بـــە دامـــەزراندنی دەزگایـــەکی راگەیاندنی چالاکیش ئەکا بۆ جـــولاندنی کـــارو بـــاری ئەنجومەنی‌و دەولەمەندکـــردنی شـــارەزایی پیویســـت‌و دامەزراندنی دەزگایەکی حسابی شارەزا بۆ لێکولینەوەی بودجە بەرنامەی بەرهەم هێنانی‌تایبەتی ناوچەکە ، بەڵام ئەواو نەبونی ئەم کاروبارە نابێ وامـــان لێ بکات چـــاو لـــەو راستی‌یە بپوشین کـــە ئەڵێ : هاندەری خۆی‌و سوربونی لەسەر ئیشـــو کارهەمو کەلە بەری لە نەبوونی کەرەسەی تەکنیکی‌و شتی‌تر پر ئەکاتەوە ٠

● **ئاواتـــەکانی شورش‌و حزب**

لەبـــەر ئەوە ، من داواتان لێ‌ئەکەم ، داوا لـــە ئەمیندارە گشتی‌یەکانی ناوچەکە ئەکـــەم بۆ خوڕئەندنی هەڵی بەکـــاری‌وا کە بارەتی ئەو گۆڕاندنانـــە ئەدێ شورش‌وحزب مەبەستیانە لەپێنـــاوی پەرســـەندن‌و پێشکەوتن‌دا بەو جۆرەی لەگەڵ گیـــانی یاسایی‌و دەستوری ئـــوتۆنۆمی‌دا ئەگونجـــێ‌و هەنگـــاوانانی راپـــەراندنی لیژکولراوە بـــەپێی بەرنامـــەی زەمەنی دیاری کراو ٠

وە بەم بۆنە میژوویی‌یەوە سوپاس‌و رێزی قـــولم بـــۆ ماموســـتا غـــانم عبدالجلیل راسپێردراو بـــە رێکخســـتنی کاروبار لـــە نیوان ســـلطەی مەرکـــەزی‌و دامـــەزراوەکانی ئۆتۆنۆمی‌دا کە بە وردی بـــە دوای کاروبارەکاندا ئەچێ بـــە مەبەســـتی راپـــەراندنی ئەرکەکانی‌و رێزی بالاش بـــۆ هەوڵو تەقەللای ماموستا حامد علوان بەرامبـــەر هـــەوڵی دڵسۆزانەی لەم روەوە ٠

● **راپـــورتی ساڵانیـــەی ئەنجومەنی راپەراندن**

لەدوای ئەوە بەریز هاشـــم حسن ســـەرۆکی ئەنجـــومەنی راپەراندنی راپۆرتی ساڵانـــەی ئەنجومەنەکـــەی خوێنـــدەوە لـــەبارەی چونێتی ناوچـــەی ئوتونومـــی‌و دەســـکەوتە بەرێوەبەریەکانی ئەنجـــومەنی ئەنفیزیەوە لەمـــاوەی ســـالی راپوردوا ٠

راپۆرتەکە لەپێشەکیەکـــەیا باســـی ئـــەو پشـــتگیری‌و یارمەتیدانەی ســـەرکردایەتی حـــزب‌و شۆرش ئەکـــات وە لەسەرو هەمویانەوە ســـەرۆك احمد حسن البکر کە یارمـــەتی دەزگـــاو دامەزراوەکـــانی ئۆتۆنۆمیـــان داوە کـــە بەسەردانەکەی بەریز ماموستا صدام حسین‌دا بۆ ناوچـــەکە ئەشایەوەو زۆر بایـــەخی پێداو پـــارەی تایبـــەتی تری بـــۆ ترخـــان کـــردن بـــۆ ئەوەی بەگورجی پرۆژەکانیـــان جێبەجێ بکـــەن جگـــە لـــەو سەردانە یەك لەدوای‌یەکانە کە بەریزان وەزیران‌و ئەندامـــانی هـــەردو سەرکردایەتی حزب ســـەریان لەناوچەکـــە داوەو ئاکـــاداری داخوازیەکـــانی ناوچـــەکە بون‌و زوریان لـــە هاوڕێیەکی سەرکردایەتی ناوە لەحزب‌دا کە رابەری کاروباری نێوان دەسەڵاتدارێتی ناوەندی‌و دەزگاکانی ئوتونومی بێ . ئەم کارە بوبە هـــۆی بەدی‌هێنانی گەلیك دەسکەوت‌و پـــەیوەندی کردنی سەرکردایەتی راســـتەو خـــۆ لەگـــەل ئـــەم دەزگاو دامەزراوانەدا وە لە گەلیك بوارو ئیش‌و کـــاردا لێـــك نزیك بونەوە ٠

راپورتـــەکـــە بـــەدرێژی گرنگـــەرەین دەســـکەوتی سەرەکایـــەتی ئەنجـــومەنی راپەراندنی باس ئەکـــات کـــە چۆن لـــە هـــەمو رویەکـــەوە پێش‌کـــەوتوەو بنچینـــەی ئوتونومی داڕشتوە ٠٠ هـــەر وەهـــا باســـی دەســـکەوتە بەرێوەبەریەکانی ئەنجومـــەنی کرد لە هەمو رویەکەوە ٠

● **پەروەردەو فێرکردن**

وە لـــە بارەی پـــەروەردەو فێرکردنەوە باسی ئـــەو فراوان بونـــەی بواری پەروەردەکردنی کرد لە ناوچەکەدا ٠

لە راپۆرتەکەدا ئەڵێ : ١٩٥ دامەزراوی پەروەردەکردنی تازە کراوەتەوە لـــە هـــەر ســـێ قۆناغەکانی خوێندن‌داو باخچەی ساوایان‌و پەیمانگاو خوێندنگای پیشەیی ، وە ســـالی رابوردو نیسبەتی زیادی ئەو قوتابیانەی لە قوتابخانەکانی ناوچەکـــەدا وەرگیـــراون گەیشـــتوتە ٩٢ هەزارو ٧٥٧ قوتابی کورو کچ، وە ١٦٤ مەڵبـــەندی تـــازەی ئەهێشـــتنی ئەخوێنـــدەواری کراوەتەوە وە نزیکەی زیاد لە ١٠ هەزارو ٨٩٢ کەس تیایان فێری خوێندەواری ئەبن وە هەر وەهـــا خـــانوبـــەرەی ١٦٩ قوتابخانەی هەمە جۆرە بۆ هەمو قۆناغەکانی خوێندن کراوەتەوە جگە لەوەی کە چەندان کادری بـــەروەردەیی‌و فێرکـــردن بۆ ئـــەیەندراوەو کەرەســـەی هونـــەری زانستیانەیان بـــۆ ئامادەکراوەبۆ ئەوەی کاروباری بەروەردەو فێرکردن پێشـــتر بکەوێ ٠

● **کشتوکاڵو ... چارەسەرکردنی کشتوکاڵ**

راپورتەکە لەبەرێی رنیـــاری بەرێوەبـــەرێی کشتوکاڵ باسی چارەسەکردنی کشتوکاڵ باسی ئەو ئۆرانکاریە گەورەیە کردوە کـــە لـــە هـــەمو رویەکەوە پێشکەوتوە وەکـــو کردنەوەی ٢٢١ پروژەی پەروەردەکـــردنی ئاژەڵ کە ٣٩ یان تـــەواو بونو ئەوانی تریش لـــە تەواوبوندان کە بەدەیان هەزار ئاژەڵی هەمە جۆرەیان تیا پەروەردە ئەکرێ ، جگە لە کردنەوەی سێ مولگا بۆ پەروەردەکـــردنی مالیـــات و کردنەوەی خانوبـــەرەم بـــۆ دامـــەزراوە کشتوکالیـــەکانو خانوبەرەی نیشتەجێ بون کـــە زیاتر لە سێ ملیـــۆن‌و ٥٠٠ هەزار دیناری تێ ئەچێ ٠

هەروەهـــا ١٦٠ کۆمـــەڵەی هەرەوەزکـــاری ناوچـــەیی‌و هاوبەشی دامـــەزراوە کـــە ٤٢ هەزارو ٢٩٣ فەلاح نیشی تیـــا ئەکەن لەگەڵ پەرەپەو کـــردنی جۆری کشتوکالی سەرکەوتوودا بەشێوەیەکی نوێ‌و میکانیـــزەـ کردنی کشتوکال ٠

راپورتەکە باسی چالاکیەکانی بەرێوە بردنی کاروباری ناوخۆی کردوە کە ٢٥ ملیـــۆن‌و ٩٩١ هـــەزارو ٣٤٢ دیناری بـــۆ کردنەوەی چـــەند پروژەیەکی جۆر بەجۆر ئەرخان کردوە لـــە ناوچەکەدا کە بەرێوەبەریە ناو خۆییەکان جێبەجێی ئەکەن ٠

ئەمـــە جگە لەو بودیجـــە تایبەتیانەی کە عینی بەرێوەـ بەریە ناوخوییەکانن‌و ئەکەنە ٩ ملیـــۆن‌و ٨٤٢ هـــەزارو ٧٢٢ دینار ٠

ئەمیندارێتی گشتی بەرێوەـ بردنی کاروباری ناوخۆ چـــەند دەزگاو دایەرەیەکی ناونوسی لە شوێنە جۆربەجۆرەکانی ناوچەـ کەدا کردۆتەوە جگـــە لـــە بەرێوەبردنی چەندان کاروباری پێویستی تر ٠

● **بـــەرێوەبردنی شاروانیەکان**

وە لـــەبارەی چـــالاکی بەرێوەبردنی شارەوانیـــەکان‌و هاونیە هەوارەکانەوە راپورتەکە باسی ئەوە ئەکات کە لە بواری خزمـــەتگوزاری شـــارەوانی‌و هاوینە هەوارەکانەوە بـــەدی هـــاتوەو باسی پـــەیوەندی کارگـــوزاری نێـــوان ئـــەم بەرێوەبەریەتیانەو وەزارەتەکان ئەکات کە چۆن لە هەمو رویەکی خزمەتکـــردنی هاونیشتمانیەـ کانەوە پێش‌کەوتن‌و چۆن بارەی تـــەواو بـــۆ قەوارەی ئـــەم پێشکەوتنە تەرخان کراوە ٠

● **خزمەتگوزاری تەندروستی کۆمەڵایەتی ٠٠**

وە لـــە بواری خزمەتگوزاری تەندروســـتی‌و کۆمەڵایەتیەوە راپورتەکە باســـی چـــالاکی بـــەرێوەبردنی کـــاروباری کۆمەڵایەتی ئەکات کە چـــۆن بەهـــۆی دەزگاو دامـــەزراوە تەندروستیەکانەوە پێشکەوتوەو کادرو داوودەرمان‌و پێویســـتیە پزیشکیەکان لـــەم دەزگـــاو دامەزراوانەدا بەپێی پێویســـت ئامادە کراون ٠٠ وەزیاتر لـــە ملیۆنێك دیناریان بۆ ئـــەم مەبەستە تەرخان کردوە جگـــە لەو هەمو نەخۆشخانەو مەڵبەندە تەندروستیانەی کراونەتەوەو ئەو هەمو خانوبەرەی نیشتەجێ بونـــەو مەڵبەندی کۆمەڵایەتی‌و سەربەرســـتی ســـاوایان‌و مەڵبـــەندی تەندروســـتی‌و میوانخانەی کرێکاران‌و باخچەی ساوایانە کە کراونەتەوە ٠

● **ئیش‌کردن‌و نیشـــتەجێ بون**

راپورتەکە باسی چالاکیەکانی بەرێوەبردنی ئیش‌کـــردن‌و نیشتەجێبون ئەکات‌و باســـی ئەوە ئەکات کە بەرێوە بەرێتی ناوبراو دوای ئەوەی کە هەمو جۆرەکانی پڕ بژوەو ئەو دایەراـ نەی بەیوەندیدارن بێـــەوە بەستران دەستی‌نرد بـــە ئیش‌کـــردن‌و جێبەجێ‌کردنی پروژەکانی رێگاو بـــان‌و خانو‌ـ بەرەو دامەزراوە گشتی‌یەکان لە ناوچەکەدا کـــە ئەمانەش دو ملیون‌و ٥٠٠ هەزار دیناریـــان تێ‌ئەچێ جگە لەو پروژانـــەی لەناو خۆدا کراونەتەوە و ئـــەم بەرێوەبەرێتی‌یە ســـەربەرشتی ئەکات .

● **واستنەوەو هاتو چۆ..**

ئەوەی کـــە بەپێوەندی بەجـــالاکی بەرێوەبردنی گواستنەوەو هاتو چۆوە هەیە . راپورتەکە باسی کردوە ئەڵێ . دوای ئەوەی قـــەوارەی بەرێوەبردنی ودەســـکردنی بەئیش‌و کار ، چەند لە هەند بەشی تری ئەبێ کە ئیـــشا خەریکە بکە وبتە کارکردنـــەو لەبواری بۆستەو ئەڵگرافـــدا ئەلیك بەشی فراوان کردوە چەند بۆستە خانەیەکی کردۆتەوەو دەزگای بەدداڵـــەو شەبولە هەاگـــەکانی دامەزرندوەو هێڵی قســـەکـــردنی ناوخۆو دەرەوەی لە ناوچەکەد راکێشاوە .

● **روشنبیری‌و لاوان .. وەلـــە بارەی جەوجڕی روشنبیری‌و لاوانـــەو راپورتەکە باســـی فراوانی روکاری دەزگاو دامـــەزراو روشنبیریەکان‌و لاوانی کردو کە چۆن هاووڵاتیان هۆشـــیار ئەکەنەوە .**

هـــەر وەها باسی بەرێوەـ بردنی کاروباری ئەو قافـــی‌ـ کردوە کـــە ئرنکەکانیان دامەزراندنی ٥٠٠ پیـــاوی ئایینی‌یە لە ناوچەکەدا جگە لـــە کردنەوەو چاکـــکـــردنەوەی مزگەوتەکان‌و سەربەرشـــتی‌ـ کـــردنی پرۆژە ئایینەکان‌و پرۆژە وەقفیەکان . وە لـــە بارەی بەریوەبردنی کاروباری ئابوری‌و دارایی‌یەوە باسی ئەو هەنگاوە ئیجابیانەی کردوە کە ئەم بەرئوەبەرئتی‌یە ناوئتی .

راپورتەکە باسی ئەو گیرو‌ـ گرفتانەی کردوە کە دێنە سەر رێگای پێشکەوتنی کاروباری بەرێوەبردنەکان . وە بۆ چارە‌ـ سەرکردنی ئەمانە چـــەند پیشنیارێکی کردوە .

وە ئەنجومەنەکە بڕیاری‌دا ئەم راپورتی ســـالانەیە بدات بەلیژنە هەمیشەیی‌یەکانی سەر بەئەنجومەنەکە بـــۆ ئەوەی لەسەری بکۆڵنەوەو لە بارەیەوە راپورتی ساڵانە بکەن‌و لێی‌بکۆڵنەوە .

ئا.د.ع

هاوڕێ عەیسەمی (پاشماوە)

باوەر هێنـــان بە زایونیزمی دوژمن‌و ئەواز هێنـــان لـــە مەسەلەی فەلەستین .) خۆی نواند .

هەروەها چالاکی کۆزنـــەـ پەرستی‌و ئەو ڕیژیمانەی لـــە گەڵ رێکەوتندا بو ئەنجـــامە چاکەکانی شەری تشرینیان بـــۆ رێکەوتنێکی حۆ بەدەســـتەوە دەرانە بەکار هێنا کە ئەیـــان ویست بە ســـەر ئەتەوەی عەرەبیدا بسەپێن‌و پوچـــەڵ بونەوەی زۆر لـــەو پرۆژە ئیتیحادیانەی لەم قوناغـــەدا خرانە رو هەروەها رژیمـــە کۆنەپەرستی‌یە عەرەبێکان بۆ ئەو رژیمانەیان گرتە خۆ کـــە بەرەو رو وەســـتابون‌و لەوەو پێش بەرژیمێکی پێشکەوتنخواز ئەدرانە قەلـــەم‌و هەولدانێکی توندو تیـــژ بو بوزاندنەوەی دەسەڵاتی ئەمەریکا لە ناوچـــەـ کانی عەرەبدا وەبەتایبـــەتی لە خلیجی عەرەبی‌دا .

هاوڕی عەیســـەمی ئەوەی دەست نیشان نردوە کـــە گەورەترین و ئـــرنکە ترین سەرکەوتن لە قوناغی حەســـەـ ئاندا بریتی‌یە لە جەســـەبندی شۆرشی ١٧ی تەمـــوزو جێبەجێ کردنی مبللی کردن‌و لەناونردبی یاخی بونە نەلغە لە گـــوێنکەی زۆروو پارێزگاری دیمەشق لە روخانی خـــۆرا‌ـ لرتنی بەرکری‌و بروتنـــەوەی نیشتمانی لبنان‌و راپەرینـــە میللی‌یەکـــەی خاکی زەوت کراو .

دوای ئەوە هـــاوڕی عەیســـەمی باسی رێکەوتنەنەی سیناو خراپیکانی کردوە وەك هەنجامێك بۆ ئەو رێکەوتنیەی ممارسەکردنی بۆ ئەنیشی‌و سەربەرشتی جێبەجێ کـــردنی ئەکات ، ئەوەشی باسی کـــردوە کە رژیمی سوریا بەرەبەســـتی شێوەکەی ئەکات چـــرنکە هەلویستی مغاوەزە کردنەنەی لاواز کردوە کـــە چی بەپێی بریاری (٢٤٣) کە دان ئەنێت بە قەوارەی رایوبـــزملیا ، خەریکی رێکەوتنـــە پرش‌و بڵاوی کەنەوە .

زانا حمید عزیز

رۆژی‌چوارشەمەی رێکەوتی ٢٩-٩ خوای میهرەبان کورێکی بە کاك حمید عزیزو خـــزانەکەی بەخشـــی ناویان نا « زانا » هیوادرین کە بە نازی دایك‌و باوکی گەورە بێت .

Institut kurde de Paris

بەیارمەتی ئێوە

کۆڕی ڕۆشنبیریی کوردیمان بەو دیاردە دواکەوتووانە جمەی دێت کە ڕەنگدانەوەی ناماقوولیو ، نارەوایی و ، ناجوامێرییە لەرەفتاری هەندێ کەسدا .. هەروەهاش ڕەنگدانەوەی ئەو چالە قوولەیە کە ئەم « هەندە » بۆ هەموو ئەو کەسانەی هەڵئەکەنن کە بەراستی و ، بەکۆشش و ، بە دڵسۆزییەوە هەوڵئەدەن کاربکەن و پێبەپێی خزمەتکردنی راستەقینەی ئادەمیزادو هاوجووت لەگەڵ پێویستییەکانی ژیان و کۆڕانە ریشییەکاندا و ، لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانێتیدا بنیات بنێن .

ئالەم « دیاردە تاوانبار کراوانە »ی کە شایانی پەردە لەسەر هاڵمالینن بەڵکو شایانی ڕووەڕەش کردنن بۆ ئەوەی لەریشەوە هەڵبکێشرێن ، دیاردەی داں نەنانە بەو کەسانەدا کە بە دڵسۆزییەوە کار ئەکەن و .. ئەو کەسانەی دروستکەری راستەقینەن و لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ راستییە تازەکانی ژیانماں و بەهاکانیدا نەگونجێن و بە راستی و بە تەواوەتی هەست بەلێبڕسینەوە ئەکەن و ، بە ئارەزووی پاکەوە بۆ بەرەنکاری کردنی گشت دیاردەکانی دواکەوتن و نرخ نەدان بە ئادەمیزاد بە هەموو بەها مرۆڤایەتییەکەیەوە هەوڵئەدەن .

وتمان دیاردەی « دان پێدا نەنان »و نەمانوت دیاردەی « بوختان » بۆ کردن کە ڕێگای درۆو دووروویی و ، ماستاو کردن و ، تەنانەت پێدا هەڵبەستنیش ئەگرێتەبەر تاردەی ئەوەی بەیەکجاری دان تەنانەت بە بوونی ئەوانی تردا نەنێن بۆ ئەوەی ئەم « هەندە » هەر تەنیا خۆیان لەمەیداندا بن ...

دیاردەی « دان پێدا نە نانیش » ئەمەندە تەشەنەی سەندووە تا بووە بە کەرەسەیەکی ئیمپریالیزمانەی زەرەرگەفت کراوو ... « پێدا هەڵبەستنیش » ـ وەك دیاردەیەکی پێشکەوتووتر لە دان پێدانەنان کە بلەیەك دیاردەیەکی پێشکەوتووتر لەدان پێدانەنان تە بلەیەك لەو بەرزترە لەو ڕووەوەنەو تەلەکە بازییەئەخاتەڕوو کە ئەم تا وای لێ هاتووە وەکو مەلای مەزبوورەیان لێ بێت ...

مەسەلەکەی مەلای مەزبوورەش لەم ڕووەوە ئەوەیە : چارێکیان کۆمەڵێك منداڵ داوای جوکلێت لەمەلا ئەکەن، ئەویش بۆ ئەوەی خۆی لەدەستیان قورتار بکات پەنجە بۆ قەلەبالغییەك درێژ ئەکاتو ئەڵێت :

ـ لەو ماڵە داشاییە ، ڕاکەن هەرچییەکان بوێ لەوێ دەستتان دەکەوێت .

منالەکان بەڕاکردن ئەڕۆن ، مەلاش هەر ئەوەندەی ئەوان چێی دەهێڵن « بیر ئەکاتەوە »و لەبەر خۆیەوە دەڵێت :

ـ دیارە بەراستی لەوێ شایی هەیە ، بۆ چی خۆم لە « خێرات »ی ئەم شاییە بێبەش بکەم ... با بەمندالەکاندا بکەم . » .

ئاوەها .. بوو .

بەلەرووییو .. بەئشکرا ئەڵێین ؟ هەندێ کەس « ئەخۆنو خۆیان بەخۆیان ئەڵێن نۆش » چونکە وا ئەزانن خۆیان هەموو خەڵکینو ، لەبیریان چووە کە پێویستیان بەزۆر هەیە تا وەکو قەبارەی خۆیانو ڕاستییەکەیان بزانن ...

ئەم « هەندە » سفنەیەش ـ بەڵکو ئەم « هەندە » بوختان کەرە ـ هیچان بەدەستەوە نییە بۆ ئەوەی ماستەکەی خۆیانی بێ ڕەواج دار بکەن لەوە زیاتر کە بەدەنگیکی بەرز هەر وەکو لەیەیك لەنیستکە نازییە بەدناوەکانی هیتلەرەوە قسەبکات ، هاوار بکەنو بڵێن :

ـ خەڵکینە ... دۆی خەڵکی تر هەموو ترشە .. دنیا هەر دۆکەی ئیمە خۆشەو .. خەستەو .. پاکە !» .

تا ئەم « هەندە » بوختانکەرانەی کە پیشەی تە مسیل کردنیان لەلا لاواز بووەو گالتە بەوشە ئەکەنو لەبەر ئەوەی ئەمەندە دەڵێنو دەڵێنەوە وەك پێشکەشـ کەری سەماکەرێك لە تیاترۆ خانەیەکی هەرزان بەهای شەوانەدا نرخی وشەیان لەلانەماوە .. تا ئەم « هەندە » تەنانەت دواتنۆکی ئاوی ڕووشین تکاوەو ...

راستە ... ئەم « هەندە » هەر چەندە قورگ درێژی بکەن هیچ مەسەلەیەکیان نییە ، تەنیا مەسەلەی « خۆیی نەبێت ئەویش بە کشت کرێوکواڵە کانیانەوەو ، بەکشت بەرژەوەندییە خۆییەکانیانو ـ کشت هەوەسە دەغەزارەکانیانەوە .

شتێکی سەیریشە ئەم « هەندە » یێی لێهەڵبڕنو راستی پێشێل بکەنو خەڵکیتر بدەنە بەر توانجو تاوانبار کردن ، هەر وەکو ئەوەی خەڵکیش ڕێك وەکو خۆیان بن .

دەسا .. خوایە بیانکێڕیتەوە سەر ڕێگای راست ئەگەر ئەوەندەیان تیا ماوەتەوە کەلکی چاککردنەوەیان مابێت .. بەڵام ئێمە لێیان ئەبوورین چونکە نەخۆشنو ، دلیشمان بەوە خۆشە کە ئێمە لەچاو ئەوانەوە خاوەن مەسەلەین ، کەچی ئەوان هیچ ، بۆیە ئەوان بەلای ئێمەوە هیچ ناگەیەنن ...

باوەڕی تەواومان بەخۆمان لەوەوەیە کە ئێمە راستیی خۆمان ئەزانینو ، وێڕدانێکی هوشیاری لێپرسراومان هەیە .. هەروەهاش ئەزانین ئەم « هەندە » کێنو چینو ، چی پالیان پێوە ئەنێت ...

راستییەکانیش هەر بەراستێتی خۆیان ئەمێننەوە هەر چەندەش ئەزانو دواکەوتووەکان یێی لێهەڵبڕن ، « وأما ما ينفع الناس فيمكث في الارض ، واما الزبد فيذهب جفاء » .

عثمان محمد فائق

٢ـ١٠ـ١٩٧٦

پرۆستەر

لەپێناوی هاوکاری لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان و بەرگری فەلەستین دا دژی ڕژێمی سوریا

قسیقانی کومەڵەی تەشکیلی عیراق بۆ هاریکاری کردن لەگەڵ بزوتنەوەی نیشتمانیو بەرگریکارانی فەلەستینەوە چەند ڕواڵەتێکی تایبەتی هەبو کە لە پیشانگا هونەرییەکانی تری جیا ئەکردەوە .

ئەم فیستیفاڵە لە ناخی هەستو ڕاستییەکی بێ کەردەوە هاتبو بێ ئەوەی لەوەبەر خۆی بۆ ئامادە کراپێ ... وە ٢٥ هونەرمەند لە وڵاتەکەماں هەستی خۆیان لەبەر تابلۆکانیان دەڕێیو کە هاریکاریان لەگەڵ خەباتی بزوتنەوەی نیشتمانیو بەرگریکارانی فەلەستینەدا ئەکرد . وە بە شێوەیەکی ئاشکرا ڕوداوەکانیان نیشان ئەدا .

ئەگەر بمانەوێ لە ڕواڵەتی واقیعی تابلۆکان بکۆڵینەوە گەلێك ماوەمان ئەوێ کە لە سەری بدوێین ، بەڵام ئێستا لە بارەی هەندێك لەو تابلۆ کاریگەرانەوە ئەدوێین کە لەوانی تر زیاتر کاریان کردۆتە سەر هەستو دەرونی جەماوەر .

لە هۆڵەکەدا بەلای ڕاستەوە عزام تابلویەکی هەبو بەناوی خۆڕاگرتنەوە شوێنێکی ئەوەی داگیر کردوە ، چەند هێڵێکی سادەی پیا کشاوە .. بە چەند ڕەنگێك نەخشاوە ، دەموچاوی فیداییەکە هاوار ئەکات ، ئەم تابلویە جگە لەوەی نمونەی ئازایەتیو قوربانی دانو خۆ بەخت کردن دەر ئەخا جەماوەریش زۆر سەرنجیان ئەداو لێی ئەکۆڵانەوە ، گیانی قوربانی دانی لەناخی دڵی مرۆڤدا بەهێز تر ئەکرد .. زورتر لەبەر ئەوەبو کە بە شێوەیەکی هونەریانە بە چەند هێڵێك شەقڵی دەموچاوی کێشرابوو وە زۆر بە وەستایانە بۆیە کرابو کە فیداکارێك وزەی خۆ ڕاگرتنی خۆی تیا نیشان بە جیهانی مرۆڤایەتی ئەدا کە چۆن باوەڕی بە مەسەلەکەی هەیە .

بەڵام تابلۆکەی صلاح جیاد ئەو شەڕە خوێناویە قەلاچۆ کەریەی لوبنانی بەشێوەیەکی ساکار نیشان ئەدا کە چۆن لە جیهانی مرۆڤ مەسەلەکە ئەکوژرێ . چونکە مەسەلەکە لە دڵی ئیستعماردا زان ئەکات ، تابلوکە بە جۆرێك کێشراوە کە ڕواڵەتی تەواوی مەسەلەکە نیشانی جەماوەر ئەدات .

هەروەها تابلۆ ساکارەکەی حمید السحری کە چەند جمگەی ئیسقانیك لە دەوری کۆترێك کۆ بوبونەوە ئەوە نیشان ئەدا کە ئاشتی بە فیدا کردنو قوربانی دان نەبێ ناپارێزرێ ، بەم جۆرە دلگیرە تابلۆکەی بەشێوەیەکی ساکارانە ڕازاندبۆوە .

سعد بدر شێوەیەکی تەواوی تل‌الزعتری بە ڕونی نیشان دابو ، هەرچەند تابلۆکە ساکار بو بەڵام ناوەڕۆکی تابلۆکە گەلێك بەهادارو بەهێز بو .. لە تابلۆکەدا ئەو هیوایە بەدی ئەکرا کە چاوەڕوانی تەقینەوەو بلیسەی ئاگری شورشن لە تل‌الزعتر دا .

ستار لقمان بە جۆرێك جوبوە ناو ڕوداوەکانی لوبنانەوە کە هەمو دەست تێکەلکردنو یارمەتیدانێکی نێوان ئیمپریالیزمو زایونیستەکانی نیشان ئەدا .

بەڵام تابلۆکەی ابراهیم العبدلی چمکێکی کارەساتە ناخۆشەکەی نیشان ئەدا کە لەسەر بۆریە ئاوێکی شکاو چەند پارچە حاجەتێك بەم لاو بەو لادا کەوتوون کە شوێنەواری تل‌الزعتری نیشان ئەدا .

هەروەها تابلۆو پۆستەرەکانی تر هەموویان ئەوەیان نیشان ئەدا کە هونەرمەندە تەشکیلیەکانی عراق لایەنگری مەسەلەی لوبنانو بزوتنەوەی نیشتمانیو فیداکارە فەلەستینیەکانو بیلانە کانی ئیمپریالیزمو زایونیستەکان ریسوا ئەکەن .

فاضل محمد

هونەرمەند صلاح مجید

● حەمە سەعید حەسەن کەریم پەیامنێری هاوکاری لە سلیمانی :

× کاك سەلاح خۆت بە خوێنەران بناسێنە ..

ـ سەلاح مەجید ڕەسول ـ ساڵی ٩٤٨ لە شاری سلیمانی لە دایك بوم ، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیم لە سلیمانی تەواو کردوە ، ئینتر بۆم نەکرا بخوێنم ، دەستم کرد بە کرێکاری ، زۆر حەزم لە ئیش کردن ئەکرد ، فێری دانانی خشتی کاشیو موزاییك بوم .. ئیستا ئیشی بەلینەدەری ئەکەم .

× لە کەیەوە حەزت لە ئۆرانی کردوەو کەی دەستت پێ کردوە ؟

ـ هەر لە منالیەوە حەزم لە ئۆرانیو موسیقا کردوە ، بە تایبەتی ئۆرانیەکانی حەسەن زیرەكو حەمەی مامێ زۆر کاریان تێ کردووم .. ئەنانەت زۆر جار لەبەر خۆمەوە ئۆرانیەکانم ئەوتنەوە . ساڵی ١٩٧١ یەکەمجار لە سەر شانۆ یەکەمین ئۆرانیم تۆمار کرد کە (لە سیلەی قەبران) بوو ، تیپی موسیقای سلیمانی یارمەتیان دام .

× ئەو ئۆرانیانەی لە ئیستگەو تەلەفزیون تومارت کردون ؟

ـ لە ئیستگەی کوردی بەغدا ئەنیا یەك ئۆرانیم تومار کردوە (سۆزی دەرون)ە .. لە تەلەفزیون پینج ئۆرانیم تۆمار کردوە (هەی بێنن ، زەماوەن ، ئامۆزا گیان ، شەوانی شوانی ، وەی حەزیرەو ئاگر بارانە) .. چەند ئۆرانیەکیشم لە ناهەنگە جۆربە جۆرەکانی سەر شانۆکانی سلیمانیدا تۆمار کراوە .

× هیوای دوا ڕۆژت ؟

ـ ئەك هونەری گەلەکەم پێ لە شوێن پێی هونەری پێشکەوتوی گەلان دابنێ بەڵکو خۆی خاوەنی توانایەکی پێشکەوتوانە بێو زیاتر هونەر مەندە دڵسۆزەکان لە دەوری کۆ ببنەوە منیش ئەوەندەی بتوانم خزمەتی جەماوەری گەلەکەم بکەم .

تیپی سەماو گۆرانی گەلی چین

لە کۆتایی مانگی ڕابوردودا ، تیپی سەماو گۆرانی میللی ناوچەی « شینجیانگ »و یکوری ، لە کۆماری گەلی چین سەری لە کۆماری عیراق دا بۆ پێشکەشـ کردنی چەند ئاهەنگێکی سەماو گۆرانی میللی چینی ئەم تیپە کە لە ٦٠ هونەرمەند پێکهاتوە سەری لە چەند وڵاتێکی تری عەرەبی داوە .

یەکەم ئاهەنگی لە عیراق لە هۆڵی خلد لە کۆتایی مانگی ڕابوردوا پێشکەش کرد .

لەم وێنەیەدا دیمەنێ لە سەمای کازاکی ئەبینرێ بە ناونیشانی « چنینی ڕاخەری ڕەنگاو ڕەنگ » .

چاپکراوی نوێ

ژمارەی (٥٣)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری‌نوی) کە بەلاو کراوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریە ، دەزگای ڕۆشنبیریو بەلاو کردنەوەی کوردی دەری ئەکا، کەوتە بازاڕەوە ، ئەم ژمارەیەش بە بەرگی قەشەنگو ناوەڕۆکی پڕ لە وتاری ڕۆشنبیریو ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بە نرخ ڕازاوەتەوە .

لەو باسانە :

ـ شتێ دەربارەی چیرۆکی سیاسی کوردی .

ـ ئایا کات لە شیعر دا لە شورەی مەرگ ئەبەریتەوە ؟

ـ خەو « چیرۆك »

ـ لە ڕێگای یەکگرتنەوەی شێوەکانی کوردی دا .

ـ ڕەخنەو لێکولینەوە لە چیرۆکی هەڵبژاردە .

ـ خوێنەرو ڕاستیە نوێکان .

لە نووسەرەکانی ئەم ژمارەیە : حسین عارف ،فیصل مصطفی ، ڕووف بی گەرد ، عثمان محمد فائق ، مکرم رشید ، خالد صابر عثمان نواز محمد صالح ، محسن محمد حسین ، بدریە کریم ، صلاح احمد خورشید ، صبری احمد بۆتانی ، پێچکە لەو باس‌و لیکولینەوانەی بەشی لیکولینەوەی ڕۆشنبیری نوێ ئامادەی کردوون .

ـ پەروەردەو زانست ـ

ژمارەی (١١)ی ساڵی (٥) گۆڤاری پەروەردەو زانست کە بەڕێوە بەریتی گشتی خوێندنی کوردی دەری ئەکات کەوتە بازاڕەوە ، لەم ژمارەیەدا ، کە بە کوردیو عەرەبی دەرچووە کەلێ باس‌و نووسراوی زانستیو پەروەردەو فێرکردنی بڵاوکراوەتەوە .

پێتان بڵێم

احمد محمود

● لەبەر ڕۆشنایی یەکێك لە دروشمەکانی حزبدا کە ئەڵی : « ئەوەی کار نەکات ناخوات » زۆر سەرم لە ڕەوشتی هەندی کەس سور ئەمێنێ کە لاری لەوە نییە لەسەر ورگی کۆمەڵ بلەوەرێ ، لە باتی ئەوەی بێتە هۆیەکی کارامەو خولقێنەر لە کۆمەڵەکەیدا ، یا بە واتەیەکیتر قایلە بەوەی وەك توفەیلی لەسەر هەوڵو تەقەلای خەڵکیتر بلەوەرێ ، لە جیاتی ئەوەی بێتە هۆیەکی بەرهەمهێنان‌و ئەوکەسانە بەختیار بکات .. یا بە واتەیەکیتر وەك مەگەزێك دەبەنگانە ئەیەوێت بنچینەی پێشکەوتنخوازیمان کەندلکات لە باتی ئەوەی بێتە کارکەرێك لە بنیاتنان‌و کەشانەوەی نیشتماندا .

● ئەکەرچی هەندێ کەس رایان وایە کە ئەو جۆرەکەسانە بخرێتە دەورەوەی ئەورووداوانەی ڕێبازی ئالۆگور کردنی شۆڕشگێرانە گەلەکەمان هێناوێتەکایەوە ، بە چاوەروانی ئەو ڕۆژەی گرانی ژیان ئەم جۆرە زەروانە ئەهارێتو لەرێگای پێشکەوتنا رایان ئەمالێتو کسکیان ئەداتو پاکیان ئەکاتەوە .. بەڵام لە چوارچێوەی بیروڕای خۆما ئەڵێم : پێویستە ئەم جۆرەکەسانە بە میزوودا بەرەودوا ڕوچن تا ئەگەنەوە ئەو سەردەمەی کە ئیشی‌یاو هەندی کاری ناومال بو وەك چێشت لێنانو مال پاك‌کردنەوەو منال بە خیوکردنو ئافرەتیش ئەرکی ئیش‌و کارو نان بۆ پەیدا کردنی کەوتبوە سەرشان .

کۆمەڵگایەکی دایکایەتی دواکەوتوی لەو جۆرە لەوانەیە پڕ بەپێستی ئەو تەمبەڵانەبێ ، کەچەرخی مرۆڤی داهێنەرو بەرهەم هێنەر ئەو جۆرە کەسانە ڕەفزەکات .

• بەرهەم و بەرهەمی تشتێ •

مختار فائق

تشتەکێ ڕوهن‌و ئەشکەرایەکو هەر ئێك ژمە ، بجوێك‌ئان مەزن .. پاڵە ئان جۆنیار .. قوتابی ئان مامۆستا .. دجهێ خۆدا یێ بەرپسیارەژوی کاری یێ تێتە سپاردن . ئەفجا ئەف کارە یێ گران بیت‌ئان سفك ئەم ژێ بەرپسیارین‌کو ژهەمی دلێ خۆ و بزوی‌ترین دەم بجهە بینین .

ئەو ڕۆژا پیتە بێ‌نەکرنێ‌چۆ .. ئەم هەمی دبەرپسیارین‌ژهەر شۆلەکی .. بەلێ ، نابیت ئەم بێدەنگ‌بین لسەرخەلەتین ، خەلەتی هەرخەلەتی‌یە چ بچوێك بیت چ مەزن .. کەلەك جاران‌خەلەتیەکا گەلەك بچوێك یابۆیە ئەگەرا خەلەتی‌و زەرەرەکا زۆر مەزن .

ئێجا دڤێت ئەم هەمەی‌دەستێن خۆ هەلدەین‌و ژدل‌شۆلێ خۆ بدەستێ خۆ بگرین‌و پشت گوهێ خۆ نە ئێخین ، ئەفەژی ژبۆ بەرهەم ئینانەکاپترو باشتر .. دڤێت ئەم فایدەی ژهەر دەمەکێ شۆلی‌بکەین .. ئەهێلین چ کاف‌ژدەستێ مە بچیت بێ‌شۆل‌و بێ‌بەرهەم‌و بێ‌کو ووچ و فایدەو قازانجەکی مرۆڤ بکەهینتەوەلاتێ خۆو مللەتێ خۆ .. فی وەلاتێ پڕ ژخێرو خێراتا ..

ئەف دەمێ هاتیە تەرخان‌کرن بۆ شۆلی‌و کاری و بەرهەم‌ئینانێ دڤیت ئەم وی دەمی بسوحبەت‌و قەسەو قەسەلۆکافە پیچ نەکەین .

حکمەتا شۆرشێ چ درێغی‌نەکریەو هەمی دەرگەهێن کاری یێن بۆمە فەکرین‌و هەمی ئامێرەت‌و ماکینە یێن بۆمە بەرهەف کرین‌و بەردەست ئێخستین داکو ئەم بدەینە شۆلی‌و بکار بینین ،ئێجا دڤێت ئەم چاڤێ مە لوان ئامیرەتان بیت‌و بسەخبێرکەین و دبەردا بچین .. داکو هەر دبەردەوام‌بن بۆ کارو بەرهەمەکێ باشترو پتر .. چنکی ملکێ شۆرشێ‌و مللەتی‌نە ..

ئو ئەف چەندە بۆ مە باشتر ڕوهن‌و ئەشکەرابۆ دهەردوو بەیانناماین جفاتا قوماندارییا شۆرشێ‌و قوماندارییا هەرێماتیا پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤبشکی دەما تاکید کری لسەر بکار ئینانا دەمی بکارئینانەکا بسوود و ووچ .. هەروەسا بریاردا کو کەس چ لایەکی ژ لایێن سامانێن نەتەوایەتی ژ دەستێ خۆ نەکەت‌و نەهێلیت بهەروە بچیت .